پوختەیەک لە ژیان و بەرهەم و تێکۆشانی

مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود

نوسینی: عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

پێناسی پەڕاو

📖 ناوی کتێب: ژیاننامەو بەرهەم و تێکۆشانی مامۆستا ئەحمەدکاکە مەحموود

✍ نوسەر: عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود

❁ نۆبەو ساڵی چاپ: یەکەم/ ١٤٣٩ کۆچیی - ٢٠١٨ زایینی

❁ ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٢٨٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

❁ تیراژ: ١٠٠٠ دانە

❁ دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن

❁ نەخشەسازی ناوەوە: مەهرین دیزاین

❁ چاپخانە: ناوەندی ڕێنوێن

وتەیەکی پێویست

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه ومن والاه.

خوێنەری بەڕێز:

مێژووی گەلی کورد دەوڵەمەند و درەوشاوەیە بە سەدان کەڵەپیاوی ئایینی و خزمەتکاری گەل و وڵات لە هەموو بوارەکاندا. ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی گەلی کورد هەڵبدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوانەی لە حوجرە و مزگەوت تێگەیشتوون و پێگەشتوون، هەر ئەوانیش بوون سەرقافلەی شۆڕشە زانستی و رۆشنبیری و ئەدەبیات و پارێزەرانی کلتوری ڕەسەنی کوردی و تا دەگاتە شۆڕشی چەکداری دژی داگیرکەران لە هەر پێنج پارچەی کوردستانی دابەشکراودا، لە (١٠٠) ساڵی ڕابردوودا بە دەیان و سەدان کەڵەپیاوی لێهاتوو و خواویست و خۆنەویست لەم کوردستانە گەورەدا خزمەتیان کردووە و تا ئەم کات و ساتەش، ئێمەی نەوەی نوێی تەکنەلۆژیا و دونیای عەولەمە، شانازی بە دانایی و زانایی و خەباتی ئەو قارەمانانەوە دەکەین.

لەم سۆنگەوە هەستاین بە نووسین و ئامادەکردنی (پوختەیەک لە ژیان و بەرهەم و تێکۆشانی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود) تا بۆ نەوەی نوێی داهاتوو دەربکەوێ کە زانایان و کەڵەپیاوانی کورد چ شتێکیان پێشکەش بە گەلەکەیان کردووە لە هەر سێ تەوەری (بانگەواز بە هەموو بەشەکانیەوە + کۆچکردن لە پێناوی خوداو + پاشان جیهادو تێکۆشان). ناساندنی ئەم کەڵەپیاوانە ئەرکی سەرشانی نەوە و دۆست و لایەنی پەیوەندیدارە بەو بوارە، کە نەهێڵن مێژووی درەوشاوەی ئەو زانا گەورانەی کوردستان لەبەر چاو ون بێن و هەوڵیش بدرێ لە مێژووی کوردیدا ناویان تۆمار بکرێ، کە بەو تەمەنە کورتەیان چ بەرهەم و خەباتێکیان پێشکەش بە نەتەوەکەیان کردووە.

لێرەوە داوا لە مامۆستایان و برایانم دەکەم کە لە هەوڵی کۆکردنەوە و ناساندنی زانایان و دانایان و خەباتگێڕان بن کە بەداخەوە ئەوەندەی تەوژمی عەلمانیەت لە ونکردنی مێژووی ئەو کەڵەپیاوانەی حوجرەو مزگەوتدایە. ! خۆشمان زۆر لاموبالات و کەمتەرخەمین و گرنگی بە ناساندنیان نادەین، بۆیە قۆڵی هیممەت بۆ ئەو بوارە هەڵکەن و مێژووی درەوشاوەی کەڵەپیاوانی ئەم گەلە موسوڵمانە بۆ نەوەی نوێ و داهاتوو بنووسنەوە.

ئێمە وەک نەوەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود، گەر نەمان توانیبێ وەک پێویست جێپێ و قەڵەم و تێکۆشانی مامۆستای باوکمان هەڵبگرین، کە ئەوەش بۆ خۆی قسەوباس هەڵدەگرێ، ! سوپاس بۆ خودا توانیومانە ئەو ناو و مێژووە گەورە بپارێزین و ڕای بگرین. !

لەو ڕۆژەوەی جەنابیان وەفاتیان فەرمووە تا ئەم کات و ساتە، سەرجەم نووسینەکانی پارێزراون و هەموو سەرلەنوێ تایپ کراونەتەوە و بە یارمەتی خودا و تەمەن باقی بێ سەرجەم بەرهەمەکانی چاپ و بلاّو دەکەینەوە. وە لە بواری ژیاننامە و تەفسیری ڕامان و فەتواکانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود، کاری باش و بەرچاومان ئەنجام داوە و زۆر مەمنونی خوای بالاّدەستین کە نەوەیەک لەسەر تەفسیری ڕامان پەروەردە بووە و دەبێ و ئەوەش بە هەوڵ و تێکۆشان و شەونخونی و لێکۆڵینەوە لە تەفسیرەکەدا بووە.

لە بواری تەکنەلۆژیا و دونیای مالّپەرو فەیسبوک و ئینستاگرام و یوتیوب، زۆر زۆر منەتباری خوای تاقانەین کە هەنگاوی زۆر گەورە و بەرچاومان ناوەو ناوی (مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود) ناوێکی زیندووە و لە هەموو مالّێکی ئەم کوردستانەدا هەیە و پەیجی شێخ ئەحمەد لە عێراق و کوردستان بە یەکەم و پڕ خوێنەرترین پەیجی ئیسلامیی کوردی دادەنرێ. ئەوەش هەوڵ و هیممەت و ماندووبوونی ویستووە و لەخۆڕا نەبووە. !

لێرەوە بە پێویستی دەزانین، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی مامۆستا مەلا جەمال حسێن شەمێرانی بکەین، کە ماستەرنامەکەی لەسەر هەوڵە بانگەوازییەکانی مامۆستا ئەحمەد بوو، بە ناوی (الشيخ أحمد كاكه محمود وجهوده الدعوية)، لە راستیدا کات و ساتێکی فراوانی لەو بوارەدا سەرف کردو توانی لە کوردستانی عێراق و ئێران زانیاریی گرنگ لەسەر مامۆستا مەلا ئەحمەد کۆ بکاتەوە، لە وەفادارییان زۆر مەمنونین.

خوای گەورە لە جەنابی مامۆستا خۆش بێ و هەوڵ و هیممەتی زیاتر بە ئێمە ببەخشێ، بۆ ئەوەی بتوانین لەو ڕێبازە پیرۆزەی کە باوکمان کاری لەسەر کردووە خزمەت بکەین. لە ئێمە کارکردن و لە ئێوەش دوعای خێر...

قوتابیی خزمەتکاری بەرهەمەکانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود

عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود

www.ahmadkaka.org

سلێمانی / ١٣ ی شەوالی ١٤٣٩ ك – ٢٧ / ٦ / ٢٠١٨ زایینی

دارِشتەی ئەم ژیاننامەیە

نووسین و ئامادەکردنی ژیان و بەرهەم و تێکۆشانی مامۆستا مەلا ئەحمەد (بەرەحمەت بێت) بەم شێوەی لای خوارەوە دابەش کراوە، کە لە (٣ بەش و ٢٨ بابەت پێك هاتووە):

بەشی یەکەم: ژیان و بەسەرهاتی کەسێتیی مامۆستا ئەحمەد

یەکەم: ناو و نازناو و بنەماڵە و ڕەچەڵەکی.

دووەم: پێگەیشتن و تێگەیشتنی مامۆستا.

سێیەم: چوونە حوجرە و بڕینی قۆناغەکانی مەلایەتی.

چوارەم: هاوسەرگیری و پێکەوەنانی خێزان.

پێنجەم: وەچە و نەوەکانی.

شەشەم: ڕەوشت و ئاکارەکانی مامۆستا.

حەوتەم: دەستپێکردنی سەرەتای ژیانی سیاسیی مامۆستا.

هەشتەم: کۆچکردنی مامۆستا بۆ ئێران و دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامی.

نۆیەم: هەڵوێستی مامۆستا لەسەر کورد و کێشەی گەلی کورد بەگشتی.

دەیەم: بەشداریکردنی مامۆستا لە کۆنگرە و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان.

یانزەیەم: پۆست و کارەکانی مامۆستا لەناو بزووتنەوەدا.

دوانزەیەم: خەمخۆریی مامۆستا بۆ یەکڕیزی و یەکهێزی موسوڵمانان.

سیانزەیەم: شێوە و کاتی وەفاتکردنی مامۆستا.

چواردەیەم: گرتنی کۆڕی پرسەی ماتەمینی بۆ مامۆستا.

پانزەیەم: ئەو هۆنراوە و پەخشانە شیعرانەی کە بۆ کۆچی دوایی مامۆستا وتراون.

بەشی دووەم: ژیانی زانستی و بانگخوازی مامۆستا ئەحمەد

یەکەم: مامۆستاکانی.

دووەم: خوێندکار و فەقێکانی.

سێیەم: بەرهەم و نووسینەکانی.

چوارەم: ئەو مزگەوتانەی تیایاندا ئیمام و مودەڕیس بووە.

پێنجەم: خۆشەویستی بۆ زانستی شەرعی و ڕۆشنبیریی مامۆستا.

شەشەم: عەقیدە و بیروباوەڕ و ڕێڕەوی مامۆستا.

حەوتەم: فەتواکانی مامۆستا.

هەشتەم: ستایشی زانایان و مامۆستایانی ئایینی دەربارەی مامۆستا ئەحمەد.

نۆیەم: ئەو نووسینانەی لەسەر مامۆستا نووسراوە.

دەیەم: پرۆژە بانگەوازییەکانی مامۆستا دوای وەفاتی.

بەشی سێیەم: دۆکۆمێنت و وێنەکانی مامۆستا ئەحمەد

یەکەم: دەستنووسەکانی.

دووەم: ئەرشیفی وێنەکانی مامۆستا.

سێیەم: وێنەی پرۆژەکانی مامۆستا دوای وەفاتی.

دەستپێك

گەر بەچاوی سەرنجەوە بڕوانینە مێژووی ژیانی هەڵکەوتوانی جیهان و کەڵەپیاوانی فکرو عەقیدەو بواری سیاسەت، دەبینین هەر یەکەی لە بوارێ یان زیاتر لە یەك بواردا پسپۆڕ بووەو لە ڕێی خزمەتکردنی دڵسۆزانەی لەو بوارەدا بەمرۆڤایەتی بووەتە ناوداری جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ فاکتەری جۆراوجۆر پاڵنەربوون لە پێگەیاندن و دەرکەوتنی هەریەکەیان، وەك: هەڵکەوتنی شوێنی نیشتەجێی، بارودۆخی ئابووریی، باری سیاسیی، تەکنەلۆجیای زانستیی.، لە پاڵ ئەو فاکتەرانەشدا، لە نێو هەڵکەوتوانی مێژوودا کەمن یان ناوازەن ئەوانەی وا لەیەك کاتدا سەرکردەبن، بیریاربن، نوسەربن، موجاهیدبن، حەق شوناس بن، حەق بێژ بن، سیاسەت مەداربن، موفەسیری قورئان بن، چەك و قەڵەم بەدەست بن و کۆڵنەدەر بن، لە گەیاندنی ئەو بانگەوازو پەیامەی هەڵیان گرتووە، خۆ جیاکەرەوە بن لە ڕیزی تاغوت و ملهوڕانی ئەو سەردەمەداو تا دوا هەناسەی ژیانیشیان پێیان بڵێن: نحن في هنا وأنتم في هناك!!؟

ئەوەتا لە کوردستانی ئازیزی عێراقی موستەعمەرەی ئینگلیزو ئەمریکادا زوڵم و زۆری داگیرکەرانی ئەوان و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، وای کردبوو کە سەرکردەیەکی بوێری بە هەڵوێست دژی سیاسەتەکانی ئەوان وەك شێخی کوردان (شێخ محمود) بێتە ڕیزی کەڵەپیاوانی میژووەو لەو بارودۆخە سیاسیە کەڵك وەربگرێت و کەسایەتی خۆی وەك سەرکردەیەکی بلیمەت بە دنیا بناسێنێ، هەرچەندە کۆتایی شۆڕشەکەشی بە شکستی شێخ و گەلی کورد بووبێت.!، دوا بەدوای شێخی بەهەڵوێست و بوێر شێخ مەحموود، هەمان بارودۆخی سیاسی دووبارە بووەوەو هەڵکەوتوان و شۆرشگێری وەك (شێخ ئەحمەدی بارزانیی و مەلا موستەفای بارزانی) سەری بەرزیان تا دوا هەناسە بۆ داگیرکەران نەوی نەکرد، گەر بۆ پێش ئەوانیش چاوێك هەڵخەین (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی و مەلا ئیدریسی بەدلیسیی و میر موحەممەدی سۆران و شێخ سەعیدی پیران و نەورەسیی و شێخ عبدالسلام ی بارزان و قازی محمد)ی سەرکردەی کۆڵنەدەر.. لە

قوناغەکانی ژیانی دوای ئەوانیش مامۆستای شارەزووریی و شێخی خاڵ و، لە قۆناغە دوا دواییەکانیشدا سەرکردەو موفەسیرو موجاهیدی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی چەوساوان جەنابی مامۆستا (مەلا عوسمان عبدالعزیز) و هەروەها (مامۆستا مەلا عەلی عبدالعزیز) ی بلیمەت و بە شەهامەت بوون.

گەر بە سنووری کوردستانی ئازیزدا هەنگاوێك بەرەو جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیی هەڵگرین ئەوا دەبینین زۆر هەڵکەوتەیان لە بواره جیاجیاکاندا پێگەیاندووە، لە لیبیای ئەوسای "عومەر المختار"ی ڕابەرو سەرکردەی ڕزگاریخوازی لیبیادا، هەمان ئەو زڵم و زۆرەی کە ئینگلیزەکان و هاوکارانیان بەسەر گەلی عێراق و گەلی کورد بە تایبەتی هێنایان و شکستیان بە شۆڕشەکانی شێخ محمود هێنا، هەمان سیاسەت و بیرۆکەی داگیرکەرە ئیتالییەکان بوو کە شێرە پیاوێکی وەك "عومەر المختار"ی سەرکردەی پێ گەیاندو بووە ڕەمزی قارەمانێتی شۆڕشی ئازادیخوازی لە سەرانسەری دونیاداو تا دوا هەناسەی ژیانی لە تەمەنی ٧٠ حەفتا ساڵیداو سەرو ڕیشی سپیی و تۆزاویی و دەست و قاچە ماندو نەناسەکانی لەو جیهادو شۆڕشە، ساتە وەختێ خاوی نەکردەوە و دووا وشەشی بەرامبەر بە سێدارەی ئیتالییە داگیرکەرو ستەمکارەکان ئەمە بوو: ((لحن على الحق إما ننتصر أو نموت)) ئێمە خاوەن حەقین، ئێوەش داگیرکەر، یان لەپێناو ئەو حەقەدا هەموومان دەمرین، یان سەردەکەوین..

لە وڵاتی مەغریبیشدا شێخ عبدالقادری جەزائیری وەك کێو بەڕووی داگیرکەرە فەرەنسیەکاندا وەستایەوە و نەیهێشت نفوزی پیسیان بکەنە ناو خەڵکی ئەو دەڤەرەوە، لە میسری مەڵبەندی غیرەت و جیهاددا شێخ محمد عەبدەی سەرکردەو موفەکیرو موفەسیرو پاشان بۆ دوای ئەویش قارەمانی لە خۆ بوردەی سەدەی بیستەم ڕوناکبیرو موجاهیدو موجەدیدی دین (سید قطب)ی کۆڵنەدەرو شێخی سەروەرمان (بەننا)ی ڕەحمەتیی و بۆ دواتر قۆناغەکانی ژیانی ئەمانیش، گیانفیدای ئایین (ئیسلامبولی) دڵ و جەرگ پۆڵایین، بە ڕووی زڵم و زۆری کۆن و نوێدا وەستانەوەو خوێن و ڕۆحێکی گەرم و

واقیعانەیان کردەوە لاشەی هەزاران لاوی دڵپڕ لە ئیمانەوە.. بە دوای ئەوانیش پاڵەوانێکی تری بێ چاوی وەک (د. عومەر عبدالرحمن)ی موجاهید خۆ دەنوێنێی و چۆک بە تاغوتان دادەنێی و ئێستەش لە زیندانە ناڕەواکەی ئەمریکا بۆ هەمیشەیی زیندان دەکرێ.. وە لە فەلەستینی ژیاری پێغەمبەرانیشدا _ سڵاوی خوایان لەسەر بێت _ (عبدالله عزام)ی موفتیی و موجاهید پێ دەگات و قەڵەم و کردەوە و فەتواکانی لەسەر نازو نیعمەتی خەلیج و ناو نوێنی گەرم و نەرم، دوور دەخاتەوە بۆ ناو گۆڕەپانی کاری جیهادیی و کابول و قەندەهارو دۆڵی پەنج شیر، بە دوای ئەویش گەردنە بەرزو سەرە بێ لاشە نەنەویەکەی شێخی موجاهیدان ئەحمەد یاسینی بێ وێنە لە نێو جەرگەی زایۆنیزمەکاندا خۆی دەنوێنێ و پێیان دەڵێ: یان دەبێ ئێمە بین یا ئێوە ((إما نحن وإما أنتم، لايمكن كلانا في ديار الأنبياء)).. بۆ ئەولاتر چاو هەڵبڕین هەڵکەوتوان و قارەمانانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئیسلامی شێرە پیاوانی وەک (جەوهەر دۆداییف و ئەسلان مەسخادوف) بە خوێن و عارەقەی جیهادی موبارەکیان و بە شەهیدبوونی جگەر گۆشەکانیان لە گرۆزنیی و سەروەرییەکانی مێژوویان بۆ تۆمار کردووین.

خوێنەرانی بەڕێز لێرەوە دەمانەوێت ئێوە بە وریا بێنینەوەو پێتان بڵێین: ئەو عەقیدەو غیرەت و سەربڵندیەی هەڵکەوتوان و قارەمانانی نەوەکانی پێشتری پێ گەیاندو کردنیە سەرکردەی بزاڤی ڕزگاریخوازی چەوساوان، هەر هەمان بیرو عەقیدەو شەهامەت بوو، گەردنی بەرزی بە ویقاری نەپساوی جەنابی مامۆستای موفەسیری قورئان "ئەحمەدی کاکە محمودی" هەڵگرتبوو، سەری بەرزی تا دوا هەناسەی ژیانی بۆ هیچ تاغوت و زۆرداری نەوی نەکردو زۆرجاریش دەی فەرموو: (ئەگەر تووندڕەوی لە دین بریتی بێ لە بەرگریکردن لە شەرەف و ئەخلاق و کەلتوری ئیسلامیی، ئەوا بەندە تووندڕەو ترین کەسم)، هەر ئەوەش بوو وای لێکردبوو ئامادە نەبوو تۆزقاڵەیەک موساوەمە لەسەر بچوکترین بەندێکی ئیسلام بکات چ بەر لەژیان و خەباتی بزووتنەوەی ئیسلامیی، چ لەخەباتی شاخ چ لە سیاسەتی دەرەوەو چ لە ژێر فشارە نێو خۆییەکاندا.

ئێستا دەمانەوێت لەم ڕێگەیەوە بچینە نێو ژیانی پڕ لە سەروەریی، نەبەزیی، فیداکاریی، پڕ لە ئیخلاس، لە کۆچ، لە جیهادی عەمەلیی و ڕاستەقینە، لە نەسرەوتن، لە (فاستقم کما أمرت)ـەی زاناو موجاهیدو موفەسیری قورئان جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود، لەگەڵ جیاوازییەکی زۆری بارودۆخی سیاسیی و پێگەی جوگرافیی و باری ئابووریی و ئاوارەیی و کۆچ و حەسرەتدا لە ژیانی مامۆستای موجاهیدا، بە بەراوورد لەگەڵ هەمان بارودۆخ و پێگەی سیاسیی و ئابوریی لەگەڵ هەڵکەوتووان و قارەمانانی نەوەی پێشوودا.

جەنابی مامۆستا ئەحمەد تەنها لە یەك بواردا پسپۆڕ نەبوون، بە تەنها مەلایەك نەبووە لە چوارچێوەی مزگەوتێکدا خۆی قەتیس بکاو بەس، وەك مەلا بوو، وتاربێژێکی لێهاتوو و زۆر بوێرو زۆر حەق بێژ بوو، بنەما شەرعییەکانی ئیسلام وەك ویستنی خواو پێغەمبەرەکەی شی دەکردەوە نەك وەك ویستنی دەسەڵاتدارانی سەردەم، هەر لەسەر ئەو حەق بێژییەی بوو دوای داگرتنی گوندەکانی کوردستان وەك وتاربێژێکی نەترس لە مینبەرە حەق شووناسەکەی مزگەوتی مەلا عەبدوڵڵای گوڵپی ڕەحمەتی، لە خورماڵ لە ساڵی – ١٩٧٩ ز – دا لەبەر ئەوەی وتارەکانی جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد وریاکەرەوەی خەڵکی کوردستان بوون لە سیاسەتە چەپەڵەکانی بەعس و بە دڵی ئەوان نەبوون، بۆیە مامۆستایان ڕاپێچی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی کردوو ماوەیەك تیایدا مایەوە.

جەنابی مامۆستا وەك ئەوەی وتاربێژێکی بوێرو بە جورئەت بوو نوسەرێکی کارامەو دەست و قەڵەمێکی بوێرانەو بیرێکی قوڵی هەبوو، لە نوسینی بابەتی فیکرو هیزری ئیسلامیی و نەتەوایەتیدا زۆر وریا بوو، لە زمانی کوردیی و نوسینی رێزمانی کوردیی و بابەتی خاڵبەندیدا، نوسەرێکی کەم وێنەبوو، لە بواری ڕۆژمانەوانیشدا بە شایەتی ئەهلی ڕۆژنامەوانان زۆر لێهاتوو بوو.[1]

(١) ئەم دەسپێکە لە نووسینی: پارێزەر عابید کاکە مەحموودە.

لەم دەسپێکەوە دەمانەوێ بڕۆینە ناو پانۆرامای ژیان و بەرهەم و تێکۆشانی جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودەوە کە لە هەر سێ بواری (بانگەواز، کۆچ، جیهاد) جێ دەستی بەرچاوو دیاری هەبووە و بە تەمەنێکی کەم و پڕ بەرەکەتەوە توانی دونیا بەسەر بەرزیی و ڕوو سوورییەوە بەجی بهێڵێ.

بەشی یەکەم

ژیان و بەسەرهاتی کەسێتی مامۆستا ئەحمەد

باسی یەکەم

ناو و کەسناو و نازناو و بنەماڵە و ڕەچەڵەکی

ناوو سالّ و وشوێنی لە داییکبوونی:

لە بەهاری ساڵی (١٩٥٠) زایینیدا لە وەرزێکی زۆر بەپیت و بەرەکەتی ئەو ساڵەداو لە گوندی یالّانپێی سەر بە ناحیەی خورمالّ و پارێزگای هەڵەبجەی شەهید، لە باوك و دایکێکی ماندوونەناس و خواویست و دین خۆشەویست، لە داییك دەبێ و چاو بە دونیادا هەڵدێنێ، پاشان ناوی لێ دەنێن (ئەحمەد) لە خۆشەویستییان بۆ پێغەمبەری نازدارو سەروەرمان (صلى الله عليه وآله وسلم)، واتە ناوی: (ئەحمەد کوڕی کاکە، کوڕی مەحموود، کوڕی عەلی، کوڕی خدرە).

کەسناوو شۆرەتی:

هەرچەند لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا کەسناوو کونیەو شۆرەت باوو عادەت نیە، بەڵام مامۆستا ئەحمەد لە ماڵەوەو لەناو هەندێك لە دۆست و خۆشەویستانیدا بە (باوکی فاروق)، بانگ دەکرا.

نازناوی:

مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود لەناو خەڵکیدا بە ناوی باوکیی و باپیرییەوە بەناو بانگ بوو، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی کتێب و نووسراوەکانی لەسەری نووسرابوو (ئەحمەد کاکە مەحموود)، بەڵام لەناو دۆست و خۆشەویستە نزیکەکانی بە (مامۆستا مەلا ئەحمەد) یان (مەلا ئەحمەد) ناوزەد دەکراو بانگی لێ دەکرا، وە جارجارەش بە (مەلا ئەحمەدی یالّانپێ) دەناسرایەوە.

*** بۆ بینینی وێنەکانی باسی یەکەم، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)**

باسی دووەم

پێگەیشتن و تێگەیشتنی مامۆستا

جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود "ڕەحمەتی خوای لێ بێ" لە خانەوادەو بنەماڵەیەکی دیندارو خواویست پێگەیشت و پلەکانی ژیانی منداڵیی و مێرد منداڵی بەسەر برد، وەك هەموو منداڵانی ئەو سەردەمە لەناو گوندی زێدی خۆی ژیانی بەسەر بردوەو شوانی مەڕو ماڵاتی کردووەو هەر لە منداڵیەوە گوێ گریی و سۆزو خۆشەویستی و ئەدەب و شەرم و حەیای پێوە دیار بووە، وە زیاد لە براکانی تری گوێگر بووە بۆ فەرمانەکانی دایك و باوکیی و دڵی نەشکاندوون.. حاجی کاکەی بابی مامۆستاش کەسێکی دیندار بووەو زانایانی عەمامە سپی زۆر خۆش ویستووەو هەمیشە ڕێزو حورمەتی زیاتر لە "مەلا"یان گرتووە، هەر ئەوەش بووەتە هۆکارو پاڵنەر بۆ ئەوەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود بنێردرێتە بەرخوێندنی حوجرەو وانەو زانستە ئیسلامییەکان..

دایەخاتوونی دایکی مامۆستا مەلا ئەحمەد، ئەویش بە هەمان شێوە ئافرەتێکی زەحمەتکێش و هەمیشە بە پەرۆش بووە بۆ باشتر خزمەتکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی، بۆیە هەمیشە ئارەزووی ئەوە بووە کە یەکێك لە کوڕەکانی بنێردرێتە بەر خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان، بەتایبەت ئەو کاتەی کە لە گوندی یالانپێی زێدی مامۆستا مەلا ئەحمەد دەبیستێ کە مامۆستای گوندەکە وانەی ئایینی دەڵێتەوە و قورئان فێری قوتابیان دەکات، دایە خاتونیش خێرا دەستی مامۆستا ئەحمەد دەگرێ و دەیباتە خزمەتی مامۆستای گوندەکە بەناوی (مامۆستا سەید حسێن) و هەر لەسەر دەستی مامۆستا قورئان خەتم دەکات.. جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود لە کەش و هەوایەکی بەم جۆرەدا گەورە دەبێ و تەمەنی منداڵیی و لاوی بەسەر دەبات و دوور لە دۆست و هاوەڵی خراپ و دونیای ماددە گەرایی سەرنج ڕاکێش و لە گوندێکی جوان و ئاوو هەوایەکی سازگار.. ئەمەش بێگومان کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر پێگەیشتن و تێگەیشتنی جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد "بەرەحمەت بێ".

باسی سێیەم

چوونە حوجرە و بڕینی قۆناغەکانی مەلایەتی

وەك پێشتر باسمان کرد جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود لە کەش و هەوایەکی زۆر گونجاوو ئارام و پڕ خۆشەویستی بۆ خواویستی و دینداریی ژیاوە، باوك و دایکیشی پاڵپشتی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی بنێردرێتە بەر خوێندنی ئیسلامیی و یەکەم حوجرەی گوندی یالانپێ کە جەنابی مامۆستا "سەید حوسەین" لەوێ پێشنوێژو وانەبێژی قورئان و ئادابی ئیسلامیی بووە.. بۆیە جەنابی مامۆستا لە تەمەنی (٦ بۆ ٧) ساڵی دەنێردرێتە بەر حوجرەی مزگەوتی گوندو لەوێ لە خزمەت یەکەم مامۆستای (م. سەیید حسێن) دەست دەکات بە خوێندنی قورئان و ئەلف و بێی عەرەبی و ئادابە ئیسلامییەکان و تەجویدی قورئان.. پاش ماوەیەك هەر لە خزمەت مامۆستا سەیید حوسەین کتێبەکانی: (ئەحمەدیی و گوڵستانی سەعدیی و عەوامیلی جورجانی و بورکەوی) دەخوێنێ و زۆر سوود وەردەگرێ لە خزمەت مامۆستا سەید حسێن و هەمیشە باسی چاکەو لوتفی مامۆستا سەید حسێنی دەکرد.. شایانی باسە تا نووسینی ئەم ژیاننامەیش مامۆستا سەید حوسەین لە ژیاندا ماوەو دانیشتووی شاری مەریوانی کوردستانی ئێرانە.. وە بەسەردان هاتە شاری هەڵەبجەی شەهیدو لە نزیکەوە سەردانی ماڵی مامۆستاو مەزاری مامۆستا ئەحمەدی کرد..

– پاشان مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە گوندی (هانەی دن) و لەوێش لە خزمەتی جەنابی "مامۆستا مەلا موستەفا" چەندین کتێب لە زانستەکانی نەحوو و صەرف دەخوێنێ..

– پاش ئەوە دەچێتە گوندی (تەپی سەفا)و لە خزمەت جەنابی مامۆستا "سەیید نەجم الدین" دەمێنێتەوەو لەخزمەت جەنابی مامۆستادا زۆر سوودمەند دەبێ بەتایبەت لە زانستەکانی مەنتیق و فیقە و میرات..

– دوای ماوەیەك مانەوە لە گوندی تەپی سەفا دەگەڕێتەوە گوندی (هانەی دن) و بۆ جارێکی تر سوود مەند دەبێ لە زانست و زانیاریەکانی جەنابی "مامۆستا مەلا موستەفا".. خودا لە هەموویان خۆش بێ..

– پاشان وەك داب و نەریتی فەقێ و زانستخوازانی کۆن، جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود لەگەڵ هەردوو هاوڕێ و خزمانی بەناوی (دکتۆر ئەحمەد نیعمەتی و مامۆستا مەلا عیزەت دزاوەری) بەرەو کوردستانی ئێران کۆچ دەکەن و گوند بە گوند دەگەڕێن بەدوای زانستدا، تا لە گوندی (بالك) دەگیرسێنەوەو لەوێ لە خزمەت جەنابی مامۆستا مەلا باقری بالك و قوتابیەکانی وەك (سەید مەسعود) دەست دەکەن بە خوێندن، مامۆستا ئەحمەدو هاوڕێکانی لە خزمەت مامۆستا مەلا باقر بە شێوەی (سەماع) واتە: گوێگرتن لە وانەکانی مامۆستا سوود مەند دەبێ و بەڵام بە فەرمی لە خزمەت مامۆستا سەیید مەسعوود کە قوتابی مامۆستا مەلا باقر بووە وانە ئایینیەکان دەخوێنێ.

– ماوەیەك لە گوندی (بالك) دەمێننەوەو پاش ماوەیەك مانەوە لە کوردستانی ئێران، بڕیار دەدەن خۆیی و هاوڕێیانی بگەڕێنەوە شارۆچکەی خورمالێ و لە مزگەوتی گەورەی خورمالێ و لە خزمەت جەنابی "مامۆستا مەلا محمد بەهائەدین" دەست دەکەنەوە بە خوێندن و ماوەیەکی زۆریش لە خزمەت مامۆستادا دەمێننەوەو سوودمەند دەبن.

– پاشان هەر بۆ گەڕان بە دوای زانستدا لە ساڵی ١٩٦٦ ز. دەگاتە گوندی نەوێ و لەوێش لە خزمەت مامۆستا مەلا محەممەدی "ملچەور" دەمێنێتەوە و سوودی زۆر لە جەنابی مامۆستاش وەردەگرێ.

– کۆتاجار و لەساڵی (١٩٦٧) ڕوو لە شاری زانست و رۆشنبیری هەڵەبجە دەکات و دەچێتە حوجرەی مزگەوتی (دار السلام) و لە خزمەت جەنابی مامۆستا "شێخ نورالدین موفتی" دەمێنێتەوەو سوودی زۆر لە جەنابی مامۆستا وەردەگرێ.

– دواتر لە شاری هەڵەبجە دەچێتە مزگەوتی گەورە (الجامع الکبیر)و لە خزمەت جەنابی مامۆستا "شێخ خالدی موفتیی" و لە خزمەت جەنابی مامۆستاشدا ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و سوودی زۆری لێ دەبینێ..

– پاشان هـەر لـە هەڵەبجـە ماوەیـەکیش دەچێتە خزمـەتی مامۆسـتا مـەلا محەممـەدی عەبابەیلێ لە مزگەوتی (دار الاحسان) و لە خزمەت مامۆستاشدا سوودمەند دەبێ..

– وە کۆتا گەڕان و مانەوەی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکـە مـەحموود "بەڕەحمـەت بـێ" مزگەوتی پاشا بوو لە شاری هەڵەبجەی شەهیدان و لـەوێ لـە خزمـەت جـەنابی مامۆسـتا مەلا عوسمان عبدالعزیز ئۆقرە دەگرێ و تا وەرگرتنی (ئیجازەی عیلمی) لـە سـاڵی ١٩٧١ ز، لە خزمەت جەنابی شێخ عوسمان عبد العزیز دەمێنێتەوە.

دواتر هەر لـە خزمـەت مامۆسـتا مـەلا عوسمانـدا لـە مزگـەوتی پاشـا دەمێنێتـەوەو لـە بـەرواری (٢٤ / ١ / ١٩٦٧ ز) دەچـێتە (پـەیمانگای ئیسـلامیی هەڵەبجـە) کـە جـەنابی مامۆستا مـەلا عـەلی عبـدالعزیز "بەڕەحمـەت بـێ" بەڕێوبـەری دەبـێ و بەسـەرکەوتوویی پەیمانگای ئیسلامیی هەڵەبجەش تەواو دەکـات. هـەر ئـەم مانـەوەو گەیشـتنی مامۆسـتا ئەحمەد کاکە مەحموود بە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز لە مزگـەوتی پاشـاو مزگەوتی شافیعی، بو بە گەورەترین گۆرانکاری فیکریی، عەقیدەیی، تەنانەت ڕەوڕەوەی ژیانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودی دەگۆڕێ..

پاش ئەوەی کە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان "بەرەحمەت بـێ" بـۆی دەردەکـەوێت کە مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود قوتابیـەکی زیـرەك و وریـاو چـاو کراوەیـە، جـەنابی مامۆستا مەلا عوسمان گرنگییەکی زۆر دەدات بە مامۆسـتا ئەحمـەد و وەك کـوڕی خـۆی حسابی بۆ دەکات و چەندین وانەی تایبەتی بۆ دادەنێت..

پاشان هەر لە خزمەت جەنابی مامۆستا ملا عوسماندا (ئیجازەی عیلمی) وەردەگـرێ و لە ئاهەنگی وەرگرتنی بڕوانامە زانستیەکەیدا هەر یەك لە جـەنابی مامۆسـتا مـەلا عومـەر عبدالعزیز و مامۆستا مەلا صـاڵح عبـدالکریم و مامۆسـتا مـەلا محەممـەدی عەبابـەیلێیی و مامۆستا سەید نەجمەدین و جەماوەرێکی زۆر لە خەڵك ئامادە دەبن.

بەکورتی جەنابی مامۆستا ئەحمەد ماوەی (١٨) ساڵ بـەدوای خوێندنـەوە دەبـێ و ئـەو ماوە زۆرە لە تەمەنی بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری ئیسلامیی تەرخان دەکـات.. خـوای گەورە لێی وەربگرێ..

*** بۆ بینینی وێنەکانی باسی سێیەم، بروانە پاشکۆی ژمارە (٢)**

دەقی ئەو ئیجازە نامەیەی کە جەنابی مامۆستا (مەلا عوسمان عبدالعزیز) بە مامۆستا (ئەحمەد کاکە مەحموود)ی داوە

(الحمدلله دل بذاته على ذاته، وتقدس في صفاته عن شائبة النقص وسماته، وشهد على وحدانيته نظام ملكه، وانتظام مصنوعاته، وزين سماء الدنيا بنجوم العلماء الراسخين الذين هم ورثة الأنبياء بشهادة سيد المرسلين، يامن هو شاهد فى العين ولا تشاهده العين، وأقرب من كل شىء من عينه، وقد حال الحجب في البين.

صلِّ على حبيبك الهادي إليك بعدما وقب غاسق الجهالة، وسلم على صفيك القائد إلى جانبك حيث انتقب وجه محجته بظلم الضلالة، سيدنا ومولانا محمد المظهر الأتم، فاتح الكنز المطلسم، خط الوحدة بين قوسي الوجود والعدم، وعلى آله وأصحابه براهين الإستقامة ونجوم الهداية في الحل والحرم.

وبعد: فيقول العبد العاجز، الغريق في بحر الذنوب والعصيان ابن السيد (الملا عبدالعزيز) (عثمان) عفا عنهما الملك الرحيم المنان: أن العلم لواء قدره مرفوع لايوضع، وأساس غرر موضوع لا يرفع، من اعتصم به فلا يضل ولا يشقى، ومن أعرض عنه ففي خزي الدنيا والآخرة يبقى، وقد تظاهرت الآيات والأحاديث والآثار على ذلك، وقال تعالى: ﴿..قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الأَلْبَابِ﴾.

وقال: ﴿..وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾. وقال: ﴿.. يَرْفَعْ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ..﴾ ، وقال ﷺ ((من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين)). وإذا أراد الله بعبد خيراً فقهه في الدين، وألهمه رشده، أفضل العبادة الفقه، أفضل الدين الورع. قال صفوان بن عسال: يارسول الله جئت أطلبُ العلم، قال: ((مرحبا بطالب العلم، فإن طالب العلم لتحفه الملائكة بأجنحتها، ثم يركبُ بعضهم بعضاً حتى يبلغوا السماء الدنيا من محبتهم لما يطالب، وإن فضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب، وإن العلماء هم ورثة الأنبياء، وإن الأنبياء لم يورثوا

درهماً ولا ديناراً ولكنهم ورثوا العلم)). وقال علي كرم الله وجهه: ((كفى بالعلم شرفاً أن يدعيه من لا يحسنه وكفى بالجهل ذما أن يتبرأ منه من هو فيه)) وأمثال هذه الآية والأحاديث والآثار كثيرة, وعن ذكرها غنى لكونها شهيرة، وإن ممن إهتدى بنور عنايته تعالى الى مدارج هذه المنقبة السنية, وارتقى بمعراج هدايته إلى معارج هذه المرتبة العلية, صاحب الخلق البهى والفضل الجلي أخى وحبيبي الملا (أحمد كاكه محمود) وفقه الله لاتباع سيّد الثقلين الحبيب المصطفى سيدنا ومولانا محمد صلى الله عليه وسلم وعلى آله وصحبه ومن والاه.

لقد اتفق في برهة من الأوان, بل وقع في كثير من الزمان بيني وبينه البحث عن رموز الفروع والأصول, والكشف عن كنوز المنقول والمعقول فوجدناه للتحلي بحلل التّدريس حرياً وقميناً، ولتجلي بذل معارف العلوم صادقاً وأميناً, فأجزته بعد المعاهدة بقيام السنن السنية, والشيم المرضية, وإن كنت أعلم أني لست أهلاً لذلك, ولكن تشبهاً بأهلها, وتشبّثاً بأذيال الأعلام بتدريس ما تيسر لهم من العلوم كما أجازني سيدي ومولاي الذي كان به ثقتي, وعليه اعتمادي شيخي وأستاذي والدي (الشيخ عبد العزيز) نوّر الله مرقده, وأنعمه بجواره في دار الخلد, وعن أستاذه الجامع بين العلمي الباطن والظاهر، الحبر الذي جزى البحر الزاخر, مولانا السيد الملا (عبدالقادر) قدّس الله سره, عن شيخه وأستاذه الجامع لعلمي الظاهر والباطن فريد الزمان مولانا (أحمد النودشي) ابن مولانا (عبدالرحمن) أسكنهم الله تعالى أعلى فراديس الجنان, عن أستاذه مظهر ألطاف الملك المعطى مولانا (محمد الخطي) نوّر الله مرقده عن أستاذه المتخلق بالخلق الرباني مولانا (عبدالرحمن الروزبياني) عن أستاذه النّوراني (صبغة الله أفندي الماوراني) عن والده ذي الفيض الجارى (مصطفى أفندي الزيباري) عن أستاذه الذي يسيل علمه كسيل الوادي على أهل البلاد والبوادى (صبغة الله أفندي الحسين آبادي) عن والده الأفخر مولانا (إبراهيم بن حيدر) عن والده الأكرم الأمجد مولانا (حيدر بن أحمد) عن والده الأنور (أحمد بن حيدر) عن والده الأفخم الأكمل (حيدر الأول) وهو تلميذ شيخ الإسلام صدر المحققين مولانا (زين الدين الكوردي البلاتي) تلميذ (نصرالله

الخلخالي) تلميذ مولانا (ميرزاجان) تلميذ العقل الحادي العشر (السيّد الشريف الجرجاني) تلميذ (مبارك شاه البخاري) تلميذ (قطب الدين الرازي) تلميذ (العلامة الشيرازي) تلميذ (الكاتب القزويني) تلميذ أبي المعالى إمام الحرمين (عبد الملك بن يوسف الجويني) تلميذ (أبي طالب المكي) وهو أخذ الإجازة والإرادة ولبس الخرقة من (أبي عثمان المغربي) وهو عن (أبي عمرو الزجاجي) وهو عن سيد الطائفتين (جنيد البغدادي) وهو عن خاله (السري السقطي) وهو عن تاج الأولياء (المعروف الكرخي) وهو عن الإمام المرتضى الإمام (علي الرضا) وهو عن أبيه غرّة جباه الأعاظم الإمام (موسى الكاظم) وهو عن أبيه كاشف غوامض الحقائق الإمام (جعفر الصادق) وهو عن أبيه أسعد السعداء الإمام (الحسين سيّد الشهداء) وهو عن أبيه الإمام الهمام أسد الله الغالب باب مدينة العلم (علي إبن أبي طالب) كرّم الله وجهه وهو عن حضرة درّة صدف الوجود المخصوص بالمقام المحمود واللواء المعقود والحوض المورود والمكان المشهود الكنز المطلسم خليفة الله الأعظم معدن الصدق والصفا, سيّد الثقلين (أبي القاسم محمد المصطفى) صلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم وهو عن أمر ذي النّور المبين بواسطة الروح الأمين عليه الصّلاة والسّلام.

اللهم أفض علينا من بركاتهم وأسلك بنا مسالك كراماتهم عند الوقوف بين يديك وأقرن بفاتحة السعادة آمالنا واختم بخاتمة الشهادة آجالنا آمين.

والصلاة والسلام على سيّد المرسلين وآخر دعوانا أن الحمد لله ربّ العالمين.

المجيز / عثمان عبدالعزيز محمد.

١٩٧١ الميلادية

باسی چوارەم

هاوسەرگیریی و پێکەوەنانی خێزانی مامۆستا

کاتێك کە تەمەنی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود دەگاتە (٢٢) ساڵ، بڕیاری ئەوە دەدەن کە مامۆستا هاوسەرگیری بکات و خێزان پێکەوە بنێ و، پاشان بۆ ئەو مەبەستەش جەنابی مامۆستا لەگەڵ (مەحبوبە) خانی کچی "حاجی سدیق فەرەج" لە ساڵی (١٩٧٢) زایینی هاوسەرگیری دەکات، شایانی باسیشە "حاج سدیق فەرەج" دانیشتووی شارۆچکەی خورماڵ دەبێ و پیاوێکی دیندارو خۆشەویستی ناو خەڵك بووەو هەمیشە لەگەڵ زانایان و پیاوچاکاندا دۆست و هاوڕێ بووە. خوا لە هەموویان خۆش ببێ.

بەڵێ (مەحبووبە) خانیش لە ژیان و تێکۆشانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود دا جێ دەستی گەورەو دیاری هەبووەو بەهۆی سەرقاڵی مامۆستا بە دەعوەو هیجرەت و جیهادەوە دەتوانین بڵێین زۆرترینی قورسایی ژیان و بەخێوکردنی منداڵەکانی لەسەر شان بووە.. وە ئێمە وەك منداڵانی مامۆستا شایەتی ئەوە دەدەین کە دایکمان گەورەترین پاڵپشتی ژیان و جموجوڵەکانی مامۆستا ئەحمەد بووە، بە تایبەت لە ژیانی ئاوارەیی ئێران.، زۆرجار جەنابی مامۆستا ئەحمەد بە (٢) مانگ نە دەگەرایەوە ماڵەوەو دوور بوو لە خێزان و ماڵ و منداڵی خۆی، ئیتر دەبێ (٩) منداڵ چۆن گەورە کرابن و پەروەردە کرابن، بۆیە حەقی خۆیەتی ماندووبوون و ئەزیەت و ناسۆرییەکانی (مەحبووبەخان)یش لەبەر چاو بگیردرێ و لە پشت مامۆستا ئەحمەدەوە گەورەترین ئافرەت هەبووە کە (مەحبووبەخان) بووە.. خوا لە مامۆستا خۆش ببێ و پاداشتی مەحبووبەخانیش بداتەوە.

جێی باسە (نەنە ماجەمین) کە دەکاتە دایکی مەحبووبە خان، لە ژیان و خزمەتکردنی دەعوەو هیجرەتی مامۆستا ئەحمەد دا جێ دەستی هەبووەو لە ڕاستیدا گوند بە گوند و شار بە شار بە دوای مالّی مامۆستادا گەڕاوە و هەمیشە لە خزمەتکردنی میوان و

منداڵەکانی مامۆستادا بووە.. هەر بۆیە جەنابی مامۆستا ئەحمەدیش رێزێکی فراوانی لە (نەنە ماجە) دەگرت و زۆرجار لەبەری هەڵدەستایە سەرپێ.

* **بۆ بینینی وێنەکانی باسی چواردەم، بروانە پاشکۆی ژمارە (٣)**

باسی پێنجەم

وەچەو نەوەکانی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود

دوای ئەوەی کە مامۆستا لە ساڵی ١٩٧٢ زایینی خێزانی پێکەوەنا، خوای پەروەردگار چەند منداڵێکی بەخشییە جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودو هاوسەری، ئەوانیش چوار کوڕو پێنج کچ بوون.

١- فاروق ئەحمەد کاکە مەحموود / لە ساڵی ١٩٧٥ ز. لە گوندی بناوەسووتەی سەر بەقەزای پێنجوێن لە داییکبووە.. تا وەفاتی جەنابی مامۆستا ئەحمەد وەك شۆفێرو پاسەوان لە خزمەت مامۆستادا بووەو لە خەباتی شاخ و شاردا ماندوبوونێکی زۆری لەگەڵ مامۆستادا کێشاوە.

٢- عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود / لە ساڵی ١٩٧٦ ز. لە گوندی بناوەسووتەی سەر بە قەزای پێنجوێن لە داییکبووە.. لە منداڵیەوە نێردراوەتە بەر خوێندنی حوجرەو، زانستە سەرەتاییەکانی لە خزمەت جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود خوێندووەو دەیان شارو گوندی کوردستانی ئێران و عێراقی کردووەو پاشان لە خزمەت جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز "بەرەحمەت بێ" ئیجازە نامەی وەرگرتووە.. وە بۆ گەڕان بە دوای خوێندندا چەندین ولاتی وەك: سوریاو یەمەن و ئێرانی کردووە.، وە بەکالۆریۆسی لە شەریعە وەرگرتووە لە کولیەی ئوسولڵ الدین لە سوریا، ئێستا سەرپەرشتی پڕۆژە بانگەوازییەکانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودە بەتایبەت تەفسیری ڕامان.

٣- سومەیە ئەحمەد کاکە مەحموود / لە ساڵی ١٩٧٩ ز. لە شارۆچکەی خورمالڵ چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، خێزانی حاجی تەحسین عەلی عبدالعزیز بووە، وە خاوەنی ٣ منداڵن.. لە ساڵی ٢٠١١ ز، حاجی تەحسین بەدەستی ئەمریکییەکان لە "وەزیرستان" دەکوژرێ، خوای گەورە بە شەهید وەری گرتبێ.

٤- نوسویبە ئەحمەد کاکە مەحمود / لە سالّی ١٩٨٢ زایینی لە شارۆچکەی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە داییك دەبێ. وە ئێستا خاوەنی (١) منداڵە.

٥- سوهەیب ئەحمەد کاکە مەحموود / لە سالّی ١٩٨٤ ز، لە شارۆچکەی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، بەشی کۆمەڵایەتی پەیمانگای مامۆستایانی هەڵەبجەو دواتر بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی تەواو کردووەو ئێستاش قوتابی ماستەرە لە کارگێریی و راگەیاندن و نووسەرو رۆژنامەنووسەو دەیان بەرنامەی جۆراو جۆری لە کەناڵەکانی راگەیاندن پێشکەش کردووە.

٦- هودا ئەحمەد کاکە مەحموود / لە داییکبووی ١٩٨٦ زایینیە، لە شارۆچکەی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، لە نووسینەوەو هاوکاری جەنابی مامۆستا بۆ تەفسیرەکەی جێ دەستی هەبووە.

٧- محمد ئەحمەد کاکە مەحموود / لە سالّی ١٩٨٧ زایینی لە گوندی بەشارەتی سەر بە ناحیەی سیروان لە داییکبووە.. قوتابی ٦ی زانستییەو لە نووسینەوەی تەفسیرو کتێبی ژنان و کاروباری ژنانی مامۆستا ئەحمەد جێ دەستی دیارەو هاوکاری مامۆستا بووە.

٨- کۆچەر ئەحمەد کاکە مەحموود / لە داییکبووی ١٩٨٨ زایینیە.. خاوەنی (١) منداڵە.

٩- هانیە ئەحمەد کاکە مەحموود / لە داییکبووی ١٩٩١ زایینیە.. قوتابی ٦ ی ئامادەییە.

شایانی باسە ئەم (٩) منداڵە لە خاتوو مەحبووبەخان بووەو مامۆستا تەنها یەك خێزانی هەبووە..

*** بۆ بینینی وێنەکانی باسی پێنجەم، بروانە پاشکۆی ژمارە (٤)**

باسی شەشەم

ڕەوشت و ئاکارەکانی مامۆستا ئەحمەد

خۆشەویستانی مامۆستا: بە پێویستمان زانی زۆر بە کورتیی و پوختی بەپێی وردکردنەوەو لێکۆڵینەوە، هەندێ لە سیفات و ئاکاری بەرزی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموودتان بۆ بخەینە ڕوو، بەو هیوایەی کە جێی سوودو کەڵک وەرگرتن بێت و ببێتە وانەو پەند بۆ قوتابیان و ئەوانەی دەیانەوێ شوێن پێی زانایانی خواویست و خۆ نەویست هەڵبگرن، وە هەوڵماندواوە وردەکاری بکەین لە هێنانی ئەو ڕووداو و سیفات و ئاکارانەی کە لەمامۆستادا هەبوون و پرسیارو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین..

– سەبارەت بە عەقیدەو بیروباوەڕی مامۆستاو هەروەها ڕۆشنبیری مامۆستاو فراوانی زانستیی، لەبەشی دووەم لە بابەتی پێنجەم و شەشەمی ئەم ژیاننامەیە لەسەری نووسراوە..

دێینە سەر ئاکارو ڕەوشتەکانی تری مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

١- کەسایەتیی و ڕەنگ و شێوەو ڕوخساریی و شێوازی قسەو وتاردانی:

مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموودی ڕەحمەتی کەسایەتییەکی بەرچاوو خاوەن ویقارو سەنگینی خۆیی هەبوو، مامۆستا ئەوەندە گرنگی بە کەسایەتیی و ویقارو سەنگینی خۆی دەدا دەتوانم بڵێم لەو ڕووەوە زۆر بەرەو پێش چووبوو، وە بە کرداریش ئەو سیفاتە بەرزانە تیایدا ڕەنگی دابوویەوە، شێوەو ڕوخساری مامۆستا سەرەتا: پێستی گەنم ڕەنگیی بوو، وە زیاتر سپی پێستی بەسەریدا زاڵبوو، بالاێەکی بەرزی زیاتر لە یەك مەترو هەشتا سانت هەبوو، وە لاشەیەکی تۆکمەی هەبوو نە لاوازو نە قەڵەو بوو، ریشێکی مام ناوەندی جوانی پێوە بوو، وە زۆر گرنگی دەدایە لاشەو تەندروستی خۆی،

وە هەروەها گرنگی زۆریشی دەدایە جبەو مێزەرەکەی، وە زۆر گرنگیشی دەدایە پاك و خاوێنی خۆیی و جل و بەرگەکەی.. وە لەکاتی قسەو گفتوگۆدا لەگەڵ بەرامبەریدا زۆر هێمن و لەسەر خۆو مافی بە بەرامبەری دەدا کە ئەویش قسەو ڕەد دانەوەی خۆی هەبێت، وە هیچ کات تووڕەبون و سوورىبوونەوەی نەبوو لەکاتی گفتو گۆو چەلەحانێدا، بۆیە لە زۆربەی کۆبوونەوە سیاسیی و تەنانەت چارەسەری کێشە عەشایەرییەکان مامۆستا بە سەرۆکی وەفدو دەم سپیی و ریش سپی هەڵدەبژێردرا، وە هەروەها بە پێچەوانەوەی ئەوانەشەوە کە گوتمان زۆرجار ئەگەر مەجلیسەکە گونجاوو لەبار بووایە قسەی خۆش و خەندە ئامێزیشی دەکردو سەرنجی دەوروبەری را دەکێشا..

٢- مامۆستاو هەڵسوکەوتی لەناو مالْ و منالْیدا:

مامۆستا "بەرەحمەت بێ" هەرچەندە خاوەن مێزەرو جبەو سیفاتی مەلایەتی بوو، بەڵام لەگەڵ مالْەوەو خانەوادەکەیدا زۆر بەلوتف و بەسۆزو میهرەبان بوو، هەمیشە ڕووخۆش و قسەخۆش بوو لەگەڵماندا، سەبارەت بە نوێژەکان زۆجار بە دەنگی بەرز قامەتی دەکردو هاواری دەکردو دەیفەرموو نوێژەکەتان!! وە زۆرجاریش لەگەڵ مالْ و منالْیدا دەچوویە دەرەوەو هەرچەندە دەتوانم بڵێم زۆریش کاتی نەبوو مافی مالْ و منالّی لە سەیران و چوونە دەرەوەدا بدا!! مامۆستا لە کۆتایی تەمەنیدا زۆر ئولفەت و خووی گرتبوو بە مالْەوەو زۆر بە سەبرو ئارام بوو لەگەڵمان، ئەوەندە بەسۆزو لوتف بوو وەکو هاوەڵی لێهاتبوو لەگەڵماندا، کاتێ کە هەموو منالّەکان لەمالّەوە بوون، دەرس و دەوری بۆ منالّەکان دانابوو، بیرم دێ کتێبی "فتح المجید" و " فتح القریب"ی به منالّەکان دەوت، وە ڕەمەزانانیش زۆرجار وانەو موحازرەی بۆ دادەنان و باسی جۆراوجۆری بۆ دەکردن، ئەوەی جێی سەرنج بوو لەم کۆتا تەمەنەیدا میهرەبانییی و سۆزو خۆشەویستی مامۆستا بوو لەناو مالْ و منالْیدا، جارێکیان بە چەند مانگێك پێش وەفاتی سەفەرێکی هەبوو بۆ دەرەوەی کوردستان، مامۆستای ڕەحمەتی کەمێك لەسەفەرەکەی دواکەوت و بوویە هۆی تووڕەبوون و بێزاری!! کاتێ کە گەیشتنە سنووری دەرەوەی کوردستان، بە

تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە کردو هەندێ قسەوباسمان کردو دواتر فەرمووی: گەردنم ئازادکەن دەنگم بەرز کردەوە بەسەرتاندا. ! ! بەراستی مەعنای باوکایەتی دەزانیی و زۆر پەیوەندیی تونـدو تـۆڵی هـەبوو لەگەڵماندا، وە هـەرکات کێشـەو نارەحەتییـەك رووی تێبکردایەین، تەنها بـە بینـینی ریشـی جـوان روخسـاری مامۆسـتا دڵ ئـارام دەبـووین!، سلاّوو رەحمەتی خوای پەروەردگار برژێ بەسەر رۆحی پاك و میهرەبانی مامۆستادا.

٣- مامۆستاو وەفاداریی و میواندارییی:

سـیفاتی وەفـاداریش یەکێکـە لـە گـرنگترین سـیفاتی مـرۆی موسـڵمان، وە جـوانترین و ڕازاوەترین و بە ئەمـەکترین سـیفاتی مرۆڤەکانـە، دەتـوانم بڵـێم مامۆسـتا لـەو بوارەشدا بەشاهیدی دۆست و خـزم و خۆشەویسـتانی وەفـادارترین کەسـبوو، زۆر زۆر حـەزی بـەو سیفەتە جوانە دەکرد، بۆیە زۆرجار دەیفـەرموو: هەرچـی سـیفاتی قـەبیح و زۆر ناشـرین هەیە لە مرۆڤەکاندا قابیلی قەبوولّە، بەڵام سیفەتی بێ وەفایی بـەهیچ شـێوەیەك قـەبوڵ ناکرێ و قێزەونترین سیفاتیشە ! ! مامۆستا زۆر زۆر سەرسام بوو بـەو سـیفەتە جـوان و پڕ لەمەعنای دین و ئەخلاق و ڕەوشت بەرزییە ! ! کە دەچوینە هەر شـارێك، بـۆ نموونـە سلێمانی یان هەولێر باوەڕ بکەن هیچ کەسـی لـە یـاد نـەدەکردو ئەگـەر بەتەلـەفۆنێکیش بووبێت هەر بەسەری دەکـردەوە، وە ئـەوەی چـاکەیەکی بەرامبـەر بەمامۆسـتا کردبێـت مامۆسـتا هەمیشـە لـە یـادی بـوو وە زۆر ڕێـزو حورمـەتی لـەو کەسـە دەگـرت ! ! لـەم دواییانەشدا ئەگـەر مامۆسـتا سـەردانەکانی کـەم کردبێتـەوە تـەنها لەبـەر بـواری ئـەمنی بووە، حەزی نەدەکرد بەرامبەر ئیحراج بکـات و تووشـی کێشـە بـبن، چـونکە دونیـا وای لێهاتبوو ئەگەر مامۆستا سـەردانی بنەماڵەیـەکی بکردایـە دواتـر ئـەو بنەماڵـە ڕوبـەڕووی پرسیارو وەڵام دەبوویەوە ! ! وە هەمیشە دەیگوت ئەگەر ڕێزو وەفاداربوون بەرامبەر بـە کەسێك یان بنەماڵەیك تا سەر بیبەن و چـاکەی کەسـتان لـەیاد نەچـێت بـا بەرامبـەریش وانەبێ بەرامبـەرتان ! ! وە مامۆسـتا بـەوەفادارترین کەسیشـبوو لەسـەر ڕووی زەوییـدا بەرامبـەر بـە کەسـایەتیی و شەخسـییەتی گـەورەی کـوردو عالـەمی ئیسـلامیی جـەنابی

مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز (رحمە الله) و بنەماڵەکەیی و توانی تائەو رۆژەش وەفاتی کرد هیچ جۆرە بێ وەفاییەکیان بەرامبەر نەکات !! تەنانەت ئەو هەفتەی کە مامۆستا تیایدا نەخۆش کەوت و وەفاتی کرد، چەند رۆژێ پێش ئەوە مامۆستا سەردانی مەزاری مامۆستای موجاهیدو خۆشەویستی خۆی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانی کردو وەك مالئاواییەك لە دونیای جەنجاڵ و پڕ لە بێ وەفایی دۆعای خێریشی بۆ مامۆستا کردو فرمێسك بە هەردوو چاوانیدا دەهاتە خوارێ و دوای چەند رۆژێك جەنابیشی وەفاتی کردو رۆشتەوە خزمەتی پیاوچاکان و ئەم دونیا مەینەتییەی بەجێ هێشت!! لەم دووایینەشدا کە دونیا گۆڕاو بێ وەفایی پەرەی سەندو دەتوانم بڵێم زۆر کەم کەس دەرچوو لەو تاقیکردنەوەدا !! مامۆستا هەمیشە دەیگوت: وەفا بەرەو ئاسمان رۆشتووەتەوەو نەماوە !! زۆرجاریش دەیفەرموو: ئەرێ ئەڵێی کەس ناوێرێ سەردانمان بکات !! یەکێکی تر لە سیفاتە جوان و بەناوبانگەکەی مامۆستای رەحمەتی میوانداریی و بەئەمەکی بو لەگەڵ میوان، زۆر بەخولّق و رووخۆش و بوو لەگەڵ میوان و ئەوەندەی حورمەت لە میوان دەگرت میوانەکە ئیحراج دەبوو!! کاتێ کە میوانیش دەهاتە سەر سفرەو کاتی نانخواردن دەهات، مامۆستای رەحمەتی هەرچی خواردنی بەردەمی خۆی ببوایە دەیخستە بەردەم میوانەکەو تا کۆتایی نانخواردن هەر خواردنی دەبەخشییە میوانەکان، وە زۆرجاریش زو زو دەهاتە دەرەوەو دەیفەرموو: ئاگاتان لە خواردنەکان بێت باش دەربچێت!! ئەمەش هەر بەشێك بوو لە وەفاو وەفاداری مامۆستا..

٤- مامۆستاو میهرەبانیی و چاوپۆشیی:

مامۆستا مەلا ئەحمەد لەگەڵ ئەوەیشدا کە کەسایەتییەکی سیاسیی بوو بەڵام هەر سیفەتە بەرزەکانی وەك ئەو سیفاتانەی کە باسمان کردن بەردەوام تیایدا رەنگی دەدایەوە، چونکە وا بڵاوە کە پیاوی سیاسیی بێ رەحم و بەزەییەو چاوپۆشی تیا نییە!! بەڵام سوپاس بۆ خوا لە بواری میهرەبانیی و چاوپۆشیشدا بەردەوام بەرامبەر هەستی بەو دوو سیفەتە بەرزە دەکرد لە مامۆستا ئەحمەد دا، زۆر بەبەزەیی و میهرەبان

و چاو پۆشیکار بوو لەگەڵ خانەوادەو کەسوکارو دۆست و خۆشەویستانیدا، زۆرجار لەلایەن دۆستان و خۆشەویستانیەوە بە قسەیەك یان بە هەڵوێستێك ئازار دەدرا، بەڵام مامۆستا هەر صەبری دەگرت و قەت لەرووی بەرامبەری نەدەدایەوە، وە دەیفەرموو قەت روو شکێن مەبن و قسە لە رووی بەرامبەر نەدەنەوە ! ! وە دەیفەرموو ئەم سیفەتە بەرزەم لە مامۆستای مەزنم جەنابی مامۆستا مەلاعوسمان وەرگرتووە ! ! جارجارە لەملاو لەولا قسەو باسی خەڵکیان بۆ دەگێرایەوە، بەڵام زۆر دڵگران دەبوو، وە خۆم گوێم لێبوو جارێکیان لەجۆرە هەڵوێستێکی ئاوادا رووی کردە پارێزەرێکی خۆیی و پێی گوت ئەگەر لەبەر دەرگاکەشدا لوغمێکیان بۆ دانابووم هەرگیز بۆم نەگێڕنەوە کە کێ ئەو کارەی کردووە با ڕقم لەکەس نەکەوێت ! !

٥- مامۆستاو عیززەت و ویقار:

عیززەت و ویقار سیفات گەلێکی زۆرجوان و بەرزن کە پەروەردگار بە هەندێ لە بەندەکانی خۆی دەیبەخشێ، مامۆستا ئەوەندە بە عیززەت و بە ویقار بوو لەو دوو سیفاتەشدا هەر لە پێش بوو ! ! لەکاتی گفتووگۆو قسە کردندا، لەکاتی کۆبوونەوەو دەمەقاڵەی سیاسەتدا، لەکاتێکدا کە بە شاندێکی سیاسیانە برۆشتایەنە لای لایەنە سیاسییەکان، لەناو مالێ و منداڵیدا، هەمیشە ئەو دوو سیفاتە بەرزەی تیا بەدی دەکرا ! ! ئەوەندە حورمەتی لە مێزەرو جبەکەی دەگرت، بەرامبەر وای دەزانی مامۆستا خوانەخواستە فیزو کیبری تێدایە ! بەڵام مامۆستا زۆر کەسێکی متواچع و قسەخۆش و نەفس بەرز بوو، هەرگیز بە ئەندازەی مسقاڵە زەرەیەك خۆ بەزلزانینی تێدا نەبوو، ئەوەندە بە ویقار بوو ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە ماڵی مامۆستا لە شاری مەریوانی کوردستانی ئێران بوو، وە ئەو چەند ساڵەیش کە لە هەڵەبجە نیشتە جێبوو، لە هیچ شارێکی کوردستانی ئەمدیوو ئەو دیوو تا وەفاتی کرد بۆ یەکجاریش نەچووە بازاڕی هیچ یەك لەو شارانە.. هەمیشە داوامان لێ دەکرد کە با بچینە دەرو کەمێك ئیسراحەت بکەیت، لە وەڵامدا دەیفەرموو ئێوە خۆتان بچن با من نەیەم، چونکە ئەم مێزەرو جبەیە

لێتان تێك ئەدات، وە دەبێ بەهۆی منەوە نەرۆنە هەموو شوێنێك و دەبەسرێنەوە !! وە هەروەها لەبەر حورمەت و ویقارو رێزی جبەو مێزەر قەت بە تەنها نەدەگەڕاو حەزی دەکرد هەمیشە چەند کەسێکی لەگەڵدا بێت و زۆری پێ خۆشبوو کە تەنانەت بۆ چوون بۆ مزگەوتیش بەتەنها نەروات، بەڵام بەداخەوە زۆرجار بۆی نە ئەلوا !! جارێکیان من و باوکی رەحمەتیم پێکەوە دەچوین بۆ پرسەی کەسایەتییەکی شارۆچکەی سەیدسادق، لە پرسگەی هەڵەبجە رایانگرتین و پێیان وتین کە (عرفان) ناوی لە لیستدایەو داواکراوە !! بەڵام بە ئوسلوبێکی زۆر ناشرین و دوور لە هەموو رێزو تەقدیرێك !! دواتر منیان داگرت و داوای موبایلەکەیان لێ دەکردم و باوکی بە عیززەت و بە ویقاریشم نەیدانێ و زۆر بەتوندی چوو بە گژیاناو لێیان تووڕە بوو، دواتر خۆم گوێم لێبوو دوای ئەوەی کە منیان بردبوویە ژوورێك لە ژوورەکانی پرسگەی هەڵەبجە دەیانگوت: ئێمە نەمانووت مادام مامۆستا مەلا ئەحمەدی لەگەڵدایە دەستگیری نەکەن؟!! دوای ئەوەش یەکێك لە لێکۆڵەرەکانی ئاساییش پێی گوتم ماوەیەکی زۆرە ئەمری گرتنی تۆمان لایە، بەڵام لەبەر باوکت نەمان توانیوە دەستگیرت بکەین چوونکە باوکت زۆر توند ڕەوە !! ئەوەبوو تا باوکی رەحمەتیم مابوو نەیانتوانی دەستگیرم بکەن، دواتر کە وەفاتی فەرموو هەر لە پرسەکەی باوکمدا دەستگیریان کردم!! سەبارەت بە عیززەتی مامۆستا زۆر هەڵوێستی جوامێرانە هەیە کە جێی باس و نووسینەوە بێت بەڵام بۆ کاتێکی گونجاو تر خوا یاربێت!! مامۆستا لەبەر عیززەت و ویقاری خۆیی و دینەکەی هەر لەکاتی لێدانی ئەمریکا بۆ ناوچەکانی هەورامان تا کاتی وەفاتی نەچوویەوە ناوچەی هەورامان و زێدی خۆی بەتایبەت خورمالێ، دەیفەرموو تا بارەگاو ناوچەکانی بزووتنەوە لەو ناوچانەدا نەکرێنەوەو ئاڵای بزووتنەوە تیایدا هەڵنەکرێت هەرگیز ناچمەوە ئەو ناوچانە !! بە یەکێك لە وتە بەنرخەکانی مامۆستا کۆتایی بەم کورتە باسە دەهێنم کە دەیفەرموو: ئەگەر تونڕەویی لە ئیسلامدا بریتی بێت لە بەرگریی لە ئەخلاق و پاراستنی شەرەف و ناموسی خەڵکی، ئەوە بەندە تونڕەوترین کەسم !! هەزاران هەزار سڵاو لە گۆڕی مامۆستای بە عیززەت و بە ویقار..

٦- مامۆستاو کاری حیزبایەتیی:

مامۆستا ئەحمەد، حیزبی وەك وەسیلە بەکار دەهێناو حەزی دەکرد حیزبەکەی خزمەتکارو رەحمەت بێ بۆ گەل و هۆزو نەتەوەکەی، نەك بە پێچەوانەوە ! ! هەموجار جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان رابەری مەزن و باوکی رەحمەتیشم دەیانفەرموو: ئێمە ئەم بزووتنەوەیەمان بۆ بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی خوا درووستکردووەو حەزمان لە پشتنی خوێنی کەس نەبووە ! ! وە سەبارەت بە تەعامولیش لەگەڵ حیزبە عەلمانییەکانی تریشدا مامۆستا ئەحمەد دەیفەرموو: دەبێ ئێمە پابەندبین بەو رێککەوتن و سوڵح و هودنانەی کە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا ئەنجامی دەدەین ! ! لە کاتی دەسەڵاتی ئەو کاتەی بزووتنەوەدا مامۆستا زۆر بە خەم بوو! وە هەمیشە لەکاتی بەسەرکردنەوەی بۆ مەقەرەکانی بزووتنەوە ئامۆژگاری پێشمەرگەو کاربەدەستانی دەکرد کە بە بەزەیی و نەرم و نیان بن لەگەڵ خەڵکداو زۆر دڵگران دەبوو کە خەڵکی گلەیی و گازندەیان بەرامبەر بە پێشمەرگەی بزووتنەوە هەبوایە ! ! ئەوەندەی ئێمە ئاگاداری دیدو بۆچوونی مامۆستا بووین مامۆستا حیزبییانە تەعامولی لەگەڵ بەرامبەری نەدەکرد، ئەگەر هەر برایەك کارێکی پێویستی هەبوایە، یەکگرتوو یان نەهزە یان سەربەخۆ بووایە جیاوازی نەدەکرد لە بە ئەنجامدانی کارەکە بۆی ! ! مامۆستا زۆر دڵخۆشیش بوو بە بزووتنەوەکەیی و لەو پێناوەشدا ئێش و ئازاری زۆری چەشت ! ! زۆر بەگلەیی بوو لەدەسەڵات کە بزووتنەوەیان ئابەو شێوە گەمارۆ داوەو هەموو دەرگایەکیان لێ داخستووە ! ! بزووتنەوەیەك کە زۆر بە نییەت پاکیی و بۆ خوا سوڵحاویی جیهادو تێکۆشانی دەکرد دژی زوڵم و ستەم ! ! بەڵام دواتر ئاوایان لێکرد کە کردیان ! ! وە مامۆستا زۆرحەزی لە تازەگەری بوو بۆ کاروباری ناوخۆی بزووتنەوەو زۆر زۆر بەخەم بوو کە بزووتنەوە بگاتەوە ئاستەکانی جارانی خۆیی و داوای نوێکاریی و تازەگەری دەکرد بۆ بەرەو پێشچوونی بزووتنەوە ! ! هەمیشە حەزی دەکرد بزووتنەوەکەی بزووتنەوەیەکی بانگەوازی و پەروەردەیی بێت پێش ئەوەی جیهادی بێت، وە حەزی دەکرد کەسانی ئەهلی عیلم لەدەوری ئەم بزووتنەوەیە کۆ ببنەوەو زورجاریش

دەیفەرموو بە کۆمەڵە برایەك کە دێن بۆ دەوامی مەڵەبەند بە مێزەرو جامەدانەوە بێن!! وە هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە با ئەم بزووتنەوەیە کەسانی پسپۆڕو مەلاو زانا و شارەزایانی زانستی ئیسلامیی ببەن بەرێوە نەك بە پێچەوانەوە!! بۆیە بەداخەوە دەتوانم بڵێم بزووتنەوە زۆر قەدری زانایانی ئیسلامیی نەزانی بەتایبەت مامۆستا ئەحمەد.

٧- لە بواری فیکری جیهادییەوە:

مامۆستا (ڕەحمەتی خوای لێبێت) پیاوێکی بەشەهامەت و جیهادی بوو، پێی وابوو ئیسلام بێ چەك و خوێن نایەتە بەرهەم و دەبێ ئوممەتی ئیسلامیی وەك هەموو گەلانی تری جیهان خاوەن قودرەت و جەیش و سوپا بێت.. وە دەیفەرموو: دەبێ موسڵمانان – وەك ئیمامی بەننا دەفەرموێ– هێزێکی چەکداریان هەبێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر هێزێك یان ناحەزێك بەربەستبوون لەڕێگای بڵاوبونەوەی پەیامەکەی خودادا، ئەم هێزە چەکدارە بەرهەڵستیان بوەستێتەوەو بیانترسێنێ!! وە هەمیشە سەرقاڵی خوێندنەوەو موتالاکردنی کتێبەکانی سید قوتب و عبدالله عزام چەندین زانای جیهادیی و موقاوەمە بوو، وە باوەری وابوو گەورەترین چڵەپۆپەی ئیسلام جیهادەو هەرگیز ئەم دینی خودایە بێ چەك و جیهاد نایەتە بەرهەم!! جارێکیان لە مەولودنامەیەکدا بووین، مامۆستا فەرمووی: خۆزگا لەم یادە شکۆدارەدا ئیسلام و موسڵمانان خاوەن دەوڵەت دەبوون و چەندین بۆمب و موشەکی دوور هاوێژ تاقیدەکرانەوە، نەك بەو شێوە لاوازەی ئێستا یادی سەرکردەو پێشەوای موجاهیدان بکرێتەوە! مامۆستا پێش ئەوەی کۆچ بکەن بۆ ئێران لەساڵی (١٩٨٧) لە شارۆچکەی سیروان حیزبی بەعس بە کۆپتەرو جەیشەوە هاتبووە ناو ئەو شارۆچکەیەوەو خەڵکێکی زۆریش کوژراوو بریندار لێکەوتەوە !! جا لەوکاتەدا مامۆستاو کۆمەڵێك برا لە بینا حکومییەکەی نزیك ماڵی مامۆستا لەگەڕەکی چرۆسانەییەکان بە تاقم و تفەنگەوە خۆیان ئامادەکردبوو وە لەناو ئەو بینایەوە هێرشیان دەکردە سەر کۆپتەرەکانی رژێم. وە پاش کۆچکردنیشیان بۆ ئێران لە

ئۆردوگای دزلّی سەرجەم سووڕەتی (الانفال)ی بۆ موجاهیدان تەفسیر دەکرد و بە دەیان بابەت و نامیلکەو چاوپێکەوتنی لەبارەی جیهادو تێکۆشانەوە هەیە. جەنابی مامۆستا (بەڕەحمەت بێت) شەونخوونی و ماندوبوونی زۆری کێشا لە پێناو پێگەیاندن و پەروەردەی سیاسی کادیری بزووتنەوەشدا، شەوو ڕۆژی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبوو، وانەوتنەوە لەمزگەوت، کردنەوەی خول، وانەی تایبەتی عەقیدەیی و سیاسی لە بارەگاکاندا، هەرچەندە لەدوای ڕاپەڕین هێشتا مالّ و منداڵەکانی لەو دیوی ئێران بوون، بەڵام ئەو هەمیشە لە بنکەو بارەگاکاندا دەمایەوەو مانەوە لە بنکەو بارەگاکاندا لای ئەو زۆر لەپێشتر بوو تا مانەوە لەناو خێزان و مالّ و منداڵیدا، بەردەوام ئاراستەی کادیر و بەرپرسانی دەکرد کە چۆن مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ جەماوەردا بکەن و بەدەم کێشەو گرفتەکانیانەوە بن، بەمەش بنکەو بارەگاکانی بزووتنەوە بووبوونە ناوەندێکی ئاسایشی بۆ پارێزگاری کردن لە مالّ و سامانی هاوڵاتیان، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە مینبەری مزگەوتەکانی هەمیشە ئاوەدان کردبوویەوە بەوتارەکانی و ڕوونکردنەوەی حەقیقەت و هاندانیان بۆ خزمەتکردنی ئایین و وڵات و نیشتمان. زۆر جوان بوو بۆ مامۆستای خاوەن مێزەرو جبە کە تاقم و تفەنگ هەڵگرێ و دژی زوڵم و زۆری زۆردان بوەستێتەوەو زیاتر لە ٢٠ سالّ جیهادو موقاوەمەیان کرد لەپێناو ئارامیی و ئاشتیی و خۆشگوزەرانی گەلەکەیاندا ! ! وە هەمیشە دەیفەرموو بەلاتانەوە جێگای سەرسوڕمان نەبێت کەمن چەکم هەڵگرتووە ،یان هەندێ کەس بڵێن مەلاو چەك.؟! سوێند بەخوا ئەم دەمانچەیەی من کە ئێستا پێمە، هەر هەمان شمشێرەکەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) و ئیمامی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلییە، ڕەزای خوایان لێبێت. وە سەلماندیشیان کە مەلا ئیش و کاری هەر مزگەوت و جەماعەت و ژن مارە بڕین و تەڵاق و تەڵقینی مردوو نییە، بەڵکو مەلا دەبێ ئاگای لە هەموو جموجوڵێکی کاروباری خەڵکیی و حکومەت و دەسەڵاتیش بێت ! !

– هەڵوێستی مامۆستا لە بارەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە زۆر ڕوون و ئاشکرابوو، ئەمریکای بە داگیرکار دەزانی و زۆر سەخڵەت و بێتاقەت بوو کە وڵاتی عێراق

بەو شێوەیە لەلایەن داگیرکارانەوە داگیرکراوەو بە ناحەق رۆڵەکانی هەر رۆژەی بە ناوێکەوە تیرۆرو لەناو دەبرێن، ئەوەندە ئەمریکای بەلاوە زاڵم و ستەمکار بوو هەموجار دەیفەرموو: ئەگەر تەنانەت لە کۆڵانێکدا دوو کەڵەشێر شەڕ بکەن بێگومانم دەستی ئەمریکای تێدایە ! ! ئەوەش هەر بەشێکبوو لە فیکری جیهادی مامۆستا..

٨- ڕێزو حورمەتی مامۆستا لە هەندێ زانای ناودارو بەتوانا:

– محمد بن عبدالوهاب: بە پیاوێکی "مجدد" و دڵسۆزو خەمخۆر وەسفی دەکردو کتێبەکەیشی (فتح المجید)ی بە مەنهەج لە قەڵەم دەداو بۆ خۆیشی بەدەرس دەیگوتەوە، بەتایبەت بە منالّەکانی خۆیی دەگوتەوە..

– ئیمام بەنا: زۆری خۆشدەویست و بە پیاوێکی راستگۆو دیندارو موجاهید وەسفی دەکردو ئەویشی لەهەندێ بواردا بە "مجدد" دا دەنا.

– قەرەزاوی: زۆر سەرسام بوو بە شێخ یوسف قەرزاویی و زۆریش گوێی لە وتەکانی دەگرت و کتێبی زۆریشی خوێندووەتەوە، بەتایبەت بواری فیقهی، وە بە پیاوێکی ئازاو بەجەرگ وەسفی دەکرد لە فەتواداندا.

– ئەلبانی: سەبارەت بە شێخ ئەلبانی دەیفەرموو: بەڕاستی پیاوێکی ماندوو عەزیەت کێشەو زۆر ماندوو بووە لە بواری تەخریجی فەرموودەوەو جێگای ئیعتیبارە.

– عبدالله عزام: زۆر شێخ عەبدوڵڵای خۆش دەویست و زۆریش پێی سەرسام بوو، وە زۆر بە خوێندەواری دەزانی و بە پیاوێکی عالیم و موجاهیدو خەمخۆری دەزانی.

– سید قوتب: پێی وابوو ئەگەر فیکرو دیدی "سید" نەبوایە ئەوا دین بەو شێوەیە گەشەی نە دەکردو لە چوارچێوەی موعامەلات و ئەحوال شەخسی تێ نە دەپەڕی، وە زۆر سەرسام بوو بە کتێبەکانی بەتایبەت: (في ظلال القران و معالم في الطريق).

– ناصر سوبحانی: مامۆستا گوێی لە هەندێ کاسێتی مامۆستا ناصر سوبحانی گرت بەتایبەت تەفسیری سوورەتی (ق) و کاسێتەکانی موناقەشەی نێوان مامۆستا ناصرو مەلا ئەحمەدی دەرگا شێخان. دواتر خۆم پرسیارم لە مامۆستای رەحمەتی کرد سەبارەت بە کەسایەتی و زانایی مامۆستا ناصر، لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگەر بمایە سید قوتبی سەردەمی خۆی دەبوو، ئەگەر لەو زاناتر نەبوایە ! !

– ئەبو بصیر الطرطوسي: سەبارەت بە شێخ ئەبو بەصیر کاتێ کتێبی (عقيدة الطحاوية بشرح أبي بصير) خوێندەوە، دواتر هەمان کتێبی کردە مەنهەج بۆ چەند برایەك و بە دەرس پێی دەگوتنەوە، ئیتر لەوە بەدواوە زۆر سەرسام بوو بە عیلم و زانستی و زۆریش بە خاوەن ئینسافی دا دەنا..

– مام هەژار موکریانی: زۆر سەرسام بوو بە ڕەوانبێژیی و کوردی زانی مامۆستاو بە کەڵە زاناو کەڵە شاعیری کوردی دا دەنا..

– شێخ محمدی خاڵ: سەرسام بوو بە تەفسیرەکەیی و ئاواتی دەخواست کە خۆزگا تەفسیرەکەی تەواو بکردایە، چووبوویە خزمەتیی و دەیوت: پیاوێکی زۆر زاناو ئەهلی عیلم و بە ویقار بوو، هەر بۆیە تەفسیری خاڵ یەکێك بوو لە سەرچاوەکانی تەفسیری ڕامانی مامۆستای رەحمەتی..

٩- کاریگەری کەسایەتیە ئیسلامییەکان لەسەر مامۆستاو ڕەنگدانەوەیان تیایدا:

دیارە هەموو کەسێك لە ژیانیدا بەکەسانێك سەرسام دەبێ و دەیەوێ لە ژیانیدا چاو لەو بکات و وەك ئەو بژیی و وەك ئەویش ببر بکاتەوە، ئەڵبەتە بە گوێرەی تواناو گونجاوی، مامۆستا مەلا ئەحمەدیش "بەرەحمەت بێ" لە ژیانیدا بە چەندین کەسایەتی سەرسام بووەو زۆرجاریش ویستوویەتی وەك ئەوان بژیی و وەك ئەوانیش ببر بکاتەوەو لە ژیانیشیدا ڕەنگ بداتەوە، لەوانە:

* کەسایەتی شێخ عوسمان عبدالعزیز محمد بە رەحمەت بێ: دەتوانم بڵێم مامۆستا مەلا ئەحمەد لە هەموو ڕوویەکەوە بەبێ زیادە ڕۆیی ڕاستەوخۆ کۆپییەکی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز بوو، لە ڕووی زانستییەوە لەبەر ئەوەی کە مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی گرنگییەکی زۆری بە مامۆستا مەلا ئەحمەد دەدا، مامۆستا مەلا ئەحمەدیش لەو ڕووەوە زۆر گەشەی کردبوو و وە بە یەکێك لە قوتابییە زیرەکەکانی مامۆستا ناوی بلاّو بووبوویەوە، وە لە زۆربەی فەتوا سەردەمییەکانی مامۆستا ئەحمەد دا، مامۆستا مەلا عوسمان پشتگیری بۆ دەنووسیی و بڕیاری کارکردنیشی لەسەر دەدا.. وە لەڕووی وتارو نووسینەوە مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود دەقاو دەق جێ پێی مامۆستاکەی خۆی هەڵگرت و ونی نەکرد، دوا بەدوای وەرگرتنی ئیجازەی عیلمی لەلایەن مامۆستا مەلا عوسمانەوە ڕاستەوخۆ مامۆستا ئەحمەد دەستی دایە وانە وتنەوەی زانستی شەرعیی و پاشان وتاربێژیی و هەروەها وەرگێڕان و نووسین.. لە هەمووی گرنگتر جێ دەست هەڵگرتنی مامۆستا لە بواری تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی کە بێگومان ڕەنگدانەوەی تەفسیرەکەی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانی لەسەر بوو.. وە لە بواری عیبادەت و خواناسییەوە مامۆستا ئەحمەد زۆر شێوەو گرنگیدانی مامۆستای لەو بوارەشدا پێوە دیاربوو.. وە لە هیجرەت و کاری جیهادو ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیشدا بە هەمان شێوە دەقاو دەق کۆپییەکی تەواوی مامۆستا شێخ عوسمان عبدالعزیز بوو، ڕەحمەتی خوا لە هەردوو مامۆستای خواناس و موجاهید.

کاتێکیش کە مامۆستا مەلا عوسمانی زاناو دانا وەفات دەکات، مامۆستا ئەحمەد زۆر دڵگران و بێتاقەت دەبێ و چەند ڕۆژێك فرمێسك بە چاوەکانیەوە نەدەوەستایەوەو لە مەراسیمی پرسەکەیدا لە مزگەوتی عومەری کۆڕی خەتاب لە هەڵەبجە لە کورتە وتارێکدا مامۆستا ئەحمەد بە دەم گریانەوە چەند یادگاریی و بەسەرهاتێکی مامۆستاکەی شێخ عوسمانی گێڕایەوەو هەموو ئامادەبووانی کردە گریان، وە بەم شێوەش لەسەری دەنووسێ و بۆی دەهۆنێتەوە:

(ئەوە کێ بوو؟ ئەگەر بەتەنیا باسی عیلم و زانست و زانیاری بکرابا، هەر ئەو وەبیر دەهاتەوە.؟ ئەوە کێ بوو ئەگەر تەنیا باسی زانستی (فیقە)و بابەتەکانی بکرابا، تەنها ئەو دەهاتەوە بیر، ئەوە کێ بوو هەرکاتێ باسی تەفسیرو ئاشنابوون بەقورئان بکرابا، پەنجە تەنها بۆ ئەو رادەکێشرا، ئەگەر زوهدو دونیا نەویستی بهاتبایە کایەوە، لەخانەکانی مێشکا ئەو وەدەر دەکەوێ، هەرکاتێ باسی (ورع) و (تەقوا)یش دەبوویە بابەتی کۆڕ، هەرئەو یەکەم دەبوو، هەردەم باسی شەو نوێژو جومعەو جەماعەتی گەرم و گوڕ بکرابا، دیسانەوە هەرئەو یەکەم دەبوو، هەرکات باسی موحیببەت و خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر ﷺ بکرابا هەرئەو ناوی دەهاتە پێشێ، ئەوە کێ بوو کاتێ ئەگەیشت بەئایەتەکانی (عەزاب) چاوەکانی بە فرمێسک و ئەسرین دەوڵەمەند دەبوو، ئەوە کێ بوو کاتێ دەچووە ناو نوێژەوە، هەموو گیانی دەلەرزی، ئەوە کێ بوو زۆر خۆ بەکەمزان و (موتەوازیع) بوو، ئەوە کێ بوو هەرگیز غەیبەتی نەدەکرد، ئەوە کێ بوو زۆر دلاّواو میهرەبان بوو، ئەوە کێ بوو قورئان و شیری بەیەکەوە هەڵگرت و پێی وابوو کە هەرگیز ئیسلام بە هێزو جیهادو تێکۆشان نەبێ عیزەت بە دەست ناخاتەوە، کێ بوو دەیگوت: ئەگەر بە تەنیا خۆیشم بم ئیعلانی جیهاد دەکەم، کێ بوو زۆر بە پەرۆش بوو بۆ وەحدەت و یەکریزی موسڵمانان، کێ بوو (٧٧) سالێ لە تەمەنی پیرۆزی هەر لە خزمەت ئیسلامدا بردە سەر، وەلاّمی ئەم پرسیارانەو زیاتریش بەرێز جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانە، سەرتان سوڕ نەمێنێ و بە (موبالەغە) و زێدەڕەویش دانەنرێ، چونکە ئەو بە تەنیا خۆی ئوممەتێك بوو.. خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادی بکات).

* کەسایەتی شێخ عبدالحمید کوشك، بیرم دێ لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٩٨٠ زایینی، ئەوکاتەی لە ئۆردوگای زۆرە ملێی سیروان بووین، مامۆستا هەفتانە یان دو هەفتە جارێك کاسێتی شێخ کوشکی بە دەست دەگەیشت و بە تامەزرۆیی گوێی لە وتارەکانی دەگرت

و پاشان مامۆستاش لە وتارەکانی هەینیی خۆیدا کاریگەریی وتارەکانی پێوە دیاربوو و لە شێوەی ئەداکردنی وتارو شێوازی دەربڕینی و جورئەت و حەماسەتەوە..

* کەسایەتی مامۆستای شەهید سید قوتب، زۆر بە ڕوونی مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕەحمەتی، کاریگەریی ئەم زانا بەرجەستەی عالەمی ئیسلامیی پێوە دیاربوو.. هەمیشە دەیگوت: ئەگەر "سید" نەبوایە ئەم دینە پیرۆزەیە بەرەو چڵەپۆپەی سیاسەت و بەرێوەبردنی کاروباری ولأت گەشەی نە دەکردو هەر لە مەسەلەکانی تەلاق و نیکاح و (أحكام الأسرة) قەتیس دەماو مەعنا ئەساسییەکەی خۆی کە هەمووی پێغەمبەران "عليهم الصلاة والسلام" بۆ ئەوە نێردراون لە دەست دەدا.. هەر بۆیە مامۆستا مەلا ئەحمەد کاریگەری زۆری بیرو دیدی "سید"ی لەسەر بوو بەتایبەت کتێبی: تفسير "في ظلال القرآن" و هەروەها "معالم في الطريق".. هەر کاریگەری دیدو بیری "سید"یش بوو مامۆستا ڕێگەی بانگەوازو کۆچ و جیهادی گرتە ڕێ و هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە ئەم دینی خوایە لە میحرابەوە بگوازنەوە بۆ ناو دەسەلأت و کاروباری دەوڵەت..

* کەسایەتی شێخی موجاهید عبدالله عزام، مامۆستا مەلا ئەحمەد لە دوای کۆچکردنیان بۆ ئێران و دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی و کەوتنە ناو قۆناغی جیهادو تێکۆشان، ئیتر لەوە بە دواوە مامۆستا دەستی دایە خوێندنەوەو شیکردنەوە فیقهی جیهادو وتنەوەی ئەو فیقهە بە موجاهیدان لە هەردوو ئۆردوگای دەربەند دزلّیی و بارام ئاوای کۆماری ئیسلامیی ئێران، مامۆستا زۆر سەرسام بوو بە جیهادو زانستی شێخ عبدالله عزام و سەرجەم کتێبەکانی شێخ عبدالله ی وە دەست کەوت و زۆر بە گرنگیشەوە گوێی لە کاسێتەکانی شێخ عبدالله ی دەگرت.. پێی وابوو شێخ عبدالله عزام رابەرو پێشەنگی جیهادە لە ئەفغانستان.. ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان..

* مامۆستا مەلا ئەحمەد بە ڕەحمەت بێ، بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری هەریەك لەم زانایانەیشی لەسەر بووە: – محمد بن عبدالوهاب، ئیمامی بەننا، دکتۆر یوسف قەرزاوی..

١٠- مامۆستاو گوێگرتن لە هەوالْ و ڕادیۆو تەلەفزیۆن:

یەکێکی تر لە سیفاتە گرنگەکانی مامۆستا گرنگیدان بوو بە هەواڵی ڕۆژو موتابەعەکردنی ڕووداوەکانی جیهان، وە لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە گرنگەکانی کوردستان ئیشتراکی هەبوو، بەتایبەت گۆڤاری المجتمع ی کوەیتیی و ستاندەرو ڕۆژنامەی ئاوێنەو هاولاتی و هەوالْ و چاودێرو چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی تر.. وە بەو سیفەتەی کە بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە بوو ئاگای لە لێدوان و قسەو بابەت و مالْپەرو سەرچاوە ڕاگەیاندنەکان بوو، وە لەرووی تەلەفزیۆن و سەتەلایتەوە، هەموو ئێواران بەتایبەت موتابەعەی کەناڵی الجزیزەی دەکردو دواتریش لە زاگرۆس تیڤی ئەوکات و جارجارەیەکیش بۆ بە ئاگابوون لە هەواڵە ناوخۆییەکان گوێی لە کوردستان تیڤی و کوردساتیش دەگرت، وە لەبەرنامەکانیشدا زۆرجار گوێی لە "الاتجاه المعاکس" دەگرت، وە لە دەستپێکردنی کاری حیزبایەتییەوە تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد ڕادیۆی هەبوو وە زۆر موتابەعەی (bbc) بیبیسیی و هەواڵەکانی ئێرانی دەکرد، وە زۆرجاریش ئاگاداری ناوخۆی سایتە کوردییەکان دەبوو، وە بەپێی پێویست وەلاّمی پێویستی بە بابەت نووسەکان دەدایەوە.. وە سەبارەت بەوەی کە ئایا مامۆستا گوێی لە مۆسیقاو گۆرانی و سروود دەگرت یان نا؟؟ ئەوەی ڕاستیبێ مامۆستا زۆر خۆی لە گوێگرتن لە مۆسیقا دەپاراست، مەگەر جارجارە نەبێت کە ڕێ دەستی نەبوایە ! ! جارجارەش موتابەعەی سرودە جیهادییەکانی بزووتنەوەی دەکردو گوێی لە هونەرمەند بیلال کەیوانی دەگرت.. خوای گەورە لێی خۆشبێت.

١١- ئەوەی زۆر زۆر مامۆستای بێتاقەت کرد لە ژیاندا:

زۆر بەداخەوە لە دوا ساتەکانی تەمەنی مامۆستادا کۆمەڵێك گۆڕانکاری زۆر خێرا ڕوویاندا کە دەتوانم بڵێم مامۆستایان زۆر زوو پیرکردو زۆرخەمیان دایە، یەکێك لەو خەمانەی کە زۆر زۆر تەئسیری لە مامۆستا کردو زۆر پێی دڵگرانبوو کۆنگرەکەی تەوێڵە بوو لەسالّی

١٩٩٩ ز، کە یەکەمین کۆنگرەی بزووتنەوەی یەکبوون بوو، ئەو یەکبوونەی کە مامۆستا پشکی هەرە گەورەی ئەوی تێدابوو بۆ یەکگرتنەوەی (باسك و برا)، بەڵام بەداخەوە لە کۆنگرەکەداو بێ هیچ گوێدانە ماندووبوون و کەسایەتیی و سەنگینی مامۆستا، لەو ململانە ناشەریفەدا مامۆستایان خست و ئەو دەنگەی کە پێویست بوو بیدرێتێ نەیدرایەو مامۆستای رێکخەرو هەوێنی ئەو یەکبوونە لەو کۆنگرەیەدا دەنگی پێ نەدرا ! ! ئاگاداربووم کاتێ کە گەڕاینەوە لە تەوێڵەو دوای راگەیاندنی دەنگەکان مامۆستا ئەو شەوە تا بەیانی خەوی لێنەکەوت و زۆری بەلاوە سەیرو قورس بوو کە بێ ویژدانیش ئابەو شێوەیە؟! ! وەك بەرێز مامۆستا جەعفەر دەیگێرێتەوەو دەڵێ مامۆستا مەلا ئەحمەد پێی گوتین: چۆن دەبێ کەسانێك لە دامەزرێنەران و بەردی بناغەی حیزبێك بن، بەڵام لە ئاوا کۆنگرەیەکداو بەبێ هیچ هەڵسەنگاندنێکی درووست و شەرعی وەلا بنرێن؟! ! یەکێکی تر لە خەفەتە گەورەکانی مامۆستا لەتبوون و تەقینەوەی ئەو بزووتنەوەیە بوو کە مامۆستا ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ تەمەن و هەموو ژیانی تێدا سەرفکردبوو، بەڵام بەداخەوە پاش هەوڵ و تەقەلای زۆرو ماندووبونێکی بێ بەرهەم، سەرەنجام بزووتنەوە تەقیەوەو بو بەچەند پارچەیەکەوە، مامۆستا زۆر زۆر خەمی پێ خواردو نیوەی ریشی رەشی لەو روداوە سەختەدا سپی کردو هەر بە ئاواتی یەکگرتنەوەش سەری نایەوە ! ! پاشان یەکێکی تر لەو خەمە قورسەی کە مامۆستای ئەوەندەی تر خەمبارو بیتاقەتکرد بێ ئەدەبیی و زماندرێژی مەریوان هەڵەبجەیی بوو کە کتێبێکی بەناوی (سێکس و شەرع و ژن) بڵاو کردەوەو پاشان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمەوە پاداشت و دیاری پێ بەخشراو هەر بە فەرمانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمیشەوە ئیجازە درا کتێبەکەی بۆچاپ بکرێت و خرایە نێو کتێبخانەکانی کوردستانەوە، هەمیشە مامۆستا بیری لێدەکردەوەو زۆری خەمی پێ دەخواردو دەیفەرموو جولەکەو گاوریش ئاوایان نەکردووە بەئیسلام و هیچ کات کورد ئەوەندە بێ دین و بێ ئەدەب نەبووەو لەهەموویشی گرانتر ئەوەبوو کە هیچ هەڵوێستێکی جەماوەریشی بەدوادا نەهات! ئەوەندەی تر خەمی مامۆستای گەورەتر

کرد.. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت کە مامۆستا وەک هەڵوێستێکی ئایینیایەی خۆی نامەیەکی ئاراستەی مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرالێ کرد بۆ ئەو مەبەستەو لە نامەکەدا داوای لە سەرۆک کۆمار کردووە کە بەزووترین کات رێگری بکات لەو هەڵەوەڕیانەی مەریوان و مەریوانییەکان!! ئەم سێ خەمە گەورە هەمیشە مامۆستا باسی لێوە دەکردن و زۆر زۆر پێی سەخڵەت و دڵشکاو بوو.

باسی حەوتەم

سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی سیاسیی مامۆستا

دوای ئەوەی کە مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود "رەحمەتی خوای لێ بێ" لە هەمو ڕوویەکەوە سوودمەندو سەرسام دەبێ بە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزەوە، سەرەتای گۆرانکای فیکریی و هزری مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودیش هەر لێرەوە دەست پێ دەکات و دوای ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٥٤ ز) شێخ ئەمجەد زەهاوی "بەڕەحمەت بێ" لەگەڵ دەستەیەك لە زانایانی هاوڕێی سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهید دەکەن و لەلایەن جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو مامۆستا مەلا سالّح عبدالکریم و زانایانی هەڵەبجەوە پێشوازی دەکرێن، پاشان یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەو سەردانەی شێخ ئەمجەد زەهاویی و هاوڕێیانی، پەیوەندیکردنی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز و چەند زانایەکی تری بەرچاوی ناوچەکە بوو، بە ڕێکخستنی (ئیخوان موسلمین)ـەوەو، دانانی یەکەم بەردی بینای ڕابوونی ئیسلامیی بوو لە کوردستان.

هەروەها ئامانجێکی تری سەردانەکەی شێخ زەهاویی و هاوڕێیانی بۆ هەڵەبجە بەدەستهێنانی پشتگیریی بوو بۆ کێشەی فەلەستین و موسوڵمانانی جەزائیری، هەر بۆیە لەو سەردانەدا بڕیاری هاوکاری فیکریی و دامەزراوەیی لە نێوان زانایانی کوردستان و عێراق پێکەوە دراو هەروەها بڕیار درا بە شێوەیەکی تۆکمە کاروباری ڕێکخستنی "برایان" بەرەو پێشەوە بڕوات. بەڵێ جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٠ ز) وە، ئاشنایەتی بە فکرو هزری ڕێکخستنی برایانەوە بۆ دروست دەبێت بە پێشەوایەتی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز.[١]

(١ سەرچاوەی سەرەکی ئەم باسەم لە کتێبی (**الشيخ أحمد كاكه محمود وجهوده الدعوية**) لە نووسینی مامۆستا جەمال حسێن شەمێرانی وەرگرتووە.

دوای ئەوە ئیتر بە شێوەیەکی بەرچاوو زۆر کاریگەر زۆرینەی مینبەرەکانی کوردستان بوونە چرای رووناکی حەق بێژیی و زۆربەی مزگەوتەکان وانەی "زنجیرەیی" کتێبەکانی سەیید قوتب و ئەبوئەعلای مەودودی تیا دەوترایەوە.

(ئیخوان موسلیمین لەو سەردەمانەدا هیچی کەمتر نەبوو لە بزووتنەوە سەلەفیەکانی ئەمرۆ، کە گرنگی دەدەنە بواری پەروەردەی عەقیدەیی تاك و پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لەسەر بنەمای عەقیدەی وەلاو بەرا.. ئیخوان لەو سەردەمانەدا بەو شێوەیە ئیرشادو دەعوەی خۆی ئەنجام دەدا کە بەهێزترین و پۆلایین ترین نەوەی پێگەیاند لە ڕووی عەقیدەو بیروباوەڕەوە کە هیچ حەزو ئارەزووە دونیایی و گومانەکانی ئەو سەردەمەی شیوعیەکان و مولحیدەکان نەیان توانی تەنها ئەندامێکی ئیخوان لە خشتە بەرن..! بەداخەوەم بۆ ئێستا)!

* **بۆ بینینی وێنەکانی باسی حەوتەم، بروانە پاشکۆی ژمارە** (٥ و ٦)

باسی هەشتەم

کۆچکردنی مامۆستا ئەحمەد بۆ ئێران و دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی

داوی ئەوەی کە حکومەتی بەعسی عەلمانی لە لایەك سەرقاڵی جەنگی ئێران و لەلایەکی تریشەوە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، زۆر بەوردی چاوی خستبووە سەر کاری ڕێکخستنی ئیخوان موسلمین و بەتایبەتی تر کاری ئیسلامی زانایانی ناوچەی هەڵەبجەو سێروان و هەورامان و شارەزوور، چونکە لە ڕاستیدا تێگەیاندن و پێگەیاندنی مامۆستایانی ناوچەکە بۆ نەوەی نوێ و گەرموگوڕی مزگەوت و وانەکان، وای کردبوو لە دەزگا ئەمنییەکان کە مەلەفێکی تایبەت بە ناوی مەلەفی (دیاردەی ئایینی لە هەڵەبجە – الظاهرة الدينية في حلبجة) بۆ کاری ئیسلامی ناوچەکە بکەنەوەو لەوە زیاتر نەیەڵن کاری ڕێکخستنی ئیسلامی گەشە بکات، بۆیە دەستیان کرد بەدژایەتیکردنی ئاشکرای وانەی مزگەوتەکان و حیجاب و پۆشاکی ئیسلامی و ڕێگریکردن لە هەندێ زانای ناوچەکە لە وتاردان و لادانیان لە مزگەوتەکانیان، لە نێوانیاندا مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود یەکێك بوو لە زانا لادراوەکان لە مزگەوتی گەورەی سێروان. مامۆستا لەو سەردەمانەدا جێدەست و پێگەیەکی بەرچاوی هەبوو لە ناوچەی سێروان و هەورامان، وتارەکانی هەینیی مامۆستا، لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستانەوە خەڵکی بۆی دەهاتن و بە کاسێتیش بە هەموو کوردستاندا بڵاو دەبوویەوە. هەر ئەم سەرکەشی و دژایەتییکردنەی حکومەتی بەعس بوویە داینەمۆی شۆڕشی ئیسلامیی چەکداری و بزووتنەوەی ئیسلامیی لێوە لە داییك بوو..

ئەو سالانەی پێش لە دایکبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی سالانێکی زۆر قورس و پڕ لە زەحمەت و ئەشکەنجە و ئازار بوو. دەیان کارەساتی جەرگبڕ بەسەر گەلی کوردی موسوڵماندا هاتبوو و وە کارەسات و نەهامەتییەکان بەردەوام بوو، کارەساتی بەناو

ئەنفالی ناوچەی گەرمیان و بارزانییەکان و وێرانکردنی زۆربەی گوندە سنووریيەکان و گرتن و لەسێدارەدان و دەیان نەهامەتی تر.. تا بارودۆخ گەیشتە ئەوەی خەڵکی ناوچەکە بەرەو ئێران هەڵبێن. ئەوەبوو لە بەروارى شەوى (١٧ى ڕەمەزانى ١٤٠٧ کۆچیی بەرامبەر بە ١٧ لەسەر ١٨/ ٥/ ١٩٨٧) کۆمەڵێك لە زانایانی هەڵەبجەو سیروان و ناوچەی هەورامان شارەزوور، بە ڕابەرایەتی جەنابی شێخی مەزن مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز و مامۆستا مەلا سالّحی گەورەو مامۆستا مەلا عومەر عبدالعزیزو مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز و مامۆستا صدیق عەبدولعەزیز و مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود و مامۆستا شێخ سدیق سەرگەتی و مامۆستا سەیید نوری و دەیان مامۆستاو بانگخوازو دکتۆرو سەدان گەنجی خوێنگەرمی ناوچەکە بەرەو ولاّتی ئێران بەرێ کەوتن و کۆچیان کرد، دوای ئەو بەروارەش هیجرەت و کۆچ هەر بەردەوام بوو وە چەندین کەسایەتی وەك مامۆستا مەلا عەبدوڵلاّی گوڵپی و دەیان و سەدان گەنجی خوێن گەرم بەرەو ئێران کۆچیان کردو خۆیان گەیاندە قافڵەی تێکۆشان و بەرگری لەدین و ولاّت و نیشتمان. بەپێی سەرژمێری ئەوکات نزیکەی (١١٠٠٠) هەزار کەس بەرەو ئێران کۆچیان کرد و لە ئۆردوگاکانی ئێران نیشتەجێ بوون.

پێش سەفەری جەنابی شێخی مەزن و هاوڕێیانی بۆ ئێران، بیر و هزری بزووتنەوەیەکی ئیسلامی چەکدار لە سالّی (١٩٧٨)زایینی بە ناوی (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی) لەناوخۆی کوردستان دروست بوبو، کە زۆرینەی زانایانی ناوچەکە ئاگاداری ئەو ڕەوت و بزووتنەوەیە بوون، لەوانە: مامۆستا مەلا محەمەد بەهائەدین و مامۆستا شێخ نورەدینی موفتی و مامۆستا مەلا سالّحی گەورەو چەندین زانای تر، (خوا لەهەمویان خۆش بێت)، بۆیە بۆ یەکەمجارو لە سالّی (١٩٨٣)ی زایینی، مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی و مامۆستا نەوڕەسی و مامۆستا حەسەن کانی تووبی بەرەو ئێران کۆچیان کردبوو، وە لە سەرەتا و کۆتایی سالّی (١٩٨٤)ی زایینی کۆمەڵێك برا بەناوەکانی: کاك حەمزەی حاجی مەجید محەمەد تەوێڵەیی و مامۆستا لوقمان نەزیری و کاك محەمەدی شێخ عزیز و کاك ئازاد شێخ عەزیز و بەرەو ئێران کۆچ دەکەن و لەوێ بەردی بناغەی عەمەلی و کرداری

بزووتنەوەیان دانابوو، وە لە بەرواری (١٤ / ٧ / ١٩٨٥) کۆمەڵێکی دی لە زانایان و خەمخۆرانی ڕابوونی ئیسلامی وەک: مامۆستا مەلا عەلی بیارە و مامۆستا شێخ لەتیف پێنجوێنی و مامۆستا مەحموودی ئازادی و مامۆستا ئەبوبەکری سدیقی و وەستا حەمەئەمینی خەیات و کاک حاجی سەعید، ئەوانیش خۆیان دەگەیەننە ئەو کاروانە و بەردی بناغەی ئەو بزووتنەوەیە بەهێزتر دەکەن، وە هەر لەو ساڵەدا مامۆستا مەلا محەمەدی ڕازی و مامۆستا مەلا کەریمی بێوەی و مامۆستا مەلا ئەحمەد کە بە مەلا سوهەیب ناسرابوو، وە مامۆستا عەبدوڵڵای جۆمڕەسی کۆچ دەکەن و خۆیان دەگەیەننە قافڵەی تێکۆشان و بەرگری لە ئایین و خاک و نیشتمان، پاشان لە ساڵی (١٩٨٦)ی زایینی مامۆستا شێخ عەبدوللەتیفی بەرزنجی (واژەیی) و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای جیهاد و کۆچ دەکەن و دواتر مامۆستا شێخ عەبدوللەتیفی بەرزنجی دەبێتە ڕابەری (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی). (خوا لەکۆچکردووان خۆش ببێت و لە هەمووانی وەرگرتبێت). وە بە فەرمی بۆ یەکەمجار لە مێژووی شۆڕشی کوردیدا بزووتنەوەیەکی ئیسلامی چەکدار ڕا دەگەیەندرێ و دەبێتە چەتری ڕابوونی ئیسلامی کوردستان.

دوای گەیشتنی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و هاوڕێیانی بۆ ئێران، (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی) بە ڕابەرایەتی مامۆستا شێخ عەبدوللەتیفی بەرزنجی "واژەیی" و ئەندامییەتی دەیان مامۆستای پایەبەرزی وەک مامۆستا شێخ محەمەدی بەرزنجی و مامۆستا نەورەسیی و مەلا ئەبوبەکری سدیقی و..هتد.. کە چەند ساڵێک پێش کۆچکردنی مامۆستا مەلا عوسمان و هاوڕێیانی بۆ ئێران ڕاگەیاندرابوو، راستەوخۆ هەردوولا (مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعزیز و هاوڕێیانی و مامۆستا شێخ عبداللتیف واژەیی و هاوڕێیانی) لە شاری سنەی کوردستانی ئێران و لەماڵی مامۆستا شێخ محەممەد بەرزنجی کۆبوونەوە، مامۆستا شێخ محەممەد بەرزنجی دەیفەرموو: بزووتنەوە خۆشەویسترین کوڕمە، چونکە لە ماڵی مندا لەداییکبووە، پاشان هەردوولا بەکۆی دەنگ ڕابەڕایەتی ئەو شۆڕشە ئیسلامییەیان بەخشیە جەنابی شێخ عوسمان عەبدولعزیز.. وتەیەکی بەربلاوی مامۆستا شێخ محەممەد بەرزنجی هەیە "خوا لێی خۆش بێ" کە لەو

کات و سەردەمەدا وتوویەتی: (کە "ئاو" هات و پەیدا بوو، ئیتر تەیەموم بەتاڵ دەبێتەوە) مەبەست پێی هاتنی بەرێز مامۆستا ملا عوسمان بووە بۆ ئێران و تەسلیمکردنی ڕابەرایەتی ئەو شۆڕشە ئیسلامییە چەکداریە بووە بە جەنابی شێخ عوسمان لەلایەن مامۆستایانی بەڕێزی وەك شێخ محەممەد بەرزنجیی و شێخ عەبدوللتەیفی بەرزنجی "واژەیی" و هتد..، پاشان بە کۆی دەنگ و لە بەرواری (١٧ / ١٠ / ١٤٠٧)ی کۆچیی بەرامبەر بە (١٤ / ٦ / ١٩٨٧)ی زایینی (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی)یان گۆڕی بە (بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان/ عێراق). وە مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموودیش یەکێك بوو لە دامەزرێنەران و ئەندامی شووراو پاشان تا وەفاتی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو بزووتنەوەیە بوو. بزووتنەوەی ئیسلامیی بووبویە چەترو مالّی گەورەی موسوڵمانانی کوردستان و لە بلاّوبونەوەو پارێزگاری لە پیرۆزییەکانی ئیسلام و موسوڵمانان جێ دەست و شاهێدی گەورەی بۆ دەدرێ. [1]

*** بۆ بینینی وێنەکانی باسی هەشتەم، بروانە پاشکۆی ژمارە** (٥ و ٦)

(1) سەرچاوەی سەرەکی ئەم باسەم لە کتێبی (**الشيخ أحمد كاكه محمود وجهوده الدعوية**) لە نووسینی مامۆستا جەمال حسێن شەمێرانی وەرگرتووە. وە هەروەها سوودی زۆرم لە بەرێز کاك حەمزە ئەحمەدی بینیوە بۆ ڕاستکردنەوەی بەروارو چۆنیەتی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەو کۆچکردنی زانایان بۆ ئێران.

باسی نۆیەم

هەڵوێستی مامۆستا لەسەر کوردو کێشەی گەلی کورد بە گشتیی

جەنابی مامۆستا ئەحمەد لە ڕوونکردنەوەیەکیدا سەبارەت بە کێشەی گەلی کورد بەم شێوە نووسیویەتی:

لە سۆنگەی ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت بەرنامەو دەستورو شەرعی خوا کاربکا و بروانێتە هەموو پێشهات و مەسەلەکان، قەزیەی کوردیش بەکێشەیەکی ئیسلامیی سەیر دەکەین و پێمان وایە کورد: یەکێ لەو سەدان و هەزاران نەتەوەو گەلانەی دونیایە کەخوا بەرامبەریان دەفەرموێ: (وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عندالله أتقاكم)، کورد نەتەوەیەکە وەك گشت نەتەوەکانی گێتیی و دەبێ هەموو مافێکیان دیاری بکرێت، دەبێ زمان و کالّاو بالّایان پەسەند بێت، نیشتمان و فەرهەنگ و کەلتوریان ددانی پێدا بنرێت.

* ئێمە بەلامانەوە ڕەوا نییە هیچ گەل و نەتەوەیەك بچەوسێنرێتەوەو مافی ڕەوای خۆی لێ زەوت بکرێت چونکە – ئەگەر موسوڵمانیش نەبن – وەکو مرۆڤ ڕێزیان هەیەو دەبێ قەدریان بگیردرێت و بەکەم تەماشا نەکرێن، بۆیە ئێمە دەڵێین: **یان ئەوەتا نابێت هیچ گەل و نەتەوەیەك لە دونیای ئیسلامەتیدا – نیوە دوورگەی عەرەبیی و دراوسێکان – ناویان لەسەر نەخشەی جوگرافیای سیاسیی هەبێ و هەر وڵاتەی بۆخۆی دەوڵەتێك بێت، یان دەبێ کوردیش بۆخۆی دەوڵەتێك بێت، وە یان دەبێ ناوی هەموو لەسەر نەخشە بسرێتەوەو هەموویان وشەی (دەوڵەتی ئیسلامیی) کۆیان بکاتەوە،** بەڵێ لەبنەڕەتدا مرۆڤەکان دەبێ گشت برا بن و پێکەوە برایانە دەوڵەت بەرن بەرێوەو جیاوازی نەبێ لەنێوان هیچ نەتەوەیەکدا، ئیسلامیش وا سەیری ئەم دونیایە دەکات، بەڵام ئیستا کە لەت و پەت بووەو پارچە پارچە کراوەو هەر پارچەش سیاسەتی وڵاتێك دەیبا بەرێوە، یان ئەوەتە دەبێ گشت ببنەوە یەك، یان دەبێ هەموو نەتەوەیەك

ناونیشانی خۆی لەسەر نەخشەی جیهانی هەبێ و لەلایەن زلهێزەکانی دونیاوە ددان بە وجودیدا بنرێت.

* خۆ ئەگەر نەکرێت – لەبەر سیاسەتی دونیای ئەمرۆ – سەربەخۆیی وەرگرێت و دەوڵەتێکی کوردی پێك بهێنرێت، دەکرێ بەشێوەی ویلایات و فیدرالێەت مافی ڕەوای خۆی بدرێتێ و بەیاساو قانونی فیدرالێییەتی گشتیی جیهان بجوڵێتەوە، سنوورو زمان و بەرهەم و دەرامەتی پارێزراوبێت و خەرج بکرێت بۆ پێویستی دانیشتوانی کوردستان و پاشانیش لەرووی شەریعەتی ئیسلامەوە ئەگەر لەپرۆژەکان زیادەی هەبوو وەلێی دەمایەوە، ئەوسا بدرێتەوە بەحکومەتی مەرکەزی، ئەمیش بەشێوەیەکی دادگەرانە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکات و کەسی لێ بێ بەش نەکات، واتە: لەو دەرامەتە بەشی هەموو شارووو گوندەکان بدرێت بەدامەزراندنی هاوڵاتیان، بەچاککردنی جادەو ڕێگاو بان و بەکردنەوەی نەخۆشخانەو قوتابخانەو مزگەوت و هتد بۆیان.. لەگەڵ ئەمانەشدا نابێ پێوەری هاوڵاتی بوون ئینتیمای حیزبیی بێت، بەڵکو تەنیاو تەنیا لەداییکبووی ئەوێ بێ، وەیان بەشێوەی ڕەسمیی لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە ڕێی پێدرابێت لەو نیشتمانەدا بژی .

* ئێمە لەڕووی بەرنامەی دینی ئیسلامەوە دەروانینە مافی هەموو مرۆڤێك لەم سەرگۆی زەوییەدا بەوشکانیی و دەریاییەوە، پێویستە لەسەر بنەماکانی:(كان الناس أمة واحدة..) تەعاملی لەگەڵ بکرێت، واتە: ئەگەر خیلافەتی ئیسلامیی هەبوو خەمی مرۆڤەکانی گشت دونیا بخوات، بەتایبەتی ئەوانەیان لەژێر ڕکێفی ئەودان، ئیتر زمان و فەرهەنگ و نەتەوەیان هەرچی ببێت، لەبەر ئەوە لەسنوری ئەودان لەهەموو پێداویستییەکانی سیاسیی و کۆمەڵاتیی و ئابوریی ژیانیان بەر پرسە لە دونیاو لە قیامەتدا، هەر لەو ڕوویەوە بوو عومەری کوری خەتتاب – کە لەمەرکەزی دەوڵەتی ئیسلامیی ئەوکاتەوە لەمەدینە دەیگوت: کارژەلەیەك پێی هەڵکەوێت لەبەردێك لەدیجلەو فوراتدا عومەر

بەرپرسە، چونکە ئەو چووەتە ژێر پاراستنی باری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و خۆشگوزەرانیی پێکهاتەی ئەو دەوڵەتە، ئیسلام تێی گەیاندبوو لەبن یاسای (کلکم راع وکلکم مسئول عن رعیته..) هەرکەسێك لەناو تەواوی خەڵکانی دەوڵەتەکەیدا برسی بێت، ئەو بەر پرسە، هەربۆیە لەسااڵە نەهاتەکاندا خەلیفەی موسوڵمانان گۆشتی چەوری لەسەر خۆی حەرام کردبوو ، هەربۆیە لەکاتی وشکەساڵیی و گرانیدا یاسای دەستبرینی دزی راگرت .

* ئێمە پێمان وایە دەرامەت و بەرووبومیی وڵات بەپلەی یەکەم حەقی ئەوانەیە دەرامەتەکەی تێدا پەیدا دەبێت، واتە: هەتا هاوڵاتیانی ئەو جێگایە پێویستیان پێی هەبێت، نارەوایە بنێردرێ بۆجێگایەکی تر، (عومەری عبدالعزیزیش) رەحمەتی خوای لێ بێت لەو سەردەمەدا کە زەکاتیان کۆ دەکردەوە لەو ئەفریقایەدا کەبەدەست گرانیەوە بەگیرهاتووە، عومەریان ئاگادار کرد کە : ئەفریقیا هەژارو بێ نەوایەکی ئەوتۆی تێدا نەماوە کەزەکاتی پێ بشێت، ئایا چی لێ بکرێت؟! ئەویش لەرووی فیقهی ئیسلامیەوە فەرمووی: بگەڕێن بزانن کێ قەرزارە، کێ لاوەو ناتوانێ ژن بهێنێت، کێ بەکۆیلە ماوەتەوەو ناتوانێت خۆی ئازاد بکات، بیدەن بەوانە..! لەم سۆنگەیەوە دەرامەت و بەرووبومی کوردستانیش بەنەوتەکەی کەرکوکیشەوە دەبێ بۆ خەڵکی کوردستان و سنووری ئەو خەرج بکرێت، تەنانەت هەتا کوردستان پێویستی بەپرۆژەیەك هەبێت، ڕەوا نییە بدرێت بەحکومەتی مەرکەزیش، چ جای دەوڵەتانی نەیارو زلهێزو داگیرکەران.

تەنانەتی لە دوای ساڵی ١٩٩١ی زایینی بەتایبەتی تر لەدوای ڕاپەڕین ئەو کات مامۆستا ئەحمەد بەرپرسی نوسینگەی سەربازی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، بڕیاری ڕاگرتنی جەنگی لەدژی ڕژێمی بەعس بەشێوەی یەکلایەنە ڕاگەیاند و ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی گەلی موسوڵمانی کوردستاندا بوو، لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو: ئێمە وەك

بزووتنەوەی ئیسلامی هەرچەندە هیچ متمانەیەکمان بەبەڵێنی حیزبی بەعس نیە، بەڵام لەپێناو بەرژەوەندی بالای خەڵکی کوردستاندا یەك لایەنە شەڕ لەدژی ڕژێمی بەعس ڕادەگرین، تا ئەوکاتەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانی لەگفتوگۆکانیاندا لەگەڵ ڕژێم دەگەنە بن بەست.

وە لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی کاتێك دەرگای پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت بۆ گەلی کوردستان کرایەوە، مامۆستا دەیوت: ئێمە هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئازادی گەلی خۆمانە، چۆن بۆ گەلی عەرەب و تورك و فارس ڕەوایە شانازیی بەزمان و کەلتورو حکومەتی خۆیانەوە بکەن، ئێمەش بەهەمان شێوە شانازی بەزمان و کەلتورو حکومەتی سەربەخۆی کوردستانەوە دەکەین، کە لەسەر بنەمای دینداری و خزمەت بەگەل و وڵات دامەزرابێت.

وە هەروەها دەیوت: خاکی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە لە قورئاندا بەپیرۆز ناوی هاتووە، کەواتە ئەم پیرۆزییەش زمان و نەتەوەکەشی دەگرێتەوە، بۆیە دەیوت: هەرکەسێك جیاوازی بکات لە نێوان نەتەوایەتی و ئیسلامدا، ئەوە لەسروشتی ئیسلام حاڵی نەبووە.

هەر لە بارەی مافی نەتەوەی کوردەوە لۆمەی دەسەڵاتدارانی بەناو جیهانی ئیسلامی دەکردو بەتایبەت عەرەبەکان و دەیوت: زۆر جێگای نەنگییە بۆ کاربەدەستانی عەرەب، کە دووەمین نەتەوەی ئیسلامی (کورد) دەستدرێژی بکرێتە سەرو قەتڵ و عام بکرێت و لەسەر مالّ و سامانی خۆی بکوژرێت و ئەوانیش بێدەنگی لێبکەن، لەبری ئەوەی ئەوان بێنە وەڵام و دەستی کورد بگرن و مافە نەتەوەییەکانی خۆی پێ ببەخشن، کەچی حکومەتانی ئەهلی کوفر دێن و داوای ئەو مافانە بۆ میللەتی کورد دەکەن.!

باسی دەیەم

بەشداری کردنی مامۆستا

لە کۆنگرەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان

جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود لە ماوەی کاری بانگخوازیی و کۆچکردنیی و پاشان راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەگەڵ جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزی مامۆستای، توانیویانە لە ناوخۆی عێراق و کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش بەشداری بکەن لە دەیان کۆنفرانس و کۆنگرە نێو دەوڵەتییەکان.. بەشێك لەو دیدارو بەشداریانەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود:

١-بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە تارانی پایتەختی ئێران، لەسەر یەکگرتن و یەکدەستی وڵاتانی ئیسلامی، لە ساڵی ١٩٨٧ ز.. کە شاندی بزووتنەوە بەسەرۆکایەتی جەنابی مامۆستا ملا عوسمان عبدالعزیز بەشدار بوون.. رەحمەتی خوا لە هەموویان بێ.

٢- بەشداریکردنی لە کۆنگرەیەك لە وڵاتی لیبیا سەبارەت بە کەسایەتی (محەممەد پێغەمبەر "صلى الله عليه وسلم") لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ ز.، چاوپێکەوتنیتان لەگەڵ (موعەمەر قەزافی) سەرۆکی ئەوکاتی وڵاتی لیبیا.

٣- سەردانیکردنی وڵاتی سووریاو کۆبونەوەو دیدار لەگەڵ بەڕێز شێخ کفتارۆ موفتی سوریاو سەردانیکردنی زانکۆی ئەبی نوور، وە هەروەها دیدار لەگەڵ نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و لایەنە ئیسلامیەکانی وڵاتان وەك: بزووتنەوەی ئیسلامیی حەماس لە سووریاو چەندین دیاری تر.

٤- بەشداریکردنی لە کۆنگرەی جیهانی بۆ ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٦ ز، کە لەلایەن پرۆفیسۆر نجم الدین ئەربەکان (بەرەحمەت بێ) ئەو کۆنگرەیە ساز کرابوو، شایانی باسە ئەو کۆنگرەیە بەهۆی رزگارکردنی شاری ئیستەنبولەوەو لە شاری

ئیستەنبول بە نوێنەرایەتی (٥٢) دەوڵەت ساز کرابوو.. وە جەنابی شێخ عوسمان عبدالعزیز بە نوێنەری کوردستان وتاری خوێندەوە.. وە یەکەم لایەنی ئیسلامیی بوون کە بە جلوبەرگی کوردییەوە رۆشتنە ناو پەرلەمانی تورکیاوەو لەوێش بە گەرمی پێشوازی کران.

٥- بەشداریکردنیان لە کۆنگرەی ئیسلامیی لە ولاتی سعودیە کە لە ساڵی ١٩٩٤ ز، ساز کرابوو..

ئەمەو بێجگە لەوەی کە جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود "بەرەحمەت بێ" لە دەیان کۆنگرەی ناوخۆیی کوردستان بەشداریان کردوەو وتاری پێشکەشکردووە.

*** بۆ بینینی وێنەکانی باسی دەیەم، بروانە پاشکۆی ژمارە** (٧)

باسی یازدەیەم

پۆست و کارەکانی مامۆستا لە ناو بزووتنەوەدا

مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود لەبەر ئەوەی کە کەسێکی شارەزاو لێهاتوو بوو، وە خاوەنی مێژوویەکی دێرینیش بوو لە کاری ئیسلامیدا ، لەناو بازنەی کاری بزووتنەوایەتیشدا چەندین پۆستی گرنکی بەسەردا دراوە، گرنگترینیان:

- ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بووە تا رۆژی وەفاتی.
- بەرپرسیارێتی میحوەری هەورامان، کە بە گەورەترین هێزی چەکداری ناوچەی هەورامان ناسرابوو بەناوی هێزی (صلاح الدین)، پێش راپەرین.
- بەرپرسیارێتی مەکتەبی سەربازیی. دوای راپەرین.
- بەرپرسیارێتی مەکتەبی دارایی.
- بەرپرسیارێتی مەکتەبی راگەیاندن. بە هەموو بەشەکانیەوە (رۆژنامە – گۆڤار– رادیۆ – تەلەفزیۆن).
- بەرپرسیارێتی مەکتەبی بانگەوازو فەتوا.
- بەرپرسیارێتی مەکتەبی رێکخستن.
- بەرپرسیارێتی دادگای باڵای شەرعی.
- خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامیی. رۆژنامەیەکی هەفتانەی زمانحاڵی فەرمی بزووتنەوەی ئیسلامیی بوو.
- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری جەماوەر. گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتیی مانگانە مەکتەبی راگەیاندنی بزووتنەوە دەریدەکرد.
- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری منارە. گۆڤارێکی مانگانەی زانستی شەرعی بوو مانگانە مەکتەبی بانگەوازو رێنمایی و فەتوا دەریدەکرد.

باسی دوانزەیەم

خەمخۆری مامۆستا بۆ یەکڕیزیی و یەکهێزی موسوڵمانان

گەورەترین خەمی مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود یەکریزیی و تەبایی نێوان موسوڵمانان بوو، بۆیە هەمیشەو هەردەم لە وتارەکانیی و لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەت و گشتیەکانداو لە نووسینەکانی لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا تیشکی دەخستە سەر ئەو تەوەرەیەو هەردەم وەك رابەری مەزن شێخ عوسمان عبدالعزیز دەیگوت: دەخیل کوڕگەل وەحدەتی صەف بپارێزن.! من خۆم باش لە بیرمە بۆ زۆربەی کێشەو گرفتە نێوخۆییەکانی ناو بزووتنەوەکەی، جەنابیان یەکەم کەسی گفتوگۆکار بوون بۆ چارەسەری کێشەکان و هەمیشە لە نێوەندکاری نێوان باڵەکانی ناو بزووتنەوەدا بوو، وە دەوری ئیصلاحگەری دەنەخشاندو لایەن و باڵەکانی لە یەکتر نزیك دەکردەوە، پاشان لە لیژنەی هەماهەنگی نێوان لایەن ئیسلامییەکانیش جەنابیان سەرۆکی وەفدی بزووتنەوە دەبوون و بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ و هیممەتی زۆری نیشانداو جێ دەست و هیممەتە بەرزەکانی و وتەکانی بۆ ئەو بواره بە ڕوونی دیار بوو..

پاشان لە نزیکبوونەوەو یەکگرتنی بزووتنەوەی راپەرین و بزووتنەوەی ئیسلامیدا لەوێش جەنابیان پشکی گەورەیان بەرکەوت و خودا شاهیدی حاڵە من خۆم ئاگادارم لەو سەرو بەندی یەکگرتنەوەدا لە خۆشترین و ئاسوودەترین ساتەکانی تەمەنیی و ژیانیدا بوو، وە ئەوەندە بە پەلە بوو بۆ ئەو یەکگرتن و یەکڕیزییە، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیحراج کردبوو..! بەڵام سوپاس بۆ خودا بەرهەمەکەی بە ئامانج گەشت و بە چاوی خۆی یەکریزیی و تەبایی دوو کۆمەڵەی ئیسلامیی بینی و ماوەی سااڵێك زیاتر لە ژێر یەك چەتردا کاریان پێکەوە ئەنجامداو تا ئەندازەیەکیش کاری ئەو ساڵە بە بەرەکەت بوو..

پێش کارەساتی تەقینەوەی بزووتنەوە و پارچە پارچە بوونی، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ و تەقەلای زۆریدا و چەندینجار کۆبوونەوەو سەردان و بینینی لەگەڵ کەسایەتیەکانی نێو باڵە گرفتدارەکاندا ئەنجامداو چەندین بەڵێنی لە هەردوولا وەرگرت و دەیفەرموو: ورەقەی

سپی بە هەردوولا ئیمزا دەکەم بەو مەرجەی بزووتنەوە لەت لەت و پرژو بلاوەی پێ نەکرێ، هەر ئەو شەوەی کە بەیانیەکەی ئیعلانی کۆمەڵی ئیسلامیی تێدا کرا، عەسرەکەی وەفدێکی گەورەی ئێستای کۆمەڵ لە مالّی مامۆستا ئەحمەد دەبن و مامۆستا ئەحمەد بەڵێنی لێ وەرگرتبوون کە هەر چییەك ئەوان دەیڵێن و دەیانەوێ بۆیان ئیمزا بکات، بەو مەرجەی هیچ شتێکی نەخوازراو ڕوو نەدات، بەڵام بەداخەوە لە هەمان ڕۆژوو شەوەکەی لافیتەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵ لە شارو شارۆچکەکاندا بلاوکرایەوە، وە گەورەترین خەم و خەفەتی بۆ مامۆستا ئەحمەد دروستکردو تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی فەرموو، هەر بە ئاە و نزولەی جیابوونەوەو لەتبوونی بزووتنەوەوە دەینالاند..! وە هەمووجار مامۆستا ئەحمەد دەیفەرموو: حەزمدەکرد کوڕەکانم بمردایەن بەس بزووتنەوە وای لێ نەهاتایە.!!. ئەڵبەتە گێرانەوەی ئەم ڕووداوانە بۆ دروستکردنی فیتنەو ڕك و کینە نیە، بەڵکو ئەمە مێژووەو دەنووسرێتەوەو نووسراویشەتەوە، وە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرچی خەتاو ڕوودواوە نەخوازراوەکان هەیە بدرێتە پاڵ قیادەی کۆمەڵ و قیادەی بزووتنەوەش لێی بێ بەش بن.، نەخێر هەرگیز.!! زۆرکەس هەیە لەو لەتبوونەی بزووتنەوەدا لە قیادەی بزووتنەوەو کۆمەڵ پشکی شێری هەیەو خوای گەورە خۆی حەق و مافی ئەو خەڵکانە وەربگرێتەوە کە بەهۆی ئەو لەتبوونەوە سالّەهای سالّ باجیان داو لەکونجی زیندان و مالّەکانیاندا بە ئاە و نزوولەی بی عیززەتی و بێ وەفایی نێو مالّی ئیسلامیەکان سەریان نایەوە.!

جەنابی مامۆستا لە کۆتایی تەمەنیداو لە دوای مالّجییایی کۆمەڵی ئیسلامییش هەر نەوەستاو لە هەوڵ و تەقەلای هێنانەوەی ئەو براو گەنجانەدا بوو کە بەو هۆیەوە چووبونەوە مالّەوەو بێتاقەت و بێزار بوو بوون، تەقەی زۆریدا لە دەرگای مالّی برایانیی و کۆبونەوەو سەردانیکردنی مالانی دەست پێکردبوویەوە، بەڵام ئەفسوس ئەویش بێ بەرهەم بوو.! جەنابی مامۆستا ئەحمەد دەیفەرموو: ئەو چەترەی بزوتنەوە بپارێزن و کونی تێ مەکەن و لەت لەتی مەکەن، سوێند بەخوا ئامادەم بەبێ هیچ پۆستێ لە ژێر ئەو چەترەدا دا بنیشم بەو مەرجەی کەرامەت و دینمان پارێزراو بێ..! وە چەند

جارێکیش لەلایەن ئەمیری کۆمەڵ و وەفدەکانی کۆمەڵەوە پێشنیاری رابەرایەتی و ئەمیرایەتی دەدرایە مامۆستا ئەحمەد، بەڵام مامۆستا دەیفەرموو: ئەو بەیعەت و بەڵێنەی کە بە مامۆستا مەلا عوسمان داومە نایشکێنم و تا مردن لەسەری دەمێنمەوە، هەرچەند لە کاری سیاسیی و رێکخراوەیی بزووتنەوەش بێتاقەت و بێزار بوو، وە خۆی سەرقاڵی نووسین و خوێندنەوە کردبوو تا رۆژی وەفاتی.. دواتریش بینیمان هەموو لایەك باجی ئەو ماڵجییەیەمان داو زیندانی تاڵ و تاریکی داگیرکەرانمان بینیی و بە دەیان و سەدان گەنجی پەروەردە کراوی راسااڵ و دامەزراو کەوتنە بەر هێرشی دروندانەی ئەمریکا لە هەورامان و ئەوەی سوکایەتی بوو بە ئەهلی ئیسلام کرا..! دواجاریش جەنابی مامۆستا ئەحمەد "بەرەحمەت بێ" بەو خەمە گەورەیەوە کە خەمی یەکریزیی و یەکهێزی موسوڵمانان بوو بۆ دواجار سەری نایەوەو بە دڵشکاوی بەجێی هێشتین.. خوای گەورە لەم دونیاو لەو دونیاش لەسەر یەك سفرە کۆمان بکاتەوە..

باسی سیانزەیەم

شێوە و کاتی وەفاتکردنی مامۆستا

بەرەبەیانی رۆژی پێنجشەم بوو، بەرواری (٥ ی موحەڕەمی ١٤٢٩ کۆچی بەرامبەر ٢٠٠٧/١/٢٥) زایینی، لە وەرزی زستاندا بووین، کاتژمێر دوای ٦ شەشی سەر لەبەریانی بوو، زەنگی تەلەفۆن لێیداو یەکێك لە خوشکەکانم پێی راگەیاندم و وتی: وا بزانم بابە مردووە، لە وەلآمدا وتم: وا مەڵێ، یەعنی چی؟ خۆ بابە نەخۆش نەبووە، چۆن مردووە؟ دواتر دایکم هاتە سەرخەت و وتی عیرفان گیان باوکتان وەفاتی کردو گەڕایەوە بۆلای خوا ! ! ئیتر مەگەر رب العالمین خۆی بزانێ کە لەو کاتەدا چ وەزعێکمان بەسەردا هاتوو و چ موسیبەتێکی گەورەو گران بوو، خوای گەورەو میهرەبان ئاگاداڕە هیچ کات ئابەو شێوە توشی شۆك و بێتاقەتی نەبووین و نابین، چونکە هەموجار دەیڵێم و دووپاتی دەکەمەوە کە گریان و شیوەنی ئێمە بۆ باوکمان دوو جۆر بووە: یەکێکیان وەك سۆزی کوڕو باوکایەتیی و ئەوی دیکەشیان وەك ئەوەی کە نەوعییەتی ئەحمەد کاکە مەحموود لە کوردستان و بەتایبەت لە ناوچەکەدا دووبارە نابێتەوە، چونکە مەلای مێزەر بەسەرو خاوەن جبە، ئا بەو جۆرە هزرو دیدو فیکرە جیهادییەو عەقیدە پاکییەوە مەحاڵە دووبارە ببێتەوە، کە ئەمەش بۆ ئیسلام و موسڵمانان خەم و کەلێنێکی گەورەو گرانتربوو! ! المهم: مامۆستا پێش هەفتەیەك لە وەفاتی هاواری پشت و نێوشانی دەکردو دەیفەرموو: شەوانە نێو شانم زۆر دیشێ و ئازارم هەیە، لەو هەفتەیەدا قەدەر وابوو کە ئێمەش لە سلێمانییەوە گەڕابووینەوە هەڵەبجەو لەخزمەتیدا بووین، هەر چەند مامۆستا بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنی لەگەڵدابوو، بەڵآم ئابەو شێوەیەش نەبوو کە ئیحراج و بێتاقەتی کردبێت، وا دیار بوو کە لەو هەفتەدا سووکە جەڵدە لێی دابێت و تووشی ئەو ئازارەی کردبێت، وە زۆریش داوامان لێکرد کە بابچین بۆ سلێمانی و سەردانی دکتۆر بکەین، بەڵآم بە گوێی نەکردین، ئیتر رۆژانە سەردان و تەعزییەی ناوشاری هەڵەبجەمان دەکردو زۆریش خۆشحاڵ و سەرحاڵ بوو، تا تقریبا دوو رۆژ پێش

وەفاتی سەر لەبەیانییەك دوای نوێژی بەیانی زۆر بەخێرایی هاواری کردو وتی نێو شانم زۆر ئازاری هەیەو فریام بکەون، هەموو هاتین بەدەمیەوەو پشتمان بۆ شێلاو عارەقێکی زۆر زۆری دەرکردو ئیتر باشتر بوویەوە، لەو کاتانەدا سەری ساڵی کۆچیش بوو وتارێکی باشی ئامادە کردبوو بۆ رۆژی هەینی وەك خۆی دەیفەرموو، بەڵام پێم وت بابەگیان نەوەك ئەو ئێشە لێت بداتەوەو نەیەڵێ وتارەکەت تەواو بکەیت، قەیناکا وتارەکەت هەڵبگرە بۆ جومعەی داهاتوو، ئیتر قەدەر وابوو ئەو جومعەیە نەکات و زوو زووش دەیدایەوە بە گوێمداو دەیفەرموو نەتهێشت وتارەکەی جومعە بدەم باسێکی باشم ئامادە کردبوو سەبارەت بە سەری ساڵی کۆچی..!! دواتر رۆژی سێشەم واتە دوو رۆژ پێش وەفاتی، ئیمەیلێکمان بۆ هاتبوو لە تارانەوە سەبارەت بە هەندێ هەڵەی ناو تەفسیرەکەی، ئیتر سەرقاڵی رێکخستنی ئەو هەڵانە بووین و هەمووی راستکردەوەو فەرمووی ئەمانەم بەزووییی بۆ ئیمەیڵ بکەرەوە بۆ تاران، سبحان الله وەکو ئەوەی کە ئیتر مامۆستا بەتەواوی ئیشی تەفسیرەکەی تەواو بووبێت و ئیتر شتێك نەمابێت کە جەنابی بۆی زیاد بکات، ئەمەش یەکێك لەو رووداوە سەر سوڕهێنەرانەی کە دوو رۆژ پێش وەفاتی رووید‌ا، هەر لە هەفتەی (مرض الموت)ی مامۆستادا بووین، شەوێکیان مامۆستای باوکم تەلەفۆنی کرد بۆ جەنابی مامۆستا مەلا عەلی کە جەنابیان لەشاری سنە بوون و ئەویش نەخۆشبوو بەنیازی سەفەری سعودیە بوو بەمەبەستی نەشتەرگەری، ئیتر باوکی رەحمەتیمان قسەو گفتوگۆی زۆر لەگەڵ مامۆستا مەلا عەلی کردو زۆر دڵخۆشی مامۆستای دایەوە، چونکە مامۆستا مەلا عەلی بە باوکمی فەرموو بوو: مەلا ئەحمەد دەچم بۆ سعودیەو بۆ مردن دەچم، گەردنمان ئازاد بکەن، ئیتر باوکی رەحمەتیمان زۆر زۆر دڵگران و بێتاقەت دەبێ بە قسەکەی مامۆستا مەلا عەلیی و لەبەرامبەریشدا مامۆستا مەلا ئەحمەد زۆر باسی مێژوو و شەهامەت و جوامێری خۆیی بۆ دەکات، دیاربوو مامۆستا مەلا ئەحمەدیش زۆر دڵگران بوو بوو بە وتەکانی مامۆستا مەلا عەلیی و دواتریش هەر بۆ ئیمەی دەگێرایەوەو لە دڵی دەر نەدەچوو، ئەوەبوو قەدەر وای دانابوو کە دەبێ مامۆستا مەلا ئەحمەد پێش مامۆستا مەلا عەلی وەفات بکات، خوای گەورە لە

هەردووکیان خۆش ببێت، هەر لەو هەفتەی نەخۆشییەی مامۆستای باوکماندا بووین سەردانی مالێکمان کرد لەگەرەکی گولان بە مەبەستی سەرەخۆشیی و تەعزیە، سبحان الله مامۆستا مەلا ئەحمەد باسی نیعمەتی مردنی بۆ ئامادە بووان دەکردو زۆر بە شێوەیەکی سەرنج راکێش ئەو باسەی بۆ ئامادە بووان کرد، یەکێکی تر لەو رووداوە سەرنج راکێشانەی کە لەهەفتەی وەفاتی مامۆستادا رووبدا ئەوەبوو کە من لەخزمەتیدا بووم بەرەو گەرەکی گولان لە هەڵەبجەی شەهیدو لەناو سەیارەکەدا کەوتینە گفتوو گۆو باسی نەخۆشییەکەی، کە تا ئەندازەیەك مامۆستای قەلەق کردبوو، رووم تێکردو وتم بابەگیان هیچ نییە ئەوەندە گوێی مەدەرێ لەوە دەچێ تۆزێ ترسا بیت؟!! لە وەلامدا مامۆستا مەلا ئەحمەد فەرمووی: جا رۆڵەگیان لە چی بترسم الحمدلله خۆم بە پاك دەزانم و هیچ ترسێکم نیە چونکە نە عەمالەتم بۆ پارتیی و یەکێتی کردووە نە بۆ ئێران و نەبۆ هیچ لایەن و کەسێکی تر، ئیتر لەبەرچی دەبێ بترسم؟!! وە زۆریش ئەم دۆعاو وتەیەی دووبارە دەکردەوەو دەیفەرموو: خوای گەورە عاقیبەت خێرمان بکات ئێمەش وەك هەندێ مەلاو کەسایەتیی تووشی تاقیکردنەوە نەبین و دوایی دەرنەچین.؟! وە چەند رۆژێ پێش وەفاتی سەردانی گلکۆی مامۆستا مەلا عوسمانی مامۆستاو خەمخۆری کردبوو و لەوێ دۆعای خێری بۆ کردبوو، وە چاوی پڕ لە فرمێسك بو بوو، کات هات و کاتەکان رۆشتن و رۆژ رۆژی پێنجشەم دەبێ و مامۆستای رەحمەتی کە هەڵدەستێ بۆ نوێژی بەیانی والله أعلم ئەو ئێشە لێی دەداتەوەو ئیتر دوای نوێژ نەخەوتبوویەوەو هەندێك خۆی مەشغوڵکردبوو بە نووسین و جارێ بە کۆمپیوتەرەکەیەوەو هەر ئاوا تا کات دەگاتە نزیکەی ٦ شەشی سەر لەبەیانی، ئیتر ئێشەکە دەداتەوە لە نێوشانیی و بانگ دەکات لە خێزانیی و هەر ئەوەندە فریا دەکەوێ و زۆرێك ئەم دۆعایە بەچەند چرکەیەك پێش وەفاتی دووبارە دەکاتەوەو دەفەرموێ: یا شافی یا شافی یاشافی و لەسەر بەرمالەکەیی و لەبەردەم مالڵ و منالەکەیدا گیانی بە پەروەردگاری خۆی دەبەخشێتەوەو گەورەترین و ناخۆشترین هەواڵی وەفاتیمان دەداتێ و تا ئەبەد لەبیر ناچێتەوە.. پاشان لە هەمان رۆژو لە مەراسیمێکی جەماوەری بەرچاودا لە گۆرستانی

گولاّن لە تەنیشت مامۆستایانی رابـوونی ئیسـلامیی و رابـەرە خۆشەویسـتەکەی جـەنابی شێخ عوسمان بە خاك دەسپێردرێ.. خوایەگیان مامۆستای باوکمان لەگـەلّ پێغەمبـەران و راستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکاندا حەشربکەو هاوەلّی ئەوان بێت.. ئامین.

* بۆ بینینی وێنەکانی باسی سیانزەهەم، بروانە پاشکۆی ژمارە (٨)

باسی چواردەیەم

پرسەی مامۆستا

بەڵێ لە ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ / ١ / ٢٠٠٧ی زایینی لە شاری هەڵەبجەی شەهیدو لە مزگەوتی (عوسمانی کوڕی عەفان) ناسراو بە مزگەوتی شەهیدان لەلایەن بنەماڵەو خزمان و سەرجەم عەشیرەتە بەریزەکانی هەورامانەوە و هەروەها بزووتنەوەی ئیسلامییەوە کۆڕی ماتەمینی بۆ جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود گێڕدراو لە ئاپۆرایەکی جەماوەری زۆر بێ وێنەدا ڕێز لە ماندووبوون و هەوڵەکانی مامۆستا ئەحمەد گیرا..

لەو دوو ڕۆژەدا کە پرسە بۆ جەنابی مامۆستا ئەحمەد گیرا سەرجەم توێژەکان (کەسایەتی و زانایان و لایەنە سیاسییەکان) لە هەموو کوردستانەوە هاتنە شاری هەڵەبجەی شەهیدو ماندووبونی مامۆستا ئەحمەد یان بەرز ڕاگرت، هەموو لایەنەکان وتەی ماتەمینیان پێشکەشکردو زۆرینەی زانایان و دکتۆرو دۆستانی مامۆستا هەر یەکەو بەجۆرێك سۆزو خۆشەویستی خۆیان بۆ مامۆستا دەردەبڕی.

پاشان لەبەر دووری ڕێگاو قەرەباڵغی پرسەکەی مامۆستا ئەحمەد ڕۆژێکیش پرسە برایە مزگەوتی (ڕەشاد موفتی) لە شاری هەولێرو لەوێش لەلایەن موسوڵمانانی ئەو شارەوە و سەرجەم بەرپرسان و کەسایەتیی و زانایانەوە پرسەی مامۆستا بەرز ڕاگیرا.

هەروەها لە کوردستانی ئێرانیشەوە لە شارەکانی پاوەو جوانڕۆو کرماشان و سنەو مەریوانەوە سەرجەم زانایان و کەسایەتیی و لایەنی حکومەتیشەوە هاتنە شاری هەڵەبجەو سەردانی گڵکۆی پێشەوایانی ڕابوونی ئیسلامییان بەگشتیی و مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود بەتایبەتی کرد. خوا پاداشتی خێری هەموولایەك بداتەوە و ماندووبوون و زەحمەتی هەموولایەك بخاتە ترازووی چاکەکانەوە.

*** بۆ بینینی وێنەکانی باسی چواردەهەم، بروانە پاشکۆی ژمارە (٨)**

باسی پانزەیەم

سۆزی ئازیزان بۆ مامۆستا

- **سۆزێک بۆ زانای کۆچکردوو مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود**

" باوکی ئەسما "

لەتەمەنێکدا پێت گەشتم

کەسەرەتای لاوێتیم بوو

ئەوکاتەی کە لێت نزیك بووم

نەم دەناسیت وەکوو ئێستام

جارێك بینیمیت لەخورمالێ

پرسیارم کرد ئەمە کێیە؟

لەوەڵامدا پێیان ووتم

بۆ ناینناسیت؟

چۆن ناینناسیت!

ئەوە مامۆستا ئەحمەدەو

خەڵکی گوندی یالانپێ یە

مامۆستایەکی ڕاستگۆیەو

خۆشەویستی شارو دێ یە

بەڵام ئەوکات من مندالێ بووم

سەرەتای لاوێتیم بوو

نەم دەفامی و

نەم دەناسین وەکو ئێستام!

کەچەند جێگاتان دیارە

لەم زەمەنی غوربەتەدا!

تاخوا کردی ڕۆژێك هاتی

بۆ لای ئێمە بە میوانی

ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی بوو

وتاریشت خۆشەویستی و

یەکڕیزی بوو

تا کۆتایی تە مەنیشت

بە بێ ووچان خزمەتت کرد

ڕامانت بۆ بە جێ هێڵاین!

لە دوای وەفاتی بەڕێزتان

چاومان گەش بوو

بەتەفسیری بەڕێزتان

خۆشحاڵت کردین بەڕامان!!

سەفەری تۆ

غەم و پەژارەی زیاد کردین

چونکە ئێستا منی دەم ڕووت

لە جیاتی تۆ قسە دەکەم

دەزانی بۆ؟

موسوڵمانان هەتیو کەوتوون

کەس غەم ناخوا بۆ ئاینی

هەموو هەوڵە دا بۆ ژینی

نەك بۆ دینی!!

دەگمەن بووە زانای ڕاستگۆ

بەڕاستی بکات گفتو گۆ

لەم زەمانی عەولەمەیە

ئەزمەی پاکی عەمامەیە

مامۆستا گیان وا سێ ساڵە تەفسیرەکەت

بۆتە چرای ڕۆشنایی ڕێم

لەگەڵ نوسینی بابەتم

ڕامانیش وا لەبەردەستم!!

سەفەرتان خێر

هاتنتان خێر بوو بۆ ئێمەو

تاریکیتان ڕۆشن دەکرد

سەفەریشتان بووە مایەی

دڵتەنگی و ناڕەحەتیمان ! !

خواتان لەگەڵ مامۆستا گییان

چاوەڕێ بن

ئێمەش وا دێین

بۆنێو مااڵی کۆتاییمان

گەر خوا حەزکات

بەیەک دەگەین لەخزمەتی

پێغەمبەران و پیاو چاکان و

ڕاستگۆیان و شەهیداندا

❁ ❁ ❁

- **مەرگی نمازی..**

" سەردار حەمەلاو باکی "

شووڕای عاشووڕا دیسان بەزمش بەست

موحەڕەم ئاما (ئەحمەد) شی وەدەســت

فەڵەک پەی بەختم عاشووڕای ئــیمسالْ

ئینا هەڵەبجەو هەورامان – خــورمـــالْ

هەڵەبجە سیاپۆش ، هەورامان ماتـەم
پەی کۆچی نـاوەخت شافعـی ســـەردەم
مبارەکت بۆ مەرگـــــــــی نمـــــازی
یەقین خوداوەند لـــــــــێت مەبۆ رازی
عەلامەی عیلم زانای شـــــــــەرعپـەروەر
نوسەری ئـــــازای نیشتمـــــــــانپـەروەر
مامۆسای مزگی و تەوەن نماو بەرمـــاڵ
دۆسی قەڵەم و کتێبخانـەی خـــــــــاڵ
یاوای وە دیدار یـــــــــارانی گـــــوڵان
چەمەڕای راتـەن مامۆسا عوسمـــــــان
بیەی بە هامـسای جەمعی عارفـــــان
سەی نجم الـــــدین و زانای پـــاڕەزان
(ســـــەربەستی ئیسلام) گـــلاراوشـــەن
(خواپەرستی) نۆبەی ئـــــــــــاو شەن
جە ڕای دینداری ڕیشت چەرمە کـــــەرد
پەی سەحوەو حوجرەو فەقـێو پـەڕەی زەرد
سڵام و ئێمە گـــــەنجـــــی رۆشنبیـر
بیاونە حزور مامۆسای تـــــــەفـــسیر
سەفەرت بە خەیر مامۆسا کـــــــاکە
غەم لە کۆڵەکەی ئەم دینە پـــــــاکە
بار گەت پێتەوە جە دنیای فـــــــانی
ڕووت نیـــــا وە ڕووی ڕەحمی ڕەحـمانی

- **لە یادی شابالّەکەی صەحوەدا..**

" هیوا زەڵمی "

لە مەکتەبەی مالّی

هەر موسڵمانێ بپرسی

بپرسی بۆ

بۆ بەرهەمی پڕ حیکمەتی

خامەکەی تۆ

بە پەنجەی دەستی شایەتی

هێما دەکات دەڵێ فەرمو

ئەوە ئاشتی لە ئیسلامدا

ئەوە کوردی کراوەی قورئان

لە چیای بەرزی نیشتمان

بۆ بێگەردی سپیەتی بەفر بپرسی

زوو پێتدەڵێ

ماندوو دەبی نایبێ وجود

سپی و بێ گەرد

وەك مێزەرەکەم وێنەکەی

مامۆستا مەلا ئەحمەدی کاکە مەحمود

وەرن لاوەکانی ئیسلام

لەناو ئەلبومی سەدەی نوێ و

لە کاروانی شۆڕشی نوێ و

لە مەیدانی بەرەنگاری و

لە هەگبەی مێژوونوساندا

لە ساواتانی سەرداری

وورد بگەڕێن

چاوێ لە چاوی باز دەچو

بۆ دوور بینی

زمان شیرین لێو بە بزە و خەندە نەرمێ

گەردە ت بینی

نەرم ڕەوو ماندوو نەناس

پشودرێژ

ڕیشێکی پڕ لە ئامۆژگاری و

دائیم تەڕ بە ئاو دەست نوێژ

باڵایەکی بەرز و جوان

عومەر ئاسا

وەك مامۆستا مەلا عوسمان

بە بێ عاسا .....بە عیزەت و خۆڕاگر بوو

لەسەر دڵی ناحەزانی

دینەکەی خوا ... کڵۆیەك پشکۆی ئاگر بوو

لە مەجلیسی یارانیدا

چرای ویقارو شەرم بوو ...لە مەیداندا

هەرگیز چۆکی دانەداوە

لە هەڵمەتا دلێرانە

ئەتوت سەعدی ئەبی وەقاس بێ دوو دڵی

ئەوە شابالّەکەی سەحوە ... مامۆستا

مەلا ئەحمەدی کاکە مەحمودە بیناسە.

❁ ❁ ❁

- **چاوساغی نیشتمانەکەم**

" سەربەست گەرمیانی "

ئەی مامۆستا

بۆ ڕێنموونیمان وەستا

ئەی ئەو کەسەی

کە پەروەردەی

لاو و کۆرپەی

موسڵمان وا لەسەر دەستا

ئەی ئەو کەسەی

بەتەگەرەی

زۆر دارەکان ڕانەوەستا

ئەی مامۆستا

چاو ساغی نیشتیمانەکەم

کاتێ شاڵاوی بیری گەن

ویستی بە تەرزی وشکی خۆی

دەوری چرۆکانمان بدەن

بە ئاگابووی

کاتێ بێبارەکانی گەل

کوچەو بازاڕ،

تا مزگەوتیش گەڕان بۆ هەل

پەناگا بووی

ئەی مامۆستا

ئەی تیشکی ڕۆژ

کێ بتوانێ بەفوی دەمی

دایمرکێنێ کلپەی بە جۆش

چ هەورێکی تەواو تاریك

ڕووناکی تۆ بکا خامۆش

چ ئاسمانێ، جگە لە ئاسمانی قورئان

بتوانێ تۆ بگرێتە کۆش.

- سەفەری قەڵەمێک

" مامۆستا تەها تاهیر زەڵمی "

سوننەتی ژیان وەهایە ئەوەی هات دەبێت بروات و دنیا کاروان سەرایەو تەنها لادانێکی کەم و کاتیمان پێدەبڕێت.. تەمەن کورت و ژیان کەم و چەشنی سێبەر زوو تێپەڕە.. لەگەڵ بەیاندا چاومان دەبرینە ئاسۆو، لەگەڵ زەردەپەری ئێوارەدا ئاودیوی ناوخانەولانەکانمان دەبینەوە.. بەرە بەیانی منالّ هات..! چێشتنگاوی هەرزەکاریمان بینیی و لە نیوەڕۆی لاوی راماین..! لەم چیرۆکە هەر نەگەیشتین..! عەسری تەمەن هاتە پێش، مەغریبی پیری بوویە میوان.. ئێوارەی ژین چادری یەکجاری هەڵدا چ سحرێکە ئەم داستانە..؟ کوێرا بەهاری منالّی بوویە هاوینی جەوانیی و ، بۆچ واخێرا پاییزی پیری یەخەی گرتین.. ئەم بەفرە ناوەختەی زستان چیبوو بە خێرایی لە سەرو ریشمان باری ..؟

دوێنێ لەم بناری هەوارامانە قەڵەمێك لە دایکبوو! هەر بەمنالّی هاتە گۆ! لە جوانیدا کەوتە نوسین.. پیریی و هەژاریی و بێ نازی نەدەناسی.. شەوو رۆژ لای ئەو یەکسان بوو هەردەم ئامادەی ناو کۆڕی عیلم و ئەدەب و عیرفان بوو.. سەحەر خێزبوو .. لە گەڵ سەبای سالّحان و، لەگەڵ گزنگە بەیانا لە ژوان و وتووێژبوو..لە خزمەت تەفسیرکردنی قورئاندا، ماندوونەناس تابلّێی نەفەس درێژبوو.. بەڵام ئەفسوس! ئەمڕۆ مالّئاوایی لە قەڵەم و لە کتێب و لە تەفسیرو لە نوسین کرد، بە یەکجاریش خواحافیزی لە هەمووان کرد بە زمانی حالّ پێی وتین:

رەفیقان من ئەوا رۆۆییم لە لاتان

لە مەزلّومان بەلّا چۆن بێ ولاّتان

سەفەرمان چونکە رێی هاتو نەهاتە

دۆعامان بۆبکەن، ئێوەو خوداتان

مامۆستاگیان:

ئاسودەبە شوکر وەجاغت رۆشنە.. بەلّێن دەدەم هەروەکو خۆت خەمخۆری حوجرەو مزگەوت بین، وەفاداری قەڵەم و نوسینەکەت بین، نازی مێزەرو کتێب و میحرابەکەت بە دیدەو دلّ بپارێزین..

مامۆساگیان کەس نەواچۆ تەشریفت بەرد، ئیتر چراوێ کوشیاوە

ئا نەمامە تو نیابێ! چرۆش کەردەن ئینا ڕاوە

تەفسیرەکەت نوروچەمان! صەدەقێوەن هەردەم جارین

پەروەردەو خواپەرەست، پەیما مایەو بەختیارین

ئۆغرت خێر موبارەك بۆ کۆچ و سەفەری نورینت

فیردەوسی ئەعلا مەنزلّ و، پێغەمبەران هەمنشینت.

- پیاوێک لە جوانیدا بەجێی هێلاێن

" ئەحسەن حەسەن "

ئەم شارەم جێ هێلاوە لەخۆم و

بەڕەنگی پیاوێکدا دەیناسمەوە

ئەم شارەی کەژوانی نالێنم بوو

رێگای ئازارەکانی قیامەتم بوو

باغ و شەقامەکانی

بەدەستنوێژی

نەورەسەکانی حوجرە ئاو ئەدران..

شارێکم جێهێلاوە کە ڕەنگە بەبۆنی مێزەرە..

شارێك کە هەرجارێ دێمەوە

دەچمەوە بۆلای..

بۆلای ڕۆحی زیندووی

سنەوبەرەکانی گوڵان

دوای ئەوەی سەرلە

جێ پێی هەنگاوەکانی نوێژی باوکم و

ڕەنگی سەرپۆشە سپیەکەی دایکم ئەدەم..

ئەچم بۆلای گوڵاو پرژێنی

دەنگی ئایەتەکان

دەرگای مالّی ئەوان ئێستا

دەرگایەکی ئاسنی

نیو مەتر بەمەترونیوێکە

رەنگی دەرگای رۆحی ئەوان

لەئیحساسی منا سەوزە

کە ئەچم بیکەمەوە

کێلۆنی دەرگاکە

بەپارچەیەك پەڕۆی

قەیفەی ڕەش بەستراوە

لەم کۆچەدا

بەدەستی موسافیرێکی گولّ..

کە لەباخچەوە هاتوەتەوە..

لەنێوان مالّ و گولّان هەر هامۆشۆیەتی و

ئەم پەڕۆ ڕەشەی لێ گوم ئەبێ و..

ئەیبەستێ و ئەیکاتەوە..

کەمن دێم هەرخۆمم..

بەلّام پەڕۆ ڕەشەکەی هیجرانم ئەبینم

بەدەستی مانگەوە ئەگری و

من ئەیبەستم لەڕۆحم و

ئاشتی ئەکەمەوە

تاخۆم گریان خامۆشم ئەکا..

تا خۆم لەبێ کەسیدا

ئاخێك بۆ چەمانی ئەوان هەڵئەکێشم و

پرسەی شین دائەبستم..

لەنێوان ئەم دووشارەدا

من لەماڵێکی زۆر دوورم

دەنگم ناگاتە ئەوێ

رۆحم لەئینتیزاری لیقادا

هەر لەسەفادایە..

من تازە لەئەولای ژیانەوەم

تابلۆی پیاوێك ڕەنگ ئەکەم

کە لەسەر بەرماڵ

حیکایەت بۆ مانگ ئەکات و

شەونوێژ بۆخوا..

من شارێکم بەپیاوێکەوە

جێهێڵاوە کە بۆنی خۆر ئەدا

ئەو لەجوانیدا کۆچی کردوو

لەغەمدا جێی هێڵاین..

پیاوێك لەسەر هەور

قنوتی فێری باران ئەکردو

لەخوا ئەپارایەوە

کە جوان ببارێ .. تا تاریکی هەڵنەیەو

غەم ماڵەکانی عیبادەت دانەخا..

پیاوێك هەمیشە لەوەرزی بارانی

ئەهاتەوە لای ژیان و

شاری ئەکردەوە باخچە..

ئێستا ئەو!!

من و دنیای جێهێڵاوە.

● کاتێک ناوو نیشان بووی بۆ ونبووان

کاتێك ناوو نیشان بووی بۆ ونبووان

مەشخەڵی شەوی تاریك بووی بۆ نیشتمان

هۆ مامۆستا بەگوڕەکەی دەعوەو ئیرشاد

هێشتا گەرمن وشەو ئامۆژگارییەکانت

گەرم بوون تا کاروانێکی خواویستیان پێکهێنا

گەرم بوون تا بەرەنگاری ملهوڕان بووی

تا کۆشکیان هەرەسی هێنا

هۆ مامۆستا قەڵەم بەدەستەکەی بنار

چەند نەمامی تازەت بۆ چاندین وەك چنار

بالاّ زرابی نێو نەتەوە

هۆداڕە بەردارەکەی بزووتنەوە

لە وێنەکەتدا دیارە سەروسیمات

ماندوویەکی زۆر بەکارە

دیارە تۆزی ڕێگەی جیهاد بە ڕیشتەوە

دیارە سەبرو نەرمی و حیکمەت بە ئیشتەوە

هۆ مامۆستا ماندووەکەی کاروانی ئیسلامەتی

بەیانییەك دوا قسەت لەگەڵ خوای خۆت کردو

خەمت بۆ ئێمە جێهێڵاّ

کتێبەکانت کردە کێڵگەو

ئیسلامەتیت تیادا کێڵاّ

کۆچت کردو دنیایەك یادگاری لە دەرسەکانت دیارن

یادگارییەکانی هەورامان هەموو بۆ ئێمە دۆست و یارن

دڵنیابە نیشتمانیش هەرگیز ئەمەی لەبیر ناچێ

لەسەر دڵی خۆی دەینووسێ کاتێك دارگوێز دەستی ماندوو بوونت دەگرێ

بەردێك دەبێتە سەنگەرت هەورێك لە هەورامانەوە دەبێتە سایەو سێبەرت

خۆنەویستی وای لێکردی خاك بکەیتە سەرینت

نیشتمانم هەرگیز هەرگیز ئەمەی لەبیر ناچێ

تۆ ئەباتەوە بۆ گولآن، رێزی خەڵکیی و هەموو بۆ ئەکا تەعزێ.

● تەفسیرەکەت کوردستانی لە خۆیدا شین کردووە

" ئاری عبداللطیف "

وەرە ببینە بە قوربان دیمەنی دوای کۆچی خۆت

ولآت بێ سەرو سەرکردە ژیان گریا کە چووی تۆ

بەفرو هەتاو بووی وشە بووی نیشتمانت تاو ئەدا

ئێستا چەن خالّییە ئێرە بێ ئەوین و ماچی تۆ

رەنگ و روخسارت بەتەنیا کەڤالّی سەحابە بوو

دلّە سپییەکەت ئەزیزم رەمزی ئەو حیجابە بوو

بەلآم هێشتا شەوقی رۆحتە نووساوە پێمانەوە

ئاخر کارو قسەت سۆزی سەرکردەو هەم بابە بوو

تەفسیرەکەت کوردستانی لە خۆیدا شین کردووە

تەمەنیشت بۆ هەمیشە شینی بۆ دین کردووە

دیارە ئەو جیهادەی دوێنێ خوێنی خۆتت بۆ سووتاند

ئەمرۆ وا ئیسلام ئەڕوێنێ و تەقوای شیرین کردووە.

● لە پاڵ ماڵی دڵتا نزیکتر لە خۆت.!

" ئەحسەن حەسەن "

بۆ هەر کوێ چویت

من ببە لەگەڵ خۆت

با ببمە چەتری حەزەکانت و

نەهێڵم ئەم بارانی پایزە تەڕت کا !

بم بە لەگەڵ خۆت

ئەم جەهەننەمە کوێ بو بۆی چویت؟

شەوێ تۆ ئەگریت و

فرمێسك بێ خەبەرە لە گریان و

دەرگای چاوی شەوێك ئەکاتەوە

نازانێ ئەو و.....

من خەیاڵم لای تۆ جێی هێڵاوم،

چی ئەکەی ئەم هەموو شەوە

بە دیار وێنە یەکی منەوە

ئەگریت و ئاشت نابیتەوە ؟

خۆ من لە پاڵ بۆنی هەناسەکانتا

هەموو لەحزەیە ژووانم هەیە

ئەوە تام دەرگای

مالّی دلّت ئەکەمەوە و

بۆ لای تۆ دێم...

ئەوەتام باوەشێ ڕەنگی ڕۆژگارەکانی

ئەوسای خۆمم بۆ هێناوی

سەیرم کە بەژنم لە ئاسمانا

بە دیار پرسیارێکی دلّتەوە

لە قەراغ ئەوینی تۆدا وەستاوە

من ئەوەتام لە پاڵ مالّی دلّتا

نزیکتر لە خۆت

کە خۆتت لێ ون دەبێ

هەموو جارێ من ئەتبەمەوە بۆ لای ژیان،

گریان دادی ڕۆژە لەدەست چۆکانی

من نادات... بۆت ! !

خۆم ئەوەتام لەبەر پێی حەزەکانتا

بم بیستە چەند نزیکم

بم بینە لەبەر هەتاوی بالّاتام

گوێ لە کام یاداشتی

بەسەرچوی عومرم دەگری؟

خۆ من خۆمم لێ ون نەبووە

هەرچی مالّی ئەستێرە هەیە گەڕاوم

تا تۆزێ تۆ پەیدا کەم...

ئەو خەیاڵە تەزیوانە ببەوە ئەو دیو ژیان

من خۆم ئەوەتام

بم بینە هەر خەتایەکم هەیە

ئەوە جەهەنەمی فیراق و

ئەوە پەروانە و شەمعی سوتان

بم سوتێنە بە گڕی مەحەبەتی خۆت

ئەوە بەجێهێشتنی من لە دنیا..

سەیر کە کەسەکەم

دڵم وێنەکانی تۆی

لە باغی ئەکاکیادا هەڵواسیوە

تۆ ئیدی نەسیمی سوبحێکی و

لە پاڵ ساباتی ئەم ژیانەدا

من ئارایشت ئەکەی .. خەندە ئەگری و

من لە بێشکەی ئارامی دڵتا

ئاشت ئەکەیتەوە

تۆ سوڵتانی عیشقی شەوەکانی عومرمی

ئاهەکانم هەڵکێشە بۆ لای خۆت

تا شیعرت بۆ بڵێم

سەرینێك لە شەبەیخۆنم بۆ ڕاخە

چیتە لەم قسە بێ ئەرزشانەی ژیان

کە منی تیا ئەکوژرێم و

شعوری تۆی تیا بریندار ئەکرێ

خەڵك هەر وایە

جوانترین قسە یان شەڕ و

ناسکترین ووشەیان جەدەڵە

نازانن دڵی دوو گەڵا ئاشت کەنەوە

هەر پایزن ئەوان

هەر شەڕیان پێ بووە !

لێگەڕێ کەسەکەم

با ئیحساس باڵی خۆی بادا

شیعر بڵێ.... ئاوێنەی تەمەن هەموو جوانیەکانی

منت پیشان ئەدا

ژیان منت پێ ئەناسێنێ .. ڕاوەستە بە دیار

ئەشکی شەوەکانی شیعرمەوە

هەر ئەو وێنەم

کە عەسرێ لەسەر کورسی یەکی سپی

منت ناسی.

بەشی دووەم

ژیانی زانستیی و بانگخوازی مامۆستا ئەحمەد

باسی یەکەم

مامۆستاکانی مامۆستا ئەحمەد

وەك پێشتر باسکرا جەنابی مامۆستا ئەحمەد (بەرەحمەت بێ) بۆ زیاتر تێگەیشتن و پێگەیشتن لە خزمەت چەندین مامۆستادا وانەی خوێندووە، چ لە ئێران و چ لە عێراق، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین بە کورتەیەك تیشك بخەینە سەر ژیانی مامۆستاکانی مامۆستا ئەحمەد بەپێی ریزبەندی:

١-جەنابی مامۆستا سەیید حسێن:

کوڕی حاجی سەیید کەمال، کوڕی سەیید محەممەدی حوسەینی، لە ساڵی (١٩٣١)ز، لە گوندی "دەمەیەو"ی هەورامانی ئێران لە داییکبووەو چەندین شارو گوندی کردووە وەك پیشەی مەلایەتی بۆ خزمەت بە ئیسلام و موسوڵمانان و ئێستاش دانیشتووی شاری مەریوانی کوردستانی ئێرانە، وە بەیەکەم مامۆستای مامۆستا مەلا ئەحمەد دا دەنرێ، خوا پاداشتی خێری بداتەوە.

٢- جەنابی مامۆستا سەیید نەجم الدین تاها:

شێخ نەجم الدین کوڕی تاها کوڕی رەسول، لە ساڵی ١٩٣٠ ز، لە گوندی "میانە"ی کوردستانی ئێران لە داییکبووە، بە یەکێك لە زانا خوێندەوارو شارەزاکانی کوردستانی عێراق ناسراوەو گەورەترین بانگخوازی سەردەمی خۆی بووە، لە بواری پێگەیاندنی فێرخوازان و فەقێیان دەورو کاریگەرییەکی ئێجگار فراوانی بینیوەو چەندین شارو گوندی کوردستانی ئێران و عێراقی کردووە بۆ خزمەت بە ئیسلام و ئەهلی ئیسلام، وە لە ساڵی ١٩٩٧ ز، لە هەڵەبجەی شەهید کۆچیی دوایی کردوە. خوای گەورە لێی خۆش بێ.

٣- جەنابی مامۆستا مەلا موستەفا عبدالرحیم:

کوڕی حاجی ئیبراهیم کوڕی عەبدولرەحمانە، لە ساڵی ١٩٢٨ ز، لە گوندی سەرگەتی سەر بە ناوچەی هەورامان لە داییکبووە، مامۆستایەکی شارەزاو لێهاتوو بووەو پاشان لە گوندی (هانەی دن) دەبێتە مامۆستای ئایینیی و هەر لەوێش قوتابخانەیەك بۆ فێرخوازان و فەقێیان دەکاتەوە و بە دەیان فەقێ و قوتابی ڕوو لە گوندی هانەی دن دەکەن بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری لە مامۆستا مەلا موستەفا، دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ ز. لە گوندی "گوڵپ" وەفات دەکا، خوای گەورە لێی خۆش بێ.

٤- مامۆستا سەیید مەسعود تەمتەمیی:

مامۆستا شێخ سەیید مەسعود تەمتەمی لە ساڵی ١٩٣٤ز، لە گوندی "تەمتەم"ی سەر بە شاری ڕەوانسەری کوردستانی ئێران لە داییکبووە، زانایەکی ناودارو بەرچاوی قوتابخانەی گوندی "بالك"ی سەر بە شاری مەریوان بووە، تەنانەت لەسەر دەمی خۆی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەوە پلەی فەتوادانی پێ بەخشراوە، تا ساڵی ١٩٨٥ ز، بە کارەساتی ئۆتۆمبێل وەفات دەکات، خوای گەورە لێی خۆش بێ.

٥- جەنابی مامۆستا مەلا محمد بەهائەدین:

کوڕی مەلا بەهائەدین کوڕی مەلا سادق، لە ساڵی ١٩٠٧ ز، لە گوندی "بیارە" لە داییکبووە، زانایەکی ناودارو خواناسی سەردەمی خۆی بووە، ماوەیەکی زۆر لە مزگەوتی گەورەی بیارە سەرقاڵی مەلایەتیی و وانەبێژی بووە، تا دواتر قوتابخانەیەك لە مزگەوتی خورمالێ دەکاتەوەو قوتابیان و فێرخوازان لە کوردستانی ئێران و عێراق ڕووی لێ دەکەن، مامۆستایانی ناوداری وەك مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادەو مامۆستا ئەحمەدی

نیعمەتی و ئەحمەد کاکە مەحموود قوتابی بوون، دواجار لە ساڵی ١٩٨٣ ز، لە شاری هەڵەبجە وەفات دەکات، خوای گەورە لێی خۆش بێ.

٦- جەنابی مامۆستا مەلا فائق سەعید:

کوڕی سەعید کوڕی ڕەشید، لە ساڵی ١٩٣٦ ز، لە گوندی "ئەڵمانە"ی کوردستانی ئێران لە داییکبووە، مامۆستایەکی شارەزاو زانایە، چەندین شارو گوندی کوردستانی ئێران و عێراق گەڕاوە بە دوای خزمەت و وانە وتنەوەدا، نزیکەی (٣٥) ساڵ سەرقاڵی وانە بێژی بووە، ئێستاش مامۆستای مزگەوتی ڕەشیدە لە شاری سلێمانی.

٧- جەنابی مامۆستا مەلا محەممەد (ملچەور):

کوڕی سەعید، نازناوی بە مەلا محەمەدی ملچەور دەرکردووە، لە گوندی "ولەژێر"ی سەر بە شاری مەریوانی کوردستانی ئێران لە داییکبووە، مامۆستایەکی بەناوبانگ و شارەزای فیقهی شافیعی بووە، دواتر لە شاری مەریوان و لە مزگەوتی "فاتمە" دەبێتە پێشنوێژو وانەبێژی قوتابخانەی مزگەوتەکەو چەندین فەقێ لەسەر دەستی بڕوانامەیان وەرگرتووە، پاشان لە ساڵی ٢٠١٣ ز، لە شاری مەریوان وەفات دەکات، خوای گەورە لێی خۆش بێ.

٨- جەنابی مامۆستا مەلا محەممەد عەبابەیلیٚ:

کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی شێخ قادر، لە ساڵی ١٩٠٤ ز، لە گوندی عەبابەیلێی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە داییکبووە، چەندین شارو گوندی کوردستانی ئێران و عێراق بە دوای زانستدا گەڕاوەو پاشان لە مزگەوتەکانی کوردستان سەرقاڵی خزمەتکردن بووە، دواتر لە مزگەوتی (دار الاحسان)ی شاری هەڵەبجە جێگیر دەبێ و لەوێ قوتابخانەیەك

دەکاتـەوەو چـەندین قوتـابی کوردسـتانی ئێـران و عێـراق لەسـەر دەسـتی بروانامـەیان وەرگرتووە، لەبەر زانست و زانیارییەکـەی نـاودار دەبـێ بـە (مـەلا محەممـەدی گـەورە)، پاشان لە ساڵی ١٩٨١ ز، لە شاری هەڵەبجـە وەفـات دەکـات، خـوای گـەورە لێـی خـۆش بێت.

٩- جەنابی مامۆستا شێخ نورالدین موفتی:

کوڕی شێخ موستەفا، کوڕی شێخ مەحموودی موفتی یە، لە شاری هەڵەبجەو لـە سـاڵی ١٩٢٩ ز، لە داییکبووە، زانایەکی خواناس و دیندارو پارێزکار بووە، پاشـان لـە مزگـەوتی (دار السلام) لە هەڵەبجەی شەهید نیشتەجێ دەبێ و سەرپەرشتی قوتابخانەیەك دەکات، وە لەسەر دەستی جەنابیان چەندین قوتابیی و فێرخواز پێگەیشتوون، پاشان لـە سـاڵی ٢٠١٣ ز، لە هەڵەبجە وەفات دەکات، خوای بەخشندە لێی خۆش ببێ.

١٠- جەنابی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی:

کوڕی شێخ موستەفا، کوڕی شێخ مەحموودی موفتی یە، لە ساڵی ١٩٢٤ ز، لە هەڵەبجە لـە داییکبـووە، لەگـەڵ جـەنابی مامۆسـتا شـێخ نورالـدین مـوفتی بـران و بنەماڵەیـەکی زانسـتخوازو خزمـەتکاری دیـن بـوون، پاشـان لـە مزگـەوتی گـەورەی هەڵەبجـە دەبێتـە پێشنوێژو وانە بێژ، وە چـەندین قوتـابی لەسـەر دەسـتی مامۆسـتا سـوود مەنـد بـوون و بروانامەی مەلایەتیان وەرگرتووە، پاشان لە ساڵێ ٢٠٠٤ی زایینـی لـە هەڵەبجـە وەفـاتی کردوە، خوای گەورە لێی خۆش بێت.

١١- جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز:

کوڕی عەبدولعەزیز کوڕی محەممەد کوڕی موستەفا، لە گوندی "پریس"ی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٢٢ ز، لە دایکبووە، زاناو خواناس و پارێزکار بووە، پلەی پێشنوێژو وانەبێژی لە هەڵەبجە وەردەگرێ و لە کوردستانی عێراق و ئێرانەوە بە دەیان فەقێ و فێرخواز ڕوو لە مەدرەسەی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز دەکەن، بە دەیان زاناى ناوداری وەك: شێخ عبدالعزیز پارەزانی، مامۆستا عومەر ڕێشاوی، دکتۆر موستەفا پێنجوێنی، شێخ محمد بەرزنجی، مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود، مامۆستا ئەحمەدی شافعی.. لەسەر دەستی مامۆستا بروانامەیان وەرگرتووە، وە لە ساڵی ١٩٨٧ ز، پاش کۆچکردنیان بۆ ولاتی ئێران لەگەڵ دەیان زانای ناوداری کوردستان بەتایبەت لە هەڵەبجەو هەورامانات بزووتنەوەی ئیسلامییان را گەیاندو بویە یەکەم موفتی بزووتنەوەی ئیسلامیی چەکداریی و رابەری ئەو بزووتنەوەیە، وە لە ساڵی ١٩٥٤ ز، دەبێتە نوێنەرو ئەمینداری ئیخوان موسلمین لە کوردستانی عێراق، وە نووسەری تەفسیری قورئانە بە زمانی کوردی لە (١٠) بەرگداو ڕاڤەی فەرموودەکانی بوخاریشی کردووە، خاوەن دەیان کتێب و نامیلکەی جۆراو جۆرە، مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود زۆر سەرسام دەبێ بە مامۆستا مەلا عوسمان و لە زۆربەی جموجوڵ و کاروبارییو فیکرو فیقهیشدا، چاو لە جەنابی شێخ عوسمان دەکات.، وە کۆتا مامۆستای مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودەو هەر لە خزمەت شێخ عوسماندا بروانامەی مەلایەتی وەردەگرێ.. جەنابی شێخ عوسمان عبدالعزیز لە بەرواری ١٢/ ٥ / ١٩٩٩ ز، لە دیمەشقی ولاتی شام بە نەخۆشی کتوپڕی وەفات دەکات، خوای بەبەزەیی لێی خۆش بێت.

*** بۆ بینینی وێنەی مامۆستاکانی مامۆستا، بروانە پاشکۆی ژمارە (٩)**

باسی دووەم

وانە بێژیی مامۆستاو قوتابیی و فەقێکانی:

دوای ئەوەی کە مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود بروانامەی زانستی شەرعی لە خزمەت جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو، هەروەها بڕوانامەی پەیمانگای ئیسلامیی هەڵەبجەش وەردەگرێ، لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٧٢ ز)وە بە فەرمی لەلایەن ئەوقافی حکومەتی ئەو سەردەمەوە مۆڵەت دەدرێ کە پیشەی مەلایەتی و وانە بێژیی ئەنجام بدات، بۆیە لە هەر شوێنێك دامەزرابێ و لە هەر مزگەوتێك بوبێت خێرا قوتابخانەیەك دا دەمەزرێنێ و قوتابیی و فێرخواز لە خۆی کۆ دەکاتەوە.. لێرەدا بەپێی زانیاریی و بە دواداچوون ناوی هەندێ لەو قوتابیانەی کە لە خزمەت مامۆستا ئەحمەد دا وانەیان خوێندووە و سوودمەند بوون دەنوسین:

١-مامۆستا مەلا محەممەدی ڕازی. (لە وتەو گفتی خۆیەوە وەرمان گرتووە)

٢- مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حەسەن بەگی نەوێ. (لە وتەو گفتی خۆیەوە وەرمان گرتوە)

٣-مامۆستا مەلا موستەفا محەممەد جەعفەر گوڵپی.

٤- مامۆستا شێخ موحسین شێخ محەممەد شێخ ئەحمەد شەمێرانی. (لە وتەو گفتی خۆیەوە وەرمان گرتوە)

٥- مامۆستا نیعمەت محەممەد عیزەت. هەورامی.

٦- مامۆستا مەلا جەمیل محمد ئەمین.

٧- مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا حەمە مورادمەجید. هەورامی.

٨- مامۆستا حەسەن عابد هەورامی.

٩- مامۆستا تۆفیق عەبدوڵڵا خورمالّی.

١٠- مامۆستا مەلا محەممەد بانیشاری.

١١- مامۆستا محەممەد حمە سالّح غفور.

١٢- مامۆستا مەلا عزت کەوتەیی.

١٣- مامۆستا غەفور سالّح هەرگێنەیی.

١٤- مامۆستا جەمیل ئاروزەری.

١٥- مامۆستا ئەسعەد ئاروزەری.

١٦- مامۆستا حەمید موستەفا بەلّخەیی.

١٧- حاجی سان ئەحمەد- عبدالرحمن.

١٨- مامۆستا ئەبوبەکر سەیید نوری. هەورامی.

١٩- مامۆستا عەلی شوکر. گەرمیانی.

٢٠- عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود.

وە دەیان قوتابی تر کە لە رێگای وانەی تایبەت و وانە گشتییەکانەوە سوودمەند بوون لە جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود. ڕەحمەتی خوای لێبێت.

باسی سێیەم

بەرهەم و نووسینەکانی مامۆستا

جەنابی مامۆستا ئەحمەد هەمیشە قەڵەمە بە بڕشتەکەی لە کاردا بووە بۆ خستنە رووی راستییەکان و لە کاتی پێویست و زەرووڕەتدا وەڵام حازر بووەو لە زۆر بوارەکاندا هەمیشە کتێب و بابەتیی نووسیوە، مامۆستا مەلا ئەحمەد کاتی تەمەنی لاوێتی لە حوجرەوە رێکدەخات و لە سەردەستی مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی شێخی دەعوەو موجاهیدین پەروەردە دەبێت و پێدەگات و دێتە ناو گۆڕەپانی کۆمەڵگاوەو بڕیار دەدات بە پێی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ هەنگاو هەڵبنێ، هەر بۆیە کە دەبینێت بەهۆی ئەو بیرە سیکۆلارەوە کە هێنراوەتە ناوەوەو گەنجان و لاوانمان سەرگەردان و لە ڕێگا لادراوون، لە ڕێگەی مینبەری پێغەمبەری خواوە لەو مزگەوتانەی کە بەڕێزی تیایاندا وتار خوێن بووە دەست دەکات بە هۆشیار کردنەوەی لاوان و بانگ کردنەوەیان بۆ خواناسین و ئاین ناسی و پاشان لەوەش زیاتر کاتێ بارو دۆخەکەی کوردستان ئەوە دەخوازێ لەمیراتگرانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەرامبەر ئەو تەوژمە بێ باوەڕییە بووەستن و لەبەرامبەریدا ڕابوونێکی ئیسلامی دروست بکەن، بەڕێزیان یەکێك دەبێت لەو سەربازە خۆ نەویستانەی کە لێبڕاوانە بازووی لێ هەڵدەکات و جگە لە ڕێگەی وتارەکانییەوە قەڵەمیش دەگرێتە دەست و قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ خواستی بارودۆخەکە دەست دەکات بە نوسین و سەرەتا لە ساڵەکانی (١٩٧٧)ی زایینیدا لەسەر بوونی خوا نامیلەکەیەکی بەناوی (خوا لە ڕوانگەی زانیاری یەوە) لە عەرەبی یەوە کردە کوردیی و بە چاپی گەیاند کە تیایدا سەلماندنی بوونی خوا لە ڕوانگەی زانیاریی و بیردۆزو داهێنراوەکانی بواری زانستی یەوە کە ئەو دەم بێ باوەڕان دەمیان لە کوتانی نەبوونی خوا دەکردو پاساوی قسەشیان بە دنیای زانستیی و پێشکەوتنی مادیەت و پشت کردنە دونیای غەیبیان دەخواست.

پـاش ئـەوەش گولّبـژێرێکی (وتـەی زاناکـان و بـاوەڕ بـە خـوا)ی کـۆکردەوەو لەسـاڵی (١٩٧٨)دا بـە شـێوەی نامیلکەیـەکی خنجیلانـە خسـتە بـازاڕەوە کـە تیایـدا ڕاسـتی بـێ بـاوەڕانی بـەوە خـاوکردەوە کـە لەسـەر زمـانی گـەورە زاناکـانی ڕۆژئـاوا بـە وتـە کاریگەرەکانیان باس لەبوونی خوایان دەکرد کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە لـە بوارەکـانی خۆیاندا کە کاریان لەسەر کردووە گەیشتبوونە ئەنجامی ڕاسـتی بـوونی خـوا، کـاتێ ئـەو ململانێیە لـە نێـوان هـەڵگرانی بـێ بـاوەڕیی و یـاخیبوون سـەرەنجامێکی لـێ کەوتـەوەو فیترەتی خەڵکی دەرون پاکی کوردستان نەبوونی خواو کردگارێکیان پـێ قـەبوڵ نـەکراو بەوەش سەرکەوتنی یەکەم قۆناغ بەسەربازانی ڕابوون کەوت، پاش ئەوە ناتۆرەی تـر لـە لایەن بەرامبەرەوە بەرز کرایەوە وەك (ئایین کۆنەپەرستییەو کۆت کردنە دەسـت و پێـی مرۆڤـەو چەوسـانەوەیەکی لەبـەردەم ئاغـاوات و سـتەم کـاران داو، دیـن ئـافرەت کۆیلـە دەکات و لە مافە مرۆییەکان بێ بەشی دەکات) هەر بۆیە مامۆستای ڕەحمەتی لـە سـاڵی (١٩٨٣)دا کتـێبی نـاوازەی (سەربەسـتی لـە ئیسـلامدا) نووسـی و تـەواوی ئـەو بۆچـوونە چەوتانەی بەر پەرچ دایەوەو ماف و سەربەستی و ژیانی ئاسودەیی لە ڕێگای دینەوە کـە ئیسلامە خستە ڕوو، خۆشبەختانەش هەر لـەو سـاڵەدا بـۆ جـاری دووەم چـاپ کرایـەوە. پاشـان قۆنـاغی سـێیەم لـەکارو بانگـەواز هاتـە کایـەوە کـە بـریتی بـوو لـە چـۆنیەتی پەروەردەکردنی نەوەکانمان و لە ساڵی (١٩٨٦) کتێبی (پەروەردە لـە ئیسـلامدا)ی چـاپ کرد کە تیایدا ڕێبازەکانی ئیسلامی بۆ پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی تیادا خستبووە ڕوو بـە شێوەیەکی ناوازەی ئاسان کە بریتی بوو لە وتوویژی شانۆییانە لە نێوان مامۆستاو باوك و کوڕێك. کە بەڕاستی بووە کەتەلۆکێك بەدەست فێر خوازان و ڕۆڵەکانی ڕابوونەکەوە بۆ پێگەیاندنیان.

پاش بڕینی ئەو قۆناغەش کە بەڕاستی گەیشتنی ڕابوونەکەبوو بە قۆناغی سەرکەوتن لە دوای سەلمێنرانی بوونی خـواو ڕاسـتی و دروسـتی ئیسـلام و چـۆنیەتی پـەروەردەکردنی لاوان لەسەر ئیسلام پاشان قۆناغی چۆنیەتی بەجێ هێنانی پەرستش هاتـە کایـەوە هـەر بۆیـە جـەنابی مامۆسـتا لـە سـاڵی (١٩٨٦–١٩٨٧) کتـێبی (خواپەرسـتی لـە ئیسـلامدا)ی

خستە بەردەستی لاوانەوەو تیایدا گرنگی پەرستشی خوای لە بەدیهێنەرو چۆنیەتی ئەو پەرستشەی خستبووە ڕوو کە ئەمیش وەک کتێبەکانی تر، بوو بە سومبولی دەستی لاوانی ڕابوون.

کاتێ قۆناغ گەیشتە کۆتایی و بار تەقای ئەوەش دڕەندەیی ڕژێم گەیشتە ترۆپکە لە ناوەڕاستی مانگی (٥) ساڵی (١٩٨٧) مەشخەڵدارانی ڕابوون بە پێویستیان زانی دوا قۆناغی جیهادو بەرگری لە میللەتی خۆیان ڕابگەیەنن کتێبی (جیهاد لە ئیسلامدا)ی نووسی و ئەوەبوو ئیتر قۆناغی مەککی بەرەو کۆتایی ڕۆشت و لە کۆچێکی پڕ لە شکۆدا بە سەرکردایەتی کردنی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز موفەسیرو پیری دەعوەو جیهاد لە کوردستان بەرەو کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆشتن کە بەڕێز مامۆستا مەلا ئەحمەدیش یەکێک بوو لەو شۆڕە سوارانەی سەرەنجام لە دوای چەند ڕۆژێک پاش ئەوە بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانیان ڕاگەیاندو بەڕێزیشی بوو بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو مەکتەبی سیاسیی.

بگەڕێینەوە بۆ پێشتر جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد جگە لە سەرگەرمی بەکاری بزووتنەوەو خەبات و شاخ، زنجیرەی ڕێنومایی بۆ موجاهیدان دەنوسێ بەناوی (لەگەڵ موجاهیداندا)و لە چاپخانەی شەهیدانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها لە گۆڤاری (النفیر) دا بابەتە بە پێزەکانی بڵاو دەکردەوەو هەمیشە لە بواڕە گرنگ و جێی دەمە قاڵەکاندا ڕاپرسی بەجەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز دەکردو بەڕێزیشی لە دوای دیراسەکردنی بابەتەکەی پەسەند نامەی بۆ دەنوسی.. وەک لە نامیلکەی (گۆرانی و مۆسیقا) لە بەر ڕۆشنایی فەرمودەدا، (حوکمی چوونە ناو پەر لەمان و وەزارەت، حوکمی شەرع لە بارەی ئافرەتانی مێرد وون بوو و بێ سەرو شوێن) و...هتد.

هەروەها لەسەرو بەندی دروستبوونی پەرلەمان و هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن جەماوەرەوە بۆ نەکەوتنە هەڵەی هاوڵاتیان لە ڕوی شەرعییەوە نامیلکەی (ڕێزی

بەیعەت لە ئیسلامدا)ی نوسیی و چاپ کرا، کە تیایدا چۆنیەتی تەشریع و حوکمی تەشریع و هەڵبژاردن و کێ دەبێت هەڵبژێرێت و چ دەستورێك هەڵبژێرێت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت ڕوون دەکاتەوە.

بەو جۆرە مامۆستا مەلا ئەحمەد جگە لەوەی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەدا لەخزمەتی جەماوەری کوردو وڵاتەکەیدا بوو بە نوسینەکانیشی لە بەرژەوەندیی و ئاسودەیی میللەتەکەیدا بوو.

دواتر وەك بەرچاوڕوونی و وردبینی جەنابی مامۆستا ئەحمەد دەستی دایە نووسینی کتێبێکی زۆر زەرورو پێداویستی ڕۆژو ئەوکاتەی کە کوردستانی پیادا تێ دەپەڕی بەناوی (ئاشتی لە ئیسلامدا) و تیایدا بە وردی تیشکی خستە سەر پێداویستی موسوڵمانان و گەلی کورد بە گشتی بە ئاشتی سەرتاسەریی و قۆستنەوەی ئەو بارودۆخەی کە بەدەستمان گەیشتبوو، وە لە پاکستان و لە چاپخانەی شەهیدانی بزووتنەوە بەشێکی زۆر گرنگی ئەو کتێبە بە چاپ گەیەنرا.

دوا قۆناغی ژیانی کە پیایدا تێپەڕی نوسینی تەفسیری قورئانی پیرۆز بوو بە زمانی شیرینی کوردی بە کورتی و بە پوختی کە لە ساڵی (١٩٩٢)دا دەستی بە نوسینی کردو لە ساڵی (٢٠٠٥)دا کۆتایی پێ هێناو بەڵام ئەفسوف مامۆستا بە چاوی خۆی بەچاپکراوی نەیبینی، بەڵام ئەو بۆ ڕۆڵە و نەوەی میللەتەکەی نوسیی و ان شاءالله دەبێتە سمبوڵی دەستی لاوانی میللەتەکەی بۆ ڕێگەی بەختەوەری.

وە ئەو کاتانەیش کە بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ناوەندیی بزووتنەوەی ئیسلامیی بوو خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامیی بووەو لە هەمانکاتیشدا خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری جەماوەر بوو، لە هەردوو بڵاو کراوەکاندا دەستی ڕەنگینی بەردەوام بووە لە نووسین لە هەموو بوارەکاندا چ بابەتی فیقهیی و چ بابەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، وە هەروەها ماوەیەکی زۆریش بەرپرسی دادگای باڵای شەرعیی بزووتنەوە بووەو لەو بوارەشدا چەندین فەتوای گرنگیی لەو بارەوە نووسیوەو دەیان کێشەی

کۆمەڵایەتیی و ناوخۆیی حیزبی چارەسەر کردووە، دواتریش بوویە بەرپرسی مەکتەبی فەتواو دیراساتی شەرعی بزووتنەوەی یەکبوون و دەستێکی دیارو بەرچاوی لەو بوارەدا نواند، بەتایبەت دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانەی شەرعیی بە ناوی (منارە)وە و جەنابی مامۆستا بوویە خاوەنی ئیمتیازی، وە هەر لەو ماوەیەشدا توانرا دوو کتێبی گرنگ و پێویست بخرێتە بەردیدی موسوڵمانان و رابوونی ئیسلامیی کوردستان، بەناوەکانی (چەمکێك لە فەتواکانی مەکتەبی فەتواو دیراساتی شەرعیی بزووتنەوەی ئیسلامیی) و پاشان کتێبی (کورتەو پوختەی کۆکردنەوەو کورتکردنەوەی نوێژەکان)، مامۆستا توانی لەو بوارەدا دەورێکی دیارو بەچاو ببینێت و ئەوەی پێویستی رۆژ و زەروورياتی موسوڵمانان بوو وەك خۆی بێ پێچ و پەنا لەو بارەوە فەتوایان بۆ دەردەکردو لە گۆڤاری منارەشدا قەڵەمە رەنگینەکەی هەمیشە دیارو نەخشین بوو، وە هەروەها مامۆستا مەلا ئەحمەد بێجگە لەوەی کە بەرپرسیارییەتی چەندین مەکتەب و ئۆرگانی گرنگی لە ئەستۆ گرتووەو هەمیشە سەرقاڵی نووسین و چارەسەرکردنی کێشەکان بووە، لەولایشەوە ئاگای لە دونیای ئەنتەرنێت و گۆڤارەکان بووە و ئەوانەی کە بە قەڵەمی ژەهراوی خۆیان ویستوویانە دژایەتی پەیامیی ئیلاهیی بکەن مامۆستا مەلا ئەحمەدی رەحمەتیی بە قەڵەمە پاراوەکەی هاتووەتە دەست لێیان، بۆ نموونە: لە گۆڤاری نقار لە ساڵی ١٩٩٨ زاینیی چەند بەناو نووسەرێکی عەلمانی هێرشیان کردبوویە سەر ئیسلام و میژووی پاکی ئیسلام، مامۆستا لەو بوارەشدا توانی لە هەمان گۆڤاردا بەناوی باوکی سومەیەوە وەڵامێکی دەمکوتکارانە بنووسێت لە ژێر ناونیشانی (وریانەکانی سامان نووریی و وەڵامێکی پێویست) کە زیاتر لە (٥٠) لاپەرە دەبوو، پاشان لە پێگەکانیشدا وریاو بەئاگابوو ئەوانەی کە بە نووکی قەڵەمە ژەهراوییەکانییان دژایەتیی ئیسلام ئەهلی ئیسلامییان دەکرد، مامۆستاش لەو بوارەشدا هەر قەڵەم بە دەست و بەجەرگ بوو، هەمیشە وتەکەی ئیمامی نەوەوی بەرەحمەت بێت دووبارە دەکردەوەو دەیوت: (تأخير البيان عن وقت الحاجة لايجوز) لەبەر ئەوە چەندین بابەتی فیقهیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە پێگەکاندا بڵاو دەکردەوە بەتایبەت پێگەی کوردستان نێت و ئیسلام

پەیك و پێگەی خوشکان و پێگەی بانگەواز و مالّپەری بزووتنەوەی ئیسلامیی .. خوای گەورەو میهرەبان بیکاتە ئەجرو پاداشتی رۆژی قیامەتیی و لە کەم و کوریيەکانی ببوریّت .. ئامین

ئەمەش ناوی کتێب و نامیلکەکانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودە

١- (تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان). لەساڵی ١٤١٣ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٩٢ ی زایینی دەستی بە نووسینی کردووەو لە ساڵی ٢٠٠٥ ی زایینداکۆتایی پێهێناوەو لە ١٤٢٨ ی کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٧ ی زایینی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. وەتا ئێستا (٥) جار چاپکراوەتەوە بە تیراژی (١٦٠٠٠) دانە، لەلایەن عیرفانی کوڕی مامۆستاوە پیاچوونەوەو وردبینی و لێکۆڵینەوەی فەرمودەکانی بۆ کراوەو سوپاس بۆ خوا ئێستا نەوەیەکی نوێی لەسەر پەروەردە دەبێ.

٢- (خوا لەڕوانگەی زانیاریيەوە). لە ساڵەکانی ١٩٧٠ زایینییدا لەشاری پێنجوێن نووسیویەتی و چاپ و بڵاو کراوەتەوە.. هەر موسوڵمانێکی بەڕێز نوسخەی لا دەست دەکەوێت، سوپاسیی دەکەین، وێنەیەکی لێ دەگرینەوە بۆ ئەرشیفی کتێبەکانی مامۆستاو پاشان بۆی دەگەڕێنینەوە.

٣- (وتەی زاناکان و باوەڕ بە خوا). لەساڵەکانی ١٣٩٨ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٧٨ ی زایینی نووسیویەتی و چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

٤- (سەربەستی لە ئیسلامدا). لەساڵەکانی ١٣٩٨ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٧٨ ی زایینی نووسیویەتی و دووجار چاپ کراوەتەوە.

٥- (پەروەردە لە ئیسلامدا). لە ساڵی ١٤٠٢ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٨١ ی زاینیی لە ناحیەی سیروان نووسیویەتی و چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

٦- (**خواپەرستی لــە ئیســلامدا**). لـە شارۆچـکەی سـیروان لەسـاڵی ١٤٠٣ کۆچـیی بەرامبەر بە ١٩٨٣ زایینی نووسـیویەتیی و پاشـان لـە سـاڵی ١٤٠٥ کۆچـیی بەرامبـەر بـە سالّی ١٩٨٥ زایینی لە چاپخانەی ئەسعەد لە بەغداد چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٧- (**ڕامیاری لە ئیســلامدا**). لـە سـاڵی ١٤٠٦ ی کۆچـیی بەرامبـەر بـە ١٩٨٦ زایـینی نووسیویەتیی و دواتر لە سـاڵی ١٤٢٩ کۆچـی بەرامبـەر بـە سـاڵی ٢٠٠٨ زایـینی لەلایـەن پرۆژەی تیشکەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. خوا پاداشتی خێریان بداتەوە.

٨- (**ئاشتیی لە ئیســلامدا**). لـە سـاڵی ١٤٠٥ کۆچـی بەرامبـەر بـە ١٩٨٤ زاینیـی لـە ناحیـەی سـیروان نووسـیویەتیی و پاشـان بەشـێکی لـە سـاڵی ١٤١٢ ك = ١٩٩٢ ز لـە پاکسـتان لـە لایـەن راگەیاندنی بزووتنـەوەی ئیسـلامییەوە چـاپ کـراوەو لـە ئەرشـیفی کتێبخانەی مامۆستادایە.

٩- (**جیهاد لە ئیســلامدا**). لـە شارۆچـکەی سـیروان و بـە ماوەیـەک پـێش ڕاپەرینـە مەزنەکەی دەڤەری شارەزوورو هەڵەبجەو دەوروبەری نووسیویەتیی و بەڵام بەداخەوە تا ئێستا چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە. وە خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە هەر بەڕێزێك نووسخەی لەم دەستنوسە لا دەست دەکەوێت با ئاگادارمان بکاتەوە.

١٠- (**دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی ئیسلام**). لە ساڵی ١٤٠٥ ی کۆچـی بەرامبـەر بـە ١٩٨٥ زاینیی نوسیویەتیی و تا ئێستا چاپ نەکراوە.

١١- (**ڕێزی بەیعەت لە ئیسلامدا**). لە ئۆردوگای پەنابەرانی کوردی عێراقـی (دزڵـی) نووسیویەتیی و پاشان لە ساڵی ١٤١٢ کۆچیی بەرامبەر بە سـاڵی ١٩٩٢ زایـینی لەلایـەن بڵاوکراوەکانی گۆڤاری النفیرەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.

١٢- (**یاسای زیندان لە ئیسلامدا**). لە ساڵی ١٤١٣ کۆچی بەرامبەر بە ١٩٩٢ زاینیـی نوسیویەتیی، وەتائێستا چاپ نەکراوە.

١٣- (**چاوپیسی لە روانگەی ئیسلامدا**). لە ساڵی (١٩٩٠) نەوەدەکاندا نووسیویەتی و چاپ نەکراوە.

١٤- (**ژنان و کاروباری ژنان لە ئیسلامدا**). لە ساڵی ١٤٢٧ ی کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٦ ی زایینی نووسیویەتی و بە تیراژی (٥٠٠٠) دانە لە لوبنان چاپ کراوەو ئێستا وەك مەنهەج لە دەزگای رووناکی لە شاری هەولێر سوودی لێ وەردەگیردرێ.

١٥- (**دوا رۆژی ستەمکاران لە ئیسلامدا**). ساڵی ١٤٠٥ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٨٥ ی زایینی نووسیویەتی و چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

١٦- (**جوولەکە بناسە**). وەرگێراوە: لە ساڵی ١٤١١ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٩٠ ی زایینی لە ئۆردوگای دەربەند دزڵی لە ئێران نووسیویەتی، تا ئێستا چاپ نەکراوە.

١٧- (**سۆشیالیزم یان ئیسلام لە چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکاندایە؟!**) لەساڵی ١٤١٣ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٩٢ ی زایینی نووسیویەتیی و تا ئێستا چاپ نەکراوە.

١٨- (**ئیسلامییەکان و پەرلەمان و وەزارەت**). لەساڵی ١٤١٧ ی کۆچیی بەرامبەر بە ١٩٩٦ ی زایینی نووسیویەتی و چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

١٩- (**گۆرانیی و مۆسیقا لەبەر رۆشنایی فەرموودەکاندا**). لەساڵی ١٤١٨ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٩٧ ی زایینی نووسیویەتی و چاپ کراوەو بەڵام بڵاو نەکرایەوە ! ! !

٢٠- (**کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەریان لە ئیسلامدا**). لەساڵی ١٤٢٤ ی کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٣ ی زایینی نووسیویەتی و ئامادەی چاپە و بەڵام تا ئێستا چاپ نەکراوە.

٢١- (**تاقیکردنەوە لە ڕێگەی خوادا**). لەساڵی ١٤١١ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٩٠ ی زایینی نووسیویەتی و تا ئێستا چاپ نەکراوە.

٢٢- (کەسایەتی موسڵمان وەک لە قورئان و فەرموودەدا نەخشەی بۆ کێشراوە). لە ساڵی (٩٠) نەوەدەکاندا لە ئۆردوگای دەربەند دزڵی لە ئێران نووسیویەتی و تا ئێستا چاپ نەکراوە.

٢٣- (لەگەڵ موجاهیدانەدا) لەسەرەتای ساڵی (١٩٩٠ ز) و لە دوای راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەم بەرهەمەی مامۆستا ئەحمەد بە شێوەی نامیلکە مانگانە چاپ دەکراو بەسەر ئۆرگانەکانی ئەوکاتی بزووتنەوەدا بلاو دەکرایەوە.

٢٤- (پرسیارە هەتا هەتاییەکان.. لەکوێوە؟! بۆ کوێ؟! وە بۆچی؟!).. لەساڵی ١٤٠٩ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٨٨ ی زایینی لە شارۆچکەی سیروان نووسیویەتی و لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی "ڕوانینە ئیسلامیەکان" چاپ و بلاوکراوەتەوە.

٢٥- (وڕێنەکانی سامان نوری و وەڵامێکی پێویست). لەساڵی ١٤١٩ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٩٨ ی زایینی نووسیویەتی و لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە، وە لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی "ڕوانینە ئیسلامیەکان" چاپ و بلاوکراوەتەوە.

٢٦- کۆتا کتێبی مامۆستا وەک: (ختامە مسك) بە کتێبی: (عەقیدەی ئیسلامیی لە ژێر رووناکی تێگەیشتنی زانایانی پێشوومان). لەساڵی ١٤٢٧ ی کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٧ ی زایینی نووسیویەتی، بەڵام ئەجەل ڕێی پێگرت و کتێبەکەیشی تەواو نەکرد و گەرایەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆی.

٢٧- (ڕوانینە ئیسلامییەکان بۆ کۆمەڵێک باس و بابەتی هاوچەرخی جۆراوجۆر).. ئەم کتێبە کۆکەرەوەی چەندین بابەتی هزری مامۆستا ئەحمەد بوو لە دوو توێی ئەم کتێبەدا کۆکراوەتەو لە ساڵی ١٤٣٤ی کۆچیی بەرامبەر بە ٢٠١٣ زایینی چاپ کراوە.. کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموودە.

٢٨- (بۆچوون و فەتواکانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود) ئەم کتێبە لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموودەو سەرجەم فەتواکانی مامۆستاو بۆچوونەکانی کۆکراوەتەوەو خوا یاربێ بەم نزیکانە چاپ دەکرێ.. ئەم بەرهەمە بەنرختترین بەرهەمی مامۆستا ئەحمەدە لە دوای تەفسیری رامان و کتێبی ژنان و کاروباری ژنان..

تێبینی:

- خوێنەرانی بەڕێز! ئەوەی پێویست بێت بوترێت لەم سااڵنەی دواییدا موسڵمانان زۆر دەیان گوت ئەوە بۆ مامۆستا کتێب و بابەت بڵاو ناکاتەوە؟! لە راستیدا نووسینی تەفسیرەکەی وەختێکی زۆر زۆری لێگرت، بۆیە ماوەو دەرفەتی هیچ شتێکی تری بەدەستەوە نەمابوو کتێبی دی بنووسێت، هەوڵی زۆر زۆری بۆ تەفسیرەکەیدا، بەاڵم قەدەر وابوو کە بەرهەمی تەفسیرەکەی بەچاوی خۆی نەبینێ. خوای گەورە لێی خۆش بێت و ئەم بەرهەمانەی بکاتە شەفاعەتکارو مایەی رەزامەندی خوای پەروەردگار. ان شاءالله.

- وە جێی خۆیەی وەك وەفایەك لێرەوە زۆر زۆر سوپاسی كاك ریاز مەحموود بكەین كە بەراستی لە نووسینەوەی زۆربەی بەرهەمەكانی مامۆستادا جێ دەست و پەنجەی دیاری هەبووەو لەو بوارەدا درێغی نەركردووە.

- وە سەرجەم دەست نووسەكانی مامۆستای رەحمەتی لە ئەرشیفی كتێبخانەكەیدایەو بەهیوای چاپ كردنیانین، خوا یار بێت.

* بۆ بینینی وێنەی بەرهەمەکانی مامۆستا، بروانە پاشکۆی ژمارە (١٠)

(ڕامـــان) بەرهەمی چواردە ساڵ شەونخونی جەنابی مامۆستا ئەحمەد

بەرهەمی ١٤ ساڵ شەو نخونیی و ماندووبونی مامۆستا لە نووسینی تەفسیری قورئان بەزمانی شیرینی کوردیی، دوای ئەوەی کە مامۆستا توانی زاڵ ببێت بەسەر ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەی کە هاتە ڕێی لە نووسینی ئەم تەفسیرەدا لە ساڵی ١٩٩٢ز وە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ کە ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێی بووەو وەک جەنابیشی لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا باسی کردووە، هەر بەشەو لە شوێنێك نووسراوە: وەك کوردستانی ئێران لە شاری مەریوان، سنە، پیرانشەهر، خدراوای سەرکردایەتی باسك، تاران و کرماشان، دواتر کوردستانی عێراق لەشارەکانی هەڵەبجەی شەهیدان، هەولێر، دهۆك، رانیە، سلێمانی، خورماڵ، هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش وەك وڵاتی عەرەبستانی سعودیەو لیبیاو سوریەو تورکیا، وەشاخەکانی هەورامانا تیش شاهیدی بۆ مامۆستا دەدەن کە لە وشکە ناوو کەرەجاڵ و یاڵانپێ و سەرجەم بارەگاکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە شاخ و لە شار بۆ نووسینی تەفسیری رامان، گرنگ ئەوەیە کە مامۆستا توانی بەسەر ئەو هەموو کێشانەی هاتە ڕێی زاڵ ببێ و سەرکەوتوو بێت، لە هەمووی گرنگ تر ئەوەیە وەك سەید قوتب دەفەرموێ: دەبێت لە جموجوڵ و حەرەکەتدا فیقە دروست ببێت نەك بە پێچەوانەوە، تەفسیرەکەی مامۆستا مەلا ئەحمەدیش بەشەکانی بیرباوەری ئیسلامیی و ئەسماو سیفات و زۆرێك لە ئەحکامی فیقهی لەخۆ گرتووەو لەو کەش و بارودۆخەدا نووسراوە، سوپاسی بێ پایان بۆ ئەو خوایەی کە توانرا ئەو بەرهەمەی مامۆستا بڵاو بکرێتەوەو ئێستا لە کتێبخانەکانی کوردستاندا وە دەست دەکەوێت.. لە پێشەکییەکی کورتدا کە لە ساڵی ١٩٩٣ نووسیویەتیی، مامۆستای ڕەحمەتی سەبارەت بە هۆکارو نووسین و بارودۆخی تەفسیرەکەی لە دەفتەری یەکەمی دەسنووسی تەفسیرەکەیدا هێمای بە هەندێ خاڵ کردووە کە بەپێویستی دەزانم لێرەدا وەك خۆی بۆتانی نقڵ بکەم، مامۆستا دەفەرموێ:

١- لەسەرەتای سالّەکانی (٩٠)ـەوە هاوکات لەگەلّ سالّەکانی (١٤١٠) ی کۆچییدا، گەلیّ جار لەلایەن جوان و لاوەکانی کوردستانی ئەمدیوو ئەودیوەوە داوا دەکرا کە بەلّکو بە پەلە کورتە مانایەك بۆ قورئان بنووسم وەك (وەرگێرانێك) چونکە زۆربەیان فێرخوازن و کاتیشیان ئەوەندە نییە تەفسیرێکی چەند بەرگی ئەمدیوو و ئەودیو بکەن لێی بەهرەمەند ببن.

٢- منیش ئەو داوایە تەماحی خستە دلّمەوە (هەرچەندە کارێکی زۆر سەختیش بوو) کە بیر لەو پرۆسە بکەمەوە و ئەو ئەرکە قورسەیە لە ئەستۆ بگرم، بەلاّم هەرچەندەیش هەولّم دەدا بۆم ڕێ نەدەکەوت، تا سالّی (١٤١٣) ی کۆچیی بەرامبەر (١٩٩٢)ی زایینی پاش (هیجرەت) و دوورکەوتنەوەیەکی زۆر لە کوردستانی خۆشەویستمان و گەرانەوەمان، کورد گوتەنی: دەست لەدەست و قووەت لەخوا. زۆر بەشەرمێکەوە خامەم گرت بەدەستەوەو خۆم خستە نێو ئەو دەریا قوولّەوە، چونکە ئەوەندە قورئانم خۆش دەویست پێم وابوو لەم مەیدانە دەردەچم !.

٣- لەولاشەوە کاروباریی ئیسلامیی و جموجوولّ کاتەکەی هەموو گرتبووم، چونکە گۆڕەپانی کوردستان (بەتایبەت) وای هەلّئەگرت، هەربۆیەش بە سەدان گیروگرفتم بۆ پەیدا دەبوو و ناچار دەبووم گەلیّ جار لێی دوور بکەومەوە، بەتایبەت کارەساتە دلّتەزێنەکەی سالّی (١٩٩٣)ی زایینی کە بەراستیی نەك تەنها تەفسیرەکەی من، بەلّکو گیان و مالّ و شەرەف بە (قورئان) یشەوە کەوتە خەتەرەوە، هەربۆیە سێ چوار مانگێك دەستم لێی بڕا..! پاشان دیسانەوە تێهەلّچوومەوە بەلاّم هەر پارچەو بەشەی (دەتوانم بلّێم لەبن بەردێکدا، وە یان لە شوێنێکدا، لەبەر قتوولە چرایەکدا) هەربۆیەش دەبینی سووڕەت لەگەلّ سووڕەت، بگرە ئایەت لەگەلّ ئایەت تەفسیرەکەم پێوەی دیارە.

٤- زۆریش هەولّمدا چەند لیژنەیەکی هەمەجۆر پیایدا برۆنەوە، بەلاّم لەبەر چەند هۆیەك ئەویش نەکرا!، بۆیە داواکارم لەخوای گەورە لە کەموو کوڕیی و ناتەواوییەکانم ببوورێ،

وە ئەگەر لە مەبەستم دابێت ئەوە سوپاسی خودا ئەکەم، ئەگەرنا داوای لێبوردن ئەکەم و خوایش زۆر لێبوردەیە.

وە هەروەها لە کۆتایی تەواوکردنی تەفسیرەکەیشیدا لە ساڵی ٢٠٠٥ زایینی پێشەکییەکی دیکەی نووسیوە سەبارەت بە هۆکاری نووسینی تەفسیرەکەیی و دەفەرموێ: (بۆ ئەوەی ئابووریيەکی پاکژو حەڵاڵ و دوور لە گزیی و خیانەت و زیان گەیەنەر بە کۆمەڵگە بنیات بنێین، بۆ ئەوە فێری جیهاد و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان، بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی و، پاراستنی زمان و فەرهەنگ و کەلتوور و خاك و وڵات و نیشتمان ببین، بۆ ئەوەی فێری شێوازی پێکەوە ژیان و هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ یەکدیی ببین، بۆ پاراستنی قەوارەی یەکڕیزیی و تەبایی و، ئاشتیی و هێمنی و ئاسوودەیی، بۆ دروستکردنی برایەتی و خۆشەویستی لەناو گشت توێژەکاندا، بۆ تەحری سیماو پێکەوەنانی (ئوسرە) و خێزان، بۆ فێربوونی زانست و زانیاریی، بۆ فێربوونی خوا پەرستییەکی ڕاست و ڕەوان و پەسەند لای خوا، جا لەبەر هەموو ئەمانە، لەوکات و ساتە زۆر ئاڵۆز و شێواوەدا —لە عێراق و لە کوردستان، چوومە ژێر تەکلیف و ئەرکی سەرشانی خۆمەوەو، ئەم کورتە تەفسیرەم – وەکو خزمەتێك بە نەتەوەکەم– نووسی، بە هیواو ئومێدی باشتر پێگەیشتن و تێگەیشتن بۆ خزمەتی دین و وڵات و نیشتمان و، تۆکمەتر پێکەوە بوون و پێکەوە ژیان لە ژێر سایەی قورئاندا، بەو هیوایە ئەم نەوەیەو نەوەی ئایندەی نەتەوەی کوردمان ئاشناترو شارەزاتر بێ بە قورئان.. وا حاڵی ببێ لێی کەبەرنامەی ژین و ڕۆژی سەلاّیە، بەرنامەی جیهادو تێکۆشان و خەباتە، پێڕەوی کاروکارنامەی مرۆڤە، بۆ گشت بزووتن و جمووجوڵێك...) ئەمە کورتەیەك بوو لە هۆکارو ئەو زرووفەی کە مامۆستا تەفسیری رامانی تیادا نووسی، لە کۆتاییدا بەهیوای ئەوەی خوای پەروەردگار ئەم تەفسیرەی بۆ بکاتە گەورەترین پاداشت و خوای گەورەش لە بری ئەم ئوومەتەیە جەزای خێری بداتەوە.. لە کۆتایی تەفسیرەکەشدا بەم شێوە دەنووسێ و دەڵێ:

زۆر زۆر سوپاس بۆ خوای میهرەبان کە بە نووسینی ئەم (تەفسیرە) کورتەیە بۆ قورئانە پیرۆزەکەی ڕێزی لێنام، ئەم نووسینەش لەسەر داخوازی گەلێ لە جوان و لاوەکانمان، ئەگینە قورئانی پیرۆز بە یەك بەرگ و دە بەرگیش نرخ و بەهای دەرناکەوێ، هێمان ئەمەش – بەم شێوە کەم و کورتەیە– پاش ئازارو بێزارییەکی زۆرو، لە ساڵەکانی نەوەدەوە، ئەو فیکرو بیرەم کەوتە مێشکەوەو، ماخۆلانم بوو و دەمگوت خوایە ! چۆن بتوانم پرۆسەیەکی ئاوای بەنرخ، بە تەنیا لە کوردستانێکی پڕ لە ئازاوەو بێ ئۆقرەو، پڕ لە سیاسەتی هەمە جۆرە تەواو بکەم، هەر ئەمەشبوو کە گەلێ جار ئەمیش بەر شالاوی ڕك و کینە دەکەوت و تۆڵە دەدرا، تەنانەتی پاش ئەوە کە خرایە (کۆمپیۆتەر)ـەوەو تایپکرا، کەوتە دەستی گروپێك، بە هەزار قوربان و صەدەقەت بم، ئەوجا بە کەم و کورتیی و ناتەواوی دەستمان کەوتەوە ! بۆیە ناچار بووم هەمیسان زۆربەی دابڕێژمەوەو، بگەڕێمەوە سەرەتاکەیی و، لە ئەنجامدا ئەوەندەش دواکەوت خەریکە بڵێم لە کاتی خۆیدا فریا نەکەوت ! . داوای لێبوردنیش دەکەم لە هەر کەم و کورتیی و ناتەواوییەك، وە هەر کەسێکیش هەر شتێکی بەرچاو کەوت، بە دۆستانەو بە دڵسۆزانە بەسەری بگرێتەوە، ئێمەش– لەگەلێ سوپاسدا– گوێ بیستی دەبین و جوهدو هەوڵەکەشی دەنرخێنین.

تێبینی: لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤١٣)ی کۆچیی، بەرامبەر بە ساڵی (١٩٩٢) زایینی دەستی کرد بەنووسینی ئەم کورتە تەفسیرە، وە لە (٤)ی مانگی سەفەری ساڵی (١٤١٨)ی کۆچیی، بەرامبەر بە (١٩٩٧/٦/٩) زایینی لە هەڵەبجەی شەهید لە (ڕاگەیاندن)ی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان/ عێراق، لە نووسینی لێبوویەوە. بەڵام بەهۆی پیاچوونەوەو زیادکردن و گۆڕانکاری لە تەفسیرەکەدا تا کۆتایی ساڵی (١٤٢٦) کۆچیی بەرامبەر بە (٢٠٠٥)ی زایینی هەروا مایەوەو پاشان ئامادەی چاپکردن کرا. داواکارم لە خوای بەبەزەیی و میهرەبان لێیان وەربگرێ و، قەڵەمی بەخشین بێنێت بە سەر هەڵەو کەم و کوڕیەکانیدا.

وە سوپاس بۆ خوای تاقانە منیش (عیرفان) لە بەرواری (٧ی جەمادی دووەمی ١٤٣٧)ی کۆچیی بەرامبەر بە (٢٠١٦/٣/١٦ ز). لە خوێندنەوەو پیاچوونەوەی جاری پێنجەم و بۆ چاپی پێنجەم لە لێکۆڵینەوەی فەرموودەکانی تەفسیری ڕامان بوومەوە، تەنها ئەوەم داوایە خوا بیکاتە توێشووی قیامەتمان. ئامین یارب العالمین.

تایبەتمەندییەکانی تەفسیری ڕامان

– لە دیارترینی تایبەتمەندی تەفسیری رامان ئەوەیە کە تەفسیرێکی مام ناوەندە، نە زۆر کورتە کە خوێنەر لێی تێنەگات، وە نە زۆر درێژەیشی پێ دراوە کە خوێنەر ماندوو بکات.

– لەسەرەتای هەموو سوورەتێك پێشەکیەکی کورت لەسەر ناوەڕۆکی سوورەتەکەی نوسیووە، سەرجەم ئەو باس و خواسانەی کە سوورەتەکە لە خۆی گرتووە بە کورتە لە پێشەکییەکەدا باسکراوە.

– لەسەرەتای زۆربەی سوورەتەکاندا هۆکاری هاتنە خوارەوەی سوورەتەکەی هێناوەو هەر ئایەتێکیش هۆی هاتنە خوارەوەی لەگەڵ بوبێ هێناویەتی.. بەڵام مامۆستا تا هۆی هاتنە خوارەوەی (بوخاریی و موسلیم) هەبوبێ، پەنای بۆ هیچ ریوایەتێکی تر نەبردووە.

– وە لە زۆربەی شوێنەکاندا باس و خواستی فیقهی لەسەر بەندایەتی و کڕین و فرۆشتن و ئەحکامەکانی تر کردووە.

– زۆر بە وردی باسی بابەتی عەقیدەیی و بیروباروەی ئەهلی سوونەت و جەماعەتی لەسەر زۆربەی بابەتە هەستیارو خیلافیەکان کردووە.

– بەوردی تیشکی خستۆتە سەر بابەتی ناوو سیفاتی خوای پەروەردگارو راو بۆچوونی سەلەفی تەرجیح داوە.

– لە هەر شوێنێك پێویست بوبێ ڕێنمایی ئایەتەکانی هێناوەو باسکردوە.

– وەلأمی گومانی ناحەزانی ئیسلامیشی داوەتەوە، بەتایبەت لەسەر بابەتی ئافرەتان و مەسەلەی میرات و شایەتیدانی دوو ئافرەت و هتد..

– فەرهەنگۆکێك دانراوە بۆ ئەو وشانەی کە تا ئەندازەیەك لە ڕێزمانی ئێمەدا بەکار نەهێنراوو نە بیسراو بووە و مانای وشە قورسەکان کراوەتەوە.

مەنهەجی مامۆستا لە نووسینی تەفسیرەکەی

– مامۆستا "بەرەحمەت بێ" لە تەفسیرەکەیدا لەسەر رێرەوو مەنهەجی سەلەف رۆشتووەو تەرجیحی رای سەلەفی داوە.

– تەفسیری قورئانی بە قورئان کردووە، ئەگەر نا بە فەرموودە، ئەگەر نا بە وتەی هاوەلآن و پاشان تابعین.

– خۆی دوور گرتووە لە ئیسرائیلیات و هەندێ راو بۆچوونی دوور لە مەنهەجی سەلەفی سالآح.

– لە بواری ناوو سیفاتی خوای گەورەدا رێرەوو مەنهەجی سەلەف و پاشینانی ئەم ئوممەتەی گرتووەو تەرجیح داوە.

– لە هەر شوێنێك پێویست بە لێکۆلینەوەو وردبینی بوبێ، بەتایبەت لە بابەتی عەقیدەیی و بیروباوەری ئیسلامیدا بەپێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی ئەهلی سوونەت، راڤەی زیاتری بۆ کردووە.

– هەر ئایەتێك یان سوورەتێك هۆی هاتنە خوارەوەی لەسەر چاوە باوەڕ پێکراوەکان هاتبێ، مامۆستا هێناویەتی.

– هەر جۆرە تەفسیرێك لەگەڵ ڕاو بۆچوونی زانایانی پێشینان نەگونجاو بوبێ، وەك هەندێ لە راڤەکارانی تەفسیر هێناویانە سەبارەت بە (چیرۆکی غەرانیق) و هەر شتێکی تری وەك باسی پێغەمبەر یوسف و سلێمان و داوود و ئەیوب سلاوی خوایان لەسەر بێ.. مامۆستا خۆی بە دوورگرتووە لەو جۆرە راوبۆچوون و زیادە ڕەویکردنانە.

– لە زۆربەی تەفسیری ئایەتەکاندا رێنمایی ئایەتەکانیشی هێناوە.

– وە لەسەرەتای هەموو سوورەتێك پێشەکییەکی کورتی لەسەر ناوەرۆکی ناو سوورەتەکە نووسیوە.

باسی چوارەم

پۆستە بانگخوازییەکانی مامۆستا

مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود "بەرەحمەت بێ" لە داوی وەرگرتنی بروانامەی زانستی شەرعی و تەواو کردنی پەیمانگای ئیسلامیی هەڵەبجە، هەست و درکی بەوە کرد کە ئەو ئەمانەتە گەورەیەی سەر شانی زۆر لەوە گەورە تـرە چاوەڕێی دامەزراندنی فەرمی حکومەت بێ.! بۆیە لە ساڵی ١٩٧١ زایینی دەچێتە گوندی "شیرەمەڕ"و لەوێ مزگەوتی گوندەکە ئاوەدان دەکاتەوە، بانگخوازی ئەو سەردەمانە تا ئەندازەیەک سەخت و چاوکراوەیی دەویست، چونکە خەڵکانێک هەبوون کە بە ئاشکراو بە ڕوونی دژایەتی بوونی خودایان دەکردو ڕەخنەی نا بەجێیان لە ئیسلام دەگرت، لە ڕاستیدا مامۆستا ئەحمەد بوێرانەو شارەزایانە لە ئاست ئەو دژایەتیی و تەحەدایانەدا بوو.! هەر وەک وەفایەکیش هەمیشە مامۆستا ئەحمەد ئەوەشی باس دەکرد کە ئەوکاتەی ئەو لە گوندی "شیرەمەڕ" بوو، مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاویش لەوێ بووە و باسی ئەوەی دەکرد کە چەندە بە شەرم و بە حەیاو نەرم و لەسەرخۆ بووە، وە سەرسام بوو بە شێوازی بانگخوازیکردنی بۆ ئیسلام.. خوا لێیان خۆش بێ.

– پاشان دوای ئەوەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود ناوی دێتەوەو بە فەرمی لەلایەن ئەوقافەوە دادەمەزرێ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ زایینی، هەنگاوی یەکەم و ناو هاتنەوەکەی لە گوندی (بناوەسووتە)ی سەر بە قەزای پێنجوێن دەبێ و لەوێش مزگەوت و گوند ئاوەدان دەکاتەوەو یەکەم مەدرەسەی وانە وتنەوەش دادەنێ و چەند فەقێیەک لە خەڵکی گوندو دەرەوەی گوند لێی کۆ دەبنەوە، وە هەروەها بەهۆی ئەوەی ئەو سەردەمەی مامۆستا کە لە گوندی "بناوەسووتە" دادەمەزرێ، سەردەمی شۆرش و کێشەو نەهامەتیەکان بووە، وە گوندەکەش لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێران بووە، بەو هۆیەوە خەڵکێکی زۆر ڕێیان لە گوندی "بناوەسووتە" دەکەوێ و مامۆستا ئەحمەدیش بە هەڵی دەزانێ و وەک دۆست و خۆشەویستانی دەیگێڕنەوە کە زۆر بوێرانەو

راستگۆیانە "باسی بیروباوەری ئیسلامیی بۆ دانیشتوانی گوندو ئەو خەڵکانەی کە بەشداربوون لە وتاری هەینیی مامۆستادا" کردووەو بە تونديی وەڵامی شیوعیی و مولحیدەکانی ئەو سەردەمەی داوەتەوەو زۆر چاو نەترسانە بەرگری لە ئیسلام و پیرۆزییەکانی ئیسلام کردووە، وە نزیکەی (٢) ساڵ زیاتر لە گوندی "بناوەسووتە" دەمێنێتەوە..

– دواتر بەرەو مزگەوتی (قازی) شاری پێنجوێن کۆچ دەکاو لە وێش نزیکەی (٣) ساڵێك زیاتر دەمێنێتەوەو دەورو کاریگەرییەکی بێ وێنە دەبینێ و لە ڕووی ڕۆشنبیری ئایینییەوە بە تەواوەتی کاریگەری لەسەر دانیشتوانی سنوورەکە دروست دەکات..

– دواتر دەگەڕێتەوە زێدی خۆی لە شارۆچکەی خورماڵ لە مزگەوتی مامۆستا مەلا عبدالله گوڵپی دەست بەکار دەبێ. لەسەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٠ ز.

– پاشان ماوەی (٥ تا ٦) مانگێك دەچێتە مزگەوتی گەورەی شارۆچکەی (سەیید صادق) و لەوێش سەرقاڵی خزمەت و بانگەوازی ئیسلامی دەبێ.، جەنابی مامۆستا مەلا حەسەن بەگی نەوێ دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: مامۆستا مەلا ئەحمەد ئەو ماوەیە هەموو ڕۆژانی هەینیی دەهاتە سەییدصادق و وتارو نوێژی هەینی پێشکەش دەکردین. [١]

– لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٨٠ ز، بە ماڵەوە دەچێتە شارۆچکەی سیروان و لەوێش لە مزگەوتی (صلاح الدین) نیشتەجێ دەبێ، لەم مزگەوتەش کاریگەرییەکی بێ وینەی بینی لە تێگەیاندن و پێگەیاندنی موسوڵمانان، بەراستی بەرەکەتێك لە کاری ڕێکخستنی ئەو کات و ساتانەی سەردەمی شارۆچکەی سیروان هەبوو، هەرگیز دووبارە نابێتەوە، جارێکیان برایەك بەناوی (کاك حمەعارف) دۆست و خۆشەویستی مامۆستابوو لەسەردەمی زێرینی سیروان، هاتە خزمەت مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود لە شاری هەڵەبجەو لە بینایەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە دانیشتبوون، ئیتر ئەو سەردەمە

([١] لە بەرواری (٢٠١٦/١١/٢٩) لە شارۆچکەی سەییدصادق لەگەڵ جەنابی مامۆستاداو لە مزگەوتی "بەختیاری" چاوپێکەوتنم لەگەڵ سازکردو ئەو زانیاریانەی پێشکەش کردین.)

سەردەمی شکۆمەندی بوو بۆ مامۆستا ئەحمەد، چونکە دەسەلآت و توانای سەربازییان هەبوو لە ناوچەکەدا، مامۆستا ئەحمەد بە کاك حمەعارف دەڵێ: گەر لەو دونیا خوای پەروەردگار پرسیاری ئەوەم لێ بکات چ سەردەمانێکت بەلاوە شیرین و خۆشتر بووە، بێ وەستان وەلآم دەدەمەوەو دەڵێم تەنها سەردەمی سیروان..! کۆمێنت بۆ خوێنەری ئەم وەلآمەی مامۆستا ئەحمەد بەجێ دێڵم..!

– هەر لەو ساڵەشداو لە هەمان شوێن جەنابی مامۆستا بەفەرمی دەبێتە وتاربێژی مزگەوتی گەورەی شارۆچکەی سیروان، لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٨٠ ز.. بە یەکەمین مزگەوتێك دادەنرێ کە مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود تیایدا گەشەی فیکریی و مەعنەویی کردو بوویە کەسایەتیەکی بەرچاوو ناسراو.. بەهۆی کاریگەری وتارەکانی مامۆستاوە لەزۆربەی شارو گوندەکانی کوردستانەوە خەڵکی ڕوویان لەو مزگەوتە دەکرد.. وە مامۆستا زۆر چاو نەترسانە بە بوێرییەکی زۆرەوە وتەی حەق و بەرگری لە دین و ئەخلاق و پیرۆزییەکان دەکرد، جەنابی مامۆستا لەمزگەوتی گەورەی سیروان ڕۆلێکی گەورەی هەبوو لە وشیارکردنەوەی خەڵك چ بە گوفتار چ بەنووسین، نوسینەکانی مامۆستا لە سەرانسەری کوردستان خوێنەریان هەبوو، وتارەکانی لە رۆژانی هەینیی هاندەرێکی گرنك بوو بۆ هاندان و ئامادەکردنی موسڵمانان بۆ ڕاپەرینە جەماوەریەکەی (١٩٨٧/ ٥/١١) کە مامۆستا بەو پەڕی لێهاتوویی لە سیروان و هەورامان خۆیان بۆ ئامادەکردبوو.

– پاشان لە سەرەتای دوای ساڵی (١٩٨٠ ز) لە نێوان مزگەوتی صلاح الدین و مزگەوتی گەورەی سیروان، لە تەنیشت قوتابخانەی ڕەنگینی ئەوکات، بینایەك هەبوو کە جێگای خواردنەوەو بێ ڕەوشتی بەعسییەکان و هاوشێوەکانیان بوو، ماوەیەك بوو چۆڵکرابوو، بۆیە مامۆستا ئەحمەد بە هەڵی زانیی و لە ڕێی دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەوکاتی رابوونی ئیسلامییەوە خێرا دەستیان دایە نوێکردنەوەو جوانکاری بیناکەو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ناوی (مزگەوتی سومەیە)ی لەسەر نووسراو لەو مزگەوتەش بە باشی لەبیرمە کە

چەندە مامۆستاو هاوڕێیانی دەورو کاریگەرییان هەبوو. خوا لە هەموویانی وەرگرتبێ و لە مامۆستاش خۆش بووبێ.

– پاشان کە مامۆستا لەلایەن حکومەتی بەعسەوە لە وتاربێژی بەرکەنار دەکرێ، لە گەرەکی "چرۆسانییەکان" لە سیروان مزگەوتێك درووست دەکەن بەناوی مزگەوتی (عمر کوڕی عبدالعزیز)و لەوێش بە گەرم وگوڕی زیاترەوە خزمەت بە ئیسلام و موسوڵمانان دەکات.. خۆم باش بیرم دێ کە مامۆستا وتاری عەسران و لە رەمەزانیش بە شێوەیەکی بەرچاو سەرقاڵی دەعوەو بانگەواز بوو. وە گەورەترین پاڵپشتی جەستەیی و مەعنەوی لەو کاتە ناسکەدا کە کوردستان و بەتایبەت دەڤەری هەڵەبجەو هەورامان و سیروان پیایدا تێ دەپەڕی، دوای خوای گەورە کە پشت و پەناو پارێزەری مامۆستابوو، خزمانی چرۆسانەیی و ئاروزەریی و شەمێرانیی و هەورامیەکان بوون، بەراستی پارێزەری راستەقینەو دڵسۆزو چاوکراوەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود بوون، کە من وەك خۆم شاهێدی ئەوە دەدەم کە خزمانی چرۆسانەیی زۆر لە کەس و کاری مامۆستا دڵسۆزترو پارێزەری مامۆستاو خەمخۆری بوون.. خوا بیکاتە ئەجرو پاداشت بۆ هەموو دڵسۆزان و خەمخۆرانی مامۆستا لەو سەردەمەدا..

– دواتر هەر لەبەر زوڵم و زۆری دەسەلاتدارانی بەعس مامۆستا بەشێوەیەکی کاتی رۆشتە گوندی (بەشارەتی خوارو) وە لەمزگەوتی گوندەکە زۆر بوێرانەو دڵسۆزانە سەرقاڵی کاری ئیسلامیی و دەعوەو بانگەوازی خوایی بوو.

– لە ساڵی ١٩٨٧ ز، ئەوەبوو مامۆستایانی ئایینی ناوچەکە دوای ئەوەی سەردەمی بانگەوازو دەعوەو ئیرشاد کۆتایی پێ دێنن، وە پەروەردەیەکی تۆکمەو پێگەیاندن و تێگەیاندنێکی باشیان بۆ خەڵکی سنوورەکە کردبوو، جەنابی مامۆستا ئەحمەد بەرەو ئێران کۆچ دەکەن و لە ئۆردوگای دزڵی سەر بە قەزای مەریوانی کوردستانی ئێران نیشتەجێ دەبن و لەوێش لە مزگەوتی ئۆردوگای دزڵی کاریگەرییەکی بەرچاو دەبینێ و

لە وتاری هەفتانەو زنجیرە وتارێکی تایبەت کە رۆژانی سێشەم پێشکەشی دەکردو هەروەها کردنەوەی دەیان دەورەی پەروەردەیی بۆ ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامیی..، وە لە مزگەوتی ئۆردوگای "بارام ئاوا"ش بەهەمان شێوە وتارو سەردانی تایبەتی هەبوو..

– پاشان کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ ز، دەستی پێکردو ناوچە سنووریەکانی ئەودیوی کوردستانی ئێرانیش پارێزراو نەبوون لەو هەڵمەتە ترسنۆکانەی حیزبی بەعس و کیمیاوی بارانیش گوندەکانی سنووری گرتەوەو بەو هۆیەوە ئۆردوگای "دەربەند دزلّی"ش لە ترسی کیمیاویی و بۆمبارانکردنی چۆڵکرا، مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودیش بەرەو گوندی (گورگەیی) سەر بە ناحیەی (سەڵواوا) کۆچ دەکەن و جەنابی مامۆستا ئەحمەد لەو گوندەش کاری بانگخوازی بیر ناکات و بە هەڵی دەزانێ و لە مزگەوتی گوندەکەوە دەست بە بانگەوازو رێنمایی خەڵکی گوند دەکات.. خۆم لە یادمەو دەنگی مامۆستا لە گوێمدایە کە دوای نوێژی عەسران هەموو رۆژێ وتارو رێنمایی بۆ خەڵکی هەبوو.. خوای گەورە لێی وەربگرێ..

– بۆ کۆتا جاریش لە مزگەوتی (منیرە الفهد) لە هەڵەبجەی شەهید مزگەوتی ئەو گەڕەکەی ئاوەدان کردەوەو بۆ یەکەمجار وتاری هەینی لەو مزگەوتەدا پێشکەش کردو بە زنجیرە باسێك لەسەر عەقیدەو بیروباوەڕی ئیسلامیی دەستی کردەوە بە وتاردان.. وە تا وەفاتیشی لە هەمان مزگەوت پێشنوێژو وتار بێژ بوو.. خوای گەورە لێی وەرگرتبێت.

*** بۆ بینینی وێنەکانی دەعوەو بانگەوازو ئیرشادی مامۆستا، بروانە پاشکۆی ژمارە (١١)**

شێوازەکانی تری بانگخوازیی مامۆستا

مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود رەحمەتی خوای لێ بێ، وەك باسمان کرد لە ڕووی وتاردان و نووسینەوە جێدەست و کاریگەرییان لەسەر ئاستی کوردستان دیار بوو، بەڵام جەنابی مامۆستا تەنها لەو دوو بوارەدا نەوەستاوەو، بەڵکو لە ڕێگەکانی تری وەك: (وانە وتنەوەی تایبەت و گشتیی و پێشکەشکردنی بەرنامە لە تەلەفزیۆن و رادیۆو و پاشان لە ڕێی ئینتەرنێت و هەروەها لە ڕێی فەتوادانیشەوە) جێ دەست و کاریگەرییان هەبوو، وەك پێشتر هێمامان پێکرد لە پۆستە بانگخوازییەکانی مامۆستادا، مامۆستا زۆر بەتواناو کاریگەر بوو لە ڕووی وتاردان و نووسینەوە، بۆیە لە هیممەت بەرزی خۆیانەوەو لە دڵسۆزییان بۆ ئیسلام و جەماوەرەکەی، تەنها بەو دوو جۆرە لە بانگخوازیکردن بۆ ئیسلام نەوەستایەوەو بەڵکو لە ڕێی رادیۆی دەنگی ئیسلام لە هەڵەبجە بەرنامەی تایبەتییان هەبوو وە هەفتانە لەو مینبەرەشەوە حەق و راستی ئیسلام و بەرنامە درەوشاوەکەی بۆ گوێگرانی باس دەکرد، رادیۆی دەنگی ئیسلام رادیۆی مەرکەزی بزووتنەوە بوو وە سەرتاسەری کوردستان سوود مەند دەبوون لێی، پاشان لە ڕێی پەخشی تەلەفزیۆنیشەوە مامۆستا دەعوەو بانگخوازی خۆی دەکردو لە تەلەفزیۆنی مەرکەزی بزووتنەوە لە شاری هەڵەبجە بەرنامەی خۆی هەبوو، وە دەیان چاوپێکەوتن و لێدوانی تایبەتی لە تەلەفزیۆندا هەبوو، پاشان کە دونیای ئینەرنێت و تەکنەلۆجیای سەردەم پەیدا بوو ئەوەندەی مامۆستا فریا کەوت، لەوێش نەوەستاو دەست و قەڵەمی خۆی گەیاندە ئەوێ و چەندین بابەتی رەخنەیی و وەلامی گومانەکانی ناحەزانی ئیسلامیی لە سایتی کوردستان نێت و چەند سایتێکی تر دەدایەوە.، دوای ئەوەش کە بوویە بەرپرسی مەکتەبی بانگەوازو دیراساتی ئیسلامیی لەوێش لە ڕێی گۆڤاری منارەوە دەیان بابەتی جۆراو جۆری فیقهی، عەقیدەیی، ڕۆشنبیری ئیسلامیی بڵاو دەکردەوە، ئەمەو بێجگە لەوەی کە لە گۆڤاری جەماوەر کە جەنابیان خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە بوون، دەیان فەتوای گرنگ و بابەتی جۆراو جۆری بڵاو کردۆتەوە، لە ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامییش کە خۆیان خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکەش بوون لەوێش بە

هەمان شێوە دەست و قەڵەم رەنگین بوون و ژمارە نەبوو وتارو بابەتی مامۆستای تێدا نەبێ.، پاشان لە هەمووی گرنگتر وەك بەرەکەتی یەکبونی ئیسلامیی کە هەردوو بزووتنەوەی راپەرین و بزووتنەوەی ئیسلامیی کە مامۆستا ئەحمەد پشکی گەورەی هەبوو لەو یەکگرتنەکەدا، لەدوای ئەو یەکگرتنە مەکتەبی فەتوا کتێبێکیان دەرکرد کە یەکەمجار بوو بەو شێوەیە مەکتەب و ئۆرگانێك بتوانێ بەو جورئەتەوە دەیان فەتوای جۆراو جۆر لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی (چمکێك لە فەتواکانی مەکتەبی فەتوا) بلاوکردەوە، کە بەدەیان فەتوای نوێ و گرنگی لە خۆ گرتبوو.. خوا لێیان وەرگرێ و بیکاتە تۆشووی قیامەتیان.

باسی پێنجەم

ڕۆشنبیری مامۆستاو فراوانی زانستیی

لە بواری خوێندن و خوێندنەوەو نووسیندا مامۆستا بە شاهیدی ئەهلی عیلم و ئەهلی قەڵەم زۆر بەتوانا بووە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە جەنابی مامۆستا نزیکەی (١٨) ساڵ لە حوجرەدا ماوەتەوەو سەرقاڵی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان بووە، وە یەکێك بووە لە فەقێ دیارو زیرەکەکانی سەردەمی خۆی، کاتێ کە لە خزمەت مامۆستا شێخ خالیدی موفتیدا دەبێ لەمزگەوتی گەورەی هەڵەبجە، بە پێی وتەی نەوەو ئەوکەسانەی کە ئەوکات مامۆستایان بینییوەو ناسیوە، شاهیدی زیرەکیی و چاکەی لەسەر دەدەن، پاشانیش کە هاتووەتە خزمەتی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز لەوێش هەر نموونەی فەقێی زیرەك و چاوکراوەو شەرم و حەیاو بە دین بووە، مامۆستا هەر لەوکاتەوەی کە (ئیجازەی عیلم)ی وەردەگرێ و دەچێتە گوندی بناوەسووتە، حوجرەو مزگەوتی گوند ئاوەدان دەکاتەوەو چەند فەقێیەك دەگرێ و وانە ئایینیەکانیان پێ دەڵێتەوە.. مامۆستا لەبواری زانست و زانیارییدا بە شاهیدی زۆربەی زانایانی گەورەی کوردستان وەك مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو مامۆستا سید نجم الدین تاهاو دکتۆر موستەفا زەڵمیی و چەندین زانای تری گەورەی کوردستان شاهیدی زانایی مامۆستایان داوە بەتایبەت لە بواری فیقهدا.. وە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان ڕابەرو دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامیی زۆر زۆر متمانەی لەسەر بابەتە فیقهییەکانی مامۆستا هەبووەو زۆرجار پشتگیری فەتواو دەستنووسەکانی مامۆستای کردووە!! پاشان لە وتار بێژیشدا کە خۆی وەك مامۆستای مێزەر بەسەر پیشەی ئەوە بووە وتاربێژێکی سەرکەوتوو بوێرو چاونەترس بووە، هەر لە شارۆچکەی پێنجوێن و خورمالّ و سیروان و ئۆردوگاکانی ئێران و پاشان هەڵەبجەی شەهیدان و هەروەها لە مەراسیمە سیاسیی و ئایینیەکانیشدا توانیویەتیی مافی وتاربێژیی و چاو نەترسی خۆی لەو بوارەدا بسەلمێنێ، مامۆستا سەرجەم سیفاتی وتاربێژیی وەك سیماو ڕیش و باڵاو هەیکەلی جوان و دەنگی خۆش و

زۆڵاڵ و لەسەرخۆیی و شارەزایی لە زانستی تەجویدو خۆشخوانی قورئان کە ئەوە مەرجێکی زۆر پێویستە کە مامۆستای وتاربێژو پێشنوێژکار دەبێ بەچاکی ئەو زانستەیە بزانێت!! وە لە بواری نووسینیشدا ماشاءالله هەمیشەو شەوو رۆژ نەدەوەستاو لە نووسیندا باوەڕ ناکەم کەس وەك مامۆستای رەحمەتی ئەو تاقەت و توانایەی هەبوو بێت!! هەمیشەو هەمووکات سەرقاڵی نووسین بوو.. بۆیە زۆرجار دایکم و منداڵەکانیش هەستمان دەکرد کە مافمان نادات و ئاگای لێمان نەماوەو ئیتر جاجارە گلەییمان لێدەکرد !! وە لە کاتی پەیابوونی کۆمپیوتەریشدا مامۆستا لەو بوارەشدا هەر دوا نەکەوت و لە رێی موحەممەدی کوڕە بچوکیەوە رۆژانە زانیاری کۆمپیوتەرو تایپکردنی بابەت و ئەو بوارانە فێربوو، بۆیە بۆخۆی دەستی دایە تایپکردنی زۆرێك لەبابەت و بەرهەمەکانی.. مامۆستا لە ساڵی ١٩٧٠ ی زایینیەوە دەستی داوەتە نووسین و تا ئێستا بەرهەم و نووسینەکانی مامۆستا گەیشتووەتە ٢٧ بەرهەم.. دەتوانم بڵێم مامۆستا یەك کات بێ خوێندنەوەو بێ نووسین نەبووە، چ لەماڵەوە چ لەسەفەرو چ لەناو ئۆتۆمبیلداو چ لە مەقەڕو بارەگاکانی بزووتنەوەدا، زۆر نرخی کاتی بەلاوە بوو، وە زۆر جەریئو بە توانا بوو لە بابەتە فیقهییەکاندا، هەمیشە ئەو فەتوایەی هەڵ دەبژارد کە لەگەڵ مەسڵەحەتی ئەمرۆی موسڵمانداندا بگونجایە، دەتوانم بڵێم مامۆستا خۆی بە (مقلد) نەدەزانی !! ئەو کتێبانەش کە مامۆستا زۆر گرنگ بوو بەلایەوە ئەمانە بوون: (صحيح البخاري، صحيح مسلم، مجموعة الفتاوى لإبن تيمية، شرح أصول إعتقاد أهل السنة والجماعة للامام اللالكائي، معارج القبول في شرح سلم الأصول للحافظ الحكمي، مغني إبن قدامة، المجموع للامام النووي، الفقة الاسلامي وأدلته للدكتور وهبة الزحيلي، الجهاد والقتال في السياسة الشرعية للدكتور محمد خير هيكل، المحلي بالآثار لابن حزم، سبل السلام للصنعاني، نيل الأوطار للشوكاني، المفصل في أحكام المراة والبيت المسلم للدكتور عبدالكريم زيدان، زاد المعاد للامام إبن القيم الجوزية، يسألونك في الدين والحياة للدكتور احمد الشرباصي، الفقه علي المذاهب الاربعة للشيخ عبدالرحمن الجزيري، فيض القدير شرح جامع الصغير للعلامة المناوي، الكامل في التاريخ لابن الأثير، شرح السنة للامام البغوي، جامع الأصول لابن الاثير، الترغيب والترهيب للامام المنذري، الاصابة في تمييز الصحابة للعسقلاني، الفتاوي الكبري الفقهية للعلامة ابن حجر الهيتمي، تاريخ الاسلام للدكتور حسن ابراهيم حسن، التشريع

الجنائي الاسلامي للشيخ عبدالقادر عودة، حاشية الجمل علي الجلالين للشيخ سليمان الجمل، المختصر في أخبار البشر"تأريخ أبي الفداء" للشيخ عمادالدين اسماعيل ابي الفداء، الاحكام السلطانية للقاضي أبي يعلي الفراء، حواشي تحفة المحتاج للشرواني وابن قاسم، مغني المحتاج للشيخ محمد الشربيني، التاج، الجامع الاصول للشيخ منصور علي ناصف)، وە زۆربەی سەرچاوە گرنگەکانی تەفسیری قورئانیشی لە کتێبخانەکەیدا وە دەست دەکەون و زۆر سەرچاوەی تەفسیری بەلاوە گرنگ بوو، وە سەرچاوە کوردییەکانی بواری تەفسیری کوردی وەك: (تەفسیری مامۆستای رابەری مەزن مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس و شێخ محمدی خاڵ و مامۆستا هەژار موکریانی لە کتێبخانەکەیدا هەن)، وە زۆر سەرسام بوو بە کتێبەکانی سید قوتب و عبدالله عزام و ئیمام مەودودیی، بەتایبەت تەفسیرەکەی "سید" هەزار رەحمەتی لێبێ، وە زۆربەی کتێبەکانی "سعید حوی" لە کتێبخانەکەیدا هەن بەتایبەت تەفسیرەکەی، هەروەها نووسراوەکانی (دکتۆر یوسف قەرزاویی و محمد غەزالی میسریی و عبدالله ناسیح عەلوان و محمد احمد راشد)ی لە کتێبخانەکەیدا هەن و هەمیشە سوودو کەڵکی لێوەردەگرتن، وە سەرجەم نووسراوەکانی مامۆستای پایەبەرزی کورد مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس بە تایبەت تەفسیرەکەی تەفسیری نامی خوێندوەتەوەو لە کتێبخانەکەیدا هەن، وە هەروەها گرنگی زۆریشی دەدایە کتێب و نووسراوەکانی دکتۆر موستەفا زەڵمیی و زۆر بە زانایەکی لێهاتوو بە جورئەتی لە قەڵەم دەدا، وە زۆر سەرسامی کتێبەکانی مامۆستا مەلا عبدالرحیمی مەولەوی بوو "بەرەحمەت بێ" بەتایبەت کتێبی (عەقیدەی مەرزیە) و زۆربەی شیعرەکانیشی لەبەر بوو، وە زۆربەی کتێبە شیعرییەکانی وەك نالیی و مەحویی و مەولەوی و مام هەژارو چەندانی تر لە کتێبخانەکەیدا هەن و موتالاّی کردوون). ئێستاش لە کۆ کردنەوەو بەچاپ گەیاندنی فەتواکانی مامۆستاداین ان شاءالله.. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە مامۆستا زۆر زۆر ڕێزو حورمەتی زانایانی لابوو، بەتایبەت زۆر ڕێزو خۆشەویستی و دڵخۆشی فەقێ و تالیب العیلمی دەکرد.

باسی شەشەم

عەقیدەو بیروباوەڕی مامۆستا

مامۆستا زانایەکی زۆر دامەزراوو عەقیدە پاکبوو، بە مەعنای کەلیمە لە مەسەلەی (ئیمان و کوفردا) (سەلەفییەکی تەواو بوو)، دوور بوو لە فیکرەی (الإرجاء والخوارج)، "واتە: بە بەزەیی لەگەڵ دارو دەستەی دەسەڵاتدارانی سەردەم و توندو تیژ بەرامبەر بە موسڵمانان" ئەم دوو سیفەتەی هەرگیز تێدا نەبووە، لە بواری حاکمیەتی رب العالمینەوە لە دێر زەمانەوە هەر لە شارۆچکەی سیروانەوە تا دەگاتە زەمەنی هیجرەت و (ئۆردوگاکانی دزڵیی و بارام ئاوا) لە وتارو دەرس و جموجوڵەکانیدا بەکردار رەنگی دابوویەوە لە ژیانیداو پێی وابوو کە تەنهاو تەنها دەسەڵات و تەشریع دەبێ بۆ (رب العالمین) بێت، وە نابێ هیچ بەرنامەیەکی تری دەستکرد لە ژیانی مرۆڤەکاندا کاری پێ بکرێت جگە لە بەرنامەکەی خوای تاقانە کە قورئانە. هەموجار دەیگوت: خوای گەورە زۆر بەرەحم و بەزەییە، ئەگەر مرۆڤ نوێژێکی یان رۆژوویەکی یان باقی عیبادەتەکانی تری جارجارە لەدەست بچێ، خوا چاوپۆشی لێدەکات، بەڵام ئەوەی خوا چاوپۆشی لە بەندەکانی ناکات ئەوەیە کە بەندەکانی شیرك و هاوەڵی بۆ قەرار بدەن بەتایبەت لە حاکمییەتدا !! وە دەیفەرموو: هەموو موسڵمانان لای خوا گوناهبارو تاوانبارن لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە ماوەیەکی زۆر زۆرە لە حوکم کردن دوور خراوەتەوەو کاری پێناکرێ !! المهم مامۆستای رەحمەتی لە حاکمییەتی پەروەردگاردا زۆر زۆر جیددی و توند بوو، لە مەسەلەی دەستوورەکەی عێراق و کوردستانیشدا لە رووبەڕووبونەوەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتیی و یەکێتی بەناوی بزووتنەوەوە زۆر بە ئاشکرا ئەو هەڵانەی بە رووبی بۆ لیژنەی ئامادەکاری دەستوورەکە رووبەڕووبونەوەو داوای لێکردبوون کە دەبێ تەنها ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت و بەس!! وە لە دوو وتاری هەینی تایبەتیشدا لە مزگەوتی (منیرە الفهد)دا لە هەڵبجەی شەهید زۆر بەتوندی هێرشی کردە سەر دەسەڵاتداران و لیژنەی ئامادەکاری دەستوورەکە..

لەبارەی ئەسماو سیفاتیی پەروەردگاریشەوە کاتێ کە تەفسیرەکەی دەنووسی تا ساڵی ١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٠.. ئاگاداربووم زیاتر رەئی و بۆچوونی "خەلەف"ی هێنابوو، چاوی لە مامۆستای رابەرو سەرکردەکەی خۆی کردبوو جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز

(رحمه الله)، چونکه جەنابی رابەری مەزنیش هەردوو رەئی سەلەف و خەلەف لەوبارەوە لەتەفسیرەکەیدا هێنابوو.. پاشان کە "من" لە وڵاتی (یەمەن) گەڕامەوەو سەرچاوەو کتێبی نموونەییم لەو بارەوە بۆ باوکی رەحمەتیم هێنا، مامۆستای باوکم بێ چەندوچوون دەستی دایە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەو دواتر هەموو تەفسیرەکەی لە بواری ئەسماو سیفاتەوە خستە سەر ڕای سەلەف، ئەوەش خۆی بۆ خۆی فەزڵ و گەورەیی مامۆستای رەحمەتی دەردەخات.. جارێکیان لەناو ئۆتۆمبیلدا بووین و بەرەو هەڵەبجەی تازە دەڕۆشتین و کتێبی ئەسماو سیفاتی ئیبن تەیمییە بەشەرحی شێخ عوسەیمینی دەخوێندەوە، دواتر فەرمووی: بەداخەوە لە زەمانەی ئێمەدا لە حوجرەکاندا ئەم هەموو کتێبە چاکانە دەست نە دەکەوتن.، وە تەنانەت لەو سەردەمانەدا کەئێمە دەمانخوێند کتێبی سەحیحی بوخاریی و موسلیمیش هەر نەبوو..!! بۆیە ئێستا گەنجەکانمان گلەیی لە مامۆستا مێزەر بەسەرەکان دەکەن.

پێڕەوی مامۆستا لە مەزهەبی شافیعی:

جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود وەك هەر مەلاو مامۆستایەکی ئایینی تری کوردستان و دانیشتوانەکەی پێڕەوییان لە مەزهەبی شافیعی کردوەو لە فیقهی شافیعیشدا قاڵ بوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کێشەو گرفتەکاندا هەرگیز دەمارگیری نەبووە بۆ مەزهەبی شافیعیی و بە دەیان بۆچوون و فەتوای تری مەزهەبەکانی تریشی وەرگرتووە، وەك لە کتێبی فەتواکانی جەنابی مامۆستا ئەحمەد دا وە دەردەکەوێ.

باسی حەوتەم

فەتواکانی مامۆستا مەلا ئەحمەد

جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود لەبەر ئەوەی کە زانایەکی زۆر بەتوانابوو لە بواری فیقهداو جێی متمانەی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانیش بوو بە رەحمەت بێ، وە بەپێی شوێن و پێگەکەشی کە بەرپرسی مەکتەبی فەتواو هەروەها بەرپرسی دادگای بالأی شەرعیش بووە، بە دەیان فەتواو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووەو لە زۆرینەی گۆرانکاریەکاندا بەپێی مەسلەحەو مەفسەدەی ئەو زەمەن و ساتانەی کە تێیدا ژیاون، بەو پەڕی جورئەت و لێهاتوویییەوە فەتواو حوکمی دەرکردووە، وە هەندێ جار جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان پشتگیری لەسەر فەتواکەی بۆ نووسیوە، وە سوپاس بۆ خودا سەرجەم فەتواکانی جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود کۆکراوەتەو سەرقاڵی رێکخستن و لێکۆڵینەوەی فەتواو بۆچوونەکانی مامۆستاین و بەم زووانە بە چاپی دەگەیەنین کە زیاتر لە ٣٥٠ فەتواو بۆچوونی تایبەتی مامۆستا دەبێ، لێرەشدا بە کورتە هەندێ سەرباسی ئەو فەتوایانە دەنووسین بۆ زانیاری زیاتری خوێنەر:

١- بڕیار لە مەڕ ئەو خوشکانەی مێردەکانیان بێ سەرشوێن (مفقود)ن..!

٢- حوکمی شەرعی لەو پارەو عوملانەدا کە زێڕو زیو نین..!

٣- گۆرینەوەی هەر عوملەو دراوێك بە هەر دراوێکی دیکە، بە قەرز یا بە هەر جۆرێکی تر، ئایا ڕەوایە..؟! وەك بازاڕی دۆلارەکەی ئەمڕۆ..!

٤- زەکاتی دانەوێڵە..! ئایا ڕێژەی زەکاتی دانەوێڵە چەندە..؟ وە ئایا زەکات لە میوەجات و سەوزەدا هەیە..؟

٥- سەداو سیماو وێنەی ژنان: حوکمی شەرعی لەمەڕ سەداو سیمای ئافرەت لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆداو، وێنەی لەڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا چۆنە..؟

٦- ئایا دەنگی ژنان عەورەتە یان نا..؟!

٧- حوکمی وێنە گرتن (وێنەی فۆتۆگرافی) و.. پاشان وێنەی ژنان لە بڵاو کراوەکاندا..؟!

٨- حوکمی تەوقەکردنی ژن و پیاوی نامەحرەم لەگەڵ یەکدا..!

٩- حوکمی بە شوودانی کیژی نابالّغ..؟!

١٠- حوکمی دابەشکردنی زەوی لە لایەن شارەوانییەوە..؟!

١١- حوکمی ئەو شتانەی وا بەدەست کرێکارەوە تیا دەچێ..؟!

١٢- حوکمی گواستنەوەی گۆڕ لە بەر بەرژوەوەندی گشتیی..؟!

١٣- فیقهی ئیسلامیی و ڕووداوەکانی ئەمڕۆی هاتوچۆ..؟! (حوادث السیارات).؟!

١٤- حوکمی خۆ پالّاوتن بۆ وەدەست گرتنی بەرپرسێتی..؟!

١٥- جەنگیین لە مانگە قەدەغەکراوەکاندا..؟!

١٦- تۆلّەو ئیقابە خواییەکان ناگۆڕدرێن..!

١٧- دەزگای چاودێریی و سۆراغ و پێداچوونەوە..؟!

١٨- حوکمی خەتەنەی کچان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە..؟!

١٩- حوکمی گومرگ و وەرگرتنی سەرانە..؟! وە جگە لە زەکات، ئایا ڕەوایە مالّی تر لە موسلّمانان وەر بگیرێت..؟!

٢٠- حوکمی یادکردنەوەی سەری سالّی زایینی..؟!

٢١- حوکمی ڕۆشتن بۆ هەندەران..؟!

٢٢- حوکمی پەیمان و هاوپەیمانێتی لە ئیسلامدا..؟!

٢٣- دەبێت بەڕێوەبەری زیندان کێ بێت..؟!

٢٤- مەسرەفی زیندانی لەسەر کێ دەبێ..؟!

٢٥- حوکمی گۆرانیی و مۆسیقا لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەکاندا..؟!

٢٦- حوکمی بەشداری ئیسلامییەکان لە پەرلەمان و وەزارەت..؟!

٢٧- ئایا ئەزانی کێ هەلّبژێریت بۆ (پەرلەمان و سەرۆکایەتیی و ڕابەرێتی ولاّت).؟

٢٨- حوکمی قەدەغە کردنی فرە ژنی لە پەرلەمانی کوردستان و خوێندنەوەیەك لە مەڕ بڕیاری ژمارە (٦٢).؟!

٢٩- وەلأم و هەڵوێست لەسەر قەدەغە کردنی فرەژنی، بڕیاری (٦٢)ی پەرلەمان و، باری کۆمەلأیەتی و سیاسیی ئێستای کوردستان.؟!

٣٠- حوکمی باوەڕکردن و کارکردن بە بوورجەکان..؟!

٣١- (٧٠٠) پرسیارو وەلأمی شەرعی تایبەت بە ژنان و ئافرەتانەوە.؟!

بە دەیان فەتواو بۆچوونی تری مامۆستا ئەحمەد کە خوا یاربێت بەم زووانە بە چاپی دەگەیەنین..

باسی هەشتەم

ستاییشی زانایان و کەسایەتیی و ناودارانی کوردستان لەسەر مامۆستا

- **یەکەم: مامۆستا شێخ محەممەد بەرزنجی پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامیی "بەڕەحمەت بێ":**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على اشرف خلقه محمد الامين وعلى آاله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين و بعد:

ئەوە راستیەکە کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات بەراستی نموونەی کەم بوو, هەموو لایەکمانی نیگەران کرد کە پیاوی وا خاوەن امتیاز جوانە مەرگ بوو، هەموو موسڵمانان بە تایبەت موسڵمانانی کوردستان زانایەکی وا گەورەمان لە دەست دەرچوو, هیوادارین رۆڵە موسڵمانە بە نرخەکانی هەمیشە ئەو شارێگەیە بگرن کە باوکی بەڕێزیان گرتبوویی و پیا رۆشتبوو.

ـ بێگومان زانیاریی و بانگەواز و هیجرەت و جیهاد رەوشتی بەرزی مامۆستا چراخانێك بوو هەرگیز ناکوژێتەوە.

ـ بەپێی سەرنجدانی من لە قورئان و سوننەت و سیرەتی یارو یاوەرانی پێغەمبەر (درووی خوای لەسەر بێت) و زانایان و دۆستانی خوا، مێژووی ژیانی مامۆستا لە مینبەرەوە کە تێپەر بکات بە هەموو قۆناغەکانی خزمەتی ئیسلام تا پەروازی رۆحی پیرۆزی بۆ فیردەوسی باڵا جودا ناکەمەوە لە مێژووی ژیانی سەلەفی صالح.

ـ کاریگەری دڵسۆزیی و هەڵسوکەوتی هەروەها کردارو گوفتارو رەفتاری مامۆستا مەلا ئەحمەد لەو مەیدانەدا کە باسی دەکەی لە ئاستی رەزامەندی خوداو قەڵەمی فریشتەکان و پیاچوونەوەی ئاگادارانی ئیسلامیی پلەی بەرزی بە دەست هێنا بوو , من لەو کاتەوە کە پێی ئاشنا بووم کە هێشتا قوتابی بوو لە قوتابخانەو پەیمانگا ئیسلامیەکان تاکاتی خواحافیزی بۆ ناو پۆلی پیاوچاکانی ئەم ئوممەتە خاڵێکی سەلبیم تیا بەدی نەکرد لەو بوارانەدا کە باسم کرد خوای گەورە پاداشتی بداتەوە.. داوا ئەکەم لە کەس و کارو

هاوڕێکان و قوتابیان و هاونیشتمان و هاوبیرانی هەروەکو ئەو خاوەنی استقامەت بن لە پەیڕەوی کردن لە جوانترین قدوە حسنە کە رسول الله یە، هەروەها خاوەنی استقامە بن لەو پەیمانەی کە دەیدەن بە خوداو پێغەمبەرو لە گرێبەستی برایەتی لەگەڵ موسڵمانان وەك ئەو برا بەڕێزەمان کە نموونەیەکی بەرز بوو لە جیهانی ئیسلامیداو لە میانەرەویدا.

لە کۆتاییدا لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە ئەو بەڕێزە لە خزمەتی رسول اکرم و لە کۆڕی زانایانی خواپەرستیدا گیانی پاکی شادو شادومان بێت هەروەها لە خوای گەورە ئەپاڕێمەوە کە زانایانی ئایینی جیهانی ئیسلام بەگشتیی و کوردستان بە تایبەتی مصداقی فەرموودەی پەروەردگار بن کە دەفەرموێت: من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه فمنهم من قضي نحبه و منهم من ينتظر و ما بدلوا تبديلا.

- **دووەم: مامۆستا شێخ سدیق عەبدولعەزیز محەممەد کەسایەتی ئیسلامیی کوردستان:**

بسم الله، الحمد لله، والصلاة والسلام على أشرف خلقه محمد الامين وعلى اله واصحابه واتباعه الى يوم الدين وبعد:

وەفاتی برای بەڕێزوو لە یادنەچووم جەنابی حاجی مەلا ئەحمەد کاکە محمود بە تەئکید بۆشاییەکی خستە نێو رابونی ئیسلامی لە کوردستاندا, داخێکی خستە دڵی من و هەموو دۆستان و هەوادارانی. ماموستا تەنها مەلایەك نەبوو مزگەوتێك بەتەنها چۆڵ بکات و مەلایەکی تر جێگەی پر بکاتەوە، من لە دێر زەمانەوە لەگەڵ ماموستادا دۆست بووم و پەیوەندی ئیمانیی و ئیسلامیی لەنێوانماندا هەبووە , سەرکردەیەکی مەیدانی بوو خۆی بەبەشێك لە موسوڵمانان دەزانی، بەسەرکەوتنی موسوڵمانان دڵخۆش دەبوو بە نارەحەتیان ئازاری پێ دەگەیشت. بۆیە موسوڵمانانی ناوچەکەش بەلەدەستدانی مامۆستا ئازاریان پێ گەیشت.

ـ بانگەشەی بۆ ئیسلام و ئیسلام خوازی و کۆچکردنی و جێهێشتنی مالّ و جێگەواری خۆیی و کۆشش کردن بە مەبەستی خزمەت بە ئیسلام و رابونی ئیسلامیی و جێگرکردن و بڵاوکردنەوەی یەکتاپەرستی بۆ خوای گەورە لە سیفاتەکانی ئەم پیاوە بوون، چۆن ماموستا ئەو لایەنانە لە ژیانیدا رەنگ نادەنەوە لە کاتێکدا ئەو خۆی تەفسیری ئایەتی (کنتم خیر أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنکر وتؤمنون باللہ) دەکات کە سێگۆشەی ئینسانی موسوڵمان پێك دێنن، گەر سەیری ژیانی مامۆستا بکەین ئەوە بەتەواوەتی وەڵامی ئەو پرسیارەمان بۆ دەداتەوە و بێگومان ئەو مەعالیمانە رەنگدانەوەیەکی ئاشکراو بەرچاوی هەبووە لە ژیانی ماموستادا بە هەزاران رەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت.

ـ ماموستا ملا ئەحمەد رحمه الله مزگەوتەکانی کردبوو بە مەڵبەندی راگەیاندن، باش لە ئایەت و ژیانی پێغەمبەر ﷺ تێگەشتبوو (ولکم في رسول الله اسوة حسنة) کاتێك کۆچی کرد بۆ مەدینەی پیرۆز یەکەم کاری دروستکردنی مزگەوت بوو بەدەستی پیرۆزی خۆی کاری تێدا دەکرد، چونکە شوێنی بانگەوازی ئیسلامەو شوێنی کۆبونەوەو رێکخستنی سوپاو راپەڕاندی هەموو ئیشەکانی ئومەت بوو.

ـ بە تەئکید ماموستا ئەحمەد یەکێك بوو لە ئالّا هەڵگرانی جیهاد و هەرواش یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی بە سەرکردایەتی جەنابی ماموستای موجاهید مامۆستا ملا عوسمان عبدالعزیز, مامۆستا ملا ئەحمەد یارمەتیدەری ماموستا ملا عوسمان بوو ئەو ماموستا ملا عوسمانەی کە ئیعلانی دیفاع و موقاومەی لە گەلی کورد کرد. بەڵی شەرەفێکی گەورەیە بۆ ماموستا ملا ئەحمەد کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی، کام بزووتنەوە؟ ئەو بزووتنەوەی کە بۆ یەکەم جار لە میژوی ئیقلمیی کوردستانی عێراقدا ئالّای (لا اله الا الله ومحمد رسول الله) بەرز کردەوە, ئەو بزووتنەوەی کە لە شاخ و داخی کوردستاندا دەجەنگا بۆ رزگارکردنی گەلی کورد بەرادەیەك بوو بوو بە جێگەی سەناو تەقدیری هێزە سیاسیەکانی تر. حاجی مەلا

ئەحمەد رەحمەتی خوای لێ بێت سەلماندی نەك تەنها لە جیهاد و بانگەوازدا شوێنکەوتەی راستەقینەی مامۆستا مەلا عوسمانە بەڵکوو لە تەفسیریشدا شوێنکەوتەی راستەقینەی بوو.

ـ داواو تکام وایە لە ژیانی پر خێری ئەو ئیستفادە بکەن , ژیانێك کە یەکێك لە وێنەکانی تەرخانکردنی دەسالّی تەمەنی بۆ تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز , ژیانێك کە لە بانگەوازو کۆچ و تێکۆشان بۆ ئەم دینە بەسەری برد، بەراستی حەق وایە وەستان لەبەردەم ئەم قۆناغانەی ژیانیدا بکەن بەتایبەت گەنجان چونکە سەردەمی گەنجێتی مامۆستا (اهم فتية امنوا بربهم وزدناهم هدي) بوو...

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەی ئازیزو لە یاد نەچومان رحمة الله عليك يوم ولدت و يوم مت و يوم تبعث حيا.

- **سێیەم: مامۆستا صەلاحەدین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی**

بسم الله الرحمن الرحيم. الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله محمد واله المهتدين بهداه.

بێگومان لە دەستدانی مامۆستا ئەحمەد لە دەستدانی زانایەکی شارەزاو کەسایەتیەکی دڵسۆزی ئیسلام و موسوڵمانانی کوردستانە.. بەڵام کۆچکردن سوننەتی خوایە بۆ هەموو گیانلەبەرێك و هەمومان دەبنۆشین.. بۆیە باسمان لەوەبێ کە ئەم جۆرە خەسارەتانە چۆن پڕ بکرێتەوەو چۆن نموونەی مامۆستای مەرحوم و ئەو رێبازو بەرنامە جوانە دووبارە ببنەوەو، چۆن درێژە بدەین بە کاروکاروانی.

بێگومان مەرحوم بانگخوازێکی سەرکەوتوو بو لە روانگەی ئەوەی کە زاناو نوسەرێکی شارەزای بیری ئیسلامی بوو.. هەروەها پلەی هیجرەت و ئاوارەیی لەسەر ئەو بیروباوەڕە

پێ بەخشرا.. بەردەوامیش لە خەبات وتێکۆشاندا بوو بە هەموو شێوازەکانی تێکۆشان و جیهاد.. داواکارم خوای گەورە لێی وەرگرێ و پاداشتی بداتەوە..

- بێ گومان زاناو وتار خوێنێکی سەرکەوتوو بو مافی مینبەری دابو، وتارەکانی هەینی و بۆنەکان شایەتن لەسەر ئەو تواناو لێ هاتنە.. بە رای من لەو بوارەدا پێشەنگ بوو، ئەم قۆناغەی سەرکەوتوو ترین قۆناغی ژیانی بوو..

ــ باسی کاریگەری ئەو لە رەوتی بزوتنەوەی ئیسلامیدا ئەمان بات بۆ باسی هەڵسەنگاندنی کاروباری بزووتنەوە کە لێرە شوێنی نیە.. بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەوەوەبوو بەرای من ئەو سەرکردەیەکی دڵسۆز وخۆنەویست ولێ بڕاو بوو ئەگەر چی کاریگەری لەسەر تێکڕای رەوتی بزوتنەوە زۆر بەرچاو نەدەکەوت و لە قۆناغە جیاکانی کاروانەکەدا لە پێشەوە بوو بەڵام ئەندازەی کاریگەری لە پێشەوە نەبوو لەبەر تایبەتمەندی بزوتنەوەو پێکهاتەکەیی و بارودۆخە زاتی وبابەتیەکانی..

- بێ گومان پەیامی ئێمە بۆ گشت براو خوشکانی و هاوڕێبازی ئەو مامۆستا مەرحومە ئەوەیە یادی چاکەکانی بکەنەوەو بەخێر ناوی بهێنن و پەندو عیبرەت لە مێژووی تەمەنی وەرگرن و بەوەفابن بۆ ئەو رێبازو بەرنامەیەی.

- **چوارەم: مامۆستا عەلی باپیر وەتمان ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی**

بسم الله الرحمن الرحيم. الحمد لله والصلاة والسلام علي رسول الله محمد و علي اله المهتدين بهداه.

پیاوێکی وەك جەنابی مامۆستا مەلا (ئەحمەدی کاکە مەحمود) خوا لێی خۆش بێ و پلەو پایەی بەرزو بەرزتر بکاتەوە کە وێڕای ئەوەی مەلایەکی شارەزاو دانا بوو، خەتیب و

بانگخوازو دەرس بێژو نووسەرێکی کەم وێنەش بوو، بێگومان بەکۆچی دوایی کردنی کەلێنێکی گەورەی بەجێهێشتوە، بەڵام ئومێدەوارم کە کوڕو شاگردو هاو سەنگەرەکانی بەهەوڵو هیممەتیان ئەو کەلێنو بۆشایی یە پڕبکەنەوە.

- بەڵێ هەرکام لە بانگەوازو هیجرەتو جەنگو جیهاد لەپێناوی خوادا کە سێ لایەنی گرنگو گەورەی کەسایەتی مسوڵمانن، لەژیانو گوزەرانی مامۆستا مەلا ئەحمەددا بەزەقی دەبینرانو، هەرچی بانگەواز کردنیەتی ئەوە کتێبو نامیلکەو نووسینەکانی – بەتایبەت تەفسیرەکەی_، وەدەرسو دەورو وتارەکانی بەڵگەو شایەدن، هیجرەتو جیهادەکەشیی لە لاپەڕەکانی مێژووی کارو کاروانی شکۆمەندانەی ئیسلامیی دا بەخەتی نوورین تۆمار کراوەو مامۆستا یەکێك بوو لەو سەرمەشقو ڕێ شکێنانەی کەدەیان پێشمەرگەو موجاهیدیان فێری خەباتو فیداکاریی کرد لەپێناو خواو بەرگری کردن لەئیسلام و موسوڵمانان دا.

- لەو کاتەدا کە مامۆستا مەلا ئەحمەد لە سیروانو شوێنەکانی دیکەش وەك خەتیبێکی بوێرو سەرڕاست لەڕێی وتارەکانییەوە ڕاستیەکانی ئیسلامی دەخستە ڕوو و بەرچاوی خەڵکی ڕۆشن دەکردەوە، کاتێك بوو کەڕژێمی بەعسی دڕندە لە بیانوو دەگەڕا بۆ گرتنو ئازارو ئەشکەنجەدانو مل بەپەت داکردنی هەرکەسێك کە پێچەوانەی سیاسەتو بەرنامەی جوولاّبایەوە، بەڵام مامۆستا مەلا ئەحمەد چونکە خۆی نەزری ئایینو بەرنامەی خوای پەروەردگار کردبوو. بێباکانە لەسەر هەقبێژیی خۆی سوورو بەردەوام بوو.

- بێگومان بەشداری کردنی پیاوێکی وەك مامۆستا مەلا ئەحمەد لەجەنگو جیهادی قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازییو قۆناغەکانی دواییش دا کاریگەریی یەکی زۆری هەبوو لە هاندانی خەڵکو تێگەیاندنیان لەو ڕاستیە کە زانایانی ئیسلام پێویستە سەرقافڵەی کاروانی خەباتو جیهادبن.

- **پێنجەم: حاجی عیرفان عەلی عبدالعزیز محەممەد**

رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامیی

–جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد (رحمه الله) هەر لەکاتی لاوێتیەوە کە دێتە هەڵەبجە بە مەبەستی دەرس خوێندن سەردەمێك لە خزمەت جەنابی مامۆستا مەلاعوسمان (رحمه الله) دەرس دەخوێنێت، وە ئاشنا دەبێت بە مەدرەسەی جەنابی ڕابەرو دواتریش دە بێتە یەکێك لە قوتابییە دڵسۆزەکانی ئەو مەدرەسە، کاتێك خوێندن تەواو دەکات لە شارۆچکەی سیروان نیشتە جێ دەبێت، وە دەبێتە یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی ڕابوون، لە ناوچەی سیروان و هەورامان، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کە هەبووە هەمیشە وەك کورێکی دڵسۆزی مامۆستا مەلاعوسمان سەیرمان کردووە، هەر لە کۆتایی هەفتاکانەوە پەیوەندی زۆر بەهێز هەبووە لە نێوانماندا.

– ئەوەی کە زۆر گرنگبوو لە ژیانی مامۆستادا ئەوە بوو کە گوفتارو کرداری یەکێك بوو، هەر لەسەرەتای هەشتاکاندا کاتێك رابوون بۆ جارێکی تر خۆی ڕێکخستەوە، وە بەشێوازێکی نوێ دەستکرایەوە بە کارکردن، جەنابیان لەمزگەوتی گەورەی سیروان ڕۆلێکی گەورەی هەبوو لە وشیارکردنەوەی خەڵك چ بە گوفتار چ بەنووسین، نوسینەکانی بەرێزیان لە سەرانسەری کوردستان خوێنەری هەبوو، وتارەکانی لە ڕۆژانی هەینیی هاندەرێکی گرنك بوو بۆ هاندان و ئامادەکردنی موسڵمانان بۆ ڕاپەرینە جەماوەریەکەی ٥/١١ /٨٧ کە جەنابیان بەو پەڕی لێهاتوویی لە سیروان و هەورامان خۆیان بۆ ئامادە کردبوو...

– مامۆستا وەك باسمانکرد چ بە وتارەکانی چ بە نوسینەکانی بانگخوازێکی لێهاتووی سەنگەری رابوون بوو، هیچکات سەری نەوی نەکرد بۆ حیزبی بەعس و هاوشێوەکانی، کاتێکیش خەڵکی شارەزوورو هەڵەبجە بەفەرمانی مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی (رحمهم الله) ڕاپەرین بەرامبەر بە زوڵم و زۆری بەعسی عەفلەقی لە ٨٧/٥/١١ جەنابی مامۆستا یەکێك بوو لەو عالیمە عامیلانەی کە بەدەم ئەم بانگەوازەوە هاتوو، بە

ئەوپەڕی لێهاتوویی و گیان فیدایی، هانی خەڵکی دەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەعسی عەفلەقی، کاتێکیش بریاری هیجرەت درا، جەنابیان وەك خەڵکی موسڵمانی ناوچەکە مالّو سامانی خۆی بە جێهێشت و بەرەو شاخەکانی هەورامان هیجرەتی فەرموو، دوای هیجرەتیشی بوویە فەرماندەی میحوەری هەورامان، کەواتە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا (رحمه الله) بانگەوازو هیجرەت و جیهادی بە یەکەوە گرێدابوو...

– جەنابی مامۆستا لە بواری رۆشنفیکری ئیسلامیشدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو هەر کتێبێکی دەستبکەوتایە دەیخوێندەوەو زۆریش نیگەرانی لاوازی موسڵمانان بوو، لەو بوارەدا بەتایبەت بەزمانی کوردی هەوڵی دەدا بەشدار بێت لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە رێگەی نووسینەکانییەوە کاتێك بەرێزیان لەسەر مافی ژنان لە ئیسلامدا....پەروەردە.. خواپەرستی...سەربەستی... سیاسە ت.. هتد... دەنووسی، لەوانەیە لای زۆرکەس تازە بوبێت.

– دوای راپەڕینە جەماوەرییە مەزنەکەی ٨٧/٥/١١ حەوزەی شارەزوور بە رابەرایەتی زانایانی پایە بەرزی ناوچەکەو هیجرەتی خەڵکی موسڵمان و ڕاپەریوی، لە یەکەمین دانیشتندا بۆ ئاشکراکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان مامۆستا مەلا ئەحمەد هەڵبژێرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی وە چەندین پۆستی هەستیاری لە ناو بزووتنەوەدا گرتووەتە ئەستۆی خۆی چ پێش ڕاپەرینی ٩١، وە چ لەدوای راپەڕین، هەر کارێکی پێ سپێردرابێت بە ئەو پەڕی دڵسۆزیی و لێهاتوویی ئەنجامی داوە، جەنابیان لە هەموو خۆشیی و ناخۆشییەکانی باسکدا هەبووەو لە رۆژە سەختەکاندا بە صەبرو موقاوەمەتی خۆی، بوونی خۆی سەلماندووەو بۆتە جێگەی دڵخۆشیی و وەرە بەرزی ئەندامانی باسك..

– دیارە لە دنیا دەرچوونی کەسایەتییەکی ئاوەها بە تواناو خاوەن ئەزموون لە ژیانی شەخصیشدا پیاوێکی زاهیدو پاکو بێگەرد.. لە کاتێکی ئاوەها هەستیار لە ژیانی باسك، کەلێنێکی گەورەی دروستکرد، بەتایبەت کە جەنابی باوکم (رحمه الله) زۆر دڵی پێی

خۆش بوو، وە جێگەی ئومێدی بوو لە دوای خۆی. وەفاتی مامۆستا ئەحمەد (رحمه الله) ئەوەندە کتوپڕو جەرگ بڕ بوو، ئێمە نەمان توانی ئەو هەواڵە بدەینە باوکم (رحمهم الله)، وە هەتا ئەویش وەفاتی کرد هەرپێمان نەوت بۆ ئەوەی زیاتر نارەحەت نەبێت، داواکارین لە خودای گەورەو میهرەبان لە گوناهیان خوشببێت و لە ژێر عەرشی خۆیدا کۆیان بکاتەوە، چونکە ئەوەی توانییان ئەنجامیاندا، بەسەر بەرزی ژیان وە بەسەر بەرزی وەفاتیان کرد.نحسبه كذالك ولانزكي على الله احدا.

- **شەشەم: مامۆستا مەلا محەممەد عومەر عەبدولعەزیز ناوەندی ئیعجازی کوردستان:**

ئەمرۆ کە بەرواری ٢٠١٦/١/٢٥ یە، نۆ سالێ تێدەپەڕێ بە سەر کۆچی زانای خواناس و بە ئەمەکی وەك مامۆستا ئەحمەدکاکەمحمود دا و پێش هەموو شتێ داوای لێخۆشبونی بۆ دەکەین و دەڵێین (ربنا اغفرلنا ولإخواننا الذين سبقونا بالإيمان) و پێمان چاکە وەك وەفای برایەتی چەند دێرێك لە بارەیەوە بنوسین نەك بە مەبەستی شین وگریان بەڵکو بە مەبەستی ئەوەی چ نەوەکانی و چ شاگردو دۆستەکانی چاوی لێ بکەن و بە دوایدا بڕۆن و هەڵگری هەمان ڕێگەو بەرنامە بن.

- پاش ئەوەی عیلمێکی باشی خوێندووە ئیجازەی وەرگرت و هاتە ریزی مامۆستا مێزەر بەسەرەکانەوە هەستی بەوە کرد کە مەلایەتی میراتگری پێغەمبەرانەو ﷺ ئەرکێکی پیرۆزو قورسەو ئایەتی: (الذين يبلغون رسالات الله ويخشونه ولايخشون احدا الا الله) ناخی هەژاند، هەر بۆیە لە ڕۆژە پڕ مەترسی و سەخت و دژوارەکاندا ئازاو بوێرانە لەسەر مینبەرەکان و دەرسە ئایینەکانیدا پەیامی ئیسلامی ڕادەگەیاندو عەقیدەی پاك و ڕەوشتی بەرزی ئەرواند و بە قەڵەمەکەی کتێب و نامیلکەی دەنوسی.

ـ سەرجەم خەڵکێکی بە ویژدان شایەتی هەڵوێستی نەگۆراو ئازایانەی بۆدەدەن، وەك نمونەیەك لەسەر ئەم راستییە هەندێ لەوانەی کە لە هەموو سەردەمێکدا شایەتی درۆ دەدەن و ویستیان شەرێکی تێ ئالێنن، ئەمەش بە هێنانی کۆنفراسی بەناو ئیسلامی بۆ شارۆچکەی سیروان و بە تایبەت بۆ مزگەوتی گەورە کە مامۆستا پێش نوێژو وتار خوێنی بوو، لەگەڵ هەڕەشەو گورەشەو فشاری بەرپرسانی رژێمدا ئامادە نەبو تەنها بەخێراتنیشیان بکات چ جای هاوبەشی کردن و پاڵپشتی ئەو رژێمە زاڵمە گۆڕ کراوە.

ـ خاوەنی بیرێکی تیژو عەقڵێکی فراوان بوو زۆرجار دەیگوت پێویستە لەسەر زاناو فەقیهەکان شارەزای رووداوەکانی سەردەم بن بۆئەوەی بەچاکی فەتوا بدەن و کێشەکان چارەسەر بکەن.

ـ پیاوێکی زۆر بە وەفا بوو بۆ دۆست و برایانی بە تایبەت مامۆستایانی مێزەر بەسەر و بە تایبەتی تر ئەوانەی دەرسیان پێ گوتبو وە لەسەری هەمویانەوە زاناو موجاهیدی بەرز خوالێخۆشبوو ان شاءالله مامۆستا مەلا عوسمان.

ـ پاش ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆی بە جێهێنا لەبواری بانگەوازو نوسین و پەروەردەو پاش هەست کردن بە زوڵم و ستەم و فشارەی کە هەموو گەلانی عێراق و بە تایبەت گەلی کوردی گرتبوەوە هەستی کرد بەوە دەبێ لەم قۆناغەدا پێویستە بە چەك وەلامی ئەو زوڵمە زۆرە بدرێتەوە بۆیە کۆچی کردو دەستی دایە چەك لە گەڵ مامۆستایانی کەی هاوەڵی و بەم جۆرە مێژوویەکی خاوێن و پڕ سەروەری بۆ خۆی تۆمارکرد.. هیوامان وایە خوای گەورە لە ریزی پیاوچاکان و موجاهیداندا حەشری بکات. ئامین.

- **حەوتەم: مامۆستا محەممەد فەرەج ئەندامی (م.س)ی یەکگرتوو:**

سەرەتای ناسینی مامۆستا ملا ئەحمەد کاکە مەحموود دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکان، کە مامۆستا لەو دەمەدا لە تاق لاویدا بوو, جگە لەوەی فەقێیەکی زیرەك و چالاك بوو, جێگای متمانەی مامۆستا مەلا عوسمانی رەحمەتی بوو، دیار بوو مامۆستا زۆر گرنگی پێدەدا، هەروەها مامۆستا مەلا ئەحمەد یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەو کاتەی کۆمەڵەی ئیخوانولموسلیمین، لەبەر ئەوەی ئەوان گەورەتر بوون لە ئێمە لەڕووی تەمەنەوە، جۆری خوێندنەکەیشمان جیاوازی هەبوو, ئیتر ئەوە وایکردبوو خاڵی کۆبونەوەمان کەمتر بوو.، لە سەرەتای حەفتاکاندا بەرێزیان بوونە مەلاو ئیجازەی عیلمیان وەرگرت و, دەستی کردە کاری مەلایەتیی و, بەڵام حەزی نووسین و خوێندنەوەی زۆر باش بوو، بە هۆی ئەو نوسراوو نامیلکە حیزبیانەی دەهاتنە دەڤەرەکە، ئەوە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئاستی رۆشنبیری هەموومان.

لە ساڵی ١٩٧٤ مامۆستای رەحمەتیم لە بناوەسووتەی قەزای پێنجوێن بینیەوە دوای دابڕانێکی زۆر، ئەو شوێنە لەوکاتەدا پارێزگاری سلێمانیی و مەکۆی شۆرش و نەخۆشخانەی گشتیی و، زۆر دامو دەزگای تری ئیداریی و حیزبی لێبوو، مامۆستا ئیمام و وتارخوێنی مزگەوتی بناوەسووتە بوو، هەر وەکو مەلایەکی خوێندەوار بوو، کەسێکی رۆشنبیری بە ئاگایش بوو، دەیزانی چۆن مامەڵەی دەوروبەرەکەی خۆشی بکات، کاریگەری خۆی لەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیە دروست کردبوو.

مامۆستای رەحمەتی ئەندامێکی کارای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی ئەو سەردەمەبوو، کە بەندە کارگێری ئەو یەکێتیە بووم و, بەمەبەستی سەردانی مامۆستا چووبوومە ئەو ناوچەیە.

دوای نسکۆو دوای ئەوەی رژێم گوندەکانی راگوێز کردو زۆرێکی گوندەکانی بناری هەورامانی راگوێزی ناحیەی سیروان کردو کۆمەڵگەی سیروانی بۆ دروست کردن، ئیتر ئەستێرەی مامۆستا لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیە زیاتر بەدەرکەوت، لە وتارەکانی هەینی و

دەرسەکانی ناو مزگەوتی بۆ گەنجان وکچان، تەنانەت هەندێ جار ئێمەیش لە هەڵەبجەوە بۆ نوێژی هەینی دەچوین بۆلای مامۆستا.

بەڕاستی دەورو کاریگەریەکی زۆر باش و بەرچاوی هەبوو لە بانگەوازو هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا، هەروەها خاڵێکی تری گرنگی ئەو قۆناغەی ژیانی مامۆستا دەرکردنی کتێبەکانی بوون، وەك پەروەردە لە ئیسلامداو خواپەرستی لە ئیسلامدا.(بە داخەوە نازانم یەکەم کتیبی ناوی چی بوو) ئەوە بۆ ئەو سەردەمە کاری پڕ بایەخ بوون.

ئیتر بەو جۆرە مایەوەو بەردەوام بوو لە کارە حیزبیەکەیشیدا، بەپێی ئەو راپۆرتانەی ئێمە کە مانگانە دەهاتە بەردەستمان، هاریکاریەکی زۆرباشی لەگەڵ براو خوشکانی ئەو دەڤەرەدا هەبوو، کە ئەوە یەکێك بوو لە هۆکاری ئەو سەرکەوتنانە.

هەتا ساڵی ١٩٨٧ کە مامۆستایانی هەڵەبجە وەکو مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی و مامۆستا مەلا ئەحمەدو هەندێکی تر چونە دەرەوە بەرەو ئێران و ئیتر لەوێ بزووتنەوەی ئیسلامیان دروست کرد لە ئۆردوگای سەلاسی باوەجانی، ئیر خاڵی جیابوونەوەی ئەوان لە ئێمە لەوێوە دەستی پێکرد، چونکە ئەو مەدرەسەیەی هەموومان تێیدا گەورە بوین باوەڕی بەکاری چەکداری نەبوو لەنێو یەك نیشتماندا، بەڵام برایەتیی و دۆستایەتیەکەمان بەردەوام بوو، بەتایبەتی لەگەڵ مەرحومی مامۆستادا، شتێکی ئەوتۆ نەکەوتووەتە نێوانمان کە جێگای نیگەرانی بوبێ.

لەو قۆناغەیشدا وەکو دوولایەن کۆبوونەوەو دیدارمان بووە، بەتایبەتی سەفەری حەجمان پێکەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٧ کە سەفەرێکی زۆر خۆشی هەردولامان بوو، هەرجارێ بەیەك بگەیشتباین ئەو سەفەرەمان دەهاتەوە یاد، هەزاران ڕەحمەت لە گیانی پاکی بەرێزیان، لە کۆتاییدا هیوادارم کۆڕە بەرێزەکانی مامۆستا کارێکی ئەوتۆ بکەن یادو کەسایەتی باوکی ڕەحمەتیان بە زیندویەتی بمێنێتەوە.

- **هەشتەم: مامۆستا فاتح کریّکار**

کەسایەتی ئیسلامی:

بسم الله الرحمن الرحيم.. الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.. ئێمە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابوردوودا کە کۆمەڵە گەنجێکی ئیسلامی بووین لە سەرەتاوە مامۆستامان لە دوورەوە وەکو خاوەن فیکری ئیسلامی ڕەسەن لە کتیبە فیکریەکانیەوە ناسی، ئەو سەردەمە من لە زانکۆ بووم، بۆ یەکەمین جار کتێبی سەربەستی لە ئیسلام و پاشان ئاشتی لە ئیسلامداماان بینی مایەی خۆشحاڵیمان بوو، چونکە ئەو کاتانە کتێبی ئیسلامی زۆر کەم بوون کە شتێك دەردەکەوت نامیلکەی بچووك بوون، ئەوانەی مامۆستای ڕەحمەتی کتێب بوون، عومقێکی فیکریی باشی تێدا بوو، بە شێوەی ئەکادیمی نوسرابوو، بۆ ئێمە زادێکی بەپێز بوو، هەر وامان دەزانی نوسەرەکەی سەر ڕووتە ! کەچی کە دوایی بە خزمەتی گەیشتین و دیمان مەلایە زۆر پێی سەرسام بووین، زۆرمان پێخۆش بوو، چونکە مەلای کورد زۆر بەداخەوە تا ئەو کاتە جگە لە مامۆستا عبدالکەریمی مودەڕیس و شێخ محمدی خاڵ و مەلا محمدی شارەزووری رحمهم الله لە چاو مەلای میللەتانی دەوربەرماندا زۆر بێ بەرهەم بوون، پاشتریش کە زیاتر لە نزیکەوە مامۆستا ئەحمەدم ناسی بەڕاستی دیاربوو کە الحمدلله لە شەرعناسیەکەشدا لە پێش مامۆستایانی ترەوە بوو بە حەققەت قوتابی بەوەفای مامۆستای رابەری مەزن بوو – شێخ عوسمان عبدالعزیز– رحمهم الله.. لە قەدر کەمکردنەوە نیە کە بڵێم من بۆ خۆم هەندێك کێشەی شەرعیم دەهاتە ڕێ لە مامۆستا ئەحمەدم دەپرسی نەك لە مامۆستای رابەری مەزن، چونکە هەرچەندە مامۆستای رابەری مەزن بەحر بوو بەڵام مامۆستا ئەحمەدی ڕەحمەتی جورئەتی نوێخوازی زۆرتر بوو، واقیعی حاڵ و خەڵك و زەمانە (مناط التكليف)ـەکەی باشتر دەبینی.. بۆ نموونە جارێك کێشەی فرۆشتنەوە یان ئاڵوگۆڕیی هەندێك تەقەمەنیم هەبوو، لە هەردوو ڕەحمەتیم پرسی، وەڵامەکانیان جیاواز بوو، بەڵام بە فەتوای مامۆستا ئەحمەدم کرد، کە واقیعناسیی زیاتر پێوە دیاربوو، من مامۆستای

رابەری مەزنم وەکو مەرجەعییەتی دەریایی شەرع دەهاتە پێش چاو بەڵام مامۆستا ئەحمەدی رەحمەتیم وەکو شێخ یوسف ئەلقەرەزاوی و شێخ فەیسەڵ مەولەوی و شێخ سەفەر و شێخ عبدالمەجید الزندانی دەهاتە پێش چاو کە فیکرو فیقهەکە شارەزان، ئەمەش لە جیهانی ئیسلامدا زۆر کەمەو لە وولاتی کوردەواریدا دەگمەنە.. کەسم وەکو مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودی رەحمەتی نەبینیووە، مەگەر کاك ناسری سوبحانی رحمه الله..

ـ بەڵێ گومانی تێدا نیە کە مامۆستا رحمه الله کەسایەتیەکی وا بوو، لە دەستدانیشی زیانێکی گەورە بوو، بۆشاییەکی زۆر گەورەی لە فیکری بزاڤی رەسەنی گۆڕانکاریی و رەسەنێتی شەرعناسیدا جێ هێشت.. رۆیشتنی ناکاوی مامۆستا ئەحمەد هەرچەندە قەدەری خوایەو هیچ جۆرە قسەیەکی بەرامبەر ناکرێت، بەڵام بە تەئکید کەلێنێکی گەورەی بەجێ هێشت، من هیوام زۆر بە کاکە عیرفانی کوڕی بەڕێزێتی کە قۆناغی پێشکەوتووانەی فیکرو فیقهی ئەو رەحمەتیەش بپارێزێت و قۆناغی خۆشی بخاتە دەم، تا وەك مەدرەسەیەکی فیکریی رەسەن بەردەوام بێت و گەشەی زیاتر بکات.. متمانەشم هەیە کە ئەوە بەو گەنجە بە هیممەت و بەڕێزە دەکرێت ان شاءالله چونکە لە باریدا هەیە.

ـ بەڵێ گومانم لەوەدا نیە، بە نزیك بوونەوەی مامۆستای رەحمەتی لە رابەری مەزن لە سالانی حەفتاکاندا ئەوەی لا ساغ بۆوە کە ئەم شەرعە پێویستی بە بزوتنەوەیەکی گۆڕانکاریی پشو ودرێژانەی فیکرو سیاسەت هەیە، کە دەبێت شوێن کەوتووانی لەسەر پەروەردە بکرێت، خێزانەکانی لەسەر گۆش کرێت، بەرهەمەکانی یەکەمیشی ئەمە دەسەلمێنن، دواتریش کە ئەوەندە لە کەسایەتی مامۆستای رابەری خواناسدا نزیك بۆوە هیجرەت و جیهادەکەیان کە پێکەوە کرد، لای هەردووکیان بەرەحمەت بن هیجرەت و جیهاد بۆ باوەڕ هێنان بەڵگە نەوویست بوون، بۆیە هەردووکیان بەرەحمەت بن دەتووت دوو شانەی قەبارە جیاوازی هەنگوینن..

لە دوای نەکسەکەی ساڵی ١٩٩٣ مان بەرپرسێکی ئێرانی لێی پرسیم: لە دوای مامۆستا مەلا عوسمان ئەگەر بمرێت کێ دەبێتە رابەر؟ ووتم: مامۆستا مەلا عەلی برای، ووتی: ئاخر ئەویش پیرە ! ووتم: دوای ئەویش مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود ! ! زۆری پێ ناخۆش بوو، چونکە پێی وابوو ئەو سێ رەحمەتیانە قووتدانیان ئاسان نەبوو ! !

ـ وتاری هەینی مامۆستای رەحمەتی کە پێش هیجرەتەکەی ١٩٨٧ داوێتیی کاریگەرییان لە سنوری جوگرافیدا بوون، چونکە ئەو زەمانە ووتاری هەینی و موحازەرات تەسجیل نەدەکراو بڵاو بکرێتەوە، بۆیە کاریگەریی ئەویش رحمە اللە بە ووتاری هەینی لەو دەوروبەرە جوگرافیە بووە، بەڵام بۆ ئەم خاڵەیان دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو خەڵکەی لەو سەردەمەدا گوێیان لەو ووتارانەی گرتووە، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چ رادەیەك پێی دروست بوون، یان پێی ووریا بوونەتەوە، چونکە تەبیعەتی ووتاری هەینی یاد خستنەوەی خواو تەقواو بەرپرسێتی کارکردنە بۆ قیامەت زیاتر لەوەی کە نەخشەدانانی کۆمەڵکاریی ململانێی فیکرو سیاسەت بێت..

ــ بەڵێ راستە، من لەو باوەڕەدام کاریگەرییەکی زۆر گرنگی مامۆستا ئەحمەدی رەحمەتی هەیە کە کەم کەس پەی پێ دەبات، بۆ نموونە لە دوای ئەوەی مامۆستای رابەری مەزن بەرپرسێتی بزوتنەوەی خستە سەر شان، دکتۆر نوعمان سامەڕائی دامەزرێنەری حزبی ئیسلامی عێراقی (لە ١٩٤٨ دایمەزراندو ئێستاش خۆی و حزبەکەی ماون) هەروەها کەسانێکی تری ئیخوانی نامەیان پەیتا پەیتا بۆ رابەری مەزن دەنارد کە ئەو کارە نەکات و وازی لێ بهێنێت بۆ مامۆستا مەلا عەلی برای رحمە اللە، مەبەستیان سەرنەگرتنی کارەکە بوو ! چونکە وایان دانابوو کە خەڵکانی دیندارو تێگەیشتوو زیاتر لە مێژووی عەمامە پاکی مامۆستای رابەری مەزن کۆدەبنەوە وەك لە هەر کەسێکی دیکە.. بەڵام مامۆستا مەلا عەلی رەحمەتی و مامۆستا مەلا ئەحمەدی کاکە مەحموود کە وەکو راوێژکارێکی پێوەلکاوی مامۆستای رابەری مەزن بوون، نەیانهێشت کاریگەریی ئەو نامانە بگاتە ئەوەی مامۆستای رابەری مەزن رارا کەن، چ جای ئەوەی بیگەێننە قەناعەت

بە هەڵوێستی بەر سێبەریان.. مامۆستا ئەحمەدی رەحمەتی دەبێ وا تەماشا بکرێت کە بەشداری لە شەرعیدان بە کۆمەڵکاریی و جیهادی بزووتنەوەی ئیسلامیی و ئاڕاستە کردنی.. بە یەکێك لە داڕێژەرانی زەمینەی جیهاد لە کوردستان دادەنرێت.. جارێك مامۆستای رەحمەتی سەرۆکی وەفدێکی بزووتنەوە بوو کە لەگەڵ برایانی یەکگرتوودا دانیشتنیان هەبوو، بە راشکاوانە پێی ووتن: (برا وا دیارە ئیختیلافاتی ئێمەو ئێوە ئا ئەم تێڵایەیە (مەبەستی چەك بوو) کە ئێمە بەشانمانەوەیە، دەی سا وەرن با موناقەشەیەکی برایانەی عیلمی لەسەر بکەین، جا یان ئێوە قەناعەت بە ئێمە دەکەن و دایدەنێین، یان ئێمە قەناعەت بە ئێوە دەکەین کە شەرعیە تا لێمان گەڕێن و ئەوەندەمان لێ نەخوێنن..) ئا ئەم ریوایەتە کە خۆم لە خۆیم بیستووە ئەو دیدو تێڕوانینە فیکری و سیاسیە عەکس دەکاتەوە کە مامۆستای رەحمەتی هەیبوو، کە هەبوونی خەتێکی سیاسی هەڵقوڵاوی دیدێکی فیکرییەو لە کۆمەڵکاریەکی چەکداردا خۆی نیشان دەدات تا بگاتە ئەو ئامانجەی هەڵیگرتووە کە بریتیە لە: سەروەری شەرع و دەسەڵاتی میللەت..

- پەیامی یەکەم بیرخستنەوەی خواوویستی و تەقوایە بۆ خۆشم و ئەوانیش، پاشان ئەوانەی شەرع دەخوێنن کە مەلاو فەقێن با باش بزانن فیقهی هیچ کەسێك بە تەنها بزوتنەوەی گۆڕانکاریی لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا دروست ناکات، با ووردو قوڵ بزانن کە ململانێی هەبوون جەنگ و جیدالی فیکرو دیدو تێڕوانینە نەك ئیختیلافاتی فیقهی.. خوێندنی مەلایەتی وڵاتی ئێمەش دووڕە لەم دیدەنیگاو روانگەوە، بێ حاڵی بوونتان لەمە، گەورەترین فەقیهتان لێ دەرچێت هەر دەبێت چاوەڕوانی مەعاشی ئەوقاف بن یان دیناڕە دڕاوی خەڵکی، بەڵام ئەگەر هەستتان بە ململانێ فیکرییەکە کردو تێیدا قاڵ بوونەوەو خۆتان ئاڕاستەتان کرد، فیقهەکە لە شوێنی خۆی دادەنێن و هەر یەکەتان دەبێتە مەرجەعییەتێکی فیکرو فیقهی موسوڵمانان.. لەوەش دڵنیابن کە مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود ئاوا بوو بۆیە پێشەوا بوو، خەڵکێکی تری لەو زاناتریش هەن بەڵام چاوەڕێی کەسێکن تا راتبەکەیان بۆ زیاد کات !!

- **نۆیەم: کاک محەممەدی حاجی مەحموود**

سکرتێری گشتی (حسک):

ـ سەرەتای ناسینی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود لە پێگای باوکمەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٣، بەڵام لە ناوەراستی ١٩٧٠ کاندا پەیوەندیەکی دۆستانەی زیاترو لە ١٩٨٠ کاندا چووە قۆناغێکی زۆر نزیکەوە.

ـ مامۆستا مەلا ئەحمەد پیاوێکی ئایینی شارەزا بوو، لە بواری نوسین و شیکردنەوەو زمانی خەڵکیی و کۆمەڵایەتی، وە ناسراوی ناوچەکە بوو، لە بواری جیهادو خزمەتی بەگەل و ئیسلام و نیشتیمان سیفاتی لەیەك دانەبراوی مامۆستا بوو. مامۆستاش چووەتە دەرەوە لە دژی ڕژێمی بەعس، لە کاتی خەباتی چەکداریشدا پیاوێکی هێمن و لەسەر خۆو تێکۆشەرێکی ماندوو نەناسی دژی ڕژێمی بەعس بوو.

ـ مامۆستا دوای ڕاپەرین و چوونە ناو جەماوەری کوردستان، پانتاییەکی زۆری کۆکردەوە لە بواری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و سەربازی، لە چارەسەری کێشەکانی کوردستان و بەدەمەوە بوونی ڕوداوەکان، دەورێکی دیارو ئاشکرای هەبوو، من لە چارەسەری چەندین کێشەو ناکۆکی ناو خەڵکدا بووم کە مامۆستا چارەسەری کردووەو هەوڵەکانیشی بەردەوام بووە لە بواری ئاشتیی و کێشە کانی ناوخۆدا.

ـ وە کو لە خاڵی پێشوو دا باسم کرد مامۆستا مەلا ئەحمەد پیاوێك بوو لە بواری سیاسیی و ڕۆشنبیریی و ئیسلامیی و نوسین، شارەزایەکی سەردەمی خۆی بوو، پێشمەرگە بوو، واتە: بیرو هۆشی ئیسلامیی و قەڵەمی ڕۆشنبیری ئیسلامیی و چەکی بەرگریی و پیاوێکی کۆمەڵایەتی، ئەوانە نیشانەی مامۆستا ملا ئەحمەد بوون.

ـ بە دڵنیاییەوە پیاوێکی کاملّ بوو لەهەموو بوارەکاندا، لەدەست دانی کەلێنێکی گەورەی بۆمیللەتەکەیی و ئەوچین و تۆێژە بەجێهێشت کە خزمەتێکی زۆری لەو بوارەدا کرد، کە ئاسان نییە ئەوجۆرە پیاوانە بەئاسانی جێگایان پڕ بکرێتەوە.

ـ مامۆستا جگە لەوەی پیاوێکی سیاسیی و رۆشنبیریی و ئایینیی و کۆمەڵایەتیی بوو، بە تەنها کتێبەکانی شاهیدێکی گەورەن لەو بوارەدا، وە لە دوای خۆیشی خزمەتی ڕێبازەکەی دەکات.

ـ هیوادارین مامۆستا وەك ئەوەی کە پیاوێکی هەڵکەوتووی ناوچەکەو بزووتنەوەی ئیسلامیی و ڕابوونی ئیسلامیی بوو، قوتابیانی لەسەر ئەو نەهج و ڕێبازەی بەردەوام بن بۆ گەیاندنی ئەو ڕێگایەی کەخەباتی بۆ کردووە.

لەگەڵ سڵاوو ڕێز بۆ گیانی پاکی مامۆستاو ئێوەش سەلامەت و سەرکەوتووبن.

- **دەیەم: مامۆستا ئیبراهیم مەردۆخی**

نووسەرو ڕۆشنبیرو وەرگێڕی قورئان بە زمانی کوردیی:

کاکە عیرفان گیان! بە پەیام و نامەو تەلەفون داوای بابەتێکت کردبوو سەبارەت بە باوکی بەڕێز و خۆشەویستت.

هەرچەند لەوانەیە هۆی دواکەوتنەکەی هەندێکی تەمەڵی بوبێت، بەڵام بڕوام پێ بکە زۆربەی هۆکارەکەی ئەوە بوو بابەتەکەم لەلا زۆر قورس بوو، نەم دەویرا قەرەی کەوم و خۆمی لێ بدەم، چوونکە خۆم دەناسم من مەلەوانی ئەو دەریا نیم، ئەمشەو کە ئاخرین پەیامت نارد و نوسیبووت تا دووشەممە ماوە هەیە دڵم داخورپاو لەسەر دوو ڕیاندا گیرم کرد، لە ڕاستیدا دڵم نەهات دڵە پاك و بێ گەردەکەت بشکێنم کاتژمێری چوار و نیوی نیوە شەو، خەوم لێ زڕاو نەمتوانی راکێشم، هەستام و دەستم دایە پێنوس و هەندێ گڕوگاڵم بۆ نوسیویت من بە دڵی خۆم بە شیاوی ئەوەی نازانم بچێتە ڕێزی نوسینی ئەو بەڕێزانەی کە شتیان سەبارەت بە مامۆستا نوسیووە.

جا کەواتە ئاخرین داوام ئەوەیە هەر خۆت بیخوێنەوە و چاوپۆشی لە خستنە ریزی ئەو نوسراوانەی بکە.

بۆیە نوسیم تاکوو دڵنیابی هەمووی لەبەر گوێ نەدان و تەمەڵی و بەگوێ نەکردن نیە، بەڵکوو هەر وەك لە پێشەوە وتم لەبەر ئەوەیە ڕوی مەجلیسی نیە. ئیتر بە دەست خۆتە هەرچۆن بڕیار دەدەی گەردنت ئازابێ. برای دڵسۆزت ئیبراهیم مەردۆخی.

بۆ کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود:

ئەی مامۆستای هیژاو تێکۆشەرو چالاك، ئەی زانای خواناس و دڵپاك، کە هەواڵی کۆچی دواییت گەیشتە لام، تەم و خەم و پەژارەیەکی چڕوپڕ، دڵ و دەرونمی داگیرکرد، کەوتمە دەریای بیرێکی قوڵ، ئەڵقە ئەڵقە فلیمی ژیانت، بە پێش چاومدا تێپەڕی، وەکو بەڕەزاو سورە هەڵاڵەو شەوبۆ، لە شاخی سورێندا ڕوا، وەکو تاقگەی زەڵم و چۆمی ئەحمەد ئاواو، جۆگەی دەلێن، پێ بە پێ لە «ئیلاڵانپێ»وە رژایتە دەشتی بەهەشتی شارەزوور.

لە حوجرەکانی خورماڵ و شاری هەڵەبجەی شەهیداو، کوێ و کوێی دیکە، لە خزمەت مامۆستایانی، زاناو خواناس و بەڕێزدا چۆکت دادا، ماندو نەناسانە دەستت دایە فێربوونی زانیاریی و ئەخلاق و ئاکاری پەسەند.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەت کردو مێشك و بیرت کرایەوە، وەکوو بەژن و باڵای بەرزت، لە زۆرینەی بوارەکاندا، لە ئاستێکی بەرزدا بوی.

لە شەستەکاندا بوو لە سلێمانیدا بوم، ناوی ناوازەییتم بیست، پاش ماوەیەك چاوم بە بەژن و باڵاو ئاکارە جوانەکانتا هەڵهات. تامەزرۆ بوم لە نزیکەوە وەکوو دۆستێکی خۆشەویست یەکتری بناسین. خودانەکەوت بە دڵمەوەو ئەو هەلەشی بۆ ڕەخساندم.

بە جموجوڵ و بزوتنەوەو گفت و لفت و پەیڤینتدا، ئاسۆیەکی بڵند لە نێو چاوانتەوە بەدی دەکرا، داهاتوش ئەمەی چەسپاندو سوپاس بۆ خودا بوی بە کەسایەتیەکی بەرزو بڵندو تێکۆشەرو ماندونەناس.

پاش بڕینی پلەی بەرزی بیرو هزرو، وەرگرتنی بڕوانامەی زانست لە زانستگاکاندا، وەکو زاناو بانگ خوازێکی دڵسۆزو کارامەو لێ زان، لە هەموو چەمك و بوارەکانی ژیاندا

دەستت دایە بانگەوازو، ماندوو نەناسانە چاکی چالاکی بۆ بەلادا کرد، بە ووتارو پەیڤین و نووسین و کردار، گەل و هۆزەکەت راچڵەکاند. تێتگەیاندن کە ئیسلام ئایینی پیرۆزی خودایە، هەرگەل و هۆزو مرۆڤێك ئەو رچەو ڕێبازە بگرێت، سەربەرزی هەردوو دنیایە، سەر بۆ هیچ زلهیزو مل هورێك نەوی ناکا، بە هیچ ستەمکارو زۆردارێك گوێ نادا، بێجگە لە خودا هیچ کەسێکی تر ناپەرسێ، لە هەڕەشەو گوڕەشەی هیچ کەس ناترسێ.

ئەی مامۆستای ئاگاو رۆشنبیرو زانا ! لە راستیدا بە باشی خەڵکت تێگەیاند، بۆت باسکردن، دین و ژین دوو ئەڵقەن لە یەك عەڵێکراون، بە بێ یەکتر ناتەواون، نابێ دیندار تەنیا لە جەغزی مزگەوتدا بخولێتەوەو، گوێ نەدا بە دەوروپشتی و بێ ئاگا بێ لە دەرەوە، دەبێ وەك شەم بتوێتەوە بۆ گەل و بۆ نیشتمانی، پاسەوان بێ بۆ بیروبڕوا و ئیمانی، لەسەر مافی زەوت کراوی گەل و هۆزی پێداگر بێ، لە پێناو ئەم چالاکی و تێکۆشانەدا خۆڕاگر بێ، ئەمانەو چەندین راستەقینەی ترت بە خەڵك گەیاند، بە هەوێنی خوداپەرەستی بیروبڕوایانت مەیاند.

لەم بوارەدا هەر تەنیا قسەو بانگەشەو راگەیاندنی ڕووت نەبوو، بەڵکوو بە کردەوەو هەڵویست، بە دژایەتی لەگەڵ نەیاران و داگیرکەرانی نیشتمانەکەتدا، لە ئەنجامدا بوی بە یەکێك لە یەکەمین دانەری بەردی بناغەی، رابوون و بزوتنەوەو بێداری ئیسلامیش، لە پێناو ئەم هەق و مافەڕەوایەشدا، لە زێدی خۆت ئاوارە کرای، چەندین کۆچەڵکۆچ و، شارەو شارو گونداوگوندو شاخەوشاخ بەرداو بەردیشت کرد.

مامۆستا گیان! ئەوەی توانیت و پێت کراو، بە چاك و پاك و راستەقینەت دەزانی هەوڵت بۆدا، من نامەوێ وەك سۆفیلکەیەکی ساویلکە، بەرەو لوتکەی چاکی و پاکی مەعسومییەت سەرت بخەم، هەڵەو لاوازیەکانت بۆ پاساو بدەم. چوونکە بێجگە لە خودا هەموو کەس لاوازەو هەڵە دەکا. بەڵکوو لە کۆتاییا دەڵێم: ئەی پەروەردگار! لە پێناو ئەم هەوڵ و چالاکی و تێکۆشانەیدا پاداشی بدەرەوە، گەر هەڵە و لاوازیشی هەیە قەڵەمی لێبوردنی خۆت، بێنە بەسەر هەڵەو لاوازیەکانیدا، وەرگێڕانی ئەو قورئانە

پیرۆزەی خۆت کە چاکترین چالاکی رۆژانی کۆتایی ژیانی بوو، بیکە بە تکاکار بۆ بەرزبوونەوەی پلەی. لەگەڵ پێغەمبەران و راستگۆیان و شەهیدان و چاکانیشدا لەبارەگانی خۆتا کۆیان بکەرەوە، بەھ بەھ چەند هاوەڵ و رەفیقێکی چاکن.

- **یازدەیەم: وتەو سەنای مامۆستا شێخ نورالدینی موفتی رەحمەتی خوای لێبێ:**

پێشەکی: داوای لێبوردن دەکەم لەبەر ناساغی ناتوانم وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم زانایان لە هەموو کات و ساتێکدا گەر بۆ خوا صولّحاوبن خوای گەورەش یارمەتی دەرو پشتگیریان بووە، خوای گەورە خۆی بانگەوازی بۆ کردون و ناویانی بلاّو کردوەتەوە، ئێمە هەرچەندە شوکری خوای گەورە بکەین هێشتا کەمە،کە خزمەتگوزاری شەریعەتین،گەر خوای گەورە لێمان قەبوولّ بفەرموێت،بەڵام دەبێت ئاگاداری خۆمان بین دەست و دەم و دڵمان یەکێك بێت و فەتوای سەرەو ژێر نەدەین و پابەندی مەزهەب بین، تا بەر فەرموودەکەی حەزرەت نەکەوین کە خۆمان گومڕاو خەڵکیش گومڕا بکەین، با زۆر لە باسەکە لانەدەین باسی ناسینی (مامۆستا مەلا ئەحمەد تان عەرز بکەم، سەرەتای ناسینیی و بینینی من بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە سەرەتای خوێندنی بوو، هات بۆ مەدرەسەی نەقشبەندی مزگەوتی دارالسلام، وانەکانی دەخوێند تا ماوەیەك لەوێ مایەوە، دواتر چوو بۆ مزگەوتی جامیعەو لە خزمەت مامۆستا شێخ خالدی برامدا بوو، وە بەیانیان دەچوو بۆ مەعهەدی ئیسلامیی و ئێواران لە حوجرەکە وانەی دەخوێند، ئەوەم دێتەوە یاد کە قوتابیەکی تا بڵێی زیرەك و وریا بوو، هەوڵی دەدا بۆ تێگەشتن و پێگەشتن و کۆکردنەوەی زانیاری، تا بارودۆخی ئەو کاتە گۆڕا هەر بەردەوام بوو، دواتر لە خزمەت مامۆستا مەلا عوسماندا دەستیان کرد بەکاری رێکخراوەیی، ئەوە بوو تا کۆتایی ژیانی مامۆستا مەلا عوسمان هەموو کات لە خزمەتیدابوو، وەك عەرزم کردن ناتوانم زۆرتر درێژە بە باسەکە بدەم باری تەندروستیم رێگەم پێ نادات، بەڵام کۆتایی بەوە دەهێنم و عەرزی هەوادارانی مامۆستاو هەموو

موسڵمانان دەکەم و دەڵێم: با ئێمەش چاو لە پێشینەکانی خۆمان بکەین، با هەمووکات دڵ و ڕۆح و جەستەمان لە خزمەت کردن لە ئایینی پاکی ئیسلامدا بەسەر بەرین، بیر لە تەفرەقەو جیاوازیی و دوبەرەکی و لادان و تەکفیرکردنی خەڵك نەکەینەوە،ئەوەمان لە یاد بێت کە کوفر هەمیشە لە کەمینداید بۆ موسڵمانان، با ئەوەندە بە شتە لاوەکیەکانەوە خۆمان خەریك نەکەین، بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدا بین بۆ کۆکردنەوەی زانست و زانیاری، تا بتوانین پلانی دوژمنان پوچەڵ بکەینەوە. وصلي الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

- **دوازدەیەم: مامۆستا جەعفەر مصطفی کەسایەتی ئیسلامیی شاری هەڵەبجەی شەهید:**

ربنا اغفر لنا ولإخواننا الذين سبقونا بالايمان، ولاتجعل في قلوبنا غلا للذين آمنوا ربنا إنك رؤوف رحيم.

گومانی تێدا نیە کە ئەو بێدار بوونەوە ئیسلامییە (الصحوة الاسلامية) کە لە دوای نەمانی خەلافەتی عوسمانی بەرپابوو، بەتایبەت کۆمەڵی برایانی موسڵمان (جماعة الاخوان المسلمون) کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر جیهانی ئیسلامی بەگشتیی، پاشان وردە وردە ئەم بێدار بوونەوەیە گەیشتە کوردستانیش و لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشویش گەیشتە هەڵەبجەو دەوروبەریی و کۆمەڵێ لەزانایان و مامۆستایانی ئایینی پێشوازییان لێکردو تاوای لێهات لە سەرەتای شەستەکاندا قوتابخانەی سەرەتایی ئیسلامییان دامەزراندو پاشان توانیان پەیمانگای ئیسلامیی و دواناوەندی ئیسلامیش بکەنەوەو چەندین قوتابی و خوێندکار تیایاندا پەروەردە بوون و پێگەیشتن، کە ئێستا گەلێ لەو قوتابیی و خوێندکارانە کەوادیری پێشکەوتوی پارتە ئیسلامییە کوردستانییەکانن و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە خزمەتکردنی ئایین و گەل و نیشتمان.

یەکێك لەو قوتابیانە، مامۆستا (ئەحمەد کاکە مەحموود) بوو، کە گەنجێکی پێکەوتووی هەڵکەوتوو بوو، لە دامێنی چیا سەرکەشەکانی هەورامان لە گوندی (یالاڤێ)وە، لە کۆتایی شەستەکاندا خۆی گەیاندە هەڵەبجە بۆ درێژە پێدانی خوێندن لە پەیمانگای ئیسلامیی (المعهد الاسلامی)، لە خزمەتی ئەو مامۆستا بەڕێزانەدا، بە تایبەت خوالێخۆشبو مامۆستا (مەلا عوسمان عبدالعزیز)، بەندەیش بەهۆی ئەوەی کە لەو ساتە وەختەدا مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بووم لە هەڵەبجەو وەك وانە بێژیش لەو قوتابخانانەدا، بەتایبەت لە (دواناوەندی دیراساتی ئیسلامی) (ثانویة الدراسات الاسلامیة) وانەم دەوتەوەو زیاتر نزیك بووم لەو مامۆستا بەڕێزو قوتابی وخوێندکارە خۆشەویستانە، چ لە قوتابخانەو خوێندنگا یان لە مزگەوت و شوێن و بۆنەکاندا لە ڕوی لایەنی ڕۆحی و زانیاری و زانستە شەرعییەکان گەلێ سوودمەند بووم، پێم خۆشە "بەخێر" ناویان بەرم و یادیان بکەم بە هەزاران سۆزو بەزەیی خوای میهرەبان ببارێ بەسەر گیانی پاکیاندا وەك: مامۆستا مەلا صالحی گەورەو مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو مامۆستا مەلا عومەری برایی و مامۆستا مەلا عەلی و مامۆستا شێخ جمیل موفتی و مامۆستا شێخ خالدی موفتی و مامۆستا شێخ محمدی مامۆستا شێخ ڕەسول و مامۆستا شێخ عبدالعزیز پارەزانی و مامۆستا عمر ڕێشاوی و مامۆستا شێخ نورالدین موفتی "کە ئێستا لە ژیاندایەو" خوای گەورە تەمەنی پڕ خێرو بەرەکەت بکات...وە هتد.

(مامۆستا ئەحمەد) کە سەرگەرمی خوێندن بوو لەپەیمانگەی ئیسلامیی و زیاتریش هۆگری خوالێخۆشبو مامۆستا مەلا عوسمان بوو، وێڕای خوێندنەکەی لەپەیمانگا، بە جۆرێ هەر وەك کوڕی خۆی، بگرە زیاتریش سەیری دەکرد و دڵی پێ خۆش بوو و هیوای دوا ڕۆژی ڕووناك و پڕ خێری پێی هەبوو، کە وایش بوو، بۆیە ئەویش قوتابیەکی گوێ رایەڵ و ئایین پەروەر و زانستخواز بوو و لەو کەش و هەوایەدا خۆی پێگەیاندو لێبڕاوانە هەوڵی دەداو کۆڵی نەدەدا. مامۆستا ئەحمەد پیاوێکی ڕەنگ و ڕوخسار جوان و

ڕوخـۆش و پـاراو زمـان و قەڵـەم ڕەوان و وتـار بێـژێکی بـوێرو لێهـاتوو دلێـر بـوو، زوو تێگەیشت، زوو پێگەیشت، زوویش "بە ڕوو سووری" بە خزمەتی پەروەردگاری گەیشت.

مامۆستا ئەحمەد کاتێ بوو بەپێش نوێژو وتارخوێن، بە وتاری گـەرم و بـەپێز سـەرنجی ئامادەبووانی رادەکێشا و بەسـەدان لاوان و قوتابیـان ئامـادەی وتارەکـانی دەبـوون، بـە تایبەت کاتێ کە وتاربێژی مزگەوت بوو لە سیروان، هەروەها توانی لەو تەمەنە کورتەیدا چەندین کتێب و نامیلکەی بەسوود بلاو بکاتـەوە بـەزمانی شـیرینی کـوردی، لەسـەرووی هەموویانەوە (تەفسیری ڕامان) کە بەرهـەمێکی گەورەیـەو خێرێکـی بەردەوامـە (صـدقة جارية) کە خوێنەرانی کوردزمان بەجوانی لێی تێدەگەن و سوودی لێ وەردەگرن ئێسـتاو لەمەو دوایش. مامۆستا زانایەکی لێهاتوو و بە تواناو موجاهیدێکی قارەمان بوو، وە هەتا کۆتا هەناسەی لە خزمەت کردنی ئیسلام و موسڵمانانداندا بەردەوام بوو.

وە ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٢٥ گیانی پاکی بەپەروەردگار سپارد و لە ڕێ و ڕەسمێکی پـڕ شـکۆدا لە گۆرستانی گوڵان لە هەڵەبجەی شەهید بە خاك سپێردراو گەیشت بە خزمەتی مامۆستا (مەلا عوسمان) و مامۆستایانی تری کاروانەکەی. بە هـەزاران دڵۆپـەی ڕەحمـەتی خـوای پەروەردگار ببارێ بەسەر گیانی هەموویاندا. إنا لله وإنا اليه راجعون.

- سێزدەیەم: مامۆستا حەسەن پێنجوێنی

بانگخوازی ئیسلامیی لە وڵاتی ئوسترالیا:

ـ بێگومان، لەدەست دانی زانا، واتە: لەدەست دانی گەلێك، کۆمەلێك، هەروەك لە هەندێ شوێنەواری پیرۆزدا هاتووە: "مَوتُ العالِمِ مَوتُ العَالَم". واتـە: وەفـاتی زانایـەکی پەیامـدار مردنی جیهانێکە.، هەموشتێکی تر جێ پرکردنەوەی ئاسانە جگە لە زانایان، زەحمـەتی زۆرو کاتی زۆری دەوێ تا وێنەیان پەیدا ببێتەوە..

ـ بێگومـان هەرسـێ لایەنەکـە (بانگـەواز + کـۆچ + جیهـاد) لـە بـرای خوالێخۆشـبوودا هاتبوونە دیـی و بەتـەواوی ڕەنگـی دابـوەوە.. لەوکاتـەوە کـە لـە پەیمانگـەی ئیسـلامی هەڵەبجەو لەسەرەتای حەفتاکاندا قوتـابی بـوو ئاشـنایەتی لەتـەك بانگـەوازی ئیسـلامیدا پەیدا کرد، و یەکێك بوو لەو قوتابیانـەی لـەرێ پێـوانێکی گـەورەدا رۆیشـتن بەپێشـوازی قوتابیـانی پەیمانگـەی ئیسـلامی {سـلێخ} هوە، و _ حـەوت سـاڵ پـێش لـەدایك بـوونی کۆماری ئیسلامی ئێران _ بە دروشمی: دەوڵـەتی ئیسـلامی، دەوڵـەتی ئیسـلامی، نـەرۆژ هەلاتی و نەرۆژ ئاوایی، (لا شرقية لاغربية دولة دولة إســـلامية)، یـا دروشمـی: خـەڵکی دنیـا ئێوە بەشایەت بن وهاواربکەن: جگە لەموحەممەد شوێن هیچ پێشەوایەك ناکەوین: (ياهذه الدنيا أصرخي واشهدي إنا بغــير محمــد لانقتــدي) پێشـوازیان لێکـردن و خەنـدەو تنـۆکی فرمێسکەکانی شادی لەسەر هەموو دەموچاوەکانی قوتابیانی هەردوو پەیمانگاکە بەدی دەکرا.. ئەمەش لەکاتێکا بوو کە بەعس لەوپەڕی جەبەروت و هێـزو توانایـا بـوو.. ئـەوە لـەبارەی بانگـەوازەوە، بـەلاّم لـەبارەی هیجرەتـەوە یـەکێك بـوو لەوانـەی لەپێشـەنگی موهاجیرانـەوە بـوو، مـاڵ و وەزیفـەو موچـەو خـزم و کـەس و کـاری لـەپێناوی خـوادا بەجێهێشت.. جیهادیش ئەوەبوو زۆر لەپێش چەك هەڵگرتنەوە بـەپێنووس و بـە زمـان و کردەوە جیهادی دەست پێکردبوو، پاشان سەرتۆپەکەشی جیهادی چەکداری بوو چونکە هەموو دەرگایەکی تر لە ڕوویا داخرابوو، حەکیمانی پێشینیش فەرموویانـە: دوایـن دەواو چارەسەر داخ کردنە..

–: سـەنگەری مامۆسـتای ڕەحمـەتی هـەروەك هـەر زانایـەکی تـری پەیامـدار میحـراب و مینبەری مزگەوت بوو، یەکەم جاری ناسینم بۆی لەوکاتـەدا بـوو کـە لەهەڵەبجـە قوتـابی بـوو، پـاش ئـەوە لەمزگـەوتی قـازی پێنجـوێن پەیوەنـدیمان پتـەوتر بـوو، کـە هاوینـان دەڕۆیشـتمەوە بـۆ سـەردانی پێنجـوێن یـە کێك بـوو لـەو دۆسـت و ئازیزانـەی دڵـم پێـی دەکرایەوە، زۆری کاتمان پێکەوە بەسەر دەبرد، ئەوکاتە من هەندێ نامیلکەم نوسـیبوو، هەندێ

چیرۆکم وەرگێڕابوو، ئەویش نامیلکەکەی دکتۆر موحسین عەبدولحەمیدی وەرگێڕابوو، پیشانی دام و زۆرم پێ خۆش بوو کە لەگەڵ وتارو قسەکردندا بایەخ بەلایەنی نووسین دەدات، چونکە ئەگەر قسەکردن بۆ کۆمەڵێکی کەم و چەند ریزێکی دانیشتوانی مزگەوتێکی دیاریکراوبێت، ئەوا نوسین بۆ هەموو ئەو خەڵك و جەماوەرەیە کە بەو زمانە دەخوێننەوە.. زۆر دەست خۆشیم لێکرد وزیاتر تەشجیعم کرد بۆ ئەوەی لەو بارەوە بەردەوام بێت.. ئەوەبوو سووپاس بۆ خوا پاش ئەوە چەندان نووسراوی بەنرخ و پەپێزی پێشکەش بەگەل ونەتەوەکەی کرد..و دەورێکی باڵای لەرابوونی ئیسلامی کوردستاندا هەبوو.

وەلأمی ٤-: لەشوێنەواریکدا هاتووە: "مِدادُ العُلمَاءِ کَدَمِ الشُّهَدَاءِ" واتە مەرەکەبی پێنووسی زانایان لای خوا وەك خوێنی شەهیدانە.. چونکە زانایانن خەڵکی بۆ جیهاد هان دەدەن و ئەوانیش بەعەشقەوە بەرەو پیری مەرگی روالّەتی و ژیانی جاویدانی و هەمیشەیی دەڕۆن.. گومان لەوەدا نییە کە مامۆستای رەحمەتی هەردوو لایەنی جیهاد بەواتای جەنگکردن و بانگەوازی ئاوێتەو دەست لەملان کردبوو، هەر چەند لەئیسلاما جیهاد لە جەنگکردنا قەتیس نییە و هەموجۆرە تێکۆشانێك دەگرێتەوە کە لەپێناوی خوادا ئەنجام بدرێ، جا مامۆستا ئەگەر وەك فەرماندەیەکی مەیدانی لەگۆڕەپانی جەنگا دەرنەکەوتبوو، کۆمەڵێ فاکتەر بۆ ئەو مەسەلەیە هەبوو، یەکێك لەوانە دەرکەوتنی لەلایەنی فیکری و رۆشنبیرییەوە زەقتر وزاڵتر بوو تا لایەنی سەربازی و مەیدانی..

-: پەیامی من بۆ لایەنگران و قوتابیانی رەحمەتی ئەوەیە رێی فیکرو هزری ئەو بەرنەدەن، ئیسلام ئاینی هزرو بیرو ژیر بێژییە، لەبەر ئەوە کاتێ بووارى رادەربرین و بەکارهێنانی بەڵگەو دەلیل هەبوو رێی حیوار ویەکتر خوێندنەوەو بانگەواز بگرنە بەر و بەدنیای بسەلمێنن کە ئیسلام ئاینی مەنتیق وژیر بێژیە..: (قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَي بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ) یوسف/١٠٨.

لەم ساڵیادی وەفاتەیدا هەزاران درود و ڕەحمەتی خوا لە گیانی برای بەڕێزمان مامۆستا ئەحمەد بێت وگیانی پاکی بە بەهەشت شاد بێت...

- **چواردەیەم: مامۆستا فاروق ڕەسوول یەحیا**

سەرۆکی ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی:

وەك دێتەوە یادم، هاوینی ساڵی (١٩٧٦ز) بوو کە بۆ یەکەم جار "مامۆستا مەلا ئەحمەدی کاکە مەحموود"م ناسی. ئەو دەمە تازەکی بە پێشنوێژی گوندی بناوەسووتەی پێنجوێن (لەسەر سنووری پێنجوێن – مەریوان) دامەزرابوو. لە بیرمە ئەو کاتە پشووی هاوین بوو، منیش بە سەفەر بۆ سەردانی خزمانم ڕۆشتبوومەوە بۆ شارۆچکەی پێنجوێن.

لەو ماوەیەدا، ڕۆژێکیان مامۆستایەکی خۆم ڕاسپاردەیەکی بە دەمی پێدا ناردم بۆ گوندی "بناوەسووتە" بۆ لای مامۆستا مەلا ئەحمەد، کە لە تاڤ لاویدا بوو. خۆیی و خێزانی لەوێ دەژیان و، خوای گەورە منالێکی خنجیلانەشی پێ بەخشیبوون.

منیش ئەو کاتە، کە وەك هەموو لاوێکی تر حەزم لە گەڕان و جموجوڵ دەکرد، ڕۆشتنم بۆ بناوەسووتە پێ خۆش بوو..

یەکەم: لەبەر ئەوەی لە بەهاری (١٩٧٥)دەوە ئەو چیاو دۆڵ و شیوانەی نیشتمانەکەمم نەدیبوو. بۆیە لە دڵەوە حەزم دەکرد بیانوویەکم بۆ بڕەخسێ جارێکی تر بەپێ بەو ڕێگا هەورازو نشێوەی نێوان (پێنجوێن – بناوەسووتە) و، بە " قەڵادێ" و "کەلە گوڵان" و "کەلە بەڵمان" و "شیلاناوی" و "ئاشی شێخ قاسم" و کەلی بناوەسووتە و دارستانە چڕەکەی درێژایی ئەو ڕێگایەدا بڕۆمەوە، کە هەر لەو تەمەنەی چاومان کردبووەوە هەتا ساڵانێکی زۆر لە چەندین جارەی ماڵ وێرانی و دەربەدەریماندا بەرەو سنوور پیایدا گوزەرمان کردبوو! ئێمە بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ دار و دەوەنی ئەم لا و ئەولای

ڕێگاکەدا بە یەکتر ئاشنا بووبووین کە هەرچەند یاداوەرییەکانمان لەگەڵیاندا تاڵ و سوێر بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بووبوون بە بەشێك لە ژیانمان، دڵمان پێیان دەکرایەوە!

دووهەم: حەزم دەکرد بەهۆی گەیاندنی ڕاسپاردەکە و لە نزیکەوە "مامۆستا مەلا ئەحمەد" بناسم، کە وەك مامۆستایەکی لاوی وریا دەنگوباسیم دەبیست.

دوای ئەوەی ماوەی سەعاتێك زیاتری ڕێگام بەو یاداوەرییانەوە بڕی، گەیشتمە گوندی بناوەسووتە و، ماڵی مامۆستام دۆزییەوە..

کە ڕۆشتم، بینیم خەریکی خۆ ئامادە کردنن بەرەو پێنجوێن، تاکو منااڵکەیان ببەن بۆ لای پزیشك، لەبەر ناساغییەك کە دووچاری بووبوو.

مامۆستا خولکێکی زۆری کردم لە لایان بمێنمەوە بە میوانی و، ئامادەیی دەربڕی کە سەفەرەکەیان دوابخەن بۆ ڕۆژێکی تر. بەڵام من دوای سوپاس کردنی، پێم ڕاگەیاند کە دەبێ بگەڕێمەوە و، پێویستە ئەوانیش هەرچی زووترە نەخۆشەکەیان بگەیەننە لای پزیشك. بۆیە هەموومان پێکەوە و بە هەمان ڕێگادا گەڕاینەوە بۆ پێنجوێن.

لە درێژایی ڕێگادا یەکترمان دەدواند و، تا ڕادەیەکی باش لە یەکتر حاڵی بووین.

جارێکی تر و لە پشووی هاوینی ساڵێکی تری دوای ئەوەدا، کە لە بەغدا دەمخوێند، سەردانی پێنجوێنم کردەوە. ئەو دەمە مامۆستا مەلا ئەحمەد کارەکەی گواستبووەوە بۆ "مزگەوتی قازی" لە پێنجوێن. لەو سەفەرەمدا چەند جارێك مامۆستام لە نزیکەوە بینی یەوە، بەڵام ڕۆژێکی ئەو سەفەرەم هەرگیز لەیاد ناچێت کە بەیانی یەکی زوو داروودەستەی ڕژێمی پێشوو خەڵکی پێنجوێنیان ئاگادار کردەوە کە لە لایەن سەربازانی سوپاوە پشکنین لە ماڵەکانیاندا دەکرێ و، دەبێ پیاوان ئەو ڕۆژە دوکان و بازاڕ نەکەنەوە و بڕۆن لە مزگەوتەکاندا دابنیشن هەتا پشکنینی ماڵەکانیان کۆتایی پێ دێت!

ئێمەش کە لە "گەڕەکی بەرزان" بووین، نزیکترین مزگەوت لێمانەوە "مزگەوتی قازی" بوو. بۆیە پیاوانی ئەو گەڕەکەو گەڕەکی کانی کووڕە، تەنانەت زۆربەی پیاوانی "بەری

کەناو" لەوێ کۆبوونەوە و، لە هەیوانی مزگەوتەوە دەمانڕوانی یە سەربازەکان کە بە ناوی ئەوەی گوایا منەی چەك و تەقەمەنی دەکەن بە ماڵەکاندا دەگەڕان، بەم کارەشیان پتر دنەی ئێمەیان دەدا کە ڕقی زیاترمان لە خۆیان و ڕەفتاریان بێتەوە !

بەشێکی ئەو چەند سەعاتەمان لەگەڵ مامۆستا لە حوجرەکەی خۆی و پاشان لە هەیوانی مزگەوتەکەدا بەسەر برد، کە جگە لە باسی ئەو پشکنینە نەگریسە، جار بە جاریش گفتۆگۆ لەسەر بابەتی زانستە ئایینی یەکان و ڕا گۆڕینەوە لەسەریان دەهاتە گۆڕێ. دوای ئەوە، لەبەر دووریم لە پێنجوێن و هەڵەبجە و دەوروبەریان و، خوێندنم لە بەغدا و، پاشان دامەزرانم بە مامۆستا لە "سەنگاو"، دواتر سەربازی و، ئنجا مامۆستاییم لە "ئاغجەلەر"، لە نزیکەوە بۆم نەڕەخسا مامۆستای ڕەحمەتی ببینمەوە. بەڵام لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا ئاگاداری دەرچوونی کتێبەکانی بووم و، گەلێ خۆشحاڵ بووم کە مامۆستا ڕۆڵێکی ئیجابی و کاریگەری لە ئاراستە کردنی خوێنەرانی کورد زماندا هەیە – بە تایبەتی توێژی لاوان – بۆ لای ئایینی بێگەردی ئیسلام.

خۆ کاتێ دوای ئاوارە بوونیان بە کارەساتی دڵتەزێنی کیمیاباران، گەڕانەوە وڵات، لە هەڵەبجەی تازە ڕۆشتم بۆ سەرلێدان و بەخێرهاتنەوەی.

دوای ئەوەش کە مامۆستا وەك کەسێکی دیار و کاریگەر و لێهاتووی ناو سەرکردایەتیی ڕەوتێکی ئیسلامخوازی کوردستان کاری دەکرد، وەك لە دووڕەوە دەمبیستەوە – چونکە من نە ئەوساو نە ئیستاش ئەندام نەبووم و نیم لە هیچ ڕەوتێکی سیاسیدا – جێی متمانەو بڕوای خەڵکانی دەوروبەری بووەو، لەبەر شارەزایی و پابەند بوونی بە شەرعەوە، بۆ پرس و ڕای شەرعی – دوای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی – ڕوو لە مامۆستا مەلا ئەحمەد کراوە.

لە لایەنی خۆمەوەو لە ساڵەکانی نەوەددا هەرکارێکم کەوتبێتە لای مامۆستا مەلا ئەحمەد، هەرگیز دەستی بە ڕوومەوە نەناوە و، بە هەموو توانایەکی خۆی هەوڵی داوە بۆم جێبەجێ بکات، لە ڕاستیشدا زۆربەیان جێبەجێ دەبوون.، خۆ دیارە منیش لەبەر

ئەوەی لە دنیادا هیچ شتێکم بە دەست نەبووە، ئەوا نەمتوانیوە قەرەبووی ئەو قەرزانەی ئەستۆم بۆ مامۆستای ڕەحمەتی بکەمەوە، جگە لە دوعای خێر، کە ئومیدەوارم – لەگەڵ دوعای چاکاندا – خوای گەورە قبوولیان بفەرموێت و، لەودنیای خانەی بەختەوەریی هەمیشەییدا بەرزترینی ئەو پاداشتانەی بداتەوە کە شایانی کەرەمی خواوەندن.

بەش بەحاڵی خۆم و تا ئەو ڕادەیەی مامۆستام ناسیوە، متمانەم بە شارەزایی ئەو لە زانستەکانی تەفسیر و فیقهدا هەیە، کە تۆیشووی هەموو موسڵمانێکن، نەخوازەڵا بانگخوازان. هیوادارم موسڵمانانی کورد زمان، بە تایبەت هاوەڵانی و قوتابیانی بەوەفای، سوودی زیاتر لە بەرهەمەکانی مامۆستای ڕەحمەتی وەربگرن، کە هەروەک لە ڕیزی (علم یُنتفع به)دایە، ئومێدەوارم خوای گەورە بە "صەدەقەی جاریە"ش لە مامۆستای قبووڵ بفەرموێ.

هەروەک لە وەچە و نەوە و کەسوکاریشی داواکارم لەسەر ڕاستەشەقامی ئەو ئایینە پیرۆزەی ئیسلام بەردەوام بن و لێی لانەدەن کە مامۆستای خوالێخۆشبوو هەموو تەمەنی خۆی تێدا بردەسەر.. هەروەها ئەو پێوەرە شەرعی و واقیعی و ڕەوایانەش لە ناساندنی بابی بەڕێزیاندا پیادە بکەن کە مامۆستای گەورەی هاوچەرخی کورد (دکتۆر محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتانی) بۆ ناساندنی باوکی لە کتێبی (هذا والـــدي)دا بەکاری هێناون، تاکو ڕۆحی مامۆستای خوالێخۆشبوو بەو شەرع پیادە کردنە شاد و کامەران بێت.

- **پازدەیەم: مامۆستا سەیید ئەحمەد پێنجوێنی دۆستی دێرینی مامۆستا:**

دوای بەخێرهاتنتان بەسەرچاو، یەکەم پەیوەندیی و سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی حەفتاکان، مامۆستا مەلا ئەحمەد ئەو کاتە لە هەڵەبجە بوو، دوای ماوەیەک چووە بناوە سووتە، کە گوندێکە لەنێوان (بایەوە)و (پێنجوێن)دا، لە وێدا بوویە پێشنوێژ و وتار خوێنی گوندی "بناوەسوتە" ئەو کاتانە سەردانمان دەکرد، چ ئەوکاتەی کە لەلای مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز (بەڕەحمەت بێت) دەرسی دەخوێند لە هەڵەبجە، چ ئەو کاتەش لە گوندی "بناوەسوتە" پێشەواو وتار خوێن بوو، ئیتر لە نێوان ئامۆشۆی سلێمانی و هەڵەبجەدا ئاشنایەتیمان هەر هەبوو، مەرحەبایی وتێکەڵ بوونمان هەبوو، دوای ئەوە پەیوەندییەکان بەردەوام بوو، تا وەکو مامۆستا مەلا ئەحمەد (بەڕحمەت بێت) بووە وتاربێژ لە شاروچکەی "خورمال"و، دواییش "سیروان"، کاتێک کە لە سیروان دادەنیشت دەستی بە نووسین کردو پەرتوکێکی نووسی بەناوی "سەربەستی لە ئیسلام دا" کە خۆش بەختانە من بۆم چاپ کرد (في سبيل الله)، بەبێ ئەوەی ناوی خۆمی لەسەربێت، دوایی دوو پەرتووکی ترم بەم شێوەیە بۆ چاپکرد، یەکێکیان بەناوی "پەروەردە لە ئیسلامدا " ئەوی تریشیان بەناوی "خواپەرستی لە ئیسلامدا" من شەرەفی ئەوەم هەیە کە بەبێ بەرامبەر سێ پەرتووکم بۆ مامۆستا چاپکردووە، نەک چاپکردن و بەس، بەڵکو ئۆتۆمبیل و هاتووچۆم کردووە لەسەر حیسابی خۆم لەبەغداوە هێناومەتەوە بۆ مزگەوتی (سەلاحەدین) لە سیروان، پەرتووکەکانم تەسلیمی دەستی مامۆستا کردووە، ناوی خۆشم لەسەر هیچیان نەنووسیوە، چونکە خوای گەورە موفەقی کردبووم نزیکەی (١٠٠) پەرتووکم لە کوردی چاپکردووە (في سبيل الله)، هەرلە مامۆستا محمدی شارەزووری و مامۆستا حسن پێنجوێنی و مامۆستا حمە کریم و مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز، من یەکێک لەکارە سەرەکییەکانم لە بەغدا ئەوە بوو کە پەرتووکم بۆ ئەو بەڕێزانە چاپ دەکرد، ئینجا یەکێک لەو کارانەم ئە پەرتووکانەی مامۆستا ئەحمەد

کاکە مەحمودی ڕەحمەتی بوو، کەنێوانمان زۆر خۆش بوو، وە یەکێکی تر(سروەی بێداری) مامۆستا جمال حەبیبولاّ بوو دواتر ئەوسێ کتێبەی مامۆستا ئەحمەد وەکو (خوا پەرستی لەئیسلامدا، سەربەستی لە ئیسلامدا، پەروەردە لە ئیسلامدا).

و۲/ مامۆستای ڕەحمەتی پیاوێکی بەعیزەت و بەغیرەت بوو، هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئیسلامەتی دروست بوو، واتە: سەنگەرێك و لایەنێکی نەبووە، بێجگە لەئیسلام و ئیسلامیەت، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم ئەوفەرموودەیەی پێغەمبەری خوای هاتووەتە دی کەدەفەرمویّت: "شاب نشأ فی عباده الله....." ئومێد دەکەم لەو حەوت کۆمەڵەیە بێت، کە لە ژێر عەرشی خوای گەورە حەشر بکرێت لە ڕۆژی دوایی، ئیتر لەبەر ئەوەی مامۆستا بەغیرەت بوو هەر لەو سەرەتاوە وتاری بەهێزی پێشکەش دەکرد، هۆشیاری ڕابوونی ئیسلامیی لە دڵیدا چەسپابوو و، وە زۆر کاریگەری مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی بەسەرەوە دیار بوو، وە ئەوکاتە لە قوتابخانەی (ئیخوان) بوو، کە هەر ئەو قوتابخانەیە هەبوو، مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتیش خۆی لەو قوتابخانەیە بوو، لەبەر ئەوە قوتابیەکی ڕۆحی مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی بوو، هەر ئەو کاتە یەکێك بوو لەوانە کە پێنووسێکی بەپڕشتی هەبوو، ئەو غیرەت و عیزەتەش هەم لە وتارەکانی ڕۆژانی هەینیی و موحازەرەکانی عەسران هەیبوو، هەروەها لە نووسینەکانی ڕەنگی دەدایەوە، تاسالأنی (۱۹۸۷) کاتێك فەرمانی دەستگیرکردنی ئێمە دەرچوو کە ئەوکاتە لەبەغدا بووین و بەلأم توانیمان ڕابکەین و بچینە ئاوایییەکانی شارەزوور، ماوەیەکیش کە ئەو ئاواییانە تووشی کاول و تێکچوونی بوون، ناچاربووین لەمانگی ڕەمەزانی ۱۹۸۷ لە (یەکەمی ڕەمەزان تا پانزەی ڕەمەزان لە هەڵەبجە بین) لای مامۆستایانی ڕەحمەتی، ئەوە بوو ڕووداوەکەی "کانی عاشقان" تەقیەوەو شۆڕشەکە ڕوویدا لەئاکامی ئەو شۆڕش و ڕاپەرینەی شاری هەڵەبجە مامۆستایان ناچار بوون بەرەو ئێران لەشەوێکی تاریك و لەسەر پشتی ئاوی سیروان پەڕینەوە، یەکێك لەوانەش مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلیی و براکانیی و مامۆستا مەلا ئەحمەدیش یەکێك بوو لەو بەڕێزانە، کە چووینە ئەوێ زۆری پێ نەچوو فیکرەی چەك هەڵگرتن لە دژی ڕژێمی

بەعس دروست بوو کە مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی دەکرد، مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە محمودیش لەنێویاندابوو، کەسێکی سەربازی بوو لەڕیزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا، چەکیان هەڵگرت تا وەفاتکردنیان، مامۆستاو هاوڕێیانی هەم بە پێنووس و هەم بەچەك خەباتیان دەکرد، دژی داگیرکاران و ستەمکاران، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەردەوام بوو لە وتارو ئامۆژگاری چەکدارانی بزووتنەوەی ئیسلامیی و لە وتار خوێندنەوەو کۆڕگرتن تا گەیشتە ئەو شاکارە جوانەی تەفسیری قورئانی پیرۆز (تەفسیری ڕامان)، وە چەندین بەرهەمی تر، ئومێد ئەکەم ئەوەش کە چاپ نەکراوە چاپ بکرێت.

و٣/ وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، مامۆستا پیاوێکی بانگخواز بوو، بە دەم و دەربڕین و بە نووسین، کە وەختێك قەناعەتی بۆدروست بوو کە کاتی چەك هەڵگرتنە ناچاریان کردن بەرەو ئێران بەڕێ بکەون، ئەوەبوو چەکی هەڵگرت، دیارە مامۆستا ئەحمەد لە هەرسێ بواری بانگەوازو کۆچکردن و جیهادو تێکۆشان کاریگەری هەبووەو دەستی هەبووە (بەڕەحمەت بێت).

و٤/ بێگومان لە کۆن و تازەوە تا دوایی، پێویستە زانایانی هۆشیارو بێدارو مامۆستایانی نووسەرو هۆشیار کەرەوە دەبێت هەبن لە ڕیزەکانی ڕابوونی ئیسلامیدا، بۆ چەند مەبەستێکی سەرەکی یەکێك لەوانە ئەوەیە تاوەکو میزان بەو ڕەوتە بدەن، چونکە ئەگەر ئەو ڕەوتە میزانێکی عیلم و شەریعەتی لەگەڵدا نەبێت، توشی چەواشەکاری دەبێت، وە زوو لەڕێ لادەدات و توشی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی دەبێت، وەکو مێژوو شاهیدە. دووەمیش بە حوکمی ئەوەی کە مامۆستایان لە خەڵکی تر لەپێش ترن و داناو زاناو هۆشیار ترن، حەتمەن دەبێت ئەوان خەڵکەکە گەرمو گوڕتر بکەن، وە ڕابوون و ڕاپەڕینەکان دەبێت لەوانەوە دەست پێ بکات، وە ئەوان سەرکاروان و چاوساغی بن، ئەوە هەم ئەرکە لەسەر خۆیان، هەم ئەرکە لەبەرخاتری خەڵك و گەنجەکان.. وە لەناو ئەو کاروانە ڕاپەڕین و بێداریە دەبێت مامۆستایان چاوساغ و پێشەوا بن، وەکو چۆن

لەمیحرابی مزگەوتان و لەبوارەکانی دیکەی کۆمەلایەتی ڕابەرن، دەبێت لەبواری سیاسی و فکری و سەرکردایەتی و... بوارەکانی تری ڕابوونی ئیسلامیدا دەبێت سەرچاوەبن، چاوێکی ساغ و دڵکراوە بن بۆ ئەو قەوارەیە کە پێی دەوترێت ڕابوونی ئیسلامیی.

و٥/ ئەوە ڕاستە لەهەر ڕاپەڕینێك بووبێت لەکۆن و تازەوە لەکوردستان و لە عێراقداو لەمەغریبی عەرەبی و لە میسرو لە ئەزهەرو لەسەرتاسەری خاکی ئیسلام و کۆمەڵگەی موسوڵمانان مامۆستایان تەقێنەرەوەو چاودێرو ڕابەری بوون، ئەوان دروستیان کردووە ئێستاش هەروایە، مەگەر بڵێی دنیا گۆڕابێت و ڕەوتی لائیکی و عیلمانی پەرەی سەندبێت و پەنگی بەڕابوونی ئیسلامی هەڵچنیبێت ! وە دیاردەی دزێوو بلاّو بوبێتەوەو بواریکی زۆری خاکی موسوڵمانانی داگیرکردبێت، ئێستاش مامۆستایان و زانایان هەر شۆڕشگێڕو بلیمەتن و سەرقافڵەن لەگۆڕەپانەکە دوورنەکەوتوونەتەوە و مەیدانی (ڕابوونی ئیسلامی)یان بەجێنەهێشتووە (الحمدلله).

و٦/ بێگومان وتمان زانایان لە میللەتەکە هۆشیار ترن، ئەوان میللەت هۆشیار دەکەنەوەو ڕاپەڕینەکە دروست دەکەن، لەبەر ئەوە مامۆستایان وەکو چاووسەری ڕابوونەکەو ڕۆح و جەستەی ڕابوونەکە وان، کە وەختێك پیردەبن، یا دەمرن، یان لەکاردەکەون ئەوە زیانێکی قورس و جەرگ بڕ تووشی کاروانەکە دەبێت، بە وەفاتکردنی مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی و مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمودو پێشترو پاشتر حەتمەن کاروانی ڕابوونی ئیسلامی گورزی بەرکەوتووەو توشی جۆرێك لە شکستو شپرزەیی بووە، وە مەیدانەکەش گەواهی ئەو ڕاستیە دەدات.

و٧/ کاتێك کە چەکداریی بەرەوی هەبوو مامۆستا چەکدار بوو وەخەریکی ڕاست کردنەوەی ڕەوتی ئەو چەکدارانە بوو وەکو ڕووناك کەرەوەیەك لەناو ئەو کاروانە چەکداریەدا ئیشی دەکردو خزمەتی پێشکەش بە چەکداران دەکرد، وەکاتێکیش باوی چەك نەما، وەکو خاوەن پێنوس و خاوەن ڕۆشنبیریەك خەریکی بواری ڕۆشنبیریی و نوسین بووە.

و٨/ پەیاممان بۆ خۆمان و ئەوانیش و بۆ هەموو دڵسۆزانی ئەو ئیسلامە ئەوەیە کە هەموو هەنگاوو هەڵوێستەکانیان بە شەریعەت هەڵسەنگێنن، وە خەڵکێکی کراوە بین و ڕۆشنبیربین و بیرتەسك نەبین، بۆ یەکێتی و یەکبوون و برایەتی هەوڵ بدەین، ڕێزی زانایان و ڕیش سپی و سەر سپیەکان بگرین ئەوانەی کە میژوویەکی پاك وچاکیان لەناو ڕابوونی ئیسلامی هەیە، ڕێزیان بۆ دروست ببێ لەدڵی گەنج و لاوەکاندا لە واقیعی ڕابوونەکەدا، ئامۆژگاریم بۆخۆم و هەموو لایەك ئەوەیە کەگرنگی بەقوتابخانە شەرعییەکان بدرێت، وە بواریان پێ بدرێت و گوێیان بۆ بگیردرێت تاوەکو ئەگەر خوارو خێچی دروست بوو لە کاروانی ڕابووندا، بەمیزانی شەرعی بۆمان ڕاست بکەنەوە.

- **شازدەیەم: دکتۆر سەباح بەرزنجی**

سەرۆکی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری:

ـ ڕەنگە نەتوانم میژوویەك بۆ سەرەتای ناسینی مامۆستای خوالێخۆشبوو دەستنیشان بکەم، بەڵام ئەوەی لە یادم بێت کۆتایی حەفتاکان بوو، کە کتێبێکی کوردیم لە شاری سەید صادق بینی بە ناونیشانی (خوا لە ڕوانگەی زانیارییەوە) کە مامۆستا وەك نۆبەرەی بەرهەمەکانی لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕابووە سەر کوردی، من ئەو کاتە قوتابی شەشەمی سەرەتایی بووم و زووتر کتێبە عەرەبیەکەم خوێندبووەوە، بۆیە لە میشکمدا ئەو پرسیارە گەاڵە بوو، کە ئەبێ ئەم وەرگێڕە کێبێ؟ ئەوەی بێت بە خەیاڵمدا لەو کاتەدا پیاوێکی ناسراوی باوکم لە سەیدصادق دوکانداربوو ئەو کتێبەکەی لە دووکانەکەی خۆی دانابوو بۆ فرۆشتن و هەرئەویش جارێکیان باسی مامۆستا بۆ باوکم کرد و پێی وت کە جەنابی ئێستا لە بناوەسووتەیە، پاش نزیکەی ساڵێك یان زیاتر ڕۆژێکیان من لە خزمەتی باوکمدا بووم لە ماڵی مەرحوومی خاڵە شێخ عەبدولقادری چوێسە، هێندەم زانی کۆمەڵێك لە خەڵك و پیاوماقوولانی خورماڵ هاتن و باسی ئەوەیان کرد کە ئەمڕۆ مامۆستا مەلا ئەحمەد گیراوە و بەڵکو هەوڵێکی بۆ بدرێت و ئازاد بکرێت !

ئەمە نیشانەی دەربەستبوونی ئەو خەڵکەی دەڤەری هەورامان بوو، بۆ مامۆستا و بەتەنگەوە بوونیان بۆ داکۆکی لە سەلامەتی و پاراستنی حورمەتی، هەرئەو رۆژە جەنابی شێخ و باوکم و باقی مامۆستایان دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ بەردانی تا سەرەنجام جەنابیان بە سەربەرزی و ڕێزەوە گەڕانەوە ناو خەڵك و ماڵ ومنداڵی خۆیان. دوای ئەوە بۆ یەکەمجار مامۆستا ئەحمەدم لە ماڵی خۆمان بینی، لە سەید سادق، لەگەل کۆمەڵێك مامۆستای تردا لەسەرووی هەمووپانەوە حاجی مامۆستای خورماڵ مامۆستا مەلا محەممەدی مەلا بەها، کە دیارە بۆ سەردانی باوکم هاتبوون، و ئەو دانیشتنەم وەکوو گرتە فلیمێکی کورت دێتە بەرچاوم و دیمەنی دانیشتن و شێوەی قسەکردنەکەیم هەر لە بیر ماوە و ئەو کاتەش بە مەلایەکی زانا و زمانپاراو و کەشخە هاتە بەرچاووم، لە یادم نیە چی دەگوترا و چی باسدەکرا بەڵام هەستم دەکرد قسەکانی ئەو دانە دانەو تایبەت بوون، ئەمە یەکەم جار بوو کە ئەم مامۆستایە ببینم، دوای ئەوە هەر کاتێك بچومایە بۆ شارۆچکەی سیروان، جومعەم لە مزگەوتەکەی ئەو دەکرد، چونکە وتارەکانی هاوچەرخ و ڕوون و پەروەردەیی بوون، ئەو کاتانە من قوتابی قۆناغی ناوەندی بووم و عەقڵم بەوەش دەشکا کە مەلای باش و خەتیبی باش لە هیتر جیا بکەمەوە، لە بیرمە جارێکیان چوومە مزگەوتەکەی مامۆستا لە سیروان، ئەویش دەرسی ئەجروومییەی بە فەقێیەك دەوت، ئەوەندە میهرەبان و بە سەلیقە بوو لەو ساتەدا کە منی بینی منیشی بانگ کرد و نەوازشی کردم و تەنانەت لە دەرسەکەدا ڕای لەمن وەردەگرت، ئایا بۆ تاقیکردنەوە بێت یان بۆ هاندان، ئەوەندە دەزانم ئەو مامۆستا بەو هەڵوێستە ڕێزێکی گەورەی بە منداو متمانەیەکی زۆری پێبەخشیم و لە خزمەتیا هەستم بە گەورەیی کرد، گەورەییەك زیاتر لە تەمەنی خۆم. ساڵی ١٩٨٣ کە ناچاربووین ئاوارەی ئێران بین، ناو و یادی ئەم مامۆستایە لە ویژدان و هەستی مندا هەر بەزیندوویی مایەوە تا ئەو ساڵەی کە ئەوانیش کۆچیان فەرموو بۆ کوردستانی ئێران و لە ئۆردوگای دزڵی گیرسانەوە و بۆ خۆی بووە عەلەمداریکی دیار و ناسراوی بزاڤی ئیسلامیی، لەو ساتەوە پەیوەندییمان زۆرتر و بەهێزتر بوو بە تایبەت کە دەچوومە دزڵی هەر دەبوو زیارەتێکی مامۆستا بکەم، و لە

نزیکەوە ئاگاداری کارو بەرهەمەکانی ببم و بزانم خەریکی چیە؟ ئەوەی کە زۆر مایەی سەرنجی من بوو ئەوەبوو کە مامۆستا ئەحمەد زۆر گرنگی بە بواری فیکری ئیسلامی نوێ دەدا و زۆر تاقەتی کتێبە کۆن و کلاسیکییەکانی نەبوو، وەك ئەوەی قەناعەتی وابوو کە کێشەی ئەمرۆ بە بیر و نەخشەو نووسینی ئەمڕۆژییانە چارەسەر دەکرێت، ئەو کەسێکی رۆشنبیر و مەلایەکی نوێگەر و نووسەرێکی پشوو درێژ بوو، ئەگەر وانەبایە سیاسەت خەفەی کردبوو، بەڵام ئەو سیاسەتەکەشی لە خزمەت بیر و بۆچوونەکانیدا بوو، سیاسەتی بۆ بیر دەویست، نەك بیری بۆ سیاسەت بوێ ! بیرەوەریم لەگەڵ مامۆستای نەمر زۆرە هەرچەندە ناتوانم هەمووی بە جارێك بهێنەمەوە یاد، بەڵام لەبیرمە جارێکیان لە خورمالێ دانیشتبووین، مەلا جەمیلی نەوێ کە ئەو کاتە مەلای دێی شیرەمەڕ بوو مامۆستا لێی پرسی: مەلا جەمیل ئەم جومعەیە باسی چیت کرد؟ ئەویش وتی: قوربان باسی ئایەتی (لئن شکرتم لأزیدنکم)، مامۆستا فەرمووی: جا خۆ دوای ئەو هەموو بارانە دەبێت لەمەولا ئاو بیانبا ! هەموو دامانە پێکەنین، چونکە بەراستی ئەوکاتە بارانێکی زۆر باریبوو.

- مامۆستا لە بەرچاوی منداهەر لە سەرەتاوە کەسایەتیەکی جێگیر و دامەزراوی هەبوو، کەسێکی بوێر و نەترس و دڵسۆزی ئیسلام و نووسەرێکی بە توانا و خەتیبێکی کاریگەر بوو، لە زەمەنێکی ترسناکدا رووبەرووی درندەترین رژێم وەستایەوە، چەند جار گیرا و ئابلۆقە درا و سەرەنجام ئاوارەی ولاتان بوو، سالانێکی زۆر لە ئۆردوگایەکی پەنابەران بە شێوەیەکی زۆر سادە لەناو قۆڕو چلپاودا خۆی و بنەماڵەکەی ژیان و دواتریش کە گەڕانەوە بۆ کوردستان ژیانی لە جاران باشتر نەبوو، هەموو قۆناغەکانی ژیانی هەر مەینەت و دەردیسەری و دەربەدەری بوو، کۆتایی ژیانیشی بە دڵشکاوی بوو، ئەم ژیانە ژیانی گەورە پیاوانی مێژووە، جێی خۆیەتی هەموومان داوای پلەو بەرز و پاداشتی نەبڕاوەی بەهەشتی نەمریی و خێر خۆشیی بۆ بکەین.

ـ مامۆستا داعییە و بانگەوازکارێکی نموونەیی بوو، کۆچەرێکی پشوو درێژ و بێمنەت بوو، گیان لەسەردەست و تێکۆشەر بوو، ئەو رێگایەی ئەو، دوژمن و ناحەز و رەقیبی زۆر بوو، هەموو کەسێك بەرگەی ئەو کەند و کلۆ و کۆسپ و گرفتانەی نەدەگرت، کە ئەو و هاورێبازەکانی لەسەری بوون، تەنانەت هەموو ئان و ساتێك بووبوونە ئامانجی تیر و تانەی دۆست و دوژمن، دوژمن لەبەر دوژمنایەتی و دۆست لە بەر نەزانین و ناحاڵیبوون.

ـ وتارەکانی مامۆستا ئەحمەد بە بۆچوونی لە کاتی خۆیدا شۆرش و رابوونێکی ناوچەیی بوون، کەسانێکی زۆریان پێگەیاند و تێگەیاند و دەنگی زوڵاڵی ئەم شێرە زانایەی کوردستان ئێستاش لە گوێ ی کات و شوێندا دەزرنگێتەوە، وتارەکانی لەرووی فۆرمەوە مومتاز و لەرووی مەعناوە پڕ و لەبار و تەواو بوون، ئەو هەمیشە خۆیی تازە دەکردەوە و ئسلووبی تایبەتی خۆیی هەبوو، دەنگی خۆش و زمانی پاراوو کوردییەکی ڕەوان لەگەڵ دیمەن و شێوەی گونجاو، تایبەتمەندییەکی دابوو بە خوتبەکانی، کە خۆزگا هەموو یان کۆکرابانەوە، تا مامۆستایانی دیکەش سوودی لێ ببینن. هەندێك جار وتارەکانی مامۆستا ئەحمەد خەڵکێکی بێزار دەکرد، یان مەبەستی نەدەپێکا، بەڵای منەوە لەمەشدا خەتا هی مامۆستا نەبوو، ئەوانە بەغەرەزەوە گوێیان دەگرت و بە عەقڵ و فامەوە وتەکانی ئەویان وەرنەدەگرت، واتە خەڵەل لە وەرگر بوو نەك لە بێژەر، حافزی شیراز لەمبارەوە دەڵێت:

چو بشنوی سخن أهل دل مگو که خطا است

سخن شناس نئی جان من خطا اینجاست !

واتە: کە قسەی ئەهلی دڵت بیست مەڵێ: هەڵە یە

تۆ قسەناس نیت گیانەکەم خەتا لێرەیە !

ـ مامۆستا بە حوکمی مەلایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و هەست و سۆزی کوردایەتی و بیرو باوەڕی ئیسلامەتی بە هەموو ئەم بایسانە کەسێکی ئلشتیخواز و لایەنگری سوڵح و

ئارامیی و هێمنایەتی بوو، لە هەمان کاتدا بڕوای بە ڕەسەنایەتی هێزی ئیسلامی و مافی سیاسی بزاڤی ئیسلامی زۆر بەهێز بوو، بۆیە رۆڵی ئەکتیڤی هەبوو لە سەرگرتنی هەموو پرۆژەیەکی ئاشتەوایی و تەبایی لە کوردستان، ڕەخنەشی دەگرت جاروبار لە هەندێك بڕگەو بابەتی ڕێککەوتننامەو پرۆژەکان، ڕەخنەکانی ئەو بۆ پتەوکردنی پرۆژەکان بوو بۆ ئەوەبوو مەبادا کەلێنێك یان درزێك یان گۆشەیەك مابێت مەترسی بۆ داهاتووی بزاڤی ئیسلامی و کۆی خەڵکی کوردستان دروست بکات، کە ئەمەش دەلالەت لەسەر وردی و دووربینی و دوارۆژ بینی دەکات.

ـ مامۆستا ئەحمەد مەلایەکی زانا و سیاسیەکی هۆشیار و نووسەرێکی کاریگەر و موفەسسیرێکی مومتاز و داهێنەر بوو، لە مەلایەتیدا دەیتوانی فەقێی باش پێبگەیەنێت و وەلامی پرسیاری شەرعی خەڵك بە وردی و بەراستی بداتەوە، لە سیاسەتدا بەرچاوی ڕوون و خاوەنی ئامانج و تاکتیك بوو، لە نووسیندا خاوەنی میتۆدو مەنهەجێکی حەرەکی و پەروەردەیی بوو، لە تەفسیرەکەشیدا کە بێ موبالەغە بەلای منەوە تەفسیرێکی نایاب و مومتازە جوانترین خزمەتی بە بیر و بزاڤی ئیسلامی کردووە.

ـ بێ گومان دروستبوون و سەرهەڵدانی زانایەکی وەك مامۆستا ئەحمەد بەرهەمی چەندین سالّ جوهد و جیهادی فیکری و تەربەوی و عیلمی و سیاسی مەدرەسەکانی کوردستان و گەلی ئەمەکداری کوردە، وەفاتی کەسێکی وا لە تەمەنێکی کەمدا کارەساتێکی گەورەبوو، بۆشاییەکی گەورەو گرانی دروستکرد کە بەو ئاسانییە پڕنابێتەوە، ئەگەر چەند سالێکی تر لە ژیاندابا دەتوانم بڵێم: بە تەئکید بەرهەمی گەلێك زیاتر گرنگتر و بەپێزتری پێشکەش بە گەل و وڵات و ئوممەتەکەی دەکرد.ئەو بەرهەمانەشی کە لێی بەجێماون هەموو بەرهەمی نایاب و ڕەسەن و بەپێزن و تێکڕا خزمەت بە بزاڤ و ڕابوونی نەوەی نوێ دەکەن و هیوادارم لەمەولا بە دیراسەو لێکدانەوە و چاپی جوانەوە بکەونەوە بازاڕ بۆ زاخاودانی بیر و هزری نەوەی خوێندەواری کوردەواری.

ـ مامۆستا ئەحمەد بۆ خۆی لە حەفتاکاندا کە تازە ئیجازەی وەرگرتبوو، بووە داعیەکی راستەقینەو رێگەی خۆشکرد بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێی ئیسلامخوازی کوردستان، بە هۆشیاری و لێبراوانە کاری کرد بۆ بوژاندنەوەو سەرلەنوێ هێنانەکایەی بیرو هزرو پەروەردەی ئیسلامی، بە نووسین بە وتار بە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە موعارەزەی رژێمی بەعس و پاشان بەکۆچ و بەکارکردن بۆ دامەزراندن و ئیعلانکردن و بەرێخستنی بزووتنەوەی ئیسلامی، رۆڵێکی کاریگەر، جومگەیی و مێژوویی و بنەرەتی بینی لەسەر رەوتی جیهادی کوردستان، کەبۆخۆی رەوتێکی تایبەتمەندبوو، لە هەمانکاتدا ئەو مەلایەکی باشی دەرچووی حوجرەکانی کوردستان بوو، واتە لە مەلزەمەو نامیلکەو گۆڤارەوە فێری ئیسلام نەبوو بوو، بەڵکو بە پێی مەنهەجی عولەمای کوردستان لە حوجرەکانی ئێڵانپێ و خورماڵ و بیارەو هەڵەبجەو مەریوان و پێنجوێن و سلێمانی خوێندبووی، لەلایەکەوە پەیوەست بوو بە سیلسیلەی ئەسانیدی عولەمای سەلەف لە کوردستان، وەکوو نۆدشی و پێنجوێنی و قەرەداغی و بالکی و پریسی، لەلایەکی ترەوە دەیروانییە مەکتەبەی فیکری سەیید و عەودە و غەزالی و قەرزاویی و ئاگادریش بوو لە دەستاوەردەکانی بیری نوێی تورابیی و غەنووشیی و ئەدەبیاتی جیهادییشی دەخوێندەوە. هەربۆیە حزووری ئەو لە ناو قیادەی سیاسی بزاڤی ئیسلامی کوردستان زۆر پێویست بوو، ئەو ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان مامۆستایانی پێشووتر و مامۆستایانی تازەتر بوو، لەم رووەوە لە کۆنگرەی یەکەمی یەکبوونی ئیسلامیدا غەدرێکی گەورەی لێکرا، کە نەدەبوو ئەو غەدرە لەو پیاوە گەورەیە بکرێت، بەهەر پاساوێك بووبێت، چونکە کاری ئیسلامی لەکوردستان هەمیشە پێویستی بە زەمانەتی فیکری مەنهەجی عیلمی و کۆمەڵایەتی هەیە، کە ئەویش لەبوونی زانای ئاینیی مێژەر سپی و بیرمەنددا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام تادواهەمین ساتی ژیانی مامۆستا ئەحمەد هەرکەسێکی گەورەو هەر نووسەرێکی کارامە بوو، ئەویش تا وەفاتی نەکرد قەدریمان نەزانی ئێمەی زیندوو کوژی مردوو پەسەند!

ـ پەیامی من بۆ هەواداران و قوتابیان و هاوڕێبازانی مامۆستا مەلا ئەحمەد ئەمەیە کە با بیرو یادی ئەم کەسایەتیە نەبەستینەوە بە حیزبێکی دیاریکراو و رەوتێکی تایبەتەوە، ئەمە کوشتنی مامۆستایە، چونکە ئەو زانای گەلێك و بیرمەندی ولّاتێك و گەنجینەی فەرهەنگێك بوو، ئەو لەراستیدا گەورەتربوو لە حیزب، حیزب ئەوی قەتیس کردبوو، تا لە ژیاندا بوو رێگربوو لەوەی داهێنانی زیاتر و کاریگەری زیاتر هەبێت.زۆر جار دەڵێم خۆزگا ئەم زانایە قەت حیزبایەتی نەکردبا، بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر لێی نزیك بان و پتر لە بیرو بۆچوونەکانی بەهرەمەندبان، ئەوسا دیرۆك و ئەو و هاوچەشنەکانی لەناواندا جۆرێکی تر دەبوو.

هەروەها داواکارم لە کوڕەکانی مامۆستا کە هەرگیز باوکیان بەمردوو نەزانن، باوکی ئەوان زیندووە بەبەرهەم و بە نووسین و بە هەڵوێستەکانی بە بزەشیرین و وتەجوانەکانی، بەتایبەتی زۆر تەئکید دەکەم لە کاك عیرفان (کە مامۆستایەکی ژیرو زاناو بە ویژدانە) بەبریار و برشتێکی زۆرەوە بێتە مەیدان، بۆ ئەوەی نوسخەیەکی تربێت لەو باوکە مەزنەو بە بینین و بە دیداری خۆی شادمان بکات و حەسرەتی دووری باوکیمان لەبیر بەرێتەوە، گەورەترین خەفەتی من ئێستا ئەوەیە کە زۆر تامەزرۆ بووم لەم ساڵانەی دواییدا بەخزمەتی مامۆستا ئەحمەد بگەمەوەو تێر موتاڵای روخساری شیرینی بکەم بەڵام ئەو هەلەم هەر دەست نەکەوت و کەشتی ئەجەل ئەوی زووتر لە ئێمەبرد بۆ بەندەری ئاخیرەت.

خوای پەروەردگار پلەی مامۆستا ئەحمەد بەرز و بەرزتربکاتەوە و گیانی پاك و بەفرینی لە سای سێبەری عەرشی رەحماندا ئازاد و ئاسوودەبێت، ئامین.

- **حەڤدەیەم: مامۆستا ئیکرام کەریم**

نووسەرو ڕۆناکبیر:

لە ڕاستیدا مامۆستا مەلا ئەحمەد زانایەکی ڕوناکبیرو سەرکردەیەکی گەورە بوو، لەبنەماڵەیەکی هەژاربوو بەڵام لێبڕان و وابەستەبوونی بەزانست و زانایانەوە دەرگای ڕێزو گەورەیی بۆ کردەوەو توانی بە ماوەیەکی کەم پێشرەوتی گەورە بکات. ئەوەی مامۆستای والێکرد زوو گەورە ببێ بە ڕای من سێ شتی سەرەکی بوو:

یەکەم: جەوهەری خۆی.

دووەم: کاملّیی مامۆستا مەلا عوسمان.

سێیەم: وەرگرتنی فەهمی حەرەکی بۆ ئیسلام.

مامۆستا بە ڕەحمەت بێت خۆی پیاوێکی گەوهەردار بوو، زیرەك بوو، زوو لە شتەکان ئەگەیشت، دلّ و تیشکی کراوە بوو بۆ زانست و زانیاری، دەزگای وەرگرتنی بەهێز بوو، بۆیە لە مامۆستاو هاوڕێکانیەوە هەرچی پەخش بکرایە ئەیتوانی وەریبگرێتەوە و سەر لە نوێ پەخشی بکاتەوە، مامۆستا مەلا عوسمانی ڕێبەرو مامۆستاشی بە ڕەحمەت بێت پیاوێکی کاملّ بوو، وابەستە بوونی مامۆستا ئەحمەد بەو کاملّترە لە خۆی ڕوشدی زیاتری پێداو گەیاندیە کاروانی زانایانی ئیشکەر..

مەحوی شاعیر نهێنی گەورە بوونی مرۆڤی موسلّمان لە پێنج شتدا ئەبینی کەوا ئەزانین ئەم مامۆســـــتا بەڕێزە لەو شتانە بەهرەمەند بووبوو، مەحوی ئەفەرموێ:

ئیخلاص ئەگەر بوو (فبها) گەر نەبوو ئەبێ * کەسبی بکەی بە (تەزکیە)ی ئەخلاق و نەفسی دوون وابەستە بە کاملّتر لەخۆت و زیکری دەوام و تابیعی سوونەنەی سەنییە بوون.. سوپاس بۆ خوا مامۆستا وابەستە بوونی بە کاملّێکی وەك مامۆستا مەلا عوسمانەوە لە نێوان هەردو تەزکیەکەو هەردوو ئیتیباعەکەدا ڕاگرتبوو، ئەو فەهمە حەرەکیەی کە هەیبوو بۆ ئیسلام عاملێکی تر بوو لەو عاملە زۆرانەی ڕۆڵیان لە

گەورەکردنی مامۆستا هەبوو، چەند کەسی تر هەبوو هاوتەمەن و هاوپۆلی ئەو بوون، چونکە ئیسلامیان وەک (فکرە) و وەک (حرکەت) وەرنەگرتبوو کەسێکی نەناسراو و ناکاریگەر دەرچوون، کەچی ئەو ناسراویش و خاوەن کاریگەریش دەرچوو، بوویە کەسێکی دیاری ناو ناوەندە ئیسلامیەکەی کوردستان.

لە دەستدانی ئەم زانا گەورەیە راستە بۆشایی خۆی دروست کرد، بەڵام إن شا ءالله جێگەکەی هەر زوو بە منالّە بەرێزەکانی خۆی و لاوە دڵپرئومێدەکانی ئیسلام پڕ ئەبێتەوە، شوکر بۆ خوا رەحمی ئیسلام دەیان و سەدانی تری وەک مامۆستا مەلا ئەحمەدی لێ دێتە دەرەوە..

ئیسلام توانی چەندان خەلیفەی گەورەی وەک (ئەبوبەکر و عومەرو عوسمان و عەلی) و چەندان پێشەوای دینی وەک (شافعیی و ابوحەنیفە و ئەوزاعی و نەوەوی و ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم و مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا ئەحمەدی کاکە محمود) و چەندان سەرکردەی سەربازی وەک (صلاح الدین و محمد فاتح و بێبرێس و خالدی کوری وەلید دروست بکات، شاعیر بە هەڵەدا چووە کە دەڵێ:

حلف الزمان ليأتين بمثله

حنث يمينك يا زمان فكفر

ـ بانگەوازو هیجرەت و جیهاد سێ کۆڵەکەی بزاڤی ئەم دینەن، لە ژیانی مامۆستا رەنگیان دابوویەوە، قاڵبوونەوەی لە ناو بانگەوازو ئیسلامی حەرەکیدا دەم و قەڵەمی مامۆستای بەرادەیەک چالاک کردبوو کە زۆری نەبرد بە وتارەکانی دوانگەی مزگەوتی سیروانی لای هەڵەبجەی شەهید و نوسینە جۆر بەجۆرەکانی بوویە پەناگا بۆ لاوانی ئیسلامی و ئەو زاتە بەرێزەیان زیاترو زیاتر خستە خولیای رێکخستن و ئەویش خستیە خولیای هیجرەت و هیجرەتیش خستیە خولیای ئیعدادو جیهادەوە.. زانایان قۆناغەکانی بانگەوازی ئیسلامی و بە پێی ئاماژەکانی فەرمودەی پێغەمبەریش ﷺ کە ئەفەرموێ:(علیکم بالجماعة والسمع والطاعة والهجرة والجهاد) دەکەنە پێنج قۆناغ: قۆناغی رێکخستن و جەمع

دروست کردن کە لە دەوری (فکرەیەك) کۆیان بکەیتەوە، ئەو فیکرەیە ئامانجەکان دیاری بکات و هەوادارانی بخاتە خولیای دیاری کردنی هەنگاوەکانی دەستخستنی ئەو ئامانجانەو پەیدا کردنی ئالیەت و هۆکارە گونجاوەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. قۆناغی دامەزراندنی (سمع و طاعة) بۆ پێرەوپرۆگرام ئەبێت بە پلەی یەکەم و پاشان بۆ ئەمیرو گەورەی ئەو جەمعە ئەبێت، خوای گەورەش هەروا ئەفەرموێ: (ولایعصینك فی معروف) پێغەمبەریش ﷺ هەروا دەفەرموێ: (لاطاعة في معصية الله إنما الطاعة في المعروف) قۆناغی هیجرەت کە کاتی تێگەیشتنی (کەوادر) و هێزی فیکری و سەربازی یەکانە لە ناو ئەو جەمعەدا و رێی ی تێ ئەچێ بەبێ هیجرەت کردن بواری خێردانەوەیان بۆ نەرەخسێ. قۆناغی جیهاد کردن کە هەندێ لە زانایان لەوانە عبدالله عزام بە دوو قۆناغی پێکەوە گرێدراو لە گەڵ (ئیعداد)دا باسیان ئەکات وئەفەرموێ ئەمیان سەرەتایە بۆ ئەویان و ئەوەش نهێنی ریزبەندی فەرمودەکەیە کە ئەفەرموێ:(الجماعة) پاشان (السمع و الطاعة) پاشان (الهجرة والجهاد).

لە راستیدا ئەم قۆناغانە رەنگیان دابوویەوە لە ژیانی مامۆستادا و هەر کەس کتێبی (سیاسەت لە ئیسلامدا)ی بخوێنێتەوە کە لە ساڵی ١٩٨٦دا نووسیویەتی بە ڕوونی ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە مامۆستا لە خولیای جەمع دروست کردن و هیجرەت و جیهاددا بووەو ئەوەش بوو کە لە ساڵی ١٩٨٧دا لە گەڵ زانایانی هەڵەبجەدا رێگەی هیجرەتی گرتە بەرو لەوێش ڕانەوەستا تا جیهادی حیزبی بەعسی راگەیاند.

ـ لە پرسیارەکەی پێشودا وەڵامی ئەم پرسیارەشمان داوەتەوە.

ـ کاریگەری مامۆستا لە سەر ڕەوتی جیهادی ئەوەندەی من لە نزیکەوە ئاگام لێی بووبێت مامۆستا زۆر سوور بوو لە سەر پاراستنی گیانی موقاوەت و جیهاد کردن لە ناو بزووتنەوەدا لە هەمان کاتدا زۆر بە تەنگ ئەوەشەوە بوو کە پەیوەندی دۆستانەو هاوپەیمانێتی بپارێزێ، زۆر بەوە داخی ئەخوارد کە ئەندامێك لە دێ یان کادێرێك لێرە بە گیانی بەر پرسیارێتی یەوە هەڵس وکەوتی نەکردایە، یان نیشانەی پرسیاری لە سەر

بزووتنەوە دروست بکردایە، حەزی لەوە بوو کە ڕێز لە خاوەن سابقەکان بگیرێت لە ناو بزوتنەوەدا، ڕێز لە پسپۆری وتایبەتمەندیش بگیرێت، حەزی واش بوو کە هەمیشە ناوچەیەکی ئازاد لە بندەستی بزووتنەوەدا هەبێت بۆ ڕۆژی تەنگانەو بۆ کاری خولکردنەوەو پەروەردەی پتەوتری موجاهدین، لەم گۆڕانکاریە خێراییانەی ئەم دواییەشدا مامۆستا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، حەزی بە برایی و تەبایی ئەکرد، شتی گەورەی زۆر خرایە بەردەمی کەچی ئەو کردی بە ژێر پێی برایەتیداو باجی ئەو هەڵویستەشی داو لێشمان نەبیست لێی پەشیمان بێت.

- ئەبێ پەیامی من چی بێت بۆ هاوڕێ و هاوڕێبازانی یان دۆست و هەوادارانی مامۆستا جگە لەوەی کە خوای گەورە ئەفەرموێ: (ولقد وصينا الذين اوتوا الكتاب من قبلكم واياكم ان اتقوا الله) ئەمە ئەو وەسیەتە گەورەو سەنگینەیە کە خوای گەورە ئەهلی کیتابی پێش ئێمەی پێ وەسیەت کردووەو وەسیەتی بۆ ئێمەش پێکردووەو تا قیامەتیش هەر بەردەوامە.. ئەو وەسیەتەی کە زانای بەرز (ئیبن تەیمیە) کتێبێکی سەربەخۆی لە سەر ئەو ئایەتە داناوە بە ناوی (الوصية الكبرى)، (ئێمە ئەهلی کیتابی پێش ئێوەمان نەسیحەت کردووە و ئێوەش نەسیحەت ئەکەین کە خۆتان لە عاجزی خوا بپارێزن).

ئەوەش ئەخوازێ کە دو شتی گەورە هەیە بیزانین:

یەکەم: زانینی هەموو ئەو شتانەی کە خوا پێی خۆشە بەندەکانی بیڵێن و بیکەن.

دووەم: زانینی هەموو ئەو شتانەی کە خوای گەورە پێی ناخۆشە بیڵێن و بیکەن.

ئیبن ڕەجەبی حەنبەل ئەفەرموی: (كيف يكون في المتقين من لايدري ما تبقي).

هەموو ئەو شتانەش کە خوا پێخۆشەو لێی ڕازییە لە قورئان و فەرمودە شیرینەکانی پێغەمبەردا ﷺ هەیە، بە هەمان شێوە هەموو ئەوانەش کە خوا پێی ناخۆشەو عاجز دەبێ لە بەندە کە بیانڵێت و بیانکات لە قورئان و لە فەرمودە پیرۆزەکانی پێغەمبەردا هەن و زانایەکی گەورەی وەك (سعيد حوى)ش لە کتێبی (جند الله ثقافة وأخلاقا)دا

هەندێکی زۆریانی کردۆتەوە.، جا ئەگەر لە ژێر رۆشنایی ئەم فەرمودە پیرۆزەی خوادا بجولێینەوە ئەوە دەبێ بڵێین:

١. هەموو ئەو لایەنە چاك و باشانەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی و سەرکردەو کادرانی هەیانبووە پێویستە بۆ نەوەی نوێ باس بکرێن و هەموو ئەو لایەنە ناچاك و هەڵس و کەوتە ناباشانەی هەبووە و بریندارییان کردۆتەوە جەستەی بزووتنەوەوە و ئێستا قەتماغەیان بەستووە، جارێکی تر نەکولێنرێتەوە و لێی بگەڕێین گۆشت بگرێتەوە و سارێژببێت،

٢/ ئەو برایەتییەی کە لە نێوان کادێران و ئەندامانی ڕەوتە جیهادییەکەدا لە هەر کوێ هەن دروست بووە و یەك گیان و یەك جەستەی بۆ دروست کردوون، بە چاوی خۆشەویستییەوە سەیریان بکەین و هەوڵ بدەین بەهێز تربن نەوەك یادەوەری تاڵی ڕۆژانی نەهامەتیان بە بیر بهێنرێتەوەو دڵەکان لە یەك عاجز بکرێن چونکە برایەتی دروست کردن ئامانجێکی گەورەیە بە ڕادەیەك پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەست بە کزبوونی ئەکات لە نێوان (أبوذر) و (بیلال) دا بە بۆنەی ئەو قسەیەوە کە ئەبوزەر بەرانبەر بە (بیلال) ووتی: (یا ابن السودا ء) پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (انك امرؤ فیك جاهلیة) لە درێژایی تەمەنی پێغەمبەردا ﷺ بڕوا ناکەم هەڵوێستی ئەوەندە زبری بەرانبەر بە هاوڕێیانی نواندبێت، نهێنی یەکەشی ئەوەیە کە (برایەتی) لە ئیسلامدا ئەوە ئەهێنێ کاتێك یەکێك بە مەبەست یان بەبێ مەبەست ترسناکی لەسەر دروست کرد پێی بووترێ (نەفام) یان پێی بووترێ: تۆ هێشتا نەفامیت تێدا ماوە! واز بێنە لە دەمارگیری، بۆگەنە.

یەك پەیامی ترم هەیە و حەز دەکەم لێرەدا ڕایبگەیەنم ئەویش ئەوەیە گەشەی ئیسلامی و ڕەوتی ئیسلامی پەیوەندی زۆری بە دڵ و زوبانی موسڵمانەوە هەیە با هەموو خۆمان فێری ئەوە بکەین بە زمان شتێك نەڵێین زیان بە ئیسلام و ئەهلی ئیسلام بگەیەنێت، موسڵمانان تووشی شەری لابەلایی بکات یان ناچاری وەلأم و وەلأمدانەوەی بێ

سەمەریان بکات، با بە دڵیش کەس خۆی لە بڕا موسڵمانەکەی بە چاکتر نەزانێ، کێ ئەزانێ خوا تۆی قەبووڵ کردووە، یان کێ ئەزانێ کە خوا لە سەر فلانە شت و فیسارە شت لە تۆ عاجز نییە، یان کێ ئەڵێ ئەوەی تۆ بە کەم سەیری ئەکەی یەکێك نییە لە (ئەتقیا ئەخفیا) کان.

سەعدی کوری ئەبی وەقاص لە پێغەمبەر ﷺ ریوایەت ئەکات کە ئەفەرموێ:(ان الله يحب العبد التقي الغني الخفي).

(اقول قولي هذا واستغفرالله لي ولكم).

- **هەژدەیەم: مامۆستا مەلا تاهیر بامۆکی وتاربێژی مزگەوتی عومەری کۆڕی خەتاب لە هەڵەبجە:**

الحمدلله والصلاة والسلام على حبيبنا محمد وعلى آله وآصحابه ومن والاه...

بەڕێزان: بنەماڵەی مامۆستا (مەلا ئەحمەد کاکە محمود)ی ئیمام و خطیب و نووسەرو ڕۆشنبیرو بانگخوازو موجاهیدو دامەزراو لەسەر ڕێ تا ساتێ نەواری تەمەنی پانی پڕ بەرەکەتی تەواو بوو وە دونیای جەنجاڵ و پڕ دەردی سەری و مەینەتی بە جێ هێشت و بە کۆڵ و باریی‌ەوە گەڕایەوە بۆ خزمەتی پەروەردگاری..، سڵاوی خواتان لێ بێت، ڕەحمەتی خواش ببارێ بەسەر گیانی ئەو مامۆستاو خەمخۆرانەی لە قۆناغێکی سەختی بانگەوازی ئیسلامی و ڕابوونداتوانیان خزمەتێك بکەن، ئەو ماوەیەی ئەو مامۆستا بەڕێزانە پێیان نایە ناو ژیان و چاویان کردەوەو قۆناغی لاوێتی و هەرزەکارییان دەستی پێ کرد، دڵداریی و عەشقی گەنجی ئەو زەمانە بریتی بوو لە دەست گرتن و ڕێنمایی کردنی لاوێك، لەبەرکردنی سورەتێك لە قورئان و فەرمودەیەکی رسول الله بوو و کڕینی نامیلکە و گۆڤارێك بوو باسی ئیسلامی تیا بێت.

ئەو قۆناغە بە لای منەوە خۆرگیرانی ئیسلام بوو بە تەپ و تۆزو دووکەڵی مادیی و مادە پەرستی و جەدەلیەت و خەڵك خەڵەتاندن بە ناوی زانستی سەردەمەوە بۆ کوفرو ئیلحادو نۆکەری ئەو ولاتانەی پڕ سکیان نان نەبوو بیخۆن، وە نەوزو خەوە نوچکە ڕووی لە چاویان نە دەکرد، بەڵام وەك دەڵاڵە دەمبازەکەی مەیانی ئاژەڵ فرۆشی ولاتی خۆمان، خەڵکانێك نێرە بیدۆشەیان بەم خەڵکە سروشت پاك و بڕوادارو کاسبکارەی ولاتی خۆمان دەکرد.

بەڵێ جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە یەکێك بوو لەو گەنجە خوێن گەرم و بیر تیژو دڵ بە جۆشەی فەقێیەتی و قوتابێتی پەیمانگای ئیسلامی و ژیان لەگەڵ مامۆستای موفەسیری قورئانی پیرۆز جەنابی مامۆستا ملا عوسمان عبدالعزیز داو دەیان نوری ڕێگاو چرای هیدایەتدا هاتنە مەیدان.

توانیان ڕێگا بگرن لە شەپۆلی گەنج خنکاندن و لە خشتە بردنیان، منیش مامۆستا ملا تاهیر بامۆکی لە ڕێگای نووسین و کتێبەکانی مامۆستاوە لە لایەك و لە ڕێگای یادە پیرۆزەکانی ئیسلامەوە لە مزگەوتەکانی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری و لە ڕێگای مزگەوت و میحراب و مینبەری مزگەوتی گەورەی سیروان لە ساڵەکانی هەشتاوە مامۆستام ناسی، زۆرمان سود وەرگرت لە کتێبەکانی، لە ووتارەکانی لە یادی لە دایکبوونی سەروەرماندا لە ووتارەکانی هەینی.

لەگەڵ مامۆستای نووسەر مامۆستا حبیب محمد سعید و مامۆستا حسن شەمێرانی و چەندین براو مامۆستای تردا بە خزمەتی مامۆستا ملا ئەحمەدو مامۆستای خۆشەویست مامۆستا سید نجم الدین لە مجمعی عەنەب و سیروان گەیشتم.

یەکێ لەو بیرەوەریانە لە بیرم ناچێتەوە خەڵکی بە شەرەفی شارۆچکەی سیروان بە دوو تراکتۆرەوە ڕۆشتن بۆ ناوچەی نەورۆلی و نەوەرو کەوتەو بالأمبۆ گەلاڵ بەڕوو بهێنن کەپری باش بۆ مامۆستا ملا ئەحمەدو منارێ و میوانەکانی دروست بکەن، بەڵام قەدەری

خوا مەکینەکە وەرگەڕابوو مەراق و داخێکی زۆری دا بە مامۆستا و دۆست و برایانی مامۆستا.

- ئەوەی مامۆستا مەلا ئەحمەد لەو ماوەیەدا پێی هەڵ دەستاو ئەنجامی دەدا لە:

- وتاری بە پێزی ڕۆژی هەینیی.

- ئامۆژگاری پرسەو سەر قەبران.

- وتەی یادەکان لە مولودو ئیسراو معراج و هجرەت و شەوانی قەدر و..

نووسینی بابەتی زیندوو بە سودو زۆر گرنگ بۆ لاوی ئەو ڕۆژەو کۆبوونەوەی دەیان پیاو و گەنج و لاو لە دەوری مزگەوت و دەرسەکانی مامۆستا.

بەلای منەوە ئەوەی یەکێکی وەك مامۆستاو مامۆستایانی بەڕێزی تر ئەیان کرد بە مەڵبەندێکی حزبی و سەنتەرێکی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی ئەم زەمانە ئەنجام نە دەدرا.

ئەزانن بۆچی؟ چونکە ئەو ڕۆژە ئیماندار خۆیی و مالّ و گیرفان و منالّەکانی وقف ئەکرد بۆ خواو نەسریە و مەعاش نەبوو کورسی و قەنەفە و ئۆزمۆبیل و دەبلّ و دیلّ نەبوو وماندوو ئەبویت، دلّت لە خزمەتی رسوالله دا ئەحەسایەوە تینوێتیت بە باسی ڕەیان ئەشکا.

ئولگوت خەباب و مصعب و سومەیە و زەنیرە و بەنان و زەینب غەزالی بوو.

بەننا و نورسی و مەودودی و اقبال و زەهاوی و صواف مەشخەلانی ڕێگات بوون، بۆیە زۆر گەورە سەیری ئەو جوهد و جهادە دەکەم.

-بانگەواز بەرنامە و مەنهەجی کاری هەموو ئیسلام خوازێکی وریا و ئازا بوو لەو ڕۆژگارەدا، مامۆستا ملا ئەحمەد کاکە محمود یش چاکی مەردانەی لێ کردبوو بە لادا.

زۆر جولآن و تەقالا بۆ گەیاندنی ئیسلام و فشاری حکومەت و حزبی حاکم لەو لاوە و مارکسیەت و شوعیەت لەم لاوە کارێکیان ئەکرد مامۆستا و موسڵمانان لەم قۆزاخەو قالبەی خۆیاندا جێگایان نەبێتەوە، سەرهەڵدانی جیهادی ئەفغانی دژ بە لەشکری سووری ڕووسی و شکانیان لەوێ و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە بنا گوێی ئێمەی کورد لە کوردستاندا و بارکردن و بانگ کردن و گرتن و کوشتن و شەڕی بێ فەڕی عێراق و ئێران کارێکیان کرد هیجرەتیش فەرز بێت، دوای دەرچوون لە کوردستانی عێراق و گیرسانەوە لە ئۆردوگاکانی ئێران و فشاری بەعس و قڕکردن و کاولکردنی کوردو کوردستان وە لە مەیدانا غائب بوونی ئیسلامیەکان، دەستەیەك لە زانایان شارەزایانی ئاینی ئیسلام بە ئیجتیهاد و استنباگێك لەو زەمین و زەمانەدا کردیان، بە پێویستیان زانی ئەبێ جوهدو جیهادێك بەرپا بکرێت و ڕابگەیەنرێت بۆ دفاع لە مەزڵومییەتی گەلی کورد و بۆ پاراستنی بەها بالآکانی ئیسلام و نەفەوتانی ئەو هەموو گەنجە خوێن گەرمەی لە ناو صحوە و ڕیزی برایانی موسڵمان و مەدرەسەکانی تری ئیسلامدا جێگەیان نە ئەبوویەوە و خۆیان بۆ کۆنترۆڵ نە ئەکرا بەرامبەر ئەو هەموو ستەم و سوکایەتی و گاڵتەجاڕییەی بە ئیسلام و موسڵمانانی کوردستان ئەکرا، بۆیە لە دوای هیجرەت جیهادیش دەستی پێ کردو مامۆستاو مامۆستایانی ترو چەند هەزار کەس چوونە مەیدانی خەبات بۆ ڕزگاری کورد و کوردستان بەڵآم بە ئایدۆلۆجیایەکی ئیسلامیەوە.

لەوانەیە لێرە و لەوێ زۆرێك لە خەڵك ڕەخنە و تانە و توانج بگرن و بگرنە ئەو جیهاد و اجتهادە بەڵآم من دڵنیام هەرکەس ئیش نەکاو دانیشێ هەرگیز هەڵە ناکا.

یاریزان و یاری چی لە گۆڕەپانی یاریدا کەف ئەچەڕێنن و شڵپەی عارەقیان دێت و گوڕی بۆ ئەخۆنەوە شوتێ لێ بدەن گۆڵێ بکەن و گرەو لە بەرامبەریان ببەنەوە، بابای ناو مەدرەجەکەش خەریکی بیبسی خواردنەوە و نەستەلە خواردنە زوو زوو ئەڵێ دەك قاچت بشکێ توخوا ئەوە شوت ئاوا لێ ئەدرێت؟! بە هەرحاڵ هەرچی کراوە ئەڕواتەوە بەر

بارەگای خوایەك هیچی لێ وون نابێت و لەسەر (مثقال ذرة) خێرو شەڕ پاداشت و سزای داناوە.

لە خشتەی پای مور ئاگا و خەبەردار

صاحب ڕەحمەتە و غەزەب بێ شومار

لەوێ دەر ئەکەوێت چی بۆ خۆا بووە و چی بۆ خۆم.

بەڵێ هەر سێ چمکەکە لە ژیانی مامۆستادا ڕەنگی دابوویەوە.

– بوونی مامۆستا لە مزگەوت نەبێ لە میحراب و سەر مینبەردا بێت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا ئەبێ پێشەنگ و پێشەوا بن تا خەڵك بەرچاوو ڕێگای ڕوون بێت و نەکەونە بەرو پشتی ڕێ، بەڵام دوو هەڵەی گەورە ڕووی کردۆتە بزووتنەوە و لایەنە ئیسلامیەکان و زانایانی ئاینی بە بۆچوونی من کارەکەی شێواندوە و پەنجەری کردووە:

١– زانایان بزانن و نەزانن، بتوانن و نەتوانن، زۆرێکمان پێمان وایە لەبەر ئەوەی مامۆستاو مەلاین هەر ئەبێ سەرو سەرکردە بین، ئەگینا گوناحەو عەیبەو بۆ دین زەرەری هەیە و ناکرێت زانا ڕابەر و ئیماندار و بەرپرس و قازی نەبێت، کە ئەم بۆچوونەش زۆر دوورە لە ڕۆحی ئیسلام. کار لە ئیسلامدا بە پێوەری زانین و توانین ئەدرێت بە سەر ئەندامەکاندا، نەك بە پێی ناوونیشان و بنەماڵەو پێشینە لە دینداریدا، ئەگەر پێی نەبێت نایدرێتێ، زۆرێك مامۆستای شارەزا لە علومی شەرعی وازیان هێنا لە مەدرەسە و میحراب و مینبەر بۆ مێزو کورسی و ناو و ناتۆرەی حیزبی، جا دوو زەرەریاندا یەکێ: خۆیان پوکانەوە و فەوتان، دوو: کارە ئیسلامیەکەش وەك پێویست ئەنەجام نەدرا و نادرێ.

٢– ڕەوت و بزاوت و لایە سیاسیە ئیسلامیەکانیش تا ئەندازەیەك خزمەتیان بە زانایان نەکردو کاریان نەکرد لە سەر گەشە پێدان و کاراکردنی زانایان لەبەر:

أ- لەناو ئیسلامیەکاندا بەڵگە نەویستە مەلاو کاری سیاسی کوجا مەرحەبا، لە ڕوو بزەو زەردەخەنەت پێشکەش دەکەن بگرە دەستیشت ماچ دەکەن، بەڵام دوای دەرچوونت لە ئۆرگانەکە، بێ قەزا بێ بۆ ناڕۆی تجویدی خۆت بخوێنی و بەرنوێژیەکەت بکەیت؟!!

ب- زانای حیزبی بەچاو ئەبینێ و بە گوێ ئەبیستێ ئەوانەی ئەو پێی گەیاندن بانگی کردن، وا فڕین لە حزب و حکومەتدا، لە سەفەرو سیاسەتدا، لە خانوو قەنەفەو قەوالّەدا لەمەعاش و مەعیشەتدا کوڕو کچەکانیان هەر بە قوتابی کۆلێژ و بەرپرسی سەنتەر و ئۆرگانەکانی حیزبین !! مالّی مامۆستا و منالّی مامۆستا و ژنی مامۆستایش، ئەبێ میراتگری ئەبو زەڕو وەیس القرن و بشری حافی بن، بۆیە مامۆستا دوو مەراق و دوو داخ و دوو هێرش و دوو دەردی بێ دەرمان ڕەگی حەیاتی سست ئەکەن و کەمەری شل ئەکەن و لە قەلانیش ئەبێت و لە مەلانیش بە جێ ئەمێنێت.

وەك جاری جاران مەلایەتی پاك و بێ گەردی بۆ خوا صولّحاوی پێ ناکرێ چونکە پەتای حزبایەتی پەکی خستووە و لە ناو جەماوەردا لیخن و چلّکن بووە و فاس و تایدیش لێی ناکاتەوە و قورئانە ڕەشی فتاح میراولیش لە مل بکات دەستی پیا بدا هەر باوەڕی پێ ناکەن و بە تاکتیك و پەر لەی تێ ئەگەن.

لەو لایشەوە لە حیزبدا ڕۆژی مەترێ بۆ پێشەوە و دوو مەتر بۆ دواوە ئەڕوات، ئەگەر زۆر خاتری بگرن لە کۆمەلاّیەتی ڕۆلّی کارای پێ دەبینن، ژنی منالّی لەبار بچێ و مالّی خەرمانیان بسوتێ و مەجلیسی تەعزیەو صولح و بروسکەیەکی ساردو سڕ ڕەوانە ئەکات و زۆر جاریش لە بەر نەبوونی کات تەنها ناوی لایەنی بروسکە نێرەرەکە ئەخوێننەوە و مامۆستایش هاتەوەو هیچیان نەدایە.

بەلاّم ئەگەر مامۆستایان ڕۆلّی باوك و ڕێگای بەهەشت نیشاندان و بەیان کردنی ئیسلامی پاك و بێ گەردیان ببینیایەو لە جیهانی سیاسەت و ڕووداوەکانی ڕۆژ و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بە جێ نەمایە هەزاری خێر و دوو هەزاری بەرەکەت بوو. - نەخێر لە پاشکۆ و چەمەلەقدان ئەوەتا ئەیانەوێ مێزەرەکەی قازی کۆماری مهابادیش لا ببەن و مۆرکی ئیسلامی بە یەك بە یەکی ئەو پێشەوایانەوە نەمێنێ.

– بەڵێ مردنی عالمێك مردنی عالەمێکە زانایش بە ئەندازەی ڕۆڵی لە ژیان و ژینی ئاینەکەی و گەلەکەیدا بۆشایی دروست ئەکات بە مردن و شەهید بوونی، بەڵام (لا یکلف الله نفسا الا وسعها) (حسبه قد بلـــغ) خوا جێگای پڕ بکاتەوە و ئەویش لە بەهەشتدا بحەسێتەوە.

– پێش وەفاتی مامۆستا لە تبون و شلّەژانێك ڕووی لە بزووتنەوە و ڕەوتە ئیسلامیەکان کردبوو بە مردنی مامۆستایش کەلێنێکی تر و خەمێکی تر ڕووی لە بزووتنەوە کرد و موسلّمانان و ئیسلامیەکانیش زانایەکی ڕۆشنبیرو خاوەن هەڵوێست و بوێریان لە دەست دەرچوو.

– پەیامم بۆ منالّەکانی و کەس و کار و هەواداران و قوتابیانی و هاوڕێبازانی ئەوەیە بزانن و بڕوانن چی (ئەحمەد کاکەی یالأنپێ)ی کرد بە مامۆستا ملا ئەحمەد کاکە محمودی موجاهدو موفەسیرو ڕۆشنبیرو ڕەوان بێژ هەوڵی بۆ بدەن بەڵکو یەکێ تری وەك ئەوتان تیا هەڵکەوێ (و ما ذلك على الله بعزيز).

- **نۆزدەیەم: مامۆستا هاوڕێ محەممەد ئەمین بانگخوازی ئیسلامیی:**

بسم الله الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.

زۆرن ئەوانەی کە لە ماوەی تەمەنیاندا بە زاناو پیاوی ئاینی ناو دەبرێن و لەو ڕێگەیەوە بە پلەو پایەی بەرز دەگەن، بەڵام کەمیان خوای گەورە قبوڵیان لەسەر زەویدا بۆ دادەنێ و خۆشەویست دەبن لە دڵی خەڵکدا، چەندین زانامان بینی کە چەندین کتێب و نووسراویان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت کە بە پێوانەی زانستی، ئەو کتێب و نووسراوانە پڕ لە زانیاری و زانستن، بەڵام ناچنە دڵی خەڵکەوەو لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان تۆزی مێژوویان لە سەر نیشتووە.

خەڵك زیاتر نووسراوی ئەو کەسانە دەخوێننەوە کە لە ژیانی خۆیاندا کاریان بە وتەو نوسینەکانی خۆیان کردووەو زیاتریش بەوانەی کە خوێنیان لە پێناو ئەو مەسەلەدا ڕشتووە کە باوەڕیان پێی هەبووەو لەو پێناوەدا سەرو ماڵیان داناوە. دەبێ کەسێك باسی بانگەوازو جیهاد بکات، خۆشی باوەشی بە دونیادا کردبێ و بوبێتە ئەڵقە لە گوێی ستەمکاران، کەسی وا دەبێت خەڵك تا چەند باوەڕیان بە قسەو دروشم و نوسینەکانی هەبێ میللەتی ئێمەش بە داخەوە قەدری پیاوچاکانی خۆی نازانێ هەتا لە دەستی نەچێ، لە ڕۆژانێکدا کە لەزۆربەی مینبەرەکانی کوردستانەوە دوعا بۆ (السید الرئیس) دەکراو بە شان و باڵیدا هەڵدەدرا، پیاوانێکی مێزەر سپیی و مێزەر پاك بوونە پێشەنگی هیجرەت و ڕەمزی جیهاد و مقاوەمەت لە دژی تاغوتی سەردەم، ڕاست بوونەوە ئەوان تەنها پەروەردەی حوجرەو مزگەوتەکان بوون و لاوێتی خۆیان بە فەقێیایەتی بەسەر بردوو، بەڵام سەلماندیان کە لە ڕۆژی پێویستدا موجاهید و پێشمەرگەی سەنگەریش ئامادەن خوێنی خۆیان بڕژن هەتا بیسەلمێنن کە ڕاستن لە گەڵ خواو خودی خۆیان و ئەو جەماوەرەشی کە وتاری بۆ دەدەن و کتێبی بۆ دەنووسن، نمونەی ئەوانەش جەنابی مامۆستا ئەحمەدی کاکە محمودە کە عیلم و عەمەل و ئیخلاسی بۆ پەروەردگاری خۆی تێکەڵ کردبوو (نحسبه و لا نزكي على الله احـــدا) بەجۆرێك کە سەدان گەنجی موسڵمان لەسەر دەستی ئەو و لە ڕێی کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوەکانیەوە ئاشنا بە ڕێبازی پاکی ئیسلام بوون و، فێری ئیسلامێکی عەمەلی بوون کە بتوانن لە ژیانی واقیعدا جێ بە جێی بکەن و کاری پێ بکەن، فێری کردن کە بۆ ئیسلام بژین و کار بە ئیسلام بکەن و بیکەنە بەرنامەی ژیانیان، دەبێت چ کارێك هێندە پیرۆز بێت کە لە ناو تاریکی جەهل و نەفامیدا مۆمێکی ئیمان و عقیدە پاکی هەڵبکەیت، مامۆستا ئەحمەد خۆیی و مامۆستا خوا ویستەکانی هاوڕێی بوونە هەڵگیرسێنەری ئەو مۆمە لە ڕۆژە تاریکەکانی پاش ئەنفال و کیمیاباراندا، لە ڕۆژانێکدا کە خەڵکانی تر پۆل پۆل چەکیان دادەناو تەسلیم دەبوونەوە، ئەوان سەر لە نوێ شۆڕشێکی نوێیان هەڵگیرساند، بەڵام ئەمجار شۆڕشی پڕ چەك بە باوەڕی یەکتاپەرستی دژی زوڵم و بێ باوەڕی، شۆڕشی قورئان و بەرنامەی ئیسلام دژی

ڕێچکەو ڕێبازە ئێکس پایەرەکان کە مێشك و دەروونی کوردیان بۆ دەیان ساڵ پێ ملوپ کردبوو، ئەوەندەی کە من مامۆستا ئەحمەدی کاکە محمودم دەناسی بەردەوام هۆکاری یەکخستن و پاراستنی یەکڕیزی موسڵمانان بوو، چەندین جار ئاگادار بووم کە بزووتنەوەی ئیسلامیی دەگەیشتە لێواری هەڵوەشان و لێکترازان و بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو و چەند مامۆستایەکی بەڕێزی تر، برینەکانی ساڕێژ دەبوونەوە، چونکە هێندە هەیبەت و ڕێزی هەبوو کە هەموو لایەك ڕێزی لێ بگرن و لە قسەی دەرنەچن، وە لە فەتواکانیشیدا هەمیشە دەست پێشخەر و چاو نەترس بوو، وە تەعامولی لە گەڵ واقیعدا دەکرد، بۆیە زۆر جار ئەوانەی کە ئەو کات فەتواکانی ئەویان ڕەت دەکردەوە و پێیان قبوڵ نەدەکرا ئەمڕۆ خۆیان هەمان فەتوا دەدەن و کار بە فەتوا کۆنەکانی ئەو دەکەن.

من کە دەچوومە خزمەتی لە ماڵەکەی خۆیدا ڕەشنووسی تەفسیرەکەی خۆی نیشان دەدام و پرۆژە نووسینەکانی خۆی بۆ باس دەکردم، منیش پڕ بە دڵ ئاواتم دەخواست کە ڕۆژێك بێت و بتوانم وەکو جەنابی مامۆستا خزمەتێك بۆ قورئان و بە ئاینی ئیسلام بگەیەنم لە ڕێگەی نوسینەکانمەوە.

ربنا اغفر لنا و لاخواننا الذين سبقونا بالايمان و لا تجعل في قلوبنا غلا للذين امنوا ربنا انك رؤوف رحيم.

- **بیستەم: مامۆستا مەلا مەحموودی ئازادی**

مامۆستای ئایینی و دۆستی دێرینی مامۆستا:

الحمدلله، والصلاة والسلام علي رسول الله محمد وآله وصحبه ومن والاه..

بەڕاستی جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود خوای گەورە لەگەڵ پێغەمبەران و صدیقین و شهداو صالحین کۆی بکاتەوە لە بەهەشتە بەرینەکەی خۆی، جەنابی مامۆستا یەکێك بووە لە داعیە بەرزەکانی ئیسلام، وە بە تەوژمێکی زۆر گەرمەوە بانگەوازی کردوە بۆ ئیسلام، وە قەومی کورد لە کوردستان بە تایبەت کوردستانی عێراق

قەرزاری ئەم پیاوە هەڵکەوتووەن، چونکە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری بوو لە کوردستان، وە جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد دەریایەکی ڕۆشنبیری بوو سەروازی کردبو بۆ سەر گەنجان و لاوان لە برایان و خوشکان، هەر بۆیەش خەڵکێکی زۆر تامەزرۆی هەستە جوانەکانی بوون.

وە بەندە لە ساڵەکانی ١٩٧٩ بەدواوە هۆگری بوم، وە خۆشەویستی ئەم زاتە لەناو دڵما جێگەی خۆی کردبووەوە، وە هەندێك جار لەگەڵ كاك مەلا علی سەلاجە ڕەحمەتی خوای لێبێ لە سلێمانیەوە دەچوین بۆ مجمع سیروان لە خزمەت جەنابیا گوێ بیستی وتاری جومعەی ئەبوین، وە بەهرەمەند ئەبوین لە وتارەکەی جەنابی مامۆستا.

مامۆستا لە ڕوانگەی بانگەوازی بۆ ئیسلام، لەڕێی نوسینی پەڕاوەکانی و وتارەکانی: دەرکەوتوە کە پیاوێکی هەڵکەوتو و دڵسۆز بووە بۆ ئیسلام و گەلەکەی، وە هیجرەت و کۆچکردنی بە صیفەتی ناوازە لە قەڵەم دەدرێت لە ژیانی مامۆستادا، چونکە ڕەنگدانەوەی ئەخلاقی پێغەمبەرو یارەکانی لەمەدا خۆی دەنواند، وە لە ڕووی جیهادەوە پیاوێك بوو موجاهیدو تێکۆشەر دژ بەستەمی بەعس و هەر دام و دەزگایەك کە دژ بە ئیسلام و موسڵمانان بێت، وە بیری جیهاد یەکێك بوو لە صیفەتە بەرزەکانی و بە کردەوەش سەلماندی، بۆیە یەکێك بو لەسەرکردە چالاکەکانی بزاڤی ئیسلامیی و تەوژمی گەرمی ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی، ئەم مامۆستا بەرزەمان بە دەرچونی لە ناومان کەلێنی گەورەی دروست کرد لە بواری داڕشتنی وشە جوانەکانی، وە بۆچوونە ناوازەکانی، وە قەڵەمە ڕەنگینەکەی، وە هەروەها ئەم مامۆستا بەرزەمان بە موفەسیری قورئان لە قەڵەم ئەدرا، چونکە تەفسیرە کوردیەکەی هەموو قورئانی گەواهی ئەوە دەدەن کە مامۆستا مەلەوانی دەریای قورئان بوو، وە داوا دەکەین لە قوتابیانی مامۆستاو هەڵگرانی بیری ئەو، هەمان ڕێگای ئەو بگرن،

داوامان هەیە لە خوای گەورە ئەم مامۆستا ئازیزەمان لە بەهەشتی بەرین جێگیر بکات، امین.. والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته.

• بیست و یەکەم: دکتۆر ئیبراهیم تاهیر مەعروف

نووسەرو رۆشنبیری ئیسلامیی- هەولێر

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن سار على نهجه وتمسك بسنته إلى يوم الدين.

– من بەڕێز جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمودم ناسی لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیی لە ساڵی ١٩٩٢ ز، بەڵام پێشتر لە ڕێگای نووسینەکانی ئاشنایەکی تەواوم هەبوو بە کەسایەتی وپلەی زانستیی و ڕۆشنبیری ئەو کەڵە پیاوە. لە کاتی بوونمان لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیی و بەتایبەتی کاتی بوونمان لە ناوچەی هەڵەبجە زۆر لە جەنابی مامۆستا نزیك بووم، چونکە باوەڕم بە بیرو بۆچوونەکانی هەبوو، متمانەو سیقەی تەواوم هەبوو بە شارەزایی مامۆستا لە بواره جیاکانی فیقهی ئیسلام و مەزهەبەکانی، هەروەها لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵك پلەی شارەزایی و تێگەیشتنی قووڵی جەنابی مامۆستا بۆ بواره جیاجیاکانی زانستی ئیسلام زیاتر دەردەکەوت. ئەو کەسەی کتێبەکانی جەنابی مامۆستای خوێندبێتەوە پاکی عەقیدەو شارەزایی مامۆستای بۆ دەردەکەوێت، ئەوەی فەتواکانیشی خوێندبێتەوە ئەوا پلە بەرزی مامۆستای بۆ دەردەکەوێت لە بواری فیقهی ئیسلامیی بە هەموو مەوهوبە جیاجیاکانیەوە، هەروەها شارەزایی لە ڕای زانایانی سەردەمیش هەبوو. لە زۆر بوارو لەزۆر مەسائیلدا جەنابی مامۆستا دەیتوانی بە ئیجتهادی خۆی وەڵامی دڵنیای پڕ لە زانست وڕای زانایان بداتە خاوەن پرسیارەکە. زۆر جار بە جەنابی مامۆستام دەوت کەوا ئەم وەڵامە فیقهیانە هەمووی کۆ بکاتەوەو بیخاتە تۆی کتابێکی سەربەخۆ، لە وەڵامدا دەیوت من هێشتا نەمتوانیووە تەفسیرەکەی قورئان بگەیەنمە چاپ، کەلای من زۆر گرنگترە لە هەموو نووسینەکانی ترم.، بەڵام سوپاس بۆ خوا تەفسیرەکەی کەوتە بازارو بەردەستی خوێنەرانی بە شێوەیەکی زۆر نایاب و وخەت و دیزاینێکی زۆر جوان.

– جەنابی مامۆستا لە سەرەتای سەر هەڵدانەوەی بیری جیهادو تێکۆشان لە ساڵانی هەشتاکان ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبوو لەو بوژانەوەو سەرهەڵدانەوە، ئەویش بە دوو شێوە بوو، یەکەمیان: شێوەیەکی بەرفراوان و گشتگیر بوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ڕێگەی نووسینەکانی و بڵاو بوونەوەیان بەناو گەنجەکان، دووەمیان: زیاتر ناوچەیی بوو لە ڕێگەی ووتارەکانی هەینی و کاتی بۆنە ئایینیەکان و کۆمەڵایەتیەکان، کە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە سوودیان لێوەردەگرت و دوایی لە ڕێگەی کاسێت بڵاو دەبۆوە ناو جەماوەر.

ئەو هەوڵانەی جەنابی مامۆستا بۆ گۆشکردنی جەماوەر بەگشتی و گەنجەکان بەتایبەتی لەسەر تێکۆشان دژی زاڵم و ستەمکاران و وەستان بەرامبەریان و خزمەت نەکردنیان، ئەوە باشترین شێوەی جیهاد و تێکۆشان بوو کە مامۆستا ئەنجامی دەدا دژی ڕژێمی بەعسی ستەمکار. کاتی کۆچ کردنی زانایان و پیاوماقوڵان و خەڵکی ناوچەکە بۆ سەر سنووردەکان مامۆستا پێشەنگی کۆچکاران بوو، پاشان بەردەوام بوو لە خەبات وتێکۆشان تاوەکو ڕاپەڕین، لەو چەند ساڵەشدا مامۆستا هەردەم لەگەڵ یەکڕیزیی و برایەتیی و تەبایی بوو، لەگەڵ جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان (ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلام)یش ڕێزو خۆشەویستیەکی زۆر تایبەت و بەرزی هەبوو.

– ئەوەی گرنگ بوو جەنابی مامۆستا ئیسلامیی زۆر بە گشتگیری وەرگرتبوو، چونکە لەکاتی خەباتی چەکداری وازی نەهێنابوو لە کاری بانگەوازو نووسین و پێگەیاندنی ڕۆڵەی باوەڕدارو خەباتگێڕ، هەروەها بەردەوام بوو لە فێرکردنی قوتابیان بە زانستە شەرعیەکان. چونکە لەو باوەڕە دابوو کەوا دەبێ دەستی قەڵەم و چەك هاوشانی یەکتری بن لە خەباتکردندا ئەگینا سەرکەوتن بەدەست نایەت.

– جەنابی مامۆستا هەروەك چۆن لەناو بزووتنەوە لەگەڵ برایەتی و تەبایی ویەکڕیزیدا بوو، ئەوا بە هەمان شێوە لە کاری ڕامیاریی و پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی تری ناو کوردستان هەمان بیروو بۆچوونی هەبوو، چونکە لەو باوەڕەدابوو کەوا کوردستان مولکی

هەمووانەو بەهەموویانەوە جوانە، جێگەی هەمووان دەبێتەوە، بە هەموویانەوە ئینجا دەتوانن بەڕێوەی ببەین. هەروەها جەنابی مامۆستا یەك خاسیەتی تری هەبوو لە زۆر کۆبوونەوەکان داکۆکی دەکرد لە خزمەت گەیاندن بە ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان، چونکە دەیگووت ئەو ناوچەیە زۆر خزمەتی شۆڕشەکانی کوردو لایەن و پارتە ڕامیاریەکانی کردووە، هەروەها وەك ناووکێك بووە بۆ ناسینی کێشەی کورد بە جیهان و هێنە پێشەوەی دۆسیەی کورد لە دانوساندنە نێو دەوڵەتیەکان، بۆیە خزمەت گەیاندن بەو ناوچەیە بە ئەرکێکی سەرشانی خۆم و هەموو شورشگێرێك دەزانم.

– لە کۆتاییدا دەڵێم: خەبات و ماندوو بوون و هەوڵەکانی ئەو زانایە زۆر بە نرخ هەڵدەسەنگێنم و داواکارین خوای گەورە پاداشی خێری بداتەوەو بەبەهەشتی پان و بەرینی خۆی شادی بکات و بیگەیەنێتە پلەی شەهیدان و پیاوچاکان و موجاهیدانی ناو ئوممەتی ئیسلامیی.

– وەهیچ گومانیش لەوە نیە کەوا وەفات کردنی پیاوێکی ئاوا بیر کراوەو ڕۆشنبیرو نووسەرو موفەسیر کاریگەری دەبێت لەسەر کۆمەڵگەی موسڵمانان و خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی ئیسلامیی و ئەوانی تر، بەڵام مامۆستاش لەو ماوەیەدا خەڵکان و قوتابیانی زۆری پەروەردە کردووە، کەوا شوێنی ئەو بگرنەوە، هەرچەندە شوێن گرتنەوە بە واتایەکی تەواو زۆر زەحمەتە، بەڵام بە چاپ گەیاندنی نووسینەکانی و فەتواکانی ووتەو ووتارەکانی تا ڕادەیەکی باش ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە. هەزاران ڕەحمەت بۆ گیانی مامۆستای بەڕێزمان وبرای خۆشەویستمان جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحمود. هیوادارم خوای گەورە لە تەمەنی نەوەکانی زیاد بکات بۆ خزمەتی ئیسلام و تەواوکردنی ڕێگەی باوك و باپیریان. والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته.

- **بیست و دووەم: دکتۆر محەممەد ئەحمەد ئەندامی (م.س)ی یەکگرتوو:**

ناسینو پەیوەندیەکانی بەندە لەگەلّ خوالێخۆش بوو " بەویستی خودا" جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان ئەوکات بەڕێزیان مالّیان لە خورمالّ بوو، بەندەش بەهۆی ئەوەی خزم و کەسێکی زۆرمان هەبوو لەو شارەو بنەمالّەی خوالّیخۆش بووش یەکێکن لەو بنەمالّانەی کەبێجگە لەو پەیوەندیە ئیمانیەی بەندە وەك لاوێکی هەڵسوڕاوی ئەوێ رۆژانی رابوونی ئیسلامی و، جەنابی مامۆستا وەك زانایەکی بانگخوازو دیاری ناو هەمان رابوون پەیوەندیەکی خزمایەتیش بەهۆی خزمانی گوندی یالّان پێوە پێکەوەی بەستبووین و هەرجارەی سەردانی خورمالّمان بکردایە زۆر بەدلّگەرمیەوە پێمان خۆش بوو سەردانیان بکەین..

لەوکاتەدا ئێمە کۆمەڵە لاوێك بووین لە دەوری خوالێخۆش بوو جەنابی مامۆستا مەلا محەمەدی مەلا صالح شارەزووری کۆبووبووینەوە، هەردوو مامۆستای خوالێخۆش بوو پەیوەندیان بەهێزبوو سەردانی یەکدیان دەکرد ئەو سەردانو ئامشۆیە بۆ ئێمەی لاوان مایەی گوڕوتینو خۆشەویستی زیادی ئەو بانگخوازە بەڕێزانە بوو.

هەربۆیە کە بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد گیرا لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی رژێمی بەعسەوە زۆر ناسۆرێکی گەورەی هەبوو لەسەر ناخمان، بەڵام زۆرمان پێ خۆش بوو خوالێخۆش بوو مامۆستا مەلا ئەحمەد ئامادەیی دەربڕی بۆ ئەوەی بێتو لەجێگای مامۆستا شارەزووری وتار بخوێنێو، یەکەم وتاری باسی هەڵوێستی یوسفی کردکە لەنێوان زیندان کردن یان وەڵام دانەوەی ئەو کارە ناڕەوایەی کە خێزانی عەزیزی مصردا بڕیاریدا زیندانی کردن هەڵبژێرێ ئەو وتارەی وەك هەڵوێستێك بوو دژ بە گرتنەکەی مامۆستا شارەزووری، ئەو وتارەی مامۆستا لەو رۆژەوە تاکو ئەمڕۆ لە گوێماندا دەنگ دەداتەوە، ئێستاش دەنگی کاریگەری (رب السجن أحب الیَ مما یدعونني الیه...) کە مامۆستا چەند جار دووبارەی دەکردەوە لە ناخمدا ماوەو هەرکاتیش لە قورئان

خوێندنـدا گەشـتبمە سـورەتی یوسـف ئـەو هەڵوێسـتەی مامۆسـتام بیرکەوتۆتـەوەو هەرکاتیش گوێم لە قورئان خوێنێ بووبێ کە سورەتی یوسفی خوێندبێ بەهەمام شێوە.

لە سەرەتای هەشتا کانیشدا کاتێك لاوانی رابـوونی ئیسـلامی کوردسـتان کەوتنـە بـاسو خواسی ئەوەی کە پێویستە ئێمەش رێکخستنێك کۆمان بکاتەوەو ئەو بابەتەش بووبوویە گفتوگۆی گەرمی نێـوان لاوانـی رابـوونی ئیسـلامی تـاوای لێهـات رابوونەکـە دابـەش بـوو بەسەر دوو بۆچووندا بەشێکیان بوونی رێکخستنیان زۆر بە پێویسـت دەزانـیو بەشـێکی تریان بە پێچەوانەوە دژی دروست کردنی رێکخستن بوون، چونکە زیاتر قەناعـەتیان بـە رەوتێکی گشتی رابوونەکە بوو نەك بخرێتە چوارچێوەی رێکخستنێکەوە.

زانایانیش بە هەمان شـێوە دابـەش بـوون، پـاش ئـەوەی بەنـدە کـە یـەکێك بـووین لـەو کەسانەی بوونی رێکخستنمان بەپێویست دەزانی پێمان گەشت کە مامۆستا یەکێکـە لـەو زانایانەی کە باوەڕی بە زەروور بوونی رێکخستن هەیە ئەوەندەی تر خۆشەویستیو رێزی مامۆستا لە دڵماندا زیادی کردوو پەیوەندیەکانمان توندوتۆڵ تربوون.

بۆیە هەرجارەی کـە دەگەڕاینـەوە لـە زانکـۆی موسـڵ کـە "لەکۆلێـژی ڤێتنـەری دەمـان خوێند" بۆ دەڤەری شارەزوور رۆژانی هەینی خۆمان دەگەیاندە سیروان تا لە وتارەکـانی مامۆستا بەهرەمەند بین، پاش تـەواو بـوونی وتـار هەنـدێ لـە خزمەتیـدا دادەنیشـتینو، ماوەیەك سەرقاڵی ئاڵ وگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان بووین...

رۆژێك لە کۆڵێژ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە کە ماڵم لە موسڵ بـوو لـە گـەڕەکی کفائـات کـاتێکم زانی مامۆستا وەك موفاجەئەیەك سەردانی کردین بـۆ ماڵـەوە زۆرم پـێ خـۆش بـوو ئـەو شەوە کەلە ماڵەوە لـە خزمەتیـدا بـووین لـە مـاڵی خۆمـان یـەکێك بـوو لـەو رۆژانـەی کـە هەرگیز لە بیرم ناچێ.

پەیوەندییو ئامشۆو رەوتمان لەگەڵ مامۆستا ناوناوە بەردەوام بوو هەرچەند بەندە ئـەو سەردەمە لە موسڵ دەم خوێند وەك ئەمرۆش نەبوو کـە تـەکنۆلۆجیاو پەیوەنـدی کـردن دنیای بچووك کردووەنـەوە، بـەڵام تـەنها هۆیـەك کەسـەلامەت بـوو تـەنها سـەردان بـوو،

چونکە لەبەر ئەوەی کارەکانمان زۆر بە نهێنی ئەنجام دەدا بڕیار وابوو نامە یەکێکە لەو هۆیانەی کەلەوانەیە لای دوژمن ئاشکرامان بکات، بۆیە هەرگیز بەکارمان نەدەهێنا...

ئەو پەیوەندییەمان بەردەوام بوو هەتا مامۆستا کۆچی کرد بۆ ئێران‌و لەوێش چوونە ناو ریزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ئیتر لەو کاتەوە بڕێك دوور کەوتینەوە لێك، چونکە بەندە تاکو پێش راپەڕینیش هەربەردەوان بووین لەسەر خوێندن‌و لە موسڵ بووین ئەوانیش چوون بۆ ئێران...

لەدوای راپەڕینش دوو بارە پەیوەندی‌و سۆزی برایانەمان بەردەوام بوو، چوونکە کەسێکی زۆر زمان شیرین‌و مامەڵە خۆش بوو، ئەگەر چی بواری کارمان جیاواز بوو...

لەکاتی جەنگی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکیەتی نیشتمانی بەندە وەفدێکی حزبە کوردستانیەکانم برد بۆ هەڵەبجە بۆ ئاشتەوایی یەکێك لەو کەسانەی بەندە دەمتوانی ئەو کەش و هەوایەی بۆ دانوستان پێویست بوو دەیڕەخسێنێ جەنابی مامۆستا بوو...

بەراستی مامۆستا هەروەك بە وتارەکانی خزمەتی باشی کرد بە چەند ئەوەندەش لە رێگای نوسینەکانیەوە خزمەتی بە رابوونی ئیسلامی دەکرد، بەندە زۆر بەهرەمەند بووم لە نوسینەکانی‌و زۆر جاریش دەست خۆشی هاندانمان هەبووە لە خزمەتی دا لەو بوارەدا.

بەندە لەگەڵ مامۆستا هەرچەند دووریە جوگرافیەکان‌و جیاوازی مەیدانی کارمان هەندێك دوری خستینەوە لەیەك، بەڵام خۆشەویستی‌و رێزو سۆزی تایبەتیم بۆ خوالێخۆش بوو بەردەوام بووە...

لە کۆتایدا پاش سڵاوو رێزی زۆرم بۆ بنەماڵەی سەربەرزی زانا‌و بانگخوازی ناسراوی گەلەکەمان، لە خوای گەورە داواکارم کەلە نەوەی ئەو پیاوە مەزنە کەسانی مەزن هەڵ بکەون‌و، نەوەکانی هەرگیز رێگا بەخۆیان نەدەن لە بوارەکانی بانگخوازو چاکسازی‌و زانستە ئیسلامیەکاندا نەبێ تەمەنی خۆیان بە خەرج بدەن.

- **بیست و سێیەم: دکتۆر کەریم ئەحمەد**

نووسەرو روناکبیر:

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيد المرسلين محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين. أما بعد:

بە نیسبەت مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموودەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت من پێش کارەساتی هەڵەبجە نەمبینیبوو بەڵام لە ڕێگەی کتێبەکانیەوە ناسیبووم و خۆشم ویستبوو چونکە ئەو کاتەی ئەو کتێبەکانی دەنووسی هەم نووسەری ئیسلامی کوردیمان کەم بوو –لە چاو ئەمڕۆدا– وەهەم مەلای غەمخۆری ئایینمان کەم بوو، بگرە ئەمیان زۆر لەوی یەکەم کەمتر بوو، هەر وەکو مامۆستایەك هەمیشە دەیگوت پشکی ئیسلامی لە مەلا لە هەموو لایەنەکانی تر کەمترە، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو گەنجانی پابەند بە ئایینەوە ئەو جۆرە کەسایەتییانە بناسن و خۆشیان بوێن و بە پەرۆشەوە کتێبەکانیان بخوێننەوە.

ئێستا بەتەواوی بیرم نایە ئایا مامۆستا دوای ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجە کۆچی کرد بۆ ئێران یان دوای کارەساتی کیمیا بارانەکە، بەهەر حاڵ ماوەی نێوانیان کەم بوو و شتێك لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، ئیتر دوای ئەوە من لە نزیکەوە مامۆستام ناسی، ڕاستە من نەچوومە ناو بزوتنەوەو زۆر لە نزیکەوە تێکەڵی مامۆستام نەکرد لە کۆبوونەوەکان و لەکاتی کێشەکانی نێوان بزوتنەوە خۆیی و نێوان بزوتنەوەو لایەنەکانی تر تا وەکو لە نزیکەوە بزانم مامۆستا چۆن بیردەکاتەوەو چۆن هەڵوێست وەردەگرێت لە مەسەلە جۆراو جۆرەکاندا، بەڵام بە حوکمی نزیکیم لە مامۆستای بەڕێزو پایە بەرزو قەدر نەزانراو جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان ڕەحمەتی خوای لێ بێت، زیاتر ئاشنای مامۆستا مەلا ئەحمەد بووم و لەبەر تێکەڵی ئەویش لە جەنابی مامۆستاو لە مامۆستا صدیق زوو زوو بەیەك دەگەیشتین، لە سەرجەم ئەو بەیەك گەیشتنانەو ئەوانەشی کە لە خەڵکانی نزیکیەوە دەمبیست بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی ئەو کەسێکی غەمخۆر و دڵسۆزە بۆ

ئیسلام و حەز بەسەرکەوتنی دەکات و کاری بۆ دەکات و هەڵوێستەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو کتێبانەی بوو کە پێشتر خوێندبوومەوە.

گرنگترین خاڵ کە لە مامۆستادا بەدیم دەکرد بێ نەفسی و بێ فیزیی و دڵ و دەروون پاکییەکەی بوو کە بەڕاستی لەوانەدا شاگردی مامۆستا مەلا عوسمان بوو، ئەو زۆر جار گەورەی دەکردم و سەردانی دەکردم لە ماڵی خۆماندا بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بێت یا ئەوە لێکبداتەوە کە ئەو هەموو جارە دێتە ماڵی من بێ ئەوەی من بە گوێرەی پێویست ڕەددی زیارەتەکانی بۆ بدەمەوە.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی لە جەنابی مامۆستادا بەدیم دەکرد شەرم و حەیاو ئەدەب و زمان پاراویی و ڕێز لە بەرامبەر گرتنی بوو کە ئەویشی تا ڕادەیەکی زۆر لە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان دەچوو و ئەوی بە بیردا دەهێنایتەوە، گومان نابەم لەو هەموو کێشەو گرفتانەی لەناو بزوتنەوەدا یا لەنێوان بزوتنەوەو لایەنەکانی تردا ڕوویدا ئەو قسەیەکی بەدەر لە سنووری بەرامبەر هیچ کەسێك کردبێت کە مرۆڤ لەو کاتانەدا زیاتر مەعدەنەکەی دەردەکەوێت و لەسەر حەقیقەتی خۆی دەبینرێت.

خاڵێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی مامۆستا سەبات و دامەزراوییەکەی بوو لە سەر ڕێبازەکەی کە ئەویش نیشانەیەکی گەورەیە لەسەر دڵسۆزیی و لێبڕاویی و یەکلایی بوونەوەی بۆ مەبەستە پیرۆزەکەی.

ئەمانە بەکورتی هەندێك سەرنجی من بوون دەربارەی خوالێ خۆشبوو"بەویستی خودا" مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود هیوام وایە خوا لە ڕۆژی قیامەتدا بە شایەتی بۆی وەرگرێت و پلەو پایەی پێ لە بەهەشتدا بەرزکاتەوەو داوای لێبوردنی لێ دەکەم لەوەی ئەگەر نەمتوانیبێت مافی خۆی بدەمێ و هەموو لایەنە ئیجابییەکانی بخەمە ڕوو بەڵکو کەسانی تر توانیبێتیان ئەو کارە بکەن و باشتر مامۆستا بەخەڵکی بناسێنن و تیشکی زیاتر بخەنە سەر جیهادی مامۆستا لە سەردەمی بەعس و ڕۆڵی ئەو لە پێگەیاندنی گەنجانداو بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی کە بەداخەوە من زۆر ئاگام لەو سەردەمەی

ژیانی نییە تەنها لە ڕێی ئەو کتێبانەی کە لەو کاتەدا نووسیبوونی ناسیبووم. داواکارم لەخوای گەورەو میهرەبان لە گوناهەکانی مامۆستا خۆش بێت و پلەوپایەی لە بەهەشتدا بەرز بکاتەوە و ئەو جیهادەی بە زمان و بە قەڵەم و بەچەك کردوویەتی هەمووی لێ وەرگرێت و لە ڕیزی پیاوچاکاندا دایبنێت. انه سمیع مجیب، والسلام علیکم ورحمة الله.

- **بیست و چوارەم: مامۆستا نەوزەر عەلی محەممەد سەعید هەڵەبجەی شەهید:**

برازای زۆر بەڕێز و خۆشەویستم م.عرفان زۆر سوپاست دەکەم بە ناردنی ئەو گۆڤارەی کە بۆت ناردم بە (هدیه) بە ناوی مەردی ڕێ کە یادەوەریە ڕابردووەکانی برای بەڕێزم م. ملا ئەحمەدی باوکی خوا لێ خۆشبووت تیا بوو دەرەجەی عالی بێت وە ان شاءالله ئێوە جیگەدارێکی سەرکەوتوبن بتوانن لە چاکەکانی زیاد بکەن وە خوای گەورەش لە هەڵەکانی ببورێت لە ڕێگای دوعاو عیبادەتی ئێوەوە.

لە بارەی جەنابی مامۆستا ئەحمەدەوە دەڵێم:

١ – سەرەتای ناسینی من بۆ برای خوا لێ خۆشبوم "ان شاءالله" دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سالأنی ١٩٦٧–١٩٦٨ کە کاتێك مامۆستا لە مزگەوتی جامعە وەك فەقێیەك لای جەنابی مامۆستا شێخ خالد مفتی (رحمه الله) لە مزگەوتی جامعە دەیخوێند، وە هەروەها لە معهدی ئیسلامی ئەوکاتە تاوەکو قۆناغی پۆلی (١٠) تیابوو. – وە جەنابی مەرحومی مامۆستا مەلا علی بەڕێوەبەری بوو – کە مامۆستا یەکێك بوو لە لە فەقێ زۆر زیرەکەکانی معهدەکە و، هەمیشە ناوی دەهێنا، وە لە دەم و چاوو ڕوخساریدا ئیمان و ویقارو ڕەوشتت بە دی دەکرد وە خۆ پارێز بوو لە سلوکی هەرزەکاری و مراهقی. وە کەمتر حالأتی پێکەنین و زیادە ڕەوی لە گاڵتەو گەڤ پێوە دیار بوو.

٢- وە ئێمە وەکو خۆمان لە ساڵی ١٩٧٠ زایینی ماڵی باوکم ڕۆیشتینە شاری سلێمانی وە سەرقاڵی خوێندن و وچیفە بووم پاشان جەنگی ئێران و عێراق بەرپا بوو وە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ دا من دائیرەم بە جێ هێشت لە عەربەت وە لە مانگی ١٩٨٢/٤ دا ڕۆیشتینە ئێران لە بەر ئەوە پەیوەندیمان کەمێك پچڕا، بەڵام پەیوەندی ڕۆحیمان هەر مایەوە چونکە هەردووکمان ئینتمامان هەبوو بۆ مەدرەسەی (اخوان مسلمین)، بەڵام لە دووڕەوە گوێ بیستی ئەو وتارو نوسینانەی بووم، وە لە وتارەکانی جومعەدا خەڵکی بانگهێشت دەکرد بۆ ئیسلام، وە دژی ڕژێمی بەعس قسەی دەکرد، بە تایبەتی کە لە ڕەمەزانی ساڵی ١٩٨٧ دا کە لە کتو پڕدا سوپای بەعس هەستا بە ئاوارەکردنی گوندەکانی شارەزوور لە دەوری هەڵەبجە، وە خانووەکانی خاپورکردن، وە خەڵکی هەڵەبجە هەستان بە موزاهەرەیەکی گەورە دژی ئەو هەڵوێستە دڕندانەی (بەعس) وە بەرامبەر مودڕەعەکانی بەعس وەستان، وە فڕۆکەکان دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی خەڵکی لە سیروان و هەڵەبجە، وە خەڵکێکی زۆر کە بریندار ببوون بە زیندویی زیندە بەچاڵکرن، وە خانوو بەرەیەکی زۆریان لە هەڵەبجە بە مادەی T.N.T تەقاندەوە، مامۆستا ئەو وەزعەی پێ قبوڵ نەکراو لەگەڵ مامۆستایانی هەڵەبجە و خەڵکێکی زۆری هەڵەبجە و شارەزوور هەڵەبجەیان بە جێ هێشت و وەك ناڕەزاییەك ڕوویان کردە کوردستانی ئێران وە لە تاراندا خۆپیشاندانیان ڕێکخست دژی ئەو ڕووداوەی هەڵەبجە.

- سروشتییە بوون و وجودی زانا کاتێك کە ئاگادار بن لە فیقهی واقیع، وە دونیا نەویست و وارع بن، چونکە هەر بزووتنەوەیەك کە بە ناوی ئیسلامەوە دروست دەبێت ئەگەر جڵەوی بە دەست ئەهلی عیلم و دڵەوە نەبێت، ئەو بزووتنەوە بەرەو تگرف و لادان دەڕوات، وە لاوازیی و فەشەل ڕوی تێ دەکات و لە ڕۆحی ئیسلامی لا دەدات، وە نرخ و بەهایان ئەڕوات وە تأیدی خوای گەورەش لە دەست دەدەن، وە لە ڕۆژی دواییشدا دووچاری دواڕۆژێکی ڕەش دێت.

– ڕاستە زانایان لە ڕابردوو ئێستادا دەوریان هەبووە لە بەڕێوەبردنی بزاڤی ڕزگاری خوازیدا بەڵام ئێستا لاوازی پێوە دیارە بەهۆی ئەوەی کە بەشێك لە زانایان وەك حاڵ کاریگەری دنیاو گۆڕی واقعیان لە سەرە، وە هەندێکیان تووشی زیادە ڕەوی بوون لە بۆچونیاندا وە تەزکیەی نەفسیان لاواز بووە، وە ئەوەیش دەبێتە هۆی سەر لێ تێکچوونی شوێن کەوتوانیان.

– مامۆستای "خوا لێ خۆش بوو" کەسێکی سروشت مردوو و نەزان نەبوو، بەڵکو هەستێکی زیندووی هەبوو زۆر ئاگادار بوو لەسەر گۆڕانکاریەکانی ڕۆژانە لە ناو ولاّت و جیهاندا. وە تەفسیرەکەیشی شاهیدە لەسەر زانایی بەسەر قورئانی پیرۆزدا، وە ماندوویی پێوە دیارە لەگەڵ کەمی توانایی داراییدا.

– ئەمەوێ بڵێم وە بە قەناعەتی شەخصی خۆم: کە "خوا لێ خۆش بوو" گونجاوتر بوو بۆ بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی مەدەنی دەعەوی، هەتا وەکو بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی سەربازی لە ئاوا وەزعێکی ئاڵۆزو پاشاگەردانی وەك کوردستان و عێراق، وە ئەمە وەڵامی هەشتەمیش لە خۆ دەگرێ، بەڵێ ڕاستە ئیسلام ڕۆژێك خاوەنی دەوڵەت و هێز بوو، بەڵام دروستبوونی هێزێك بۆ ئیسلامیی ڕاستەقینە لەسەر دەستی کەسانێك یاخود یارمەتی دانی کەسانێك کە بڕوایان بە ڕاستی ئیسلام نەبێت شتێکی مەحاڵە ! !

وە دامەزراوەی سەربازی هەمیشە ئەگەر چبگ و پەروەردەی دەوامی نەبێت معرچە بۆ لادان لەسەر سکەی خۆی، وە دروستبوونی جۆرەها ئیتیجاهاتی جیاوازو زیادە ڕەوی لە تێگەیشتن و لە دەست دانی عەقڵی ئیسلامی و فیقهی واقع، وەکو ئێستا کە ئەیبینین لەسەر ولاّتی عەرەبی و ئیسلامی دا.

برای بەڕێزم مامۆستا عیرفان یادەوەریەك هەیە حەز ئەکەم بۆتانی باسبکەم کە لە نێوانی هەردوکماندا ڕوویداوە، پێش ئەوەی برایانی کۆمەڵ ئیعلانی جیابوونەوە بکەن من لە خزمەتی مامۆستا جعفر و کاك حمەسعید حمەعلی کە ئەوکاتە لێپرسراوی مەڵبەندی (٥) ی یەکگرتوو بوو وەك وەفدێك ڕۆیشتینە خزمەتی مرحومی مامۆستا ملا عەلی بۆ

ئەوەی داوای لێ بکەین کە ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە ڕوو نەدات وە بەڕێز کاك حمەسعید حمەعلی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر وتەی بەکەڵکی عەرز کرد و لەو کاتەدا بەڕێز مرحومی باوکت مامۆستا مەلا ئەحمەد لە دانیشتنەکەدا بوو وە زەرەرو زیانی بەرهەمی دووبەرەکی ڕوون کردەوە کە لە ئیسلامدا چەند ترسناکە، جا بەڕێز مامۆستا مەلا ئەحمەد وتی: ئایا لە کوێ هەبووە لە هەڵبژاردندا کە ئێمە دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە بووین ئاوا ناومان بسڕنەوە؟!!

لە کۆتاییدا داوای لێ خۆش بوون و دەرەجەی بەرز دەکەم بۆ جەنابی مامۆستا وە هیوادارم کەخوای گەورە نیشتەجێی کردبێت لە بەهەشتی بەریندا وە داواو ئامۆژگاریم بۆ بەڕێزتان کە نەوە و جێگەداری ئەوون کە سود لە ئاکاری چاکەکانی مامۆستا وەربگرن وە زاڵ ببن بە سەر هەواو ئارەزوەکانتانا وە لە ڕەوشتی ئیسلامیتاندا نمونەی جوان نیشان بدەن وە هەویەو پێناسی باوکتان زیندو ڕابگرن وە لە هەر هەڵەیەکی بەشەری وەکو سروشتی مرۆڤ ئێوە دەرسی لێ وەربگرن وە بە داوای عەفوو و لێخۆش بوون باوکتان سەر فەراز بکەن لە دیوانی خودادا.

وە جارێکی تر سوپاستان ئەکەم بەرامبەر ڕێزتان بەرامبەرمان، وە هیوای حورمەت و تەمەن درێژیتان بۆ ئەخوازم.

والسلام علیکم ورحمة الله و برکاته.

- **بیست و پێنجەم: مامۆستا ئەحمەدی نیعمەتی مامۆستای مەعاریفی ئیسلامیی لە زانکۆی تاران:**

خودایە هەر تۆ کارسازی، هەر تۆ فریاد ڕەسی بۆ بێ دەرەتانان، سوپاست دەکەم کە لەم دنیا پەشێوەدا، لەم ڕۆژگارە ڕەش و تاڵەدا کە کەس بە هاواری کەسەوە نایێ و لە دۆعاو نزاو ئاهو ناڵە بەولاوە هیچ لە دەس نایێ و، لەم ڕۆژانەدا کەخەڵکی موسڵمانی

شاری غەززەی فەلەستین لەبەر سوتان و برژان، چاوی سورو تەڕیان دەبڕیە ئاسمان و دەستی کەم هێزیان بە لەرزۆکی پان دەکردەوەو لە خوا دەپاڕانەوە: خوایە ئەم هەموو زوڵمە زۆرە لە تاقەتی ئێمە بە دەرەو بەدەستی توانای پڕ میهرو محەببەتی خۆت، ئەو زوڵمە ناحەقەی ئیسرائیل و ئەم ڕەنجە دڵ تەزێنەی بێ دەنگییەی حاکمانی موسڵمانان لەبەر بڕوێنەو لەسەرمان لابە، بە لوتف و کەرەمی خۆت تەمی نەگبەت لەسەرمان بڕوینە. ئامین.

سەبارەت بە مامۆستای گەورەی ئایینی و موجاهیدی زەمان مەرحووم مەلا ئەحمەدی حاجی کاکە پێویستم زانی چەند دێڕێك بنوسم.

ئەم زانا پایە بەرزە خواناسە، یەکێك لە مامۆستا باش و مودەڕیسەکانی فەرهەنگ و مەعاریفی ئیسلامیی ڕۆژگاری خۆی بوو، خزمەتێکی زۆری بەزانست و دین و عیلم و شەریعەت کردوەو خەڵکێکی زۆری بۆ ڕێگای دین و قورئان و ئیسلام ڕێنوێنی کردووە،چەندین فەقێ و مەلای چاك و موجاهیدانی دینی پێگەیاندووەو بە قەڵەم و زمان، فەرهەنگ و زانستی لە مەڵبەندی کوردستاندا بە تایبەت لە ناوچەی شارەزوورردا بەرز کردۆتەوە. مەلا ئەحمەد ناوێکی ناسراوە چ وەك ئەوەی لە سەردەمی خوێندنداو لە مەلایەتیدا دەنگێکی بەرزی بووە، چ وەك ئەوەی دوای ڕاپەڕین وەك مەلایەکی موجتەهید، خاوەن ڕەئێکی تۆندو کارسازی بووەو تێکەڵبوونی بەکاری سیاسیی و دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی و هەڵوێستی بەرانبەر بە حیزبەکانی کوردستان حیکایەتێکی دوورو درێژی هەیە. خوا لێخۆشبوو ئینسانێکی واقیعیی و مەلایەکی خاوەن ڕاو زاناو لە عیلمی ئەدەبیاتی عەرەب و حیکمەت و کەلام و تەفسیری قورئان و مەعاریفی ئیسلامیدا مامۆستایەکی بلیمەت بوو.

چەند ساڵێك خوێندنمان پێکەوە بووەو لە ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٦ لە دەورەی سوختەیی و موستەعیدیمان لە شاری خورماڵ و گوندی بالکی شاری مەریوان پێکەوە بوین و لە دەرسەکاندا سەماعی یەکتریمان دەکرد.

لە بەر ئەوەی کە پەیوەندی خزمایەتیم لە گەڵ مالّی مەلا ئەحمەدا بوو، زۆرجار ئامۆشۆی دێی هێلانپێم دەکرد و مەرحوم حاجی کاکەو براو خزمانی بۆ من وەکو مالّی باوکی خۆم وابوون.

مەلا ئەحمەد صاحیب قەڵەم و فیکرەو دەعوەت بوو، هەر لەو سەردەمەدا ژیانی خۆی لەگەڵ تەفسیر (في ظلال القرآن)ی سەیید قوتبا تەتبیق ئەداو لە سنووری (تەربیەی ئیسلامیی) خۆی ئاراستە کرد. ناوی (إبن تيمية) و بەننناو سەییدو زەیدان لەسەر زمانی بوو، ئیجتهادو بزووتنەوەو شەهادەت لەسەر زمان و قەڵەمەکەیدا بوو. پێزێکی تایبەتی بۆ مەشاییخ و مەدرەسەی بیارە هەبوو، لەبەر ئەوە خزمەتیان بۆ مەلاو فەقێی ئەم ناوچەیە زۆر بووە. پێکەوە گوێڕایەڵی وتارە بە نرخەکانی ئەو سەردەمەی مامۆستای گەورەی خورمالّ بوین کەزۆرجار لە ئیجازە نامەی مامۆستایەکدا، یا لە تەقریرات تەدریس دا ئەیفەرموو: مەلا ئەبێ یا ئیحترامی خەڵکی گەرەك بگرێ، یا تەماع ماددی، ئەم دووانە قەت پێکەوە نابن، مەلا ئەبێ لە وتاریا جامیعە شناس و ڕەوانشناس بێت، مەلا ئەبێ واقیعی بێت، کتێبیی و خەیاڵی نەبێت، مەلا نابێ بێ دیراسە فەتوا بدات، مەلا ئەبێ جل و بەرگی مەلایی لەبەرابێت، مەلا ئەبێت ئیصلاحی بێت و بنەماڵەی شاهیدی ووتارەکەی بن، چون مەسەلە سیاسیەکان، گۆڕانکاریەکان لەساحەی جیهانیی و ناوخۆییدا پێویستی بە ئیجتهادات و بۆچون و ئارای تازە هەیە، تەکەبوورو غرور بۆ مەلا مانیع تەغییرەو عیلمی قەت زیاد نابێ، مەلا ئەحمەدی خوا لێخۆشبوو زۆرجار ئەم وتارانەی مامۆستا مەلا موحەممەدی بۆ دیراسە ئەکردین. ماوەیەك پێکەوە چوین بۆ مەریوان و لە فێرگەی دێی بالك نیشتەجێ بووین و لەلای خوا لێخۆشبوو مامۆستا سەیید مەسعود تەمتەمی دەرسمان خوێند. من لەوێ نیشتە جێ بووم لەلای مامۆستا مەلا باقر دەرسم ئەخوێندو ئەو گەڕایەوە بۆ عێراق و لەلای مامۆستا مەلا عوسمانی – خوا لێخۆشبوو – لە مزگەوتی کانی ئەشقان ئیدامە بەدەرس داو هەڵس و کەوتوو بیروبڕوای مامۆستا لە دڵیا جێگیر بوو، خوای گەورە ئێمەیش و ئەوانیش بە بەهەشت شادکات و لە بنەمای ئیسلام، قورئان و سوننەت لامان نەدات.

- **بیست و شەشەم: پرۆفیسۆر دکتۆر خالید موحەممەد سالّح مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی:**

– لەڕاستیدا نایەتەوە یادم کە کەیی و لەکوێ بەخزمەت جەنابی مامۆستا گەیشتووم، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە هەر کەس بۆ یەکەمجار مامۆستای دەبینی ئەوەند بەگەرمیی و بەسۆزە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد ئەو کەسە وای هەست دەکرد کە زۆر دەمێکە ئاشنایەتی لەگەڵ جەنابی مامۆستا هەیەو لەبیری دەکرد کە ئەمە یەکەم ساتەکانی ناسین و ئاشنابونیانە.

– مامۆستا ڕۆڵی گەورەو لەبەر چاوی هەبووە لە دامەزراندن و درێژە پێدانی کاروانی ڕابوونی ئیسلامی و یەکێك بووە لە ڕابەرو پێشەنگەکانی ئەم ڕابوونە.

– لەو کاتانەی کە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس زۆر تۆکمەو پتەو بوو، وە زۆرینەی وڵاتانی زلهێزی جیهان و ناوچەکە بەپێشەنگی ئەمریکای بەناو دۆستی کورد پشتگیری تەواویان لێ دەکرد، لەو کاتانەدا مامۆستا بەهاوکاریی و دەست باری چەندین مامۆستای مێژەر پاکی بەڕێزی تر خۆیان بۆ ڕێبازەکەی خوای پەروەردگار یەکلا کردەوە و وڕێگەی سەختی کۆچ و جیهادیان گرتە بەر، هەر چەند ئەو کاتە وەکو ئەندام ژمارەیان زۆر کەم بوو، بەڵام بوێرانە توانیان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بوونی خۆیان وبەرنامەکەیان بسەلمێنن و جێ پێی خۆیان وەك بزووتنەوەیەکی خواناسانەی ڕەسەن دژ بە زوڵم و ناپاکیەکانی ڕژێمی بەعس ڕابگەیەنن.

– گرنگی ئەم هەنگاوەی مامۆستاو هاوڕێیانی لەوەدا بوو کەئەمان توانیان بیری پێشەوایەتیی و پێشمەرگایەتی پێکەوە گرێ بدەن و بۆ جارێکی تر قورئانی تۆز لێنیشتووی مزگەوتەکان ئاوێتەی ژیان و کێشەکانی میللەتەکەیان بکەنەوە.

– وەسەرەڕای سەرقاڵی مامۆستا بەکاری سیاسی و ڕۆڵی بەرچاوی بۆ کارکردن بۆ دروستکردنی ڕەوتێکی ئیسلامیی ڕەسەن کە بەدیدێکی ئیسلامیانەوە بڕوانێتە گشت

کێشــەو چارەســەرەکان و بتوانێــت لەئاســت ڕوداوو پێشــهاتەکاندا بێــت و توانــای ڕوبەڕووبوونەوەی ستەمەکانی ڕژێمی بەعسی هەبێت. سەرەڕای ئەمانە هەمووی مامۆستا ڕۆڵی بەرچاوی هــەبوو لــە خزمــەتکردن بەفەرهــەنگ و فیکــری ئیســلامیی و بــە چــەندین نووســین و بەرهــەمی جــۆراو جــۆر لــە چــەندین بــواری جیاجیــادا کتێبخانــەی ئیســلامیی بەهرەمەند کردووە و گرنگترین بەرهەمیشی لــەم بــوارەدا تەفســیری قورئــانی پــیرۆز بــوو کەچەندین لێکدانەوەو بۆچوونی تازەی لەخۆ گرتووە.

– هەرچەندە مامۆستا وەکــو تەمــەن زۆر نــەژیا تــا زیــاتر ڕابــوونی ئیســلامی لــە بــیر و ژیرییان بەهرەمەند بێت، بەڵام لەگەڵ تەمەنی کورتی بەهۆی لێبڕاویی و کاری بەردەوامی ماندو نەناسانەی تــوانی مێژوویــەکی زێــڕینی پــڕ بــە فــەڕ بــۆ خــۆی تۆمــار بکــات و نــاوی زیندووی خۆیی و هاوڕێیانی کاروانەکەی ئاوێتەی مێــژووی ڕابــوونی ئیســلامی کوردســتان بکات بە شێوەیەك هــەرکات و لەهــەر شــوێنێك باســی ڕابــوونی ئیســلامی بکرێــت ناکرێــت پیاوانێکی وەکو مامۆستا أحمد کاکە محمود لەگەڵ مێژووی موبــارەکی ئــەو ڕابوونــە یــاد نەکرێت.

– مامۆستا بەدرێژایی تەمەنی لە هەوڵی ئــەوەدا بــوو کــە کەلێنــەکانی ئــەم ڕابوونــە پــڕ بکاتــەوە بــەڵام زۆر بەداخــەوە بــە کۆچــی دواییــان ڕابــوونی ئیســلامی دڵســۆزێکی زۆر بەئەمەکی لەدەستدا و زەرەرێکی گەورە لە لە هەموو میللەتی کورد بەگشتیی و ڕابــوونی ئیسلامیی بەتایبەتی کەوت، و کەلێنێکی گەورەی بەجێ هێشت بۆ برایانی هاو بــیرو هــاو خەباتی.

- **بیست و حەوتەم: مامۆستا سەید غەفور شێخ ئەحمەد عەبابەیلێیی وتار بێژی خانەقای بیارە:**

سوپاس بۆ خوای گەورەو بێ هاوتا، صلوات و سەلامی بەردەوام بۆ سەر گیانی پێغەمبەر محمد و جێنشینەکانیی و پەیرەوانی تا رۆژی دوایی.

زانایەکی بەرزی بەرێزی وەکو مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود جێی خۆیەتی یادی بکرێت و شتی لە بارەوە بنوسرێت. چونکە پیاوێکی ناسراو بوو بە تایبەت لە ناو چینی مامۆستایانی محراب و مزگەوتا – وە مێژوویەکی پڕ سەروەری بۆ خۆی تۆمار کرد بەو شێوەی کە ئەرکی سەرشانی زانایانە – لە بەر ئەوەی ماوەیەك لە تەمەنمان پێکەوە بوین. من ئەو کاتە لە خزمەت مامۆستای پایەبەرز مامۆستا مەلا عوسمان دا – "کتێبی فناریم" ئەخوێند ئەویش لە سەرترەوە بوو.، بەلأم وەعیی و تێگەیشتنێکی فراوانی هەبوو بە تایبەت ئەو کاتەی لە خزمەت مامۆستا مەلا عوسماندا سەرگەرمی خوێندنەوەی تەفسیری سید بوون – "في ضلال" کە ئەوەیش کاریگەریەکی زۆری لەسەریان هەبوو وە رۆحێکی جیهادی تیایاندا دروستکرد– بە مەفادی (اذکروا محاسن موتاکم) – دیارە باسکردنی سیفاتی بەرزو خزمەت و لێهاتوویی مامۆستا ملا ئەحمەد کاکە محمود ئەوانەی کە لێم بینیوە چ لە کاتی خوێندنی لە مزگەوتی پاشا – لە کاتی وتاری هەینی لە شارۆچکەی سیروان کە پۆل پۆل گەنجەکان بە سەیارە ئەرۆشتن بۆ گوێگرتن لە وتارەکانی – وە سەفەرێکی چەند رۆژیمان پێکەوە بوو بە ناوی سەربازییەوە بردینیان بۆ زوبێرو ناصریە – لە هەموو ئەو کاتانەدا غیرەت و عیزەتی ئیمانی ئەنواند، وە هەستێکی زۆر بەرزی هەبوو، مامۆستا مەلا ئەحمەد لە گەڵ هەموو کەس ڕووخۆش و بە ئیکرام بوو، بە مەفادی (رأس العقل التودد الی الناس) واتە: دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خەڵکی نیشانەی عەقڵ و ژیرییە، ئەویش زۆر ڕێزی لەخەڵك دەگرت مەگەر کەسێ دژی ئیسلام بوایە ئەوە لەپێش هەموو کەسەوە ڕقی لێی دەبوو، چەك هەڵگرتنی و خەباتی

شاخ و شاری بەڵگە بوون لەسەر ئەوە – نوسینەکانی شاهیدی لێهاتوویی و دڵسۆزی بوو بە تایبەتی تەفسیری ڕامان کە کاتێکی زۆری دەوێ و غیرەتی دەوێ –

بە کورتی مامۆستا مەلا ئەحمەد:

– زانایەکی ناوداری کوردستان بوو.

– زانایەکی ڕوخۆشی سیماجوانی بە ویقار بوو.

– پیاوێکی صالحی لێبراو بوو بۆ خزمەتی ئایین.

– پیاوێك بوو ڕۆحی جیهادیی تیا بوو و وە خەڵکیشی بۆ ئەو مەبەستە لەڕێگەی نووسین و وتارەکانیەوە دەعوت دەکرد.

– پیاوێکی ماندوونەناس و خۆنەویست بوو.

– پیاوێکی بە محبت بوو لەگەڵ هەمووکەسدا، بەتایبەت موجاهیدان.

– پیاوێك بوو ڕقی لەکەس نەبوو، مەگەر کەسێك بێ شەرعیی لێ بدیایە ئەکاتە لە هەمووکەس زیاتر ڕقی لێدەبوویەوە.

– پیاوێك بوو خەباتی چەکداریی هەڵبژارد لەشاخ و شار، بۆ خزمەت کردن بە ئایین و خەڵك ولاّت.

– پیاوێك بوو مێژوویەکی پڕ سەرەوەریی بۆخۆی تۆمار کرد کە جێی خۆیەتی چاکەکانی باس بکرێت و دۆعای قەبوڵ بوونی بۆ بکرێت.

ئەوەی کە من ئەیڵێم بەشێکی زۆر کەمە لە ژیانی ئەو مامۆستا بەڕێزە، گرنگ ئەوەیە لای خوا بۆی تۆمار کرابێ و لە ریزی عولەماو صالحاندا حەشری بکات، وە عولەما هەرچییەك بکەن مەبەستیان دنیا نییە، بەڵکو ڕەزامەندی خوایان مەبەستە (لا نريد منكم جزاء ولاشكورا – ان اريد الا الاصلاح ما استطعت وما توفيقي الا بالله) ئەویش ئەوە دروشمی ژیانی بوو، وە جێ دەستی دیارە خوا جێگەی ڕۆشن کات و منالّەکانی صالح بکات. امین

- **بیست و هەشتەم: دکتۆر عەبدولغەنی تەها**

مامۆستا و کەسایەتی ئیسلامیی- هەولێر:

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم الانبياء والمرسلين وعلى آله وصحبه اجمعين ومن تبعهم بامساك الى يوم الدين.

ڕوون و ئاشکرایە پلەوپایەو ڕێزی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لای خوای گەورەو میهرەبان لە هەموو ئادەمیزادێك بەرزترە، چونکە ئەوان نێرراوی خوای پەروەردگارن بۆ دانیشتوانی ڕووی زەمین، بۆ ڕزگارکردنیان لە هەموو تاریکاییەك و کردنەوەی دەرگای ڕوناکی ئیسلام بە ڕووياندا، وە خوای گەورە ئەوانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خەڵکی بانگ بکەن بۆ بەندایەتی خوای تاك و تەنهاو بەدووربن لە بەندایەتی تاغوتان.

وەك هەموومان دەزانین دەبێ هەموو کەس بمرێ، چ پێغەمبەران و چ غەیری پێغەمبەران، هەر وەکو خوای گەورە فەرمویەتی: (سوورەتی الانبیا ٢١ / ٣٤).

بەڵام بەمردنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) پەیامە پیرۆزەکەیان نامرێ، بەڵکو خەڵکانێك کە خوای گەورە خۆشیانی دەوێ پەیامە پیرۆزەکەی پێغەمبەران هەڵدەگردن و دەیگەیەننەوە بەخەڵکی، ئەوانیش زانایانی خوایین، کە پێشەوامان (محمد، د.خ) فەرمویەتی: (العلماء ورثة الانبیا، ان الانبیاء لم یورثوا دینارا ولا درهما، وانما ورثوا العلم فمن اخذه اخذ بحظ وافر)...

بەڵێ دەتوانم بڵێم مامۆستای (مەرحوم) مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکەمحمود یەك لەو زانا خواییانە بوو، کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی ئیسلام، چ لە بواری گوتنەوەی وانە شەرعیەکان، چ لە بواری وتارەکانی هەینی، چ بە دانانی کتێب و نامیلکەو بە تایبەتی تەفسیرە نمونەییەکەی تەفسیری رامان، کە بەراستی تەفسیرێکە

زاناو فەقێ و قوتابی سودی لێ وەردەگرن، خوای گەورە بیکاتە رەفیقی لە قەبرو قیامەتدا.

بەڵێ مامۆستای مەرحوم لەگەڵ چەند مامۆستایەکی خوایی و رۆشنبیرو گەنجی خواویست بیریان کردەوە کە کاری ئیسلامیی پێویستی بە بوارێکی تر هەیە، ئەوەبوو دەستی کرد بەکاری سیاسەتی ئیسلامیی، تاکو وەفاتیشی چەندین لێپرسراویەتی گرنگی گرتۆتە ئەستۆی خۆی لە ناو بزووتنەوەی ئیسلامییداو بەوپەری دڵسۆزیی و لێ بووردنەوە کارەکانی جێبەجێی کرد، وە لەپێناوی ئیسلام و بزووتنەوەی ئیسلامی زۆر نارەحەتیی و دەربەدەریی و نەداری تووش هات، بەڵام هەر خۆڕاگر بوو، لەو پیاوانە بوو کەراستیان کردبوو لەگەڵ خواو پێغەمبەرو موسڵمانان، وەك پەروەردگار وەسفیان دەکات لە سووڕەتی (الأحزاب ٢٣ / ٣٣)، وە هەروەها مامۆستای مەرحوم لەو زانا خواپەرستانە بوو کە خوای گەورە وەسفیان دەکات لە سووڕەتی (آل عمران ١٤٦ /٣) من خۆم ماوەی (١٥) ساڵ موشەرەف بووم بەناسینی ئەم زانا پیرۆزە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە چەند سیفاتێکی نەگۆریم تیا بەدی کرد، کەجێی سەرنج و وردبوونەوەبوون، لەوانە: زۆر بەوەفا بوو بۆ مامۆستایان و دۆستان و برادەرانی، زۆر خەمخۆری بزووتنەوە بوو، هەردەم هەوڵی دەدا بزووتنەوە لە گەشەدان و پێشکەوتندابێت، خاوەن عیززەتێکی دەگمەن بوو، ئامادە نەبوو بۆ چرکەیەك تەنازول بۆ مادڵ و سەروەتی دنیا بکات، بۆیە بوویە جێگای دڵخۆشیی و خۆشەویستی دۆست و دوژمن. دیارە مردنی لەم زانا خواییی و موجاهیدە سەرکردەیە، کەلێنێکی زۆری بە جێ هێشت چ لە ناو ئەستێرەکانی عیلم و مەعریفەت، چ لە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی. ئومێدەوارم کەوا پیاوانی دڵسۆزو موجاهیدە سەر بەرزەکانی ناو بزووتنەوە، وە بەتایبەتی کوڕە خۆشەویستەکانی، تۆزێك لەو کەلێنە پڕبکەنەوە. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکت، ئەو رۆژەی هاتیتە دونیاوە، ئەو رۆژەی کە سەفەرت کرد بۆلای خوای گەورەو میهرەبان، وە ئەو رۆژەی کەزیندو دەبیەوە لەگەڵ پێغەمبەران و راستگۆیان و شەهیدان و سالّحان.

- **بیست و نۆیەم: مامۆستا تۆفیق کەریم**

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری خاڵ:

ئێمەی تازە لاو پاش خوێندنەوەی نووسینەکانی مامۆستا عەبدولعەزیز پارەزانی عەودالّی هەر بابەتێکی دیکە بوین سەبارەت بە ئیسلام بە زمانی کوردی بنووسرێت (کە نزیکەی پێنج سالّ لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان بێدەنگیەك دروست بوو و کتێبی ئیسلامیی بلّاو نەدەکرایەوە)، من لەو یەکەمین کتێبانەی سەرەتای سالّی هەشتاکان بەرچاوم کەوتو زۆر بە پەرۆشەوە زیاد لە جارێك خوێندمەوە کتێبی (خوا لە روانگەی زانیارییەوە) ی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود بوو (رەحمەتی خوای لێبێت)، وا دەزانم وەرگێڕاوی (الي الذي سألني أين الله ومن خلقه) بوو، ئەو کتێبە بۆ ئێمەی تازە پێگەیشتوو کە مارکسیەکان بە گومان دروستکردن چوار دەورمانیان تەنیبوو، کتێبێکی لەو شێوە خزمەتی زۆری کردینو خۆشەویستی خاوەنەکەی لا دروستکردین، من لەوێوە مامۆستا ئەحمەدم ناسی، ئیتر تا رۆژگار تێدەپەڕێ بەرهەمی ئەو زیادی دەکردو منیش بە خوێندنەوەیانو بەهرەمەندبوون لێیان لە بیروبۆچوونی مامۆستا نزیکتر دەبوومەوە.

جگە لە ناسینی لە رێگەو خوێندنەوەی بەرهەمەکانی، لە رێگەیەکی دیکەشەوە مامۆستام ناسی ئەو سەردەمە گرنگی تایبەت بە بۆنە ئایینیەکان وەك یادی مەولودو ئیسراو میعراج دەدرا، کە مامۆستا لە بەشی زۆریاندا بەشدار دەبووو وتاری گەرمو پڕ حەماسەتی دەدا، بۆ ئێمە ئەو وتارانە کە دەچوین بۆ بیستنیان توێشوویەکی پڕ گەوهەر بوونو لە رۆژانی کاری ئیسلامیماندا دەمانکردنە وزەو هێزی رێگا چ بۆ خۆمان یان ئەو لاوانەی دەرسو دەوریان لامان هەبوو، بەتایبەت وتارەکانی مامۆستای رەحمەتی زیادە بوێری چاونەترسیەکیان لە خۆگرتبوو زۆریشیان رووبان لە توێژی لاوان بوو، وتارێکی کە هەرگیز لە بیرم ناچێەوە لە مزگەوتی (ئوسامە) بوو لە ئۆردوگای عەنەب، کە ئەوەندە

بە غیرەتو بوێرانە قسەکانی کرد، خەڵکەکە بە دڵ ترسان لەوەی بەعسیەکان چوار دەوری مزگەوت بگرنو مامۆستا راپێچی زیندان بکەن.

ساڵ هاتو رۆیشت جەنابی مامۆستا صدیق عەبدولعەزیز بە راوێژو ئاگاداری مامۆستا مەلا عوسمان "رەحمەتی خوای لێ بێت" رێکخستنی (برایانی موسڵمان)ی لە سووڕی متبوون بوژاندنەوەو گیانو وزەیەکی نوێی بەبەردا کرد، ئێمەش کۆمەڵێك لاوی بەجۆشو خرۆش بووین، بە پەرۆشەوە وەڵاممان دایەوەوە بوینە رێبوارى ناو ئەو کاروانە، دەشمانزانی مامۆستا ئەحمەد "رەحمەتی خوای لێ بێت" پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو دوو مامۆستا بەرێزەدا هەبوو، ئیتر زۆرمان لەسەر شێوەی پەیوەندییەکە نەدەپرسی، بیرمە جارێك وادەزانم ساڵی ١٩٨٤ بوو مامۆستا صدیق کۆمەڵێك هەواڵو راسپاردەی پێدام بیگەیەنم بە جەنابی مامۆستا ئەحمەد کە ئەو کاتە لە دەست بەعسییەکان خۆی پەنادابوو رۆشتبووە گوندی بەشارەت، ئەوە یەکەم بینینی دوو بەدوو مەحرەمانەم بوو لەگەڵ جەنابیدا، ئیتر لە دوای ئەوە بە متمانەوە پەیوەندیو رێزم بۆ مامۆستا بەردەوام لە زیادبووندا بوو.

من ئەو کاتەو دواییش کە مامۆستام ناسی چوار تایبەتمەندێتی بەرزم تێدا بینی، کە تاوەفاتی کرد لێیان دانەبڕا، بەڵکو گەشەیان دەکرد:

١ـ وتاربێژێکی سەرکەوتوو.

٢ـ نووسەرێکی بەهرەمەند.

٣ـ شەرعزانێکی هۆشیار.

٤ـ بانگخوازێکی لێزانو بە حیکمەت.

ئاشکراشە ئەو پیاوانەی ئەم چوار تایبەتمەندییانەیان پێکەوە تێدا بێت زۆر دەگمەنن.

گرنگە دڵنیابین لەوەی ئەو کاتو ئێستاو لە ئایندەشدا کاری ئیسلامیی ئاتاجی پیاوانێکە ئەو چوار خەسڵەتەیان تێدا بن، تا ببنە سەرقافڵەو سەرمەشقی لاوانو رێبوارانی کاروانی رابوونی ئیسلامیی.

وادەزانم مامۆستا ئەگەر تەنها تایبەتمەندییەکی لەم چوارەی تێدابایە، دەشیا بە نموونەو سەرمەشق لێی بڕوانین نەك هەر چوار تایبەتمەندیەکە.

لەو گوڵستانە خزمەتەی کە مامۆستا ئەحمەد پێشکەشی بەهاری رابوونی ئیسلامیی کردووە، من دەمەوێت لە سایەی درەختی نوسینەکانیدا هەڵوێستە یەك بکەم و تام و چێژێك کە لەبەرهەمی ئەو درەختە چەشتوومە شتێکی بۆ خوێنەر بدرکێنم.

وەك دەزانین کاتێك مامۆستا نووسینی دەستپێکرد ژمارەی نووسەرە ئیسلامییەکان لە ژمارەی پەنجەی دەستێك تێنەدەپەڕین، ئەوانەش هەریەکەیان بواریکی تایبەتی گرنگی پێدەدا، لە کاتێکدا نەیارانی ئیسلام لە هەموو بوارەکانەوە کەوتبوونە پەلاماردانی دین، بە تایبەت ئەو سەردەمە مارکسیەکان بێ شەرمانە باسیان لە نەبوونی خوا دەکردو ئیسلامیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە لەگەڵ زانستی سەردەمدا ناگونجێت و مافی ئافرەت نادات و سەربەستییەکان پێشێل دەکات، مامۆستا ئەحمەد رەحمەتی خوای لێبێت، لەبری ئەوەی بە بواری زانستیەکەی خۆیەوە سەرقاڵبێت کە تیایدا کارامەبوو بە ئاسانی و بێ خۆ هیلاك کردن دەیتوانی نەك کتێبێك چەند کتێبی تیا بنووسێت، بەڕێزی لەبەرهۆشیاری و ئاگاداربوونی لە دەروبەری دەیزانی کاتی چ جۆرە نوسینێکە، بۆیە لەبری مەسەلە فیقهیەکان کەوتە بەرگری لە ئیسلام و بە درۆ خستنەوەی ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ دینی خوا، بۆیە نووسینەکانی (خوا لە روانگەی زانیاریەوە) (وتەی زانایان و باوەڕ بەخوا) ی نووسی، پاشان زنجیرە کتێبی (لە ئیسلامدا)ی نووسی وەك (سەربەستی لە ئیسلامدا) (پەروەردە لە ئیسلامدا) (خوا پەرستی لە ئیسلامدا) هەموو ئەم نووسینانەش بە زمانێکی کوردی رەوان و شیرین، کە خوێنەر پێی سەیرە مەلایەکی مزگەوت کە دەگونجێت وشەیەکی کوردی لە تەمەنیدا نەخوێندبێت ئەو زمانە شیرینە

چییە و لەکوێ فێری بووە کە بەکاریدەهێنێت، ئەو هەموو وشەو زاراوە نوێیانەی لە کوێ هێناوە؟ ئەو برگەو رستانەی چۆن وەها دروست دارشتووە؟ ئەمانە بۆ سەرەتای هەشتاکان بۆ مەلاو ئیسلامیی زۆر گرنگ بوو.

لە راستیدا بۆ ئەو سەردەمە نووسینەکانی مامۆستا رچەشکێن و پێشەنگ بوون بۆیە کە لەچاپ دەدران لە ماوەیەکی پێوانەیی دا بە هەزاران دانەیان لێدەفرۆشراو لاوان بە پەرۆشەوە لە ئامێزیان دەگرت و دەیانکردە بەرنامە بۆ پێگەیاندنی قوتابیان و ئەوانەی تازە دەهاتنە ناو کاری ئیسلامییەوە، فەزڵی ئەو نووسینانە بەسەر هەموو رێبوارانی کاروانی ئیسلامی ئەو سەردەمەوە دیارە و نکوڵی لێ ناکرێت.

ئەوی جێگەی تێبینییە هەریەک لەم جۆرە زانایانە کە وەفات دەکەن و دۆست و قوتابیانیان بەجێدەهێڵن کەلێنێك دروست دەبێت کە پاش خۆیان بە ئەستەم یان هەر پڕنابێتەوە، جا ئەگەر وابڕوات مەترسییەکی گەورە چاوەڕوانی ئایندەی کاری ئیسلامیی دەبێت، ئەویش کەمبوونەوەی ڕێژەی زانایانە لە ناویاندا، بێگومان ئەو کەمبوونەوەش کاریگەری نێگەتیڤی لە چەندین ڕووەوە دەبێت.

لە ڕوویەکەوە زانایان کە رابەرو چاوساغن بۆ شارەزاکردنی کادیرانی کاری ئیسلامیی نەمانیان نەمانی رابەرایەتی و چاودێرییە لە نێوان بانگخوازو بانگەوازدا، زەمانەت کەمدەبێتەوە لە لادانی بانگخوازانی لە ڕاستەڕێی شەریعەت، ئەم مەترسییە ئەمڕۆ بە ئاشکرا لە کۆمەڵێك بزووتنەوەو ڕەوتە ئیسلامییەکانی دیکە لە ڕۆژئاوادا دەبینرێت، کە هەرچەندە سەرەتا ئەو بزوتنەوانە لەسەر ڕاستەڕێی ئیسلامو بۆ خزمەتو جێبەجێکردنی ئاین دامەزراون، کەچی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لەو ڕاستە ڕێیە ترازاون و بەشێك لە ئاینیان فەرامۆشکردوە هۆی سەرەکیش کەمبوونەوەی شەرعزان و زانایانی ئیسلامیبوە لە ناویاندا.

لە ڕوویەکی دیکەشەوە کەمبوونەوەی زانایان لەناو بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا پرسیار لە سەریان دروست دەکات، کە دەوترێت ئەگەر ئەوان دەیانەوێت شەریعەت لەناو

کۆمەڵگەدا پیادە بکەن، ئەی بۆچی رابەرانی شەریعەت لەگەڵیان هاوکارنین؟، ئەم پرسیارە دەبێتە پرسی جەماوەرو گومان و بێمتمانەیی دروست دەکات، پێچەوانەکەشی هەر راستە، واتە بوونی زانایان لەناو بزووتنەوەی ئیسلامییەکاندا جگە لە پاراستنی کاری ئیسلامیی لە هەر لادانو ترازانێک، متمانەی جەماوەریش بە بزووتنەوە ئیسلامییەکان دادەمەزرێنێت و قورساییان پێدە بەخشێت.

بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە هەموو حزبەکان بە ئیسلامییو عەلمانییەوە ئاتاجی کەسایەتی جەماوەرین، بێگومان زانا مێژوو پاکەکانیش لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خاوەن سەنگو قورساییەکن، کە گرەویان لەسەر بکرێت، ئەو زانایانە کە سەدان ساڵە جۆرێك لە رابەرایەتیان بۆ دروستبووە تا ئەمڕۆش رابەراتییەکەیان لە دەست نەداوە، هەرچەندە وەك جارانیش نەمابێتەوە.

رەنگبێت هەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراق (٢٠١٠/٣/٧) باشترین بەڵگە بێت، کە مامۆستایەکی ئایینی با لەناو حزبێکی عەلمانیشدا بوو بێت و بەو شێوەیەش ناسراو نەبوو کەچی زیاتر لە سی هەزار کەس دەنگیان بۆ دەدا، لە بەرامبەریشدا کەسایەتییەکی عەلمانی خاوەنی زیاتر لە نیو سەدە خەبات لە یەك دوو هەزار دەنگێك زیاتری نەدەهێنا، ئەم نموونەیەم وەك دەرخستنی قورسایی مامۆستای ئایینی خستە پێشچاو لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.، کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان کەسایەتی ئەو مامۆستا بەڕێزانە سەنگینتریان دەکات، بۆیە بێ دوودڵی دەڵێم، لەدەستچوونی هەر زانایەکی ئایینی بەتایبەت لە نموونەی جەنابی مامۆستا ئەحمەد بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە چەندین لاوە پێیان زەرەرمەند دەبن، سا مەگەر هەر پەروەردگار بە لوتفی خۆی ئەو زەرەرانە قەرەبوو بکاتەوە، من هەموو نرخاندنەکەم لە ئاستی ناوخۆدا باسکرد، ئەگەر لە ئاستی وڵاتو حزبو نەتەوەکانی دەرەوەدا باسیان بکەین هەر مەپرسە، ئەگەر بڵێم ئێمەی ئیسلامیی تەنها لە رێگەی زانایانەوە ناسراوین و بێ ئەوان گومناوین، وانازانم زیادەڕەویم کردبێت، کە خۆم بەشێك لە وڵاتان گەڕاومو بە خزمەت بانگخوازو زانایانی ئەو وڵاتانە

گەشتووم، دەزانم بە دریژایی نیو سەدەی رابردوو سومعەی کاری ئیسلامیی لە کوردستاندا بە سومعەو کەسایەتی چەند زانایەکی مێژەر پاکەوە بەسرابووەوە، سامەگەر لەمە بەدوا ئەم هاوسەنگییە بگۆڕێت.

لە جێی خۆیدایە لەم بۆنەیەدا سێ پێشنیاز بکەم و وەهاش دەزانم باشترین (وەفا) دەربڕین دەبن بۆ جەنابی مامۆستا ئەحمەد رەحمەتی خوای لێ بێت، چونکە شیوەن کردنو خەم دەربڕینو پیاهەڵدان، لەوە کەمترن کە لە شکۆی جەنابی مامۆستا زیاد بکەنو سودێکی پێ بگەیەنن:

١ـ دەستگرتن بەو رێبازەوە کە مامۆستای ئەحمەدی بەو شێوەیە پێگەیاند کە رێبازی ئیسلامە، بەتایبەت لەلایەن رۆڵەکانییەوە، چونکە ئەوی مامۆستای بە دەوروبەر ناساندو رێزی بۆ مامۆستا دروست کرد، دینداریو زانستەکەی بوو، بە دڵنیاییەوە هەر یەك لە کەسوکاری دەتوانن بەو دوو رێگایە ناوی مامۆستا زیندوو رابگرن، لە هەرکوێ ئەوان هەبوون ناوی مامۆستاش بەرێزەوە یاد دەکرێتەوە، شێخ مارف نۆدێ کاك ئەحمەدی کوڕی سەد ئەوەندە ناوداریکرد، شێخ مەحمودی حەفیدیش ناوبانگی کاك ئەحمەدی شێخی هێندەی دیکەو زیاد کرد، بەڵام زۆر زانای دیکە کە ناکرێت ناویان بنووسمەوە وەجاخ کوێر دەرچوون لەگەڵ زۆری رۆڵەو نەوەکانیاندا، چونکە نەیانتوانی جێگەیان بگرنەوە هەر وەجاخ کوێر دەرچوو و گریان و شین دادی نەدان ! ! هەرئەوەندەش نا، بەڵکو هەیانە بوون بە لەکە بەسەر باوکیانەوەو وەختە بڵێم مێژەری سپی ئەوانیشیان ناشیرین کردووە ! !

٢ـ پێشنیاز دەکەم نووسینەکانی مامۆستا بەو شێرزییە نەمێنێتەوە، بەڵکو سەرجەم بەرهەمەکانی کۆبکرێنەوە و لیژنەیەکی پسپۆڕ گەڵاڵەیان بکاتو پاش لێکۆڵینەوەو رێکخستنیان بە چەند بەرگێك چاپ بکرێن و پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکرێن، ئەگەر بگونجێت وادەزانم سالانە لە بری بلاوکردنەوەی گۆڤاری (مەردی رێ) با یەکێك لە

بەرهەمەکانی مامۆستا بڵاوبکرێتەوە، تا تامەزرۆیانی نووسینەکانی مامۆستا بیانخوێننەوە و سودیان لێوەربگرن.

٣- زۆر بەگونجاوی دەزانم چەند قوتابییەکی قۆناغی کۆتایی بەکالۆریس و قوتابیانی خوێندنی باڵا هانبدرێن بۆ نووسینی لێکۆڵینەوە یان تەرخانکردنی نامەی خوێندنەکەیان لەسەر ژیانی مامۆستاو بەرهەمەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش لە لایەن بنەماڵەکەی مامۆستاو دۆست و ئاشناکانیەوە ئاسانکاری بۆ ئەو قوتابیانە بکرێت، سەرچاوەیان بخرێتە بەردەست و زانیاری پێویستیان پێ بدرێت، ئەو نووسینە ئەکادیمیانە کە بە نەخشەیەکی زانستی پێ بەپێ لە هەموو بوارە جیاجیاکان دەکۆڵێتەوە و هەڵوێستەیان لەسەر دەکات لە باریاندا دەبێت کە هەڵسەنگاندنی شایستە بۆ جەنابی مامۆستاو بەرهەمەکانی بکات و مافی شایستە بەو کەسایەتییە و بەرهەمەکانی بدات. بە بۆچوونی من جێبەجێکردنی ئەم سێ پێشنیازە باشترین وەفا دەبێت بۆ زیندوو راگرتنی یادی مامۆستای رەحمەتیی و ناساندنێکی شایستەشە بۆ نەوەی داهاتوو تا لە کەسایەتی و زانست و هیمەتی ئەو مەردی رێیە ئاشنا ببن و لێی بەهرەمەندبن.

- **سییەهەم: مامۆستا مەلا موستەفا محەممەد جەعفەر قوتابیی و لە دۆستە نزیکەکانی:**

الحمدلله وحده، والصلاة والسلام على من لانبي بعده، اما بعد:

سەرەتای ناسینم بۆ مامۆستاو خۆشەویستمان جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە محمود دەگەڕێتەوە بۆ سالانی هەشتاکان. بیرمە جارێك لەگەڵ كاك كەمال و كاك كۆسار كوڕانی مامۆستا مەلا سید ابوبكر ڕۆشتین بۆ مزگەوتی مامۆستا مەلا عبدالله ی گوڵپی كە جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد ئیمام و پێشنوێژی بوو، بینیم جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد

دەرس و وانەی بە مامۆستا مەلا سید ابوبکر دەگووت.. بیرمان نەچێت جەنابی مامۆستا مەلا سید ابوبکر چەند سالێك لەوە پێش مەلای گوندی (گوڵپ) بوو، وە مامۆستایەکی بەڕێزو پارێزکارو ڕۆح سووك بوو. جا ئەوکات من زۆرتر بەجەنابی مامۆستا مەلا حمە امین ئیمامی کە پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی ئیمامی بوخاری بوو لە شاروچکەی خورمالێ موعجەب بووم و زۆریشم خۆش دەویست، چونکە ئەوم ناسی بوو، وە لەلای ئەو نوێژی هەینیم دەکرد، دوای ماوەیەك مامۆستا مەلا حمە امین سەفەری حەجی کرد، وە جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد لە جێی مامۆستا مەلا حمە امین ئیمام و وتاری هەینی دەدا تا مامۆستا لە سەفەری حەج گەڕایەوە. وە هەروەها لەبیرمە جارێك لەخزمەتی جەنابی مامۆستا مەلا سید نوری سەرگەتی دا دانیشتبووین هەواڵی دەستگیرکرانی مامۆستا مەلا ئەحمەد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ نوێژخوێنانی مزگەوتی (عثمان بن عفان)دەگێڕایەوە هۆی دەستگیرکردنی مامۆستای بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە یەکێك لە وتارەکانیدا لە مزگەوتی مامۆستا مەلا عبدالله ی گوڵپیدا باسی حوکم کردن بەشەریعەتی ئیسلامی کردبوو،! ! وە وتبوی دەبێت وەك واجبێکی شەرعی دەستەلاتدار حوکم بە قورئان و شەریعەت بکات، وە بۆ خۆیشی لەم سالانەی دوایی تەمەنیدا بەدرێژیی باسی چۆنیەتی دەستگیرکردنەکەی ئەو سالانەو ئازادکردنی خۆی بۆ کردم، وە لە گێڕانەوەکەیدا هەوڵی جەنابی مامۆستا مەلا شێخ محمدی بەرزنجی بۆ ئازادکردنی بەبەرز نرخاند، وە دواتریش لە شاروچکەی سیروان زیاتر ئاشنایەتی و ناسراویم لەگەڵ مامۆستای کۆچکردوو پەیدا کرد، ئەویش بەهۆی وتارە بەپێزەکانیەوە لەمزگەوتی گەورەی سیروان کە وتاری تێدا دەدا، پاشان لەوانەو دەرسەکانیشدا بەشداریم دەکردو دەرەنجام بووم بە یەکێك لەقوتابییەکانی و ماوەی چەند سالێك لە خزمەتیدا خوێندم و لەزانستی بەڕێزیان بەهرەمەند بووم، مامۆستا یەکێك بوو لە دیارترین مەلایان و زانایانی ناوچەکە کە ڕێگەی ڕاست و ئیسلامی نیشان دام، وە لە هەموو مامۆستاکانی دیکەم زیاتر لەو سوودمەند بووم، بەڕادەیەك وەك هەر ئەو ڕێنیشاندەرم بووبێت. چونکە ئەوکاریگەرییەی ئەو لەسەر خۆم هەست پێدەکرد لەهیچ مامۆستایەکی دیکەمدا هەستم پێنەدەکردو هەستیشم

پێنەکردوە، لێرەدا یەکێك لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ جەنابی مامۆستادا باس دەکەم، ڕۆژێك بەجێبەکەی هێزی (صلاح الدین) لەخزمەتی جەنابیدا بوو گوندی (دزڵی) دەڕۆشتین، وە لە بازگەکەی نزیك دزڵی یەکێك لە ئەفسەرانی سوپای پاسدارانی ئێرانی گفتوگۆیەکی لەگەڵ مامۆستادا دامەزراندو لە میانەی گفتگۆکەدا پرسیاری لە مامۆستا کردو وتی: حاجی ئاغا چی لەبەهەشت خۆشترە؟ دیار بوو ئەفسەرەکە مەبەستێکی هەبوو لە پرسیارەکەیدا، وەچاوەڕوانی ئەوە بوو مامۆستا لە وەڵامەکەیدا بڵێت هیچ شتێك لەبەهەشت خۆشتر نیە، بەڵام مامۆستا وتی: بینینی خواو ڕوانین بۆ ڕوخساری خوا لە بەهەشتدا خۆشترە لە بەهەشت.

جەنابی مامۆستا لە ڕاستیدا کەسایەتییەکی کەم وێنە بوو، ئەو تەنها کەسایەتی عیلمی نەبوو بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیش بوو، وە ئەو توانی لە ژیانی کورت و تەمەنی پڕ بەرەکەتی خۆیدا جمع بکات لەنێوان عیلم و دەعوەو جیهادداو پێکیانەوە گرێ بدات، مامۆستا وەك هەموو زانایەك لەدوای تەحصلیکردنی عیلم، دەست دەکات بە بانگەوازو بلاوکردنەوەی ئیسلام بەزمان و نوسین، وە کتێبەکان و بەرهەمەکانی و وتارەکانی بەتایبەت وتارەکانی شارۆچکەی سیروانی باشترین بەڵگەن لەسەر ئەوە، هەروەك هیجرەت و جیهادو سیاسەتکردنی بەڵگەیەکی دیکەن لەسەر کەسایەتی ئەو زاناو بانگخوازو ڕاڤیارو سەرکردەو سیاسەتمەدارە بەڕێزەیە، ئەوەی مامۆستا دەناسێت چاك ئەو ڕاستییەی لا ڕوونە کە جەنابیان لە حەفتاکاندا دەستیان بەبانگەواز و بلاوکردنەوەی ئیسلام کردووە، چ بە نووسین چ بە وتار، بەڵام لە هەشتاکاندا وەك یەکێك لەباشترین و دیارترین بانگخوازان و وتاربێژان بەدیارکەوت، بەنووسین و بەزمان دژ بە ڕژێمی بەعسی عەرەبی ئەوەی لە توانایدابوو و پێی کرا درێغی نەکرد، وە هاندانی خەڵك بۆ خۆپیشاندان لەساڵی ١٩٨٧ لە دژی ڕژێمی بەعس لە شارۆچکەی سیرواندا لە هیچ کەسێك شاراوە نیەو دۆست و دوژمن شاهیدی لەسەر خەبات و ڕۆڵی خەباتکارانەی جەنابیان دەدا، وە منیش بەش بەحاڵی خۆم ڕۆڵی جەنابیان لەو لایەنە بەرزو جوامێرانە ئەنرخێنم و هەڵدەسەنگێنم، وە هەروەها ئەو سێ

لایەنەی ئاماژەتان پێکرد بێ گومان لە ژیانی مامۆستادا ڕەنگیان دابووەوە و هیچ کەسێك ناتوانێت ئینکاری ئەوەبکات، جا مردنی جەنابیان و لە دەستدانی زانا و سەرکردەیەکی وەك مامۆستا لە ڕاستیدا بۆشاییەکی گەورەی دروستکرد لەڕیزی زانایانی ئیسلام و سەرکردایەتی کوردا، بەتایبەتی لە ڕیزی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامیدا، وە ئەو بۆشاییە ئەستەمە پڕبێتەوە بەزاناو سەرکردەیەکی دیکەی هاوێنەی خۆی نەبێ، وە بێگومانم جارێکی دیکە مامۆستایەکی دیکە لەشێوەی ئەو لەناو ڕیزی بزووتنەوەی ئیسلامیدا پەیدا نابێ ئەوبۆشاییە پڕبکاتەوە، واتە نەك بە ئاسانی پڕنابێتەوە بەڵکو لەناو بزووتنەوەدا هەرگیز پڕنابێتەوە، ئایا جارێکی تر جێگەی مامۆستا مەلا عوسمانی ئیمام و مامۆستا مەلا عەلی شێر پڕدەبێتەوە؟

بێگومان نەخێر کەواتە جەنابیشیان جێگەیان لەناو بزووتنەوەدا پڕنابێتەوە، وە بە نیسبەتی کاریگەری جەنابیشانەوە لەسەر ڕەوتی ئیسلامی جیهادی کوردستان دەڵێم جەنابی مامۆستا ڕوکن و پایەیەکی ڕەوتی ئیسلامیی جیهادی کوردستان بوو. وە ئەو کاریگەری و ڕۆڵی سەرەکی دیارو بەرچاوی هەبوو تێیدا، بەنیسبەتی بوونی زانایانی موسڵمان لەناو بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا دەڵێم ئەگەر زانایانی موسڵمان لەئاستی سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیدابن ئەوا بوونیان واجبێکی شەرعی دەبینم، وەگەرنا بوونیان تێیاندا وەك پاشکۆبوون دەبینم، بۆیە حەیفە زانای موسوڵمان پاشکۆبێ لەناو پارتێکی سیاسی دا ئەرچی پارتەکەش ئیسلامی بێت.

وە ئەگەر بگونجێت زانایانی موسڵمان هەیئەتێکی سەربەخۆ لەخۆیان پێك بێنن ئەوە زۆر باشترە لەبوونیان لەناو بزووتنەوە ئیسلامیەکاندا کەپێیان بڵێن گوڵی مەجلیس و سەروەرو پێشەوا، بەڵام سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی و سیاسەتکردنیان پێ ڕەوا نەبینن، وەکو ئامێرێکی دەستی بەکاریان بهێنن بۆ مەرامی حیزبایەتی و ساسەتی نا شەرعیی و بیدعی خۆیان، زانایان زۆر لە حیزب و پارتی سیاسی گەورەترن، وە دەبێت خۆشیان لەو ئاستەدا ببینین.

ئیمام (ابن قیم الجوزیه) لە وەسفی زانایاندا دەفەرموێت:

اولـئـك اتبـاع نبـي وحزبـه ولولاهم ما كان في الأرض مسلم

ولـولاهـم كادت تميـد بـأهلهـا ولكن رواسيهـا وأوتادها هـم

ولولاهـم كانـت ظلاما بأهلهـا ولكـن هم فيها بـدور و أنجـم

فيا محسنا بلغ سلامي وقل لهم محبـكـم يدعـو لكـم ويسلـم

- **سیی و یەکەم: عبدالرحمن عبدالرحیم**

ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی:

مامۆستا زۆری مەبەست بوو ئیسلام هێزی هەبێ، بوونی هەبێ، دەنگی هەبێ، سامانی هەبێ، سیاسەت و ئابووری هەبێ: (الَّذِينَ إِذا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ).

ـ سەرەتاسوپاس وستایش بۆئەو پەروەردگارەی کە هەموومان دەگەڕێینەوە بەر دیوانەکەی، وە درودو سەلام لەسەر زاتی پاکی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محمد (د.خ)، دەپارێمەوە لەخوای بەرزو بەتوانا ڕۆحی مامۆستای خواویست وبەرزو بەڕێز جەنابی مامۆستامەلا ئەحمەدکاکە محمود لەو مەقامانەدابێت کە خوای گەورە بۆ زانایانی ئامادە کردووە، پەروەردگارا ئەوەندەی ئێمە بزانین ئەوپیاوە ڕاستگۆ بوو بەرامبەر بەو وەعدەی بە تۆی دابوو ژیانی فرۆشت رەنگ وسیما و مێزەرو ڕیش و گوتارو گوفتاری هەمووی لە بەر تۆ و بۆ تۆی تەرخان کرد، دەسا تۆش بیخەرە ناو قەسری نور، باخی بەهەشت، لە بەر خاتری ناوە پیرۆزەکانت.

بەڵێ کۆچی جەنابی مامۆستائەحمەد کاکەمحمود خوا لێی ببوریێ بەراستی کۆچێکی زۆر بەپەلەو زۆر گەورە بوو ماوەی نەدا لەبەری داری بیری خۆی بچنێتەوە، ماوەی نەدا بەرهەمی خۆی ببینێ، ماوەی نەدا خەونی گەورەی کە بەرەنج و مەشوەرەت و هەوڵ و هەڵوێست بونیادی دەنا لێی بێتەدی. مامۆستا عالمێکی گەورە بوو پیاوێکی راستگۆ بوو

پیاوێکی بێ زیان و بەسود بوو پیاوێکی پەروەردە سەنگین بوو پیاویکی کۆمەلایەتی وکەسایەتییەکی ئیسلامی بوو، مامۆستا ئەحمەد مامۆستایەکی ناسراو بو و، کاملّ بوبوو لەتەجروبەو وانەو هەنگاوی عەمەلی، دەورو زەمانە هەموو ڕووەکانی ژیانی بینی، چاوکراوە بوو بەرامبەر ئەگەرو پێش هاتەکان گومانی وابوو دوای ئەم پەراگەندەیی و لێك جیاییەی نێومالّی موسلّمانان هۆیەکی زۆر ئامادە بێت بۆ یەکخستنەوەیان وێرای ئەمانە مامۆستا لە هەموو لایەکەوە ڕێز لێگیراو بوو، جا کەسێك ئەمە نموونەی بێت لە دیدی منی دوورەوە، چۆن وەفاتی کارەسات نییە چۆن جێگای خالّی نییە، چۆن بۆ رابوون و موسلّمانان خەفەت نییە، بەراستی مەگەر خوا خۆی جێگەی ئەو جۆرە پیاوانە پر بکاتەوە. ئێمەش تەنها لەبەرامبەری کۆچەکەیدا توانیمان بلّێین: (إنا لله وإنا إليه راجعون).

ـ بەلّێ جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود لەژیانی کورتی پر بەرەکەتیدا توانی واجباتی دینەکەی خۆی بگەیەنێ پێش ئەمانە توانی خۆی بەتەواوی پێبگەیەنێ، لە بەرامبەر خواو پاشان دین و خەلّکدا، خۆی بە قەرزار دەزانی بۆ گەیاندنی ئیسلام، خۆی بە بەرپرس دەزانی بەرامبەر گەیاندنی دینی خوا، خەلّکی پاك، دلّی پاك، نییەتی پاك لەلایەنی خوای پاکەوە، هەموو ئەمانە هۆی یەکخستنی ئەو دلاّنە بوون کە رووبان لە بانگەوازە ڕاستەقینەکەی جەنابی مامۆستا دەکرد، مامۆستا بەبێ حیزب، بەبێ سامان، بەبێ ... هتد، کارێکی زۆر گەورەشی دابوویە بەر چالاکی، هۆشیار کردنەوەی موسلّمانان و زیندوو ڕاگرتنی هەست و بیری نەوەی نوێی و جۆشدانی چین و توێژەکان بۆ خواپەرستیی و گوێنەدان بە دەنگی دەفی رژێم، هەرچەندە گەورە بوو بەلاّم بەناوبۆش وەسفی ئەکرد و هەموو گەورەیی و بەندایەتییەکی بۆ خوا ئەگەراندەوە، هەموو شوکرو خەباتێکی بۆخوا بە پێویست دەزانی بەرامبەر ئەو هەموو چاکانەی بەسەرمانەوەن. مامۆستا تا لە هەق و راستی زیاتر و زیاتر نزیك بوایەتەوە، دەچووە ناو دلّی خواپەرستانی ناوچەکەوە بەتایبەت مامۆستا مێزەر پاکەکان، کە بە ڕووی رژێمدا وەك چیا ڕاوەستابوون. ئەمە هۆی نهێنی و سەرەتای هاتنی جەنابی مامۆستا ئەحمەد بوو

بۆناو کرۆکی بانگەواز، بۆناو ئەمەل و هیوای خواناسان، بۆناو دڵی موسڵمانان، دیارە بەینی خۆی و خوا کاریگەر بوو، هەرلەبەر ئەوەش بوو بەینی جەنابی و خەڵکەکە زۆر کاریگەر بوو تاوای لێهات کاریگەری لەسەر هەوادارانی رژێمیش دروست دەکردو، پیلانی تۆوی تەفرەقەی رژێم بەرامبەر چینەکانی ئەم ناوچەیە بەگەیاندنی دینە جوانەکەی ئیسلام پووچەڵ ئەکردەوە، رژێم سەخڵەت بوو، ئارامی نەما هەرچی دەکا بێ بەرو بێ بایەخە ناچار گوشاری زیاتری خستە سەر موسڵمانان و پیلانی دەستگیرکردنی جەنابی و زانایانی ترو گەنجەکانیدا، هەرلەبەرئەوە بوو مامۆستاو مامۆستایان و موسڵمانانی ناوچەکە رووبان لە کۆچکردن کرد و ئەو رژێمەیان بە عەمەلی رەفز کردو رویان نایە ولاتی غەریبی لەگەڵ مامۆستا و برایانی ناوچەکانی تردا هەموو پێکەوە توانییان ئاراستەو بیرو کاریان رێکبخەن و دوای بانگەواز و هیجرەت بیر لە راگەیاندنی جیهاد بە رووی زوڵم و زۆری کوفری رژێمدا بکەنەوە، بەڵێ دوای هیجرەت لەگەڵ مامۆستایاندا هەموو تواناکانیان کردەیەک، یەک ئامانج، یەک هێز، یەک قیادە، یەک ناو یەک دوژمن دواتر چەندین کاری تر کران، وەک: فێرگەی سەربازی و راهێنان و دروستکردنی رقی پیرۆز و بانگی جیهادو پەروەردە کردنی مەفرەزەکان بەئاکارو خزمەتی ئیسلامەتی و لێبران و سەرکردەیی و سەربازیی و گوێرایەڵی و بەقسە کردن و.. هتد، هەموو بوونە کاری بەردەوامیی ئەو کۆچ و قۆناغی رووبەروبوونەوە بەرامبەر رژێمی پرلەچەک، پرلە کیمیایی، پرلەتانک وتۆپ پرلەسام و زۆر، بونە ئەمەل و هیواو دوژمن مەرگی خۆی لەهێزی ئەواندا دەبینی. جەنابی مامۆستائەحمەد لەم کاتانەدا ئەرکی زۆری لەسەر بوو دەوری زۆری بینی خوای گەورە لێی قبوڵ بکات.

ـ مامۆستاوەک باقی مامۆستاکانی تر لەمینبەرەوە ئاراستەی موسڵمانانیان ئەکرد لەبەرئەوە ماوەیان نەئەدا نارێکی، یان ناڕەوایی، یان کەم وکوڕی لەبیرو عەقیدەی موسڵمانداندا، یان لەدەستێوەردانی بێگانە لەناو بیرو فیکری موسڵمانداندا هەستی بەوە ئەکرد بەپەلە راستکردنەوەو هەڵوێستی ڕون و ڕەوانی لەبەرامبەریانەوە ئەداو ئەوکاتە خۆی بەماندو نەئەزانی هەقێکی پێبێ و بیڵێ نەک ناهەقی ببینێ و نەتوانێ

روونکردنەوەی لەسەر بدات. وە هەولێ زۆری مامۆستا لەسەرئەوە بوو کە گەلەکەی شانازی بە دینەکەی خۆیەوە بکات کە ئیسلامەو بۆتە حەیاتی، وە بلاّو کردنەوەی نووسینەکانی شاهیدی گەورەن لەسەر ئەمە.

ـ جەنابی مامۆستا ئەحمەدیش وەك هەندێ لە مامۆستایانی تر پێش حیزب هەربوون، هەر ناسراو بوون، هەر ئاماژەیان بۆدەکرا، بە رێبەرایەتی هەموو مامۆستایان بەراستی بزووتنەوە زوو گەورە بوو، زوو چوویە ئاستی کاری خۆیەوە، وە کەسایەتی زۆر زۆر لەدەوری بوون، جەنابی مامۆستا ئەحمەدیش زۆربەی بەرپرسیارێتی مەکتەبەکانی بزووتنەوەی بە سەرکەوتوویی بریبوو، وە ئەندامێکی کاراو خاوەن قورسایی و خاوەن توانا بوو لە نێو مەکتەبی سیاسیدا، زۆری مەبەست بوو ئیسلام هێزی هەبێ، بوونی هەبێ، دەنگی هەبێ، سامانی هەبێ، سیاسەتی هەبێ، ئابووریی و راگەیاندنی هەبێ. زۆری مەبەست بوو ئەو بزووتنەوەیە هەمیشە دەقاودەقی کاری لەخزمەتی ئیسلام و موسلّمانانداو بێ، زۆری لا مەبەست بوو تەنانەت ئەوەندە روو جوان و روگەش و نەرم و نیان و بەخزمەت بێت بەرامبەر بە چین و توێژەکان ئەوانیش نکوولێ نەکەن لەبوونی. وە تەنانەت نەیارانیشی حەزی دەکرد نەتوانن رەخنەی لێبگرن لەبەرئەوەی لەسەر پەیرەو کار بکات و گەورەو بچووکی تیا بێت و هەمووی تەواوکەری یەکترو خزمەتکاری دین بێت.

ـ من دلّنیام مامۆستا ئەحمەد لەسەرەتاوە خۆی خۆیی دروست کرد، راستی خۆی هێنایە پێشەوە، ئەم دینە راستبە لەگەلّیدا سەرت ئەخات، شتی دیکەی تێکەلّ بکەی لێتی قبوولّ ناکات. وە مامۆستا کاری کردو خوای گەورەش کاری لێداوایە نەك سەرکەوتن، وە ئەم چەند دێرەی شاعیر دەکەمە جوابی ئەم پرسیارە:

یەکجار سەیرە هەروەك تەرازوو وایە

هەلّسەنگاندن لەلای ئا ئەم دنیایە

دنیا سەیرەو سەیر شێواوە بۆ کێشان

قورس بۆ زەوی سووکە ئەچێ بۆ ئاسمان.

لە کۆتاییدا خوایە گیان وامان لێبکەیت بۆ تۆ بژین، بۆ تۆ بمرین، خوایەگیان بمانبوورەو لێمان خۆشبە، خوایە گیان بمانکە هەوێنی برایەتی و خۆشەویستی، خوایەکیان رەحم بە زیندووەکانمان بکەیت، بەچاوی ڕێز بۆیان بروانین، وە لە کۆچ کردووەکانمان خۆش بی، وە بتوانین یادی خێریان بکەین، وە بەهەشتی خۆت بەوان بدەیت و چاوی بەزەییشت لە ئێمە بێت، خوای گەورە و میهرەبان بەئەندازەی رهێڵەی باران سلاوو ڕێزی خوا بۆسەر گیانی پاکی مامۆستا ئەحمەد دا ببارێ، لە قەبرەکەیدا نووری تۆ دایگرێ.

(وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِنْ اللَّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ).

- **سیی و دووەم: مامۆستا تەحسین حەمە غەریب**

مامۆستای زانکۆ:

سەرەتای ناسینم بیرم بێت ساڵی ١٩٨٣ بوو کە ئەو کاتە من لەقۆناغی سەرەتاییدا بووم، ئەو کاتە لە مزگەوتەکان (هەڵەبجەی شەهید) مەولودنامە دەکرا، لە یەکێك لەو مەولود نامانەدا مامۆستا وتارێکی پێشکەش کرد کە بە لای منەوە سەیر بوو چونکە لە دژی رژێمی ئەو کاتە بوو. ئێمەی منداڵ و گەنجیش حەزمان لەو جۆرە بابەتانە بوو، پرسیارم کرد ئەم مامۆستایە کێیە و وتیان "م. ئەحمەد کاکە مەحمود"ە ئەمەی باسمکرد لە سیروان بوو، ئیتر لە هەر شوێنێکی هەڵەبجەدا وتاری بدابایە دەچووم و گوێم لێدەگرت.

– لە راستیدا نووسینەکانی مامۆستا ئەگەر بە دیدی ئەو کاتە سەیری بکەم نەك ئەمڕۆ، دەتوانم بڵێم پڕە لە جورئەت، پڕ لە زانیاری و بابەتی نوێ بۆ ئێمە بەتایبەتی ئەو کاتەی کە ئێمە هەستی ئایینیمان هەبوو، خوێنەری ئیسلامی تێر دەکرد و بە تایبەتیش

بابەتەکانی نەوعی بوون، نموونە بوون بە تایبەتی لە باسەکانی ئافرەت و ئازادی لە ئیسلامدا و... و هتد، ئەوەی بە لای منەوە سەیر بوو، ئەوە بوو کە چۆن مامۆستایەکی ئایینی دەیتوانی و دەیزانی بە کوردیەکی جوان و پەتی بنووسێت، ئاگاداریش بووم کە کتێبەکانی لە لایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە دژایەتی دەکران و نەیاندەهێشت چاپ بکرێن.

– بە بۆچوونی هەرکام لەو بابەتانە تۆ ناتوانیت پێوەرێکی جێگیریان بۆ دابنێیت، واتە، کامە بانگەوازو، هیجرەت و کۆچ کامەیە، دەتوانین بڵێین دەبێت بە شێوەیەکی رێژەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.. دواجار ئەوە روگەی کەسەکە دیاری دەکات کە ئەو بابەتە دەبێت چۆن بێت. مامۆستاش ئەو کارەی کە ئەنجامیدا لە هەشتاکاندا دەتوانین ئەو شایەدیەی بۆ بدەین کە پیاوێکی ناسراوو بە جورئەت و بوێر بوو، گرنگ ئەوەیە مامۆستا ئەوەی کرد کە خۆی باوەڕی پێی بوو.

– بە دڵنیاییەوە بوونی زانای ئیسلامیی لە نێو بزووتنەوە ئیسلامیەکاندا گرنگە، نابێت ئەوەمان بیر بچێت کە پرۆژەکەی جمال الدینی ئەفغانی چاککردنی دووتوێژ بوو ئەوانیش:

١– توێژی زانایان.

٢– توێژی میر و سوڵتانەکان.

ئەو باوەری وابوو ئەگەر بێت و ئەم دوو توێژە چاك بن، ئیدی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان چاك دەبن. دواجار ئێمە دەتوانین جێگەی ئەم دوو جۆرە کەسە گرنگە لە نێو کۆمەڵگەداو ئەو رۆڵەی ئەوان دەیبینن لە ریفۆرم و چاککردنی کۆمەڵگەشدا، ڕەنگە هیچ کەسێکی دیکە ئەوەی پێ نەکرێت، چونکە لە ناو خودی بابەتەکەدان، بە دڵنیاییەوە بوونی زانایانیش بڵێین لە نێو بزووتنەوە ئیسلامیەکاندا رۆڵێکی گەورەی بینیوە و ئەو رۆڵەش دەبینن.

– دەتوانین بڵێین مامۆستا مەلا ئەحمەد یەکێك لە مەلا باشەکانی کوردستان بووە، لەمەڕ تەفسیریش هەوڵی خۆیداوەو لەپاش خۆی تەفسیرێکی نایابی نووسیووە، سەبارەت بە هەوڵ و تێکۆشانیش بە بۆچوونی من ئەو هەوڵی خۆیدا، خوای گەورە لێی قبوڵ بفەرموێت.

– دیارە مردنی هەرکەسێك مردنی جیهانێکە، جا وەرە مردنی زانایەکی گەورە کە لەپاش خۆی بۆشاییەکی گەورە بە جێ دەهێڵێت.

– پەیامم: منداڵان و هەوادارانی دەتوانین (٣) سێ تایبەتمەندی هەیەو ئەو سێ تایبەتمەندییەش ڕەچاو بکەن و بیانگرنە خۆ، ئەوانیش:

أ) بوێری مامۆستا.

ب) جیدی بوونی و بە شوێن زانستەوە بوون.

ج)پەرستش و خزمەتکردنی ئایین.

ئیدی ئەگەر دەرەنجامی ئەو سەردەمە جیاواز بن لەم سەردەمە گرنگ ئەوەیە ئەو پیاوێك بوو ئەم سێ تایبەتمەندیەو سیفەتەی هەبوو.

• سی و سێیەم: دکتۆر فائیق گوڵپی

نووسەرو سیاسەتمەدار:

کاتێك منداڵ بوم، لەبەر ئەوەی ئارەزووی کوردایەتی لە دڵمدا چەکەرەی کردبوو، لە ناو کۆڕ و کۆمەڵدا چاك گوێم بۆ ئەو ناوانە شل دەکرد کە لە ڕێگەی دەمی خەڵکەوە باسیان دەکرا لە شۆرشی گەلی کوردا بەشداریان کردووە، ناوی یەك لەو کەسانە مامۆستا مەلا ئەحمەد بوو، دەمبیست کە مامۆستا لەگەڵ چەندان زانای ئاینی تر لە شۆرشی ئەیلولدا پێشمەرگە بووە.پاش کارەساتی ساڵی ١٩٧٥ کزبوونی تێکۆشانی چەکداری و سیاسی،

ناوی مامۆستا مەلا ئەحمەدم دەبیست کە لە وتارەکانی مزگەوتدا سەرەرای پەروەردەکردنی خەڵك بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام، لە وریاکردنەوەی خەڵکدا دەربارەی باری سیاسی و ناساندنی رژێمی بەعس بەخەڵك درێغی نەدەکرد. لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٨٧ی شاری هەڵەبجەدا کاتێك من لە ناوچەی قەرەداغ پێشمەرگە بووم، بیستم کە مامۆستا رۆڵێکی کاریگەری لەو ڕاپەڕینەدا هەبووە.لە گەرمەی شەری ناوخۆیی هێزە کوردیەکاندا لە دوای راپەڕین، ئەگەر چی تا ئەو کات چاوم بە ڕەحمەتی نەکەوتبوو، بەڵام لە دووڕەوە یەکترمان دەناسی، هێندە بڕوامان بە یەکتر هەبوو لە ڕێگەی کەسی سێهەمەوە کارێکمان کرد لە شارۆچکەی خورمالێ جارێکی تر شەری براکوژی ڕوونەدات و گیانی چەندان رۆڵەی گەلی کوردمان لە مەرگ پاراست. بەهۆی ڕاگواستنی گوندەکانی ناوچەی هەورامان و بە هۆی ئەوەوە کە من لە زانکۆ بووم و دواتر بوومە پێشمەرگەو دوای راپەڕینیش جارێکی تر شەری براکوژی بەڕۆکی گرتینەوە، دەرفەتم بۆ نەلوا لە نزیکەوە مامۆستا ببینم، تا ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری هەڵەبجەی شەهید چاوم پێکەوت، ئەو کات بۆ ماوەیەکی کورت پێکەوە دانیشتین و دەربارەی ڕەوشی سیاسی بە کورتی هەندێك دواین، ڕووی خۆش و ڕوونی بۆچون و قوڵی بیرکردنەوەی مامۆستا واکاریگەری لە سەرم دانا خۆزگەم دەخواست چەندان ساڵ پێش دیدارم لەگەڵ بکردایە.، لەبەر ئەوەی مامۆستا پێشینەیەکی سیاسی هەبوو یەکێ لە زانا ئاییەنیە ناوادارەکانی باشوری کوردستان بوو، خەڵکی ناوچە شاخاویەکەی هەورامان بوو، کە بەردەوام سەنگەری خۆپاراستنی شۆرش و حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی باشوری کوردستان بووە، رۆڵی مامۆستا لە پێکهێنان و پاراستنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا بنەڕەتی بوو،لە هەوڵدان بۆ ئاشتی و تەبایی و کۆتاییهێنان بە شەری ناوخۆ، ئەو پەیوەندیەی کە لەگەرمەی شەری ناوخۆدا لە ڕێگەی کەسی سێهەمەوە لە نێوان من و مامۆستای ڕەحمەتیدا بە دەست پێشخەری ڕەحمەتی بۆ ڕێگرتن لە پەرەسەندنی شەرەکە دروستبوو، بۆ ئەوەی شەرێکی تر لە خورمالێ لە نێوان هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ڕوونەدات، دەیسەلمێنی کە تا چەند مامۆستای ڕەحمەتی بە تەنگ ئاشتیی

و یەکریزی نێوان لایەنە سیاسیەکانی باشوری کوردستانەوە بووە. لە دوای ئەوەی چەند گرووپێك لە بزووتنەوەی ئیسلامیی جیابوونەوە، مامۆستا لەگەڵ بزووتنەوە مایەوەو لە ناو بزووتنەوەدا لە کەسەیاتیە نزیکەکانی ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕەحمەتی مامۆستا مەلا عەلی بوو، لەو کاتەوە تەبایی و یەکریزی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان وەك چەمك بە پراکتیك لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستاندا پێشکەوت و هیچ شەڕو ناکۆکیەك لە نێوان بزووتنەوە و لایەنە سیاسیەکانی تردا نەهاتە ئاراوە.

من وەك پێشتر ئاماژەم پێدا تەنها یەك جار بە دیداری مامۆستا شاد بووم، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاگام لەچالاکیە سیاسیی و ئایینی و ڕۆشنبیریەکانی بووە، مرۆڤێکی بە تواناو سەرکەوتوو بوو، وەك کەسایەتیەکی هەڵکەوتووی ناوچەی هەورامان شانازیم پێوەکردووە و ئێستەش شانازی پێوە دەکەم.

پێوانەی پێشکەوتن و زیندوویی هەر کۆمەڵگایەك و هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، بە چەندان فاکتەرەوە گرێدراوە، یەك لەو فاکتەرە هەستیارانە ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگایە یان ئەو پێکهاتەیە خاوەنی چەندە مرۆڤی بە تواناو هەڵکەوتووە، زوو لە دەستدانی کەسانی وەك مامۆستا کە بە تواناو هەڵکەوتوو بوون، پێش ئەوەی بەرنامەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت، بۆشایی لەناو کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان و لە ناو پێکهاتەی ئیسلامیی سیاسیی کوردستاندا دروستدەکات، هیوادارم قوتابیەکانی مامۆستاو پەیرەوکەرانی ڕێبازەکەی تێکۆشان چڕوپڕ بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە بەکۆچی دوایی ناوەختی مامۆستای ڕەحمەتی دروستبوو.

لە بەر ئەوەی مامۆستا خاوەنی پێشینەیەکی سیاسیی و قوڵبونێکی ئایینی و ڕۆشنبیری گشتی بوو، لە دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا ڕۆلێکی کاریگەری هەبوو، لە دوای دامەزراندنی بزووتنەوە،لەکاتی تێکۆشاندا بەردەوام پلەی مەکتەبی سیاسیی و پلەی باڵاتری حزبی وەرگرتووە، ئەمە نیشانی ئەدات کە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بۆ دامەزراندن و بۆ تێکۆشان سوودی لە تواناو ئەزمونی مامۆستای ڕەحمەتی وەرگرتووە.

داوا لە هـەوادارن و قوتابیـانی مامۆسـتای رەحمـەتی و ئـەو کـەس و لایەنـە سیاسـیی و ئیسلامیانەی کوردستان دەکەم کە ئاشتی و پێکەوە ژیـانی دیموکراتیانـەی نێـوان حزبـە ئایینی و عیلمانیەکان و پێکـەوە هەوڵـدان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی گـەلی کـورد لـە چوارچـێوەی سیاسـەتێکی نەتـەوەیی دیموکراتـدا، بکەنـە بنـەمای تێکۆشـانی سیاسـیی ئایندەیان.

باسی نۆیەم

ئەو نوسینانەی لەسەر مامۆستا نووسراون

● یەکەم: مامۆستا کرێکار:

مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود بەردی گۆشەی مەرجەعیەتێکی فیقە و فیکر

یەکێك لە گەورەترین کێشەی ئەهلی سوونەت و جەماعەت بزربوونی مەرجەعییەتە، کابرای سوونی دەزانێت بۆ دەستنوێژ شکان و گرتنەوەی، یان بۆ مارەکردن و تەلاق چاکردنەوەی روو لە کێ بکات، بەڵام لە پێناسەی مرۆڤ و گەردوون و ژیاندا، لە بنەماکانی فیکرو موفرەداتەکانی خیتابی سیاسیی و دیاریکردنی ئامانج و رێ و زانینی سنورەکانی ماف و ئەرك و دەسەڵاتی کۆمەڵگاریدا سەری لێ دەشێوێت، چونکە ئەمانە لای مەلای کورد نین، یان لای مەلای ئەم سەردەمەی کورد نین.. ئەمانە لای ئەفەندییە سەر رووتەکانن.. چونکە مەلای کورد لە فەتحولقەریبی یەکەمین کتێبی فەقێیەتیەوە تا توحفەی ئیبنو حەجەر وشەیەکی لەسەر سیاسەت نەخوێندووە، پەی بەوە نابات کە ئەم فیقهەی ئەو دەیخوێنێت یاساو رێسای کۆمەڵگایەکن کە ئیسلام ئاڕاستەی دەکرد، ئەو زەمانەی ئیسلام نیوەی سەرزەمینی بە دەستەوە بوو، پێویستی بە فیقهی بزاوتن بوو، نەك فیقهی کتێبی کۆنی سەردەمی نشێوی شارستانێتی ئیسلام.. لەبەر ئەم موفارەقە دژوارەیە مەلای کورد دەبینی بێ باکانە پۆل پۆل دەچنە ناو حزبی عەلمانیەوەو بۆیان دەبنە موختارە درۆزنە !

لەو بەریش ئەفەندیەکان دەبینیت کە لە زەمینەی فیکرو سیاسەتەوە بۆ ئیسلام هاتوونەوە، چونکە پێشتر خاوەن بۆچوون و پێناسەو هەڵوێستێك بوون، نایانەوێت خۆ

بدەنە دەست ئیسلام بیانگۆڕێت، دەیانەوێت ئیسلام بکەنە موختارە درۆزنەو شایەتی پێ بدەن کە ئەم رێبازو هەڵوێستە سیاسیەی ئەوان گرتوویانەتە بەر هەمان بانگەوازەکەی پێغەمبەرانەو بە شێوەیەکی (مۆدێرن) دەیخەنەوە بەرچاوی خەڵکی.. ئەمەش لە چەواشەکردنێکی سیاسیی بەولاوە هیچی تر نیە..

ئەو مەلایە چەند لە فیکرو سیاسەتەدا دەستە پاچەیە، ئەم سەر ڕووتەش ئەوەندە لە فیقهو شەرعدا دەستەپاچەیە.. ئەمە ئەو تەنگژەیە کە لە مەلای کوردو ئیسلامیانی سیاسییدا بینیمان و دەیبینین.. مەگەر ئاحادێکی وەکو مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود.. ڕەحمەتی خوای لێ بێت..

– مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمودی ڕەحمەتی، پلە بە پلەی فەقێیەتی بڕی، لەو سەردەمەی نوێژو ڕۆژووی بۆ خەڵکەکە ڕوون دەکردەوە هەستی بە بانگەوازی پێغەمبەران کردبوو، کە وەحی خوایی زۆر لەوە گەورەترە مەلایەك بیکات بە خزمەتکاری عەلەمانیەتی حزبێکی سەرلێشێواوی کوردی.. بۆیە هەستی بەرپرسێتی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەکەی لە ڕووی سیاسییەوە دەگەڕاندەوە بۆ شەریعەتەکەی خوا نەك بۆ پارتیی و یەکێتیی.. ئەمەش یەکەمین هەنگاوی دەرککردنی ئاوێتەبوونی فیقهو فیکر بوو لەلای.. تا دەشهات ئەم دیدو پێناسەو ئینتیمایەی لا گەورەتر دەبوو.. ئەمە دۆزینەوەی ئەو ڕێیەیە کە فەقێی کوردی لە حوجرەوە لێی بزر بووە..

– مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمودی ڕەحمەتی، وەکو شەرعناسێکی قاڵ و قوڵ توانای تەرجیحی ڕاجوێییەکانی مەزهەبەکەی بۆ دروست بوو بوو، جورئەتی ئەوەشی بۆ دروست بوو بوو، فەتوا لەسەر غەیری مەزهەبی شافیعیش بدات کە مەرجەعیەتی شەرعناسیی مەلای کوردە.. ئەم دوو خاڵەش کەسایەتیەکی بەهێزتری دایە مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود..

– مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمودی ڕەحمەتی، لە لایەکەوە ڕێسای مەزهەبەکانی ناسیبوو، بە قەناعەتەوە بوو بوو بە مەلایەکی سوونی، بۆیە لە هەموو ژیانیدا، بە

تایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیمام خومەینی لە ئێران بە هیچ کلۆجێك توخنی سنووری شیعەو ئێرانیزم نەبۆوە، نە لە رووی عەقائیدەوە، نە لەرووی عیبادەتەوە، نە لەڕووی شەریعەت و ئوسوڵی فیقهو رێسا شەرعیەکانەوە.. ئەمە ئەو سنووره ئاسنینە بوو کە مەلای تری کورد پێش مامۆستا ئەحمەدو دوای مامۆستا ئەحمەد کردبوویانە پاوانە قەرسیل و بەزاندبوویان.. چونکە دەرکەوتنی خۆیان و سەرکەوتنی هەڵوێستیان لە مەزهەبەکەیان پێ گرنگتر بوو، ئەگەر گومانی باشیان زۆر پێ ببەین دەڵێین: بەرژەوەندی خۆیان تێکەڵ بە سەرکەوتنی مەزهەبەکە کردبوو.. مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود وا نەبوو..

– مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمودی رەحمەتی، ئەو جورئەتەی لە فەتواداندا بە پێی بەڵگەی شەرعی، یان بە پێی دیدو بۆچوونی مەزهەبەکانی تر هەیبوو، لە پێشەوایەکی بەڕێزو خواناسی وەکو مامۆستا مەلا عوسمانی رابەریشدا نەبوو.. مامۆستا ئەحمەد پێی وا نەبوو کە فەتوایەك کە بە پێی مەزهەبی ئیمام ئەحمەد بیدات، کەمکردنەوەی شەئنی مەزهەبی شافیعی بێت.. ئەم جورئەتە سەرەتاییەی ئیقتیدایەك بوو بە شێخ یوسف قەرەزاوی، تا دواتر خۆی لە بزووتنەوەی ئیسلامیداو بە تایبەتی لە سالانی دواییدا هاتە ئاستی قەرەزاویی و زۆر ئاسان دەکرا ببێتە مەرجەعیەتی ئیسلامیەکان، بە مەلاو بیرمەندی فیکریی و دەرکەوتووی سیاسییانەوە.. بەڵام سەد حەیف و مەخابن بۆ نەخوێندەواری خۆمان و مەرگی خێرای حسێب بۆ نەکراوەی مامۆستا..

– مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمودی ڕەحمەتی، خاوەن دیدی سیاسی بوو، لە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا بۆچوون و پێناسەی زیاتر دەخەملا.. مامۆستای رابەری بۆ ببووە ماوەردی خاوەن ئەحکامی سولتانی.. راستە ئەو لە خزمەت مامۆستای رابەردا پێگەیشتبوو، بەڵام پەیوەندی کەسایەتی ئەوو رابەری مەزن وەکو پەیوەندی ئیمامی بەیهەقیی و ئیمامی شافیعی بوون.. مێژوونووسان دەفەرموون: هەموو مەزهەبییەکی شافیعی قەرزاری ئیمام محمدی کوڕی ئیدریسی شافیعیە جگە لە بەیهەقی، کە ئیمام محمدی کوڕی ئیدریسی شافیعی قەرزارێتی، چونکە مەزهەبەکەی ئیمامی بە هەموو دنیا

ناساندو دەیان بەڵگەی شەرعی بۆفەتواو بۆچوونەکانی هێنایەوە.. مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمودیش وابوو، زۆر جار دیدو پێناسەیەکی رابەری مەزن خەملاوی لای مامۆستا ئەحمەد بوو، بەڵام خرابووە بەردەستی رابەری مەزن.. وەکو کە فەقێیەك تەخریجی فەرموودەیەك بۆ مامۆستاکەی دەکاتەوە، بێ ئەوەی ئەم مەغرور ببێت، یان لە مەزنیی ئەویان کەم ببێتەوە.. ئەمەش نهێنی ئەوەیە کە مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود بە سەربەرزییەوە ببووە راوێژکاری مامۆستا مەلا عوسمانی رابەر، بەڵام دوای کۆچی دوایی ئەو، بووە راوێژکارێکی بزووتنەوە..

ئەم جۆرە زانا شەرعناس و بیرمەندە سیاسیانە لە ناو ئەهلی سوننەتدا کەمن، لە ناو ئێمەی کوردا دەگمەنن، بۆیە هەقە کە یەکێکی وامان لێ دەرکەوت، دەوری بگرین و دیدو بۆچوونەکانی بەرفراوانتر کەین تا دەبێتە مەدرەسەیەکی ئاڕاستەوانی رابووان و کۆمەڵکارییەکانیان.. ئەمە بچووك بوونەوەمان نیە، ئەمە خۆ گەورەکردنی راستیە، بەڵام بەداخەوە لەبەر سێبەری چڕی دیدی شارستانێتی رۆژئاوادا دووڕێیانی ئەم راستیەمان پێ جوێ ناکرێتەوە..

لەم کاتەدا کە ئەم بابەتە دەنووسم لەسەر شەرعناسی سیاسی مەزنی کورد مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود، لە ناخمدا ساتەکانی دیدارییانم دێتەوە بەرچاو، لەگەڵ دانیشتنی تایبەتی باسە عەقائیدیەکانی تەکفیرو دارالاسلام و هیجرەت، خۆم بە قەرزاری ئەو هاوڕێیەتییەی دەزانم، ئەوەش هاوڕێیەتیەکە خوای مەزن لێی دەپرسێتەوە، بۆیە لە ناخی دڵی پڕ سوێمەوە هەڵوێستی رەسەنی وەفاداریم پێشکەش بە شەرعناس و بیرمەندی سیاسی کورد مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموودی رەحمەتی دەکەمەوە چەپکێك گوڵی وەفای موسوڵمانانە پێشکەش بە خانەوادەی مامۆستای بەڕێز دەکەمەوە، لە براو خێزانی، لە کوڕو کچەکانی، لە خزمە هاوبیرەکانی.. خوای مەزن یارو یاوەریان بێت..

● دووەم: پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.صباح بەرزنجی:

لە سالّوەگەڕی کۆچی دوایی مامۆستای زانا و نووسەری دانای کورد (ئەحمەد کاکە مەحموود) دا،

پەیڤێک بۆ قەدردانی لە مەلای کورد.

زۆرجار لە لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا، کە باسی زانای ئایینی دەکرێت، بەزمانێك و بە دەربڕینێکی دوور لە راستیی و دادگەری گوزارشت لەم کاراکتەرە گرنگەی ناو کۆمەڵگای مسوڵمان دەکرێت و تەنانەت لەناو حیزبە ئیسلامییەکاندا وەکو پێویست قەدرو حورمەتی لێناگیرێت، وەك بڵێیت قەدر نەگرتن لە (مامۆستا) بووبێتە خاڵی هاوبەشی ناو (سیاسی و سیاساوییەکان)، غافڵ لەوەی زانای ئایینی (راستەقینە) وەك ئەوەی لە میراسی فەرهەنگیی و ئەدەبیماندا نەقشی بەستووە، هەمیشە سەردەستەی کەسانی ژیرو زاناو ئەدیب و نووسەرو هەڵکەوتوو بووە، بەشێك لەم بێ میهریی و کەم لوتفییەی خەڵکی (رۆشنبیر) وابەستەیە بە (کەمتەرخەمی) و (سەنگەر چۆڵکردنی) مامۆستایان خۆیان و، خۆ دوورخستنەوەیان لە کایە فەرهەنگیی و سیاسیی و پوناکبیرییەکان، کە دیارە (شەقی زەمان) و (پیلانی) دەسەڵاتدارانیش کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەم وێناکردنە سەلبییە هەبووە، ئەم نووسینە پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی تا ئێستاش نازانن (مەلا)ی کورد کێ بووەو کێیەو مەلای (تەواو) دەتوانێت چ رۆڵێکی هەبێت لە بنیاتنانی کۆمەڵ و خزمەت بە گەل و بەرگریی لە بوون و شوناس، بە تایبەتی بۆ ئەو (کۆلکە خوێندەوار) و (فەریکە رۆشنبیرانە)ی بێباکانە بە تەوسەوە پلارو بەرد دەگرنە زانای ئایینی و بەوشەی (مەلا)!!، کە دیارە لەچەمکە بنەرەتییەکەیەوە گۆڕێنراوەو وەسفی دەکەن، بێئاگا لەوەی مەلایەتی لەکاتی خۆیدا پلەیەکی زانستیی و مەعریفی بەرز بووەو تەحەددای هەموو رۆشنبیرانی سەرساحەی کوردستان دەکەم هەر هەموویان بە ئەندازەی (مەلای گەورە)ی بیارەو (حاجی مامۆستا)ی نۆدشەو

(ئیبنوئادەمی باڵەکی) و (مەلا گچکەی هەولێر) و (مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی) و (مەولانا خالید) باری مەعریفی زانستیی و ئەدەبییان پێبێت.

ئیتر باباسی (مەلای گەورەی کۆیە) هەر نەکەین، کە لەسەردەمی خۆیدا، ریفۆرمخواز، شاعیر، فەیلەسووف، موتەکەللیم، زمانەوان و پێشەوای میللیی گەلەکەی بووە.

لەسەردەمێکدا کە کەس ئاگای لە کاریگەریی وشەو زمان نەبووە، (مەلای کورد) خاوەنی (دیوان) و (دەوات) و (قەڵەم) بووەو (ڕشتەی مرواری) و (فەرهەنگی خاڵ) و (ئەحمەدی) و (دووڕشتە)ی نووسیوە.

(سەیید ئەحمەد فائیز) لە ئەستەمبوڵ ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای مەعاریف بووەو شاکاری (کنز اللسن)ی بە یادگار بۆ بەجێهێشتووین.

(مەلا خدری نالی) لە مەککە بووەتە (مەرجیعی) زمانەوانی و سەفیری (عولەمای کوردستان بووە لەناو زانایانی (حەرەمەین) دا.

(مەلا مەحموودی حەمزاوی) موفتی شام بووەو تەفسیری بێ نوقتەی لە قورئان کردووە، لە دووبەرگی گەورەدا، کە کارێکی ئێجگار سەرسوڕهێنەرە، لە ڕووی ئەدەبیی و عیرفانییەوە.

شانازییە ئەدەبی و کەلتوورییەکانی ئێمە لەسەرەتای (خۆناسین)ی کوردو (دەفتەر نووسین)ـەوە، زۆرینەی زۆری لەحوجرەکانی کوردستاندا بەرهەمهاتووە، لەو حوجرانەدا هەرکەسێك کەمێکیشی خوێندبێ، دوایی لە زمان و ئەدەبیاتدا لە (مەکتەبلییەکان) پڕترو زاناتربووە، بەڵگەشم بۆ قسەکانم ئەوەیە، هەموو پێشەواکانی ئەدەبیات و شیعری نوێی کوردی، پەروەردەی بەردەستی زانایانی حوجرەو فەقێ هەژارو لانەوازەکانی ناو مزگەوتەکانی کوردستان بوون، (عەبدوڵڵا بەگی گۆران، فایەق بێکەس، قانیع، زێوەر، پیرەمێرد، هەردی، شێخ نووری شێخ سالّح) و دەیان و سەدانی تر لە نووسەرانی هەرچوار پارچەی کوردستان، ئەگەر لاپەڕەکانی ژیانیان هەڵدەینەوە، دەبینین سەرەتا

بەکەلتوورو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی حوجرەکان زمانیان پژاوە، هەژاری موکریانیی و هێمنی هاوڕێی، ئەو ئەدەبە بەرزو زمانە پاراوەیان لە کوێوە هێناو؟ کێ فێری کردن؟ زەبیحی و قزڵجی و موفتیزادە کێ فێری فەرهەنگ نووسین و مەولەویناسیی و پێکەنینی گەدای کردن؟ ئەم قسانە تەنها مشتێکن لە خەرواری ئەو رۆڵە بنەڕەتی و دامەزرێنەرەی زانایانی مزگەوت بەگەلی کوردیان کردووە، ئەو زانایانەی بە تەوازوع و تەساموحێکی زۆرەوە، هەم پەیامداری ئیسلامەتی و هەم مەشخەڵداری زانست و رووناکبیری و هەم عەلەمداری شۆڕش و بەرخۆدان بوون، هەر بۆیە کەمکردنەوە لەنرخ و بایەخیان، لە راستیدا بەمانای سڕینەوەی شوناسی راستەقینەی گەلی کوردە لە تۆماری مێژووی گەلانی رۆژهەڵاتدا.

لەم ڕوانگەوە پێویستە بڕوانینە میژووی رابوونی ئیسلامی کوردستان، کە بەبێ پێچ و پەنا درێژەی کاروانی سپی و سەوزی زانا گەورەکانی پێشوومانە لە هەرسێ رەهەندی ئایندارییی و سیاسەت و کەلتووردا، رابوونی ئیسلامیی دووبارە گێڕانەوەی پێگەی زانایانی ئاینییە، بۆ کاریگەربوون لەسەر ئاکارو ئایینی خەڵک، لەسەر سیاسەتی وڵات و لەسەر رەوتی هۆشیاری و رووناکبیریی نەوەی نوێ.

لە بنەڕەتدا ئەم بزاڤە بۆ ئەوە دروستبوو کە ئەم گەلە لە هەموو ڕوویەکەوە سەربەخۆ بێت، لە تێگەیشتنی چەمکەکانی ئیسلامدا، نەرۆین بۆ فتوای دەرەوەی کوردستان و خۆمان موفتیی و حەکیمی حاڵی خۆمان و باری دینداری خۆمان بین، لە سیاسەتدا سەربەخۆو خاوەنی ئیرادەو ئیدارەی خۆماڵی بین، لە کەلتوورو ئەدەبیشدا خودانی ئەدەب و فەرهەنگی رەسەن و سەربەخۆبین، چاولێگەرو لاساکەرەوەی تووتی ئاسا نەبین.

ئەگەر سیاسییەکان، ئەدیبەکان، دینداڕەکان، بە باشی سوودیان لەم رابوونە وەرگرتبا، دەستباریان گرتباو رێزیان لە مەلای راستەقینەی کورد وەکو پێویست گرتبا، بە دڵنیایی کارمان هەنووکە لە هەموو ڕوویەکەوە باشتر دەبوو، ئەو دەستەبەندی و ریزبەندییە

سیاسییە دەستکردو نامۆیە پێشنەدەهات و ئەو هەموو پێشهاتە ناهەموارە نەگونجاوەش رووی نەدەدا.

من نالێم هەموو (مەلایانی کوردستان) بە پێی مەرج و مواصەفاتی زانا پێشینە گەورەکانن، بەڵام خۆ هەرهەموویان ئەو ویست و تموحەیان هەیە رێبوارێکی ئەو رێگایە بن و زۆربەشیان ئەوەندە تەوازوع و تەساموحیان هەیە کە لەو کەسانەی زاناترو داناترن فێری ئیتیکی خوێندنەوەو نووسین و توێژینەوە بن.

لە سالێادی کۆچی دوایی زانای ئایینی و نووسەری خامە ڕەنگینی رابوونی ئیسلامیی (مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود) دا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو راستییە بکەمەوە، کە ئەم پیاوە نموونەیەکی بەرجەستەی زانای سەردەمیانەی بە هەڵوێست و بوێر بوو، ئیمتیدادی زانایانی پێشین و سەردەستەی زانا گەنجەکانی هاوتەمەنی بوو، لە دووبارە گەڕانەوە بۆ تەدوین و توێژینەوەو خزمەت بەزمان و فەرهەنگ، تەفسیری رامانی نووسی، وەك بڕوایەکی لەبننەهاتوو بە پەیوەستبوونی پەیامی ئیسلامەتی و ئینتیمای نەتەوایەتی، لەم تەفسیرەدا تێکۆشاوە بیرو بڕوا ئاینییەکان بەلۆجیکی سەردەمیانەو زمانێکی کوردی پاراو دابڕێژێت، بەحوکمی ئەوەش لە قۆناغی کاملێبوونی تەمەنی هەزری خۆیدا ئەم بەرهەمەی نووسیوە، هەستدەکەین پوختەی ئەزموونی سیاسیی و کۆمەلایەتی و تەنانەت کەسایەتی شەخسی خۆیی تێدا تۆمار کردووە.

ئەوەی کە گرنگە لەم وتارەدا ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە ئەم زانا ئاینییە لە کوێ خوێندیی و چی خوێند؟ لەکام زانکۆ فێری ئەو زمانە بوو؟ لەچ کانگایەکەوە ئەم بەهرەیەی تەقییەوە؟ بۆچی زانکۆکانمان بەو هەموو پلان و بەرنامەو مامۆستاو ئیمکاناتەوە، بەو هەموو ئیددیعاو فەلسەفە لێدانەوە، لە بەشەکانی زمان و ئەدەب و فەلسەفەو فیقهو یاساو مێژوودا تەنانەت لە قۆناغەکانی ماستەرو دکتۆراشدا ناتوانن نووسەرو زانای وەها بەو بارە زانستیی و مەعریفییەو بەو سەنگە سیاسی و کەسایەتییە دامەزراوەوە پەروەردە ناکەن؟

من نالێم: مامۆستا ئەحمەد رەخنەی لێناگیرێت و هیچ کەم و کورتییەك لە سیرەی ژیانیدا یان لە هەڵوێست و کارەکانیدا نەبووە، چونکە هەرکەسێك بگریت هەندێك خاڵی لاواز، لە تۆماری ژیانیدا دەدۆزیتەوە، بەڵام کاتێك ئەم (مەلا) حوجرە دیدەو ئیمامی مزگەوتە بەراورد دەکەم بە رۆشنبیران و دەرچووانی دەرەوەی مزگەوت و هەموو ئەو کەسانەی لەقەبی گەورەو بڕوانامەی گەورەیان هەیە، هەستدەکەم مامۆستا ئەحمەد شتێکی تری ! ئەم لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟

کاتێك بە دوای رازو سەبەبی ئەم موفارەقەو جیاوازییەدا دەڕۆم، دەبینم دەگەڕێتەوە بۆ دووسەبەبی سەرەکی:

یەکەم: ئەو کاریگەرییەی مەدرەسەی قورئان و پەیامی ئایینپەروەرانەی ئیسلام، لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ هەیەتی، بەجۆرێکی وا کە ماهییەتی ئەو ساغ دەکاتەوەو مرۆڤێکی نەوعیی لێدروستدەکات.

دووەم: بەهێزیی ئەو مەنهەجە پەروەردەییەی کە لە حوجرەکانی کوردستان پەیڕەو کراوە، کە خوێندکار بۆ خۆی بە دوای مامۆستاو مودەرریسدا دەگەڕاو بەوردی کتێبە مەنهەجییەکانی دەخوێندو هەوڵیدەدا لە هەموو رشتە زیندووەکانی زمان و ئەدەب و مەنتیق و کەلام و اصول و فیقهو تەشریع و مێژووی ئیسلامی و ئینشاو موراسەلات، شارەزا و بەهرەمەندبێت.

بە رەچاوکردنی ئەو راستییانەی سەرەوە پێویستە نەوەی نوێی کوردستان، وێنای راستەقینەی مەلای کورد لە نموونەی زیندووی کەسانی وەك مامۆستا ئەحمەدەوە بکەن، بۆ ئەوەی هەڵە کوشندەکان دووبارە نەکەنەوە.

مەلای کورد هەرچی بێت، دەتوانێت مەرجیعی ئایینیی و فیقهیی و ئەخلاقی گەلەکەی بێت، مەرجیعێکی باشتر لەو موفتییە عەرەب و موفەککیرە داغنەدیدانەی بەبێ ئاگاداری لە واقیعی کوردستان فتوای ئامادەمان بۆ دەنێرن و هەموو میراسیی و عیلمیی و ئایینی و فیقهیمان دەسڕنەوەو مافی پێشەوایەتی بە زانایانی خۆمان نادەن.

لە هەمانکاتدا مەلای کورد بۆ نووسەران و ئەدیبانی کوردستان ڕێنمایەکی باشترن لەو خۆرهەڵاتناس و بەناو موفەککیرانەی لەسەر خوانی فەیلەسووفانی خۆرئاوای کەچدیدەی بەدوور لە مەعریفەی قورئانی، دەیانەوێت لە هەموو رابردووی خۆمان لەمیراتی فەرهەنگیمان بێگانەو یاخی ببین.

باسیاسییەکانیش بە ئیسلامیی و نائیسلامیشەوە، جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ بایەخدان بە عەقڵ و ژیریی و زانستەکانی ناو حوجرەکانی کوردستان، گرەنتییان دەدەمێ کە بەهرەی زۆریان لە خزمەت زانایانی ئایینی دەستبکەوێت و بیریان بکەوێتەوە بە تەنها دانیشتن لە گەڵ مەلایەکی خواناس و زانای کورد بۆیان لە سەد کۆرسی وڵاتانی دیکە بەسوودترو بە ئەنجامترە !

● سێیەم: ماجید خەلیل فەتاح - مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی:

ئەحمەد کاکە مەحموود، گەلێ لە پێش ئەوانەوە..!

فەرهەنگی نیپۆتیزم، کارێزمایی، جیهانبینی سیاسیی

لە ئەزموونی ژیانی مامۆستادا

ئیبن خەلدون دەڵێ: "زاناکان کاتێك دەبنە میهرو بەرەکەت بۆ هۆزەکەیان، بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە فریای سیاسەتو جیهادو فەرهەنگو ئەخلاقی کۆمەڵگاکەیان دەکەون"، منیش دەڵێم: مەگەر ئەحمەد کاکە مەحمود لە وانەکانی سیاسەت لە ئیسلامدا پاکترین سیاسەتی فێر نەکردین؟، ئەو سیاسەتەی مامۆستا، کەی بەرامەی نەزعە جنسییو مادیەکانی ماوتسی تۆنخو چەپە دەمارگیرەکانی لینینو ماركسی تێکەڵبوو؟، ئەو سیاسەتەی مامۆستا فێری دەکردین، کەی وەحشەتناکییو بەربەریەتی بیری ماکیاڤیللی تێکەڵبوو؟، ئەو سیاسەتەی مامۆستا فێری دەکردین، کەی زەڕەیەك کاریگەری دنیا ئاژەڵدۆستیەکەی ساتع الحصریو ئەفلەقی ناسی بوو؟، ئەو سیاسەتەی ئەو فێری

دەکردین، ئەخلاق بوو، ئەخلاقێکی زیندوو، مامۆستا لە وانەکانی سەربەستیی لە ئیسلامدا فریاد رەسی هەموو ئەو گەنجانە بوو کە ناسیۆنالیزمیان بەفاشیزم دەبینی، فریاد ڕەسی ئەو گەنجانە بوو، کە ناسیۆنالیزمیان بەقۆناغێکی سەرمایەداری دەبینی، ئەوانی تێگەیاند، نەتەوایەتی بەشێکە لەدین، بەشێك نیە لە کوشتو بڕی ئەوانی تر، بەشێك نیە لە قڕکردنی فاپلیچ ئاسا، نەتەوایەتی نە لەبیری هیرۆهیتۆدایە نە سەدام، نەتەوایەتی نە لە هیتلەردایە نە لەلای تروماڵو چەرچڵ، نەتەوایەتی نە لە تیۆرەکانی فیختەدایە نە لە خوێنڕشتنی یەعقوبیەکان، قەد لەوانەوە فێر نابین، ئەو لەدێرەکانی نوسینیدا نەتەوایەتی کردە بەشێك لە دین، دینێك بروای بەچینایەتی نەبێ.

پیاوانێکی نوێخوازی وەك مامۆستا نەبوایە کەی ئەم ڕابوونە لە دەستی تەریقەتو شێخە نورانیەکانەوە بەم جۆرە تەحەدای ئیبداعە باوەکانی دنیایان دەکرد، هەر بۆیە زیندویەتی رابوون لەنیەتی پاکی سەرکردەکانی بوو، وە زیندوویەتی رابوون لە بۆ خوا سوڵحانی سەردارانی بوو، چونکە بەردەوام رۆڵی سیاسییو سەربازی سەرکردە لەبزافی رزگاریخوازی گەلاندا نەخشی یەکەمی دیوە، ئەم نەخشە لە بزافی رزگاریخوازی جیهانی سێداو لەبزافی سەربەخۆبوونی نەتەوەکاندا زۆر بەرووبی دەردەکەوێت، ئەوانەی بوونەتە سیمبولی رزگاری، کاریان لەسەر بیری سیاسیی نەتەوەکانکردووە، لەچیندا ماوتسی تونغ، لەهیندیا مەهاتما غاندیو جەواهر لال نەهرۆ، لە ئەفریقای باشوردا کاستڕۆ، لە ڤێتنامدا هۆشی منە و لەخەباتی رزگاریخوازی گەلانی ئەمریکای لاتینو کوبادا جیڤارا مایەی شانازین، ئەوان ڕێبازی ئاییندەو خواستی میللەتبوون، ئەوان سەردارانی ڕۆژانی خەباتو هاوتا ژیانی هەژارانیان بوون، ئەی لەکوردستاندا کێن ئەوانەی دەبنە سیمبولێ، تایبەتمەندیەکانی ئەو رابەرانە لەکام سەرداری کوردیدا زیندوون، ئەوە مافی هەر سەردارێکەو لەداهاتوودا بۆیاندەگەرێتەوە، پیاوانی ئەم ئیسلامە لە کوردستاندا، دەبێت ڕۆژانێك وەکو ڕەمزو سیمبولێ یادیان بکەینەوە، ئەگەرچی بەبێنازییو لەژێر سایەی دەسەلاتی مەغروری کوردیدا سەریانناینایەوە، ئەگەرچی ڕەنجو خەباتیان، تۆزی ڕێگای جیهادو حەماسی وتارەکانیان ئێستاشو ئەوساش قیادەی بەعسو بەعسیەکانی

تۆقاندبوو، بەڵام هەردەبێت رۆژێك تەفسیرو فەرهەنگو ئەدەبیاتی بەجێماوی مامۆستا مەلاعوسمانو ئەحمەد کاکە مەحمود، دەسەڵات بەئاگابهێنێتو بڵێت ئێوە سەروەریەکانی ئێمەنو مانایەکمان بێ بوونی ئێوە نیە، دەبێت دەسەڵاتی کوردی تێبگات، هەرکات دژایەتی ئەم رەمزانە کرابێت، ئیتر ئەزمونێکی شکست روویەرووبوونەوە، لەباکوری کوردستاندا بە وتەی موسا عەنتەر یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی شکستی پارتە سیاسیەکانی کورد لەسالانی شەستو حەفتاکانی تورکیادا نەبوونی سەرکردەیەکی سیاسی بەتوانا بوو، چونکە کوردەکان دژایەتی رەمزەکانی خۆیانیان دەکرد، ئەوەتا بەکوژرانی دکتۆر سەعیدو دکتۆر شوانی رابەریان ئیتر بزووتنەوەی کورد هەتیو کەوت، لەکوردستانی رۆژهەڵاتیش هەرگیز سەرکردەیەکی سیاسی کارێزما، کە تەعبیر لە پەیوەندیە ئایینیو کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کورد بکات نەبووە، ئەوان لەبەهێزترین پەیوەندی سوننە مەزهەبیەتی کوردانی رۆژهەڵاتدا باسیان لەماوچیەتی ئەنوەر خۆجەو ستالینو پارتی کۆمۆنیستی بولغاریا دەکرد، ئەمەش هۆکاری شکستی کوردانبوو لەوێ، لەبەر ئەوە ئەزموونی سیاسی باشوری کوردستانیش ئێستا گرفتاری سیمبولۆ رەمزێکە کە تەعبیر لە ئیرادەی بکات، لەناو کورداندا رەمزی راستەقینە کاری لەسەر ناکرێ، ئەوەتا گۆران دەڵێ:

لەناو قەومی بەسیتا، قەدری سەنعەتکار

وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا

لەم لێکۆڵینەوەیەدا خوێندنەوە بۆ سێ لە تایبەتمەندیەکانی سەرداریکی رەسەنو روناکبیری کورد دەکەین، کە بەهۆیەوە وەکو رەمزێکی دیاری رابوونی ئیسلامیی ئەزموونی ژیانی هەڵدەسەنگێنین.

تایبەتمەندی یەکەم/ دژایەتی فەرهەنگی نیپۆتیزم

لە سیاسەتیی ئەحمەد کاکە مەحمود دا:

ئەحمەد کاکە مەحمود لە هەورامانداا لە دایکبوو، ئەو لەئاواییەکی بەشەوکەتو رابردوو بەرزی هەورامانو لە یالآنپێی ئینگلیزو رووس شکێندا چاوی بەدنیا هەلهێنا، پەیوەندیە خزمایەتیو کۆمەلآیەتیەکانی ئەوێ کاریگەربوون بەکلتوری ئیسلامییو ئەدەبیاتو ئەخلاقی خەلکیش درێژکراوەی ئیسلامەتی تەریقەتو شێخەکان بوو، هەربۆیە لەدەرەوەی کاریگەری بەعسدا رایەلەکانی یەکتر ناسینو تەعاروف لەئاواییەکانی هەوراماندا زۆر پێداگری لەسەردەکرا، ئەوانە مەزهەبو دین بەپاکی گرێی دابوون، هەربۆیە وەکیەکی سیمایەکی دیاری ئەوێ بوو، بیری کۆمەلآیەتی ئەوێ کاری بە مەفهومەکانی چینایەتی نەدەکرد، هەموو هەورامیەك بەچاوی وەك خۆیەوە دەیروانیە کوردێکی ئاواییەکانی دەوروبەری، رەوشەکە هەربەو جۆرەبوو تا سیاسەتی بەعس تەداخولی کرد، هەربۆیە ئیتر رەنگو بۆی چینایەتی هەورامانیشی گرتەوە، ئیتر چەمکەکانی دەرەبەگو رەعیەت، شێخو دەرۆێش، هێواش هێواش ئۆتۆکراتیەتی ئەم سەردەمەیان سەپاند، ئیتر بەکلتوری بەعسەوە جیاوازییەکان گەشەیانکرد،

ئەم نەزمە لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانەوە لەدایك بوو، لەو دەمەدا تەواوی ئاواییەکانی هەورامان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی زەمەقیو خورمالو سیروانو شانەدەریدا خڕکرانەوە، لێرەدا سیاسەتی بەعس تەنها دروستکردنی هێلێکلی سەربازی نەبوو، بەلکو نەمانی قیەمو بەها کوردانەکانیش بوو، ئیتر لە ئۆردوگاکاندا کار لەسەر بەدرەوشتیو شەرە گەڕەکو جەنگی خێلەکان دەکرا، لەو رەوشەدا ئەحمەد کاکە مەحمود بوو بە فریاد رەس، ئەو بوویە میمبەری شەرەفو ئەخلاق، مامۆستا بوویە هۆشداری بەهاکانو کەلچەرەکان، ئەو وەکو گەنجێك هەموو جوانیەکانی کوردەواری بەزمانێکی سەردەمیانەو پاراو بەشەرع دادەڕشتەوە، مامۆستا تەنها گەنجێك بوو کە رەنگرێژی سنووورەکانی شەرعی لەئۆردوگاکانی ئامانجی بەعسدا تۆخکردەوە، ئەو

گەنجانە دەدوا، گەنجانە سەردەمەکەی دەدی، مامۆستا ژاکپریڤێر بوو دژی لویسەکانی بەعس، مامۆستا مارای شۆرشێکی پاریس ئاسا بوو بۆ تێکنەچوونی فەرهەنگی نەتەوەکەی، وتارەکانی ئەو وەکو بلاوکراوەکانی مارا هاوڕێی گەلەکەی بوون، ئەو شەڕە گەرەکو جەنگی کۆلانەو کۆلان‌و دزیی‌و تالانی‌و ژیانی ئاژەڵئاسای سیاسەتی بەعسیی پروکاند، ئەو تایبەتمەندی لەوەدا بوو، کاتێک چووە سەنگەری میمبەرەوە ئۆدووی خیانەت ئۆردوگاکانی تەنی بوو، تایبەتمەندی ئەو لەچاو ئیمامەکانی تردا ئەوە بوو گەنج بوو، گەنجانەش دەپەرژایە سەر سەردەمەکەی، بالای رێک‌و دەنگی بەشەوکەت‌و بەرز بوو، ڕیشی پڕو ڕووی تەڕوو نورانی بوو، بەئاسانی کاری دەکرد، بەئاسانی نەیارەکانی دەبەزاند، تایبەتمەندی ئەو لەوەدا بوو، بروای بە موجامەلەو ئەشعاری باوی سەردەم نەبوو، سەردەمی ئەو سەردەمی ریشوەو عەمالەت‌و جاشایەتی بوو، لەو سەردەمەدا خزمخزمێنەو نیپۆتیزم، واسیتەو واسیتەکاری‌و عەشرەتچیەتی، بەیاسا پشگیری دەکرا، هەرهۆزێك فەوجێکی هەبوو، ئەحمەد کاکە دەنگێك بوو دژی ئەو دنیا تاریکە، دادگەری کۆمەلایەتی و عەدالەتی نێوخەڵکی یەکەمجار لە ئەحمەد کاکە مەحمودەوە بیستمان، لەنوسراوەکانی ئەودا باسی سەربەستی‌و عەدالەت‌و چەمکە بەکوردی کراوەکانی شەرع لەدایك دەبوون، لاوان لە مزگەوتەکانی سیروان‌و خورمالێ‌و هەڵەبجەوە، لاوان لە ئۆردوگا ئاوارەکانی دەستی رژێمەوە، لاوان لە شاخ‌و سەنگەرەکانی فیداکاریدا، داهێنانەکانی مامۆستاو زمانە شیرینەکەی سورتری دەکردن لە بەرخۆدان، قوتابخانەکەی مامۆستا چەمکانێکی تیا راڤە دەکرا، ئێمە ئێستا لە زانکۆکانەوە پێیاندەگەین، زاراوە کوردییەکانی مامۆستا، پاراوبوون بەجوانی کوردەواریی‌و شەرعی رەسەن، ئەو زاراوانە ئێستاش بۆ زمانی نوسین نوێن، هەربۆیە مامۆستا کاتێکیش لەهەرێمەکەیدا بوو بە سەردارێکی چالاکی ئەم رابوونە، رێبازەکەی خۆی ون نەکرد، دەمانچەکەی بەر پشتوێنی مامۆستا، جیهادی لەلای گەنجان شیرینەدەکرد، رێبازی وەك یەك تەماشاکردنی خەڵك، رێبازی دژایەتی نیپۆتیزم‌و خزمخزمێنە، رێبازی نەخوێندنەوەی عەشرەت‌و رەنگ‌و هۆزو، هەموو ئەوانە رێبازی ئەو بون، هەربۆیە تەنها گلەیی بێ سەوادەکان لەمامۆستا ئەوە

بوو، که وەك رابەرەکانی تر خزمەکانی خۆی لە پێشەوە نەبوون، کەوەك رابەرەکانی تر تەنها گرنگی بە کەسەکانی خۆی نەدەدا، ئەوکاتانەی بزووتنەوە لە لوتکەی هێزدا بوو، بارەگای هێزی هەورامانی نەبردە ئاواییەکەی خۆی، بەڵکو هێزی کەرکوك لەوێ بوو، لەکاتێکدا ئەو پێگەیەی یالآنپێ باشترین ڕێگای بازرگانی بوو لەو دەمەدا، مامۆستا بەئاسانی دەیتوانی ڕێگایەکی مادی بەنرخ بەدەستبهێنێتو بەو چەکەش بتوانێت دەستەو بازنەیەکی فرە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام ئەو ئیمتیازە دنیاییانە زۆر لەلای ئەو پیاوە بێ نرخ بوون، هەربۆیە عەشرەتچیەتیو حسابنەکردن بەو مەفهومانە دیارترین تایمەتمەندی ئەو پیاوە بوون، لەبەر ئەوە مامۆستا یەکێك بوو لەو سەرداڕە کەم وێنانەی بە نەداری ژیاو بەنەداریش ژیانی بردە سەر.

تایبەتمەندی دووەم/ جیهانبینی سیاسیی مامۆستا:

تایبەتمەندی کارکردنی مامۆستا لە ئەزمونێکدا بوو، کە یەکەمجار بوو دەوروبەرەکەی شیکارێکی سیاسیی بۆ کارەکانی بەعسو دیسپۆتیزمی ئەو هێزە ببیستن، شیکارێکی سیاسیی لەمیمبەرەوە، ئەمەش شێوازێکی تازە بوو لە ڕووبەڕووبونەوەو ئەدەبیاتی بەرەنگاریدا، چونکە شیکاری مەلاکان زمانێکی قەدیمیانەی کلاسیکی بوو، ڕاستە ئەوانیش هۆشیاریان دابوویە دەوروبەریان، بەڵام ئەو گوتارەی مامۆستا لەمیمبەرو کۆڕو کۆبونەوەکاندا دەیوت، زمانێکی سیاسییانەی سەردەمیانە بوو، زمانو وشەکانی مامۆستا ڕێك لە نوسینی نێو کتێبی ئێستا دەچن، کە زیاد لەبیست ساڵە بەسەر ئەو ڕەوشەدا دەڕوات، ئەو سیحرێکی سەیری دەدایە گوێگر، هەربۆیە جەماوەرێکی زۆری هەبوو، قوتابیەکانی مامۆستا زۆر بوون، زۆربون ئەوانەی شارو دێهاتەکانیان دەبری تا گوێبیستی زمانی حەکیمی مامۆستابن، تەرەفدارانی ئەو بە تامەزرۆییەوە ڕویاندەکردە مزگەوتەکانو ئەوێیانکردبوویە مەیدانی هۆشیاری، بەشێوەیەکی تر مامۆستا سەرهەڵدانێکی لەنێو ماڵەکانەوە دروستکردبوو، کە دەکرێت بەسەرهەڵدانی میمبەرو

وتار ناویبەرین، هەروەك چۆن لە ئەزموونی دراوسێکانماندا نەجەف بووبویە سەرچاوەی ئیلهامی خومەینیو تەواوی وتارەکانی لەوێوە ئاراستەی دنیای ئێرانو ئەسفەهانو تاران دەکرد، بەو جۆرەش هەڵەبجەو هەورامان مەرجەعی شۆرشی مەلاکانو خیتابی سیاسیانەی ئەوان بوو دژی دیسپۆتیزمی بەعس، مامۆستا لەو پێناوەدا هیجرەتی کرد، ئیتر دەسپێکی خەباتی پێشمەرگایەتی بەعەمەلی دەستی پێکرد.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی بیری سیاسی مامۆستا، کەڵك وەرگرتن بوو لە بنەماکانی ئیسلام بۆ رووبەرووبونەوەی بیری لائیكو کۆمۆنیزم، بەتایبەتی لەهەشتاکانا ئەم دوو بیرە ئەقڵی لاوانی کوردیان خستبوویە نێوان دوو بەرد ئاشەوە، هەربۆیە نوسراوە ئەکادیمیو سەردەمیەکانی مامۆستا تەحەددای هەموو ئەو نووسراوە بێ ناوەرۆکانەی دەکرد، کە نەیارانیشی ئەوانەی بەویژدانەوە بریاریان دەدا ئەم ئەزموونەی مامۆستا بەرز رادەگرن، ئەو لە نوسینی کتێبی سیاسەت لە ئیسلامدا بەجوانی رایەڵە سەردەمیەکانی سیاسەتکردنی پیشانداوەو هەموو رێچکە هەڵەکانی دەرەوەی رێبازی ئیسلامیی رونکرۆدونەتەوە.

تایبەتمەندی سێهەم/ پێش ئەوانکەوتن لە ئەزموونی مامۆستادا:

هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا نوسینی سەردەمێکن، کەتەواوی نوسینە کوردیەکانی ئەو کات بهێنین قۆناغێك بەجێی هێشتوون، زمانی نوسینی مامۆستا تایبەتمەندییە رەوانبێژیەکەی لە نوسینی فەیلەسوفی کورد مەسعود موحەمەد دەکات، بەڵام لە تێگەیشتن و نەرمیدا زۆر ئەوی بەجێهێشتووە، دارشتنی مامۆستاو وشەکاریەکانی ئەو لە زمانی ناوچەیەکی دیاریکراوی نەدەکرد، بەڵکو گشتگیربوو، تەعبیری لەزمانی نوسینی کوردی دەکرد، لە زۆر پەرەگرافدا دارشتنی ئەو لە ئینشا ئەدەبیەکانی هەژارو هێمنیان دەکرد، بەڵام وەکو ئەوان دوور لەواقیعو تەسلیمی ئەدەبو خەیاڵ نەبوو بوون، لێرەشدا ئەوانی بەجێهێشتبوو، هەربۆیە نوسینەکانی مامۆستاو رامانی تەفسیرەکەی واقیعی بوو،

هەروەکو ژیانی خۆی، مامۆستا ئاکارو وتاری یەکبوونە، ئەو سەرکردەیەکی مەیدانی بوو، ژیانێکی سادەی هەبوو، بەردەوام لە نێوخەڵکدا بوو، ئەو هەموو نوسینو تەفسیرو موتالآیەی لەخەڵکی دورنەخستبوویەوە، لەبۆنەکاندا، لەپرسەو جەژنەکاندا، لەکۆرو سیمینارو سەنگەردا، ئەو لەوێ بوو، لەپێشەوە بوو دەماندی، لەمەیدانەکانی ئاشتییو جەنگی سەپێنراودا هەبوو، مامۆستا خۆشەویستی هەموو هێزەکانی بزووتنەوە بوو، هەورامانو گەرمیان، هەولێرو سلێمانی، هەرگیز جیاوازی نەدەکرد، مامۆستا لە راگەیاندنی بزووتنەوەدا بناغەدانەر بوو، بزووتنەوە هەر ئەوی هەبوو، ئەویش راگەیاندنی بزووتنەوەی کردە پێشەنگ، مام جەلال دەیوت" هێندە پۆستەرو نوسراوی بزووتنەوەمان لەدەرەوە دەدی، خەباتی سی سالّی ئێمە هێندەی سالّێکی بزووتنەوە نەناسراوە، ئەمەش ئاکامی دلّسۆزی مامۆستا بوو، هەربۆیە مەرگی مامۆستا لەدەستدانی پێشەنگێکی چالاك بوو، پێشەنگێك خەمی رابوونی ئیسلامیی لەپێشەوەی هەموانداسەرو ریشی سپی کرد، مامۆستا خەمی هەموو ئەو دنیا ویستیەی چنگی لە رابوون گیر کردبوو بێزاری کرد لە ژیان، تا ئەوان دلّسۆزانە هاتنە کاروانەکەیەوە پێشەنگیانبوو، کاتێکیش ئەوان باوەشیان بەدنیادا کرد، مامۆستا بەروو سوورییەوە دنیای بەجێهێشت.

لەناو قەومی بەسیتا، قەدری سەنعەتکار وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا

● چوارەم: م.کامیل مەحموود نوسەرو روناکبیر:

شایەتییەک بۆ مێژوو.. مامۆستا مەلا ئەحمەد.. زاناو ڕوناکبیرو خواناس

(خوا ناسین) دەربڕینێکە سووك و ئاسان و بێ گرێ لەسەر زمان، بەڵام سەخت و دژوارو پڕ لەئەسرینە لە گۆڕەپاندا، ڕێگای خواناسین سەدان و هەزاران کۆسپ و هێماو ئاماژەی (ئیست!) لە بەردەمیدا دانراوەو بە تەنها خواناسان دەتوانن تێیان پەڕێنن و بەرەو هەوارگەی ڕەزامەندی مەعبودی خۆیان بێباکانە هەنگاو بنێن، ڕێبوارانی ئەو

ڕێگایە باکەمیش بن، بەڵام کاریگەرانە ڕەوتی مێژوو دەگۆڕن و زۆرجار پێچەوانەی خواست و ئارەزووی زۆرینە ئایینده بنیات دەنێن.

مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموودیش یەکێك بوو لەو خواناسە کەمانەی تووانیان مێژوو بەو ئاڕاستەیەدا بەرن خۆیان دەیانویست و وەرچەرخانێك لە کوردستاندا دروست بکەن کە دواتر ئەو حاڵەتەی لێ کەوتەوە کە بەڕابوونی ئیسلامی گوزارشتی لێ کرا. ئەم مامۆستا کارایەی ناو ئەو ڕابوونە بە تەواوی واتا زانای ئایینی بوو.

دیارە زانا لە ناو دنیای ئیسلامدا زۆرن و لە هەر ناوچەیەکی ئەم جوگرافیا بەرینەدا سەدان پیاوی مێژەر بەسەر هەیەو سیفەتی زانای ئایینی بەخۆی داوە، بەڵام بەدرێژایی مێژووی ئەم ئوممەتە ئیسلامییە ئەو زانایانە دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا: دەستەیەك لەوانە زانای کارکردەن و لەئەدەبیاتی ئیسلامیدا بە (علماء العاملین) ناوبراون، دەستەکەی تریش بە پێچەوانەی ئەوانەوە کارکردەن، بەڵام بۆ دەسەڵات و سوڵتانەکان، کە ئەوانیش بە (علماء السلاطین) ناسراون.

دەستەی یەکەم کەمینەیەو هەوڵ و تێکۆشان و کاری بۆ بەرز کردنەوەی دروشمی (لا اله الا الله) و سەروەری و پایەداریی ئیسلامەو لەم پێناوەدا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان، پەیامی حەق دەگەیەنێت و لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسێت و کوشتن و تۆقاندنی دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانیش نایترسێنێت. دەستەی دووەمیش زۆرینەیەو هەمیشە بەو زانا ئایینیانە دەوترێت کە لەبەر دەرگاو لە دەرباری دەسەڵاتدارەکاندان و بوونەتە فەتوادەری ناحەق بۆیان و ئەوانیش دژایەتی زانا سەرڕاستەکان و موسڵمانە خواناسەکانی پێ دەکەن.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی زانا

وەك کەسێکی نزیك لە مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕەحمەتی کەماوەی دە ساڵ لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا لە خزمەتیدا بووم و نیوەی تەواوی ئەو دە ساڵە لەیەك ئۆرگاندا کە ڕاگەیاندنە کارم لەگەڵدا کردووە، هەروەها دوای ئەوەش چوار ساڵ زیاترە دراوسێ و

مـاڵ لەیـەکین و دراوسـێیەتیش سـەنگی مەحەکـە بـۆ بڕیـاردان لەسـەر ئاکـارو ڕەفتـاری کەسـێك، بۆیـە بـەم دوو سـیفەتە شـایەتی ئـەوە بـۆ مێـژوو، هـەروەها لەبـەردەم خـوای خۆشمدا دەدەم، کە مامۆستا مەلا ئەحمەد زانایەکی عابیدی زاهیـدی لـە خـواترس بـوو، هەموو خەمێکی بۆ ئیسلام و موسڵمانان و هەموو خۆشییەکیشی لەو بارودۆخانـەدا بـووە کە سەرکەوتن و سەروەری و خۆشـییەکی موسـڵمانانی دەبیست یـان دەبـینی. لـەکاری ڕێکخراوەیی و سیاسیدا پابەندیی ئایینی و دڵسۆزی بۆ ئیسـلامی لـێ دەبـاری. لـە بیرمـە ئەوکاتانەی کە لـە ڕاگەیاندن بـەرپرس و ئـەمیرمان بـوو هەمیشـە چـاودێری نوێـژەکانی ئێمەی دەکردو گشت کاتێك ئەوەی لێ دووپات دەکردینەوە کە هەر کاتێك بانگی فەرموو و دەست لە هەموو کارێـك هـەڵبگرن و وەرن بـا نوێـژەکانمان بـە جەماعـەت بکـەین، زۆر بەتەنگ برایەتی نێوان کارمەندەکان و ڕازیکردنی دڵی ئەوانەوە بوو، هەمیشە دەسـت بـە دەست نوێژەوە بوو. لە ژوورەکەی خۆیدا هەمیشە یان کتێبی دەخوێندەوە، یان شتێکی دەنووسی.

خەمخۆری ئەو مامۆستایەم لەوەدا بۆ دەرکەوتبوو کـە زۆر دڵگـران و خـەمبار دەبـوو بـۆ کێشەو گرفت و نەهامەتی موسوڵمانان لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێـت، ئێمـە چـەند نووسەرێکی ناو ڕاگەیاندن بووین کە بابەتمان بۆ ئێزگەو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە دەنووسی، هەموو سەر لەبەیانییەك کە دەهاتین بۆ ڕاگەیاندن، دوای ماوەیەك مامۆستا مەلا ئەحمەد دەینارد بە دوای یەکێکماندا، یان نامەیەکی بچوکی بۆ دەنووسـین کـە برایـان هەواڵـەکان باس لەوەفاتی فلّان زانا یان کوشتن و شـەهید کردنـی پۆلیـس موسـڵمان دەکـەن لـەفلّان وڵات با وتارێـك ئامـادە بێـت بـۆ ئـەم ئێوارەیـەی تەلـەفزیۆن، یـان داوای دەکـرد شـتێك بنووسین دەربارەی کێشـەی موسـڵمانانی فلیـپین یـان کشـمیر یـان فەلەسـتین یـان هـەر وڵاتێکی تر کە ئەو ئێوارەیە نەهامەتییەکانی ئەوانی لە ئێزگەیەکەوە بەر گوێ بکەوتایـە، ڕۆژێـك وتم مامۆسـتاگیان ناکرێـت تـۆ هـەر شـەڕو هەرایـەك و مەینـەتی هـەر موسـڵمانێك ببیستی داوا لە ئێمە بکەیت شتێکی بۆ ئێزگەو تەلەفزیۆن لەسەر بنووسـین، ئـەم هـەموو وتارە ماندوومان دەکات، مامۆستا ئەحمەد وەك سروشتی هەمیشەیی خۆی لـەکاتی ئـەو

جۆرە ڕەخنانەی ئێمەدا زەردەخەنەیەکی دەکردو پاشان دەیفەرموو: باشە توخوا ئەو هەموو میحنەتەی موسڵمانان لەم دنیا بەرینەدا ئەگەر دوو وشەشی لەسەر نەنووسین خۆ لە داخدا دەتەقین.

بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەناڵانەدا دەکرد کە لەبەردەستی بزووتنەوەدا بوون و دەیوت حەیفە خوا ئەم هۆکارانەی پێ داوین خزمەتێکی زۆری ئەم ئیسلامەی پێ نەکەین، بێزار دەبوو لە تەرفیهات و هەندێ بابەتی تری ناو ئێزگەو تەلەفزیۆنەکانمان و دەیفەرموو براکانم با دوای شتی باوی ناو کەناڵەکانی تر نەکەوین و ئەوەی سوود و بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانانی تیادا نییە بڵاوی نەکەینەوە یان هیچ نەبێت کەم بکرێتەوە، چونکە ئەم کات و دەرفەتەی کە خوا پێی داوین لێپرسینەوەی لەسەرەو قیامەت سەختە.

ئەمەی باس کرا ئەزموونی کار کردنی خۆم بوو لەگەڵ ئەو زاناو سەرکردە خواناسەدا لەناو ڕاگەیاندنی بزووتنەوەدا، کە هەموو کارەکانی دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ ئیسلام و ڕابوونەکەی لێ دەباری. ئەزموونی چوار ساڵەی دراوسێیەتیم بە تەواوی مامۆستا مەلا ئەحمەدی پێناساندم،

ئەتوانم بڵێم لە تەواوی (١٠) ساڵی کاری حیزبایەتیم لەگەڵ ئەو پیاوە بەڕێزەدا حەقیقەتی ئەوم نەناسی، ئەوەندەی لە چوار ساڵی هاوسێیەتیدا ئەو زانا خواناسەم ناسی، چونکە بەداخەوە زۆر جار سیاسەت و حیزبایەتی ئەم سەردەمە حەقیقەتەکانت لێ ئاوەژوو دەکاتەوەو دڵەکان لەیەکتر بەد گومان دەکات، هەرچەندە بۆ خۆم هەرگیز و لەهیچ کاتێکدا گومانم لە دڵسۆزی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود نەبووە.

لەم ماوەیەدا ئەوەی بەندەو هەموو دراوسێکانی تر لە مامۆستای ڕەحمەتیمان بینی، نموونەی موسڵمانێکی خاوەن ڕەوشتگەلی ئیسلامی بوو لەگەڵ دەرو دراوسێدا، سەردانی هەموومانی دەکرد و بەدەم خۆشی و ناخۆشیەکانمانەوە دەهات، هاتنی بۆ مااڵی هەر یەکەشمان بە شێوە ئادابی ئیسلامی بوو، کە پێش چەند دەقیقەیەك منداڵێکی خۆی

دەنارد کە ئەگەر دەکرێت سەردانتان دەکەین، مەجلیسەکەشی بە ناوی خواوە دەکردەوەو کۆتاییەکەشی بە سڵاواتێکی سوننەتی دەڕازاندەوە.

مامۆستا مەلا ئەحمەد تا ئەم ڕۆژانەش کە وەفاتی کرد خەمەکانی هەر لە زیاد بووندا بوون، خەمی دۆزی نا هەمواری موسڵمانان و پاشان خەمی ئەم بارودۆخەی بزووتنەوەی ئیسلامیشی هاتبوویە سەر.

ئەگەر کارێك یان خەمێکی نوێی هەبوایەو حەزی بە هاودەمێك بکردایە بۆ قسەو بە بادانی خەمەکانی، لە مزگەوت پێی دەفەرموو: کاك کامیل من سەردانێکی تۆ بکەم یان تۆ سەردانێکی من دەکەیت، منیش دەمزانی حەز دەکات سەری لێ بدەم و کارێکی هەیە و قسەکەی بە تەوازعەوە دەردەبڕی، خێرا دەموت من دێمە خزمەتی جەنابت مامۆستا گیان. هەموو کاتێکیش ڕێزو پێشوازییە گەرمەکانیم لە یاد ناچێت کەلە میوانەکانی دەکرد و لەوەشدا هەموو سوننەتێکی پێغەمبەری ئیسلامی دەهێنا. لەهەر سەردانێکیشدا بارودۆخی موسڵمانان و مەینەتییەکانی ئوممەتی ئیسلاممان دەخستە بەرباس و مامۆستا مەلا ئەحمەد لە هەناویەوە هەناسەی گەرمی بۆ هەر میحنەتێك هەڵدەکێشا کە دوچاری موسڵمان بوو بێت لەهەر جێگایەك، خەم و حەسرەتیشی بۆ دۆزی نالەباری ئیسلامیش لەسەرووی هەموو خەمەکانەوە بوو.

زاناو ڕوناکبیری موسوڵمان:

مامۆستا مەلا ئەحمەد مەلایەکی تەقلیدی و زانایەکی ئایینی وەها نەبوو کە تەنها کۆمەڵێك زانستی ئایینی خوێندبێت و خاوەنی توانای تایبەتی و شێوازی بیر کردنەوەی خۆی نەبوو بێت، ئەو دارای ئاسۆیەکی فراوانی مەعریفی و ڕۆشنبیری گشتی سەردەمیش بوو، لەگەڵ ڕۆژگاریشدا هەنگاوی دەناو هاوچەرخانە مامەڵەی لەگەڵ شێوازی بانگەوازو هۆکارەکانیدا دەکرد، لە هەر قۆناغێکدا ئەو فاکتەرانەی بۆ ئەدای کارو بانگەوازی ئیسلام دەڕەخسا، بە چاکترین شێوە بەکاری دەهێناو دەیخستە خزمەتی کارو بانگەوازی ئیسلامی یەوە. سەرەتای مەلایەتی و وتاری ناو مزگەوتەکانی لە دوانگەکانەوە دەستی

پـێ کـرد، ئـەو بەهـەموو واتایـەك مـاڤی بـە وتـارو مینبـەرو میحـراب دابـوو، ناوەڕاسـتی هەشتاکان و لەو کاتەدا کـە ڕژێمـی بـەعس دەسـتی لـە قـوڕگی هـەموو خـاوەن پـەیام و بانگـەوازێك تونـد کردبـوو، وتارەکـانی مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەد لەمزگـەوتی گـەورەی کۆمەڵگەی سیروان دەنگدانەوەیەکی فراوان و گەورەی لە ناو موسڵمانانی ئەم دەڤـەرەدا هەبوو، لەهەموو لایەکەوە لاوانی ناوچەکە ڕوویان دەکردە سیروان و حەقبێژی و دڵسۆزی مامۆستا مەلا ئەحمەد جۆش و خرۆشێکی هەست پـێ کراوی پـێ دەبەخشین.

مامۆستا بەوتاری ناومینبەرو مزگەوت وازی نـەدەهێناو دەیویسـت لـە کـەنالّی تریشـەوە خەڵکی کوردستان لە حەقیقەتی ئیسلام تێبگەیەنێت، ئەوە بوو دەستی دایە قەڵەمەکەی و کۆمەڵێك کتێبی بە پێزو گرنگی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد، ئەوەی بەهێزی و فراوانـی ئاسـتە ڕۆشـنبیری و مەعریفییەکـەی ئـەم زانـا خـوا ناسـە زیـاتر دەسـەلمێنێت بابەتیبوونی نووسینەکانی بوو، هەر کتێبێکی کە دەردەچوو بابەتی ڕۆژو وەڵامدەرەوەی پرسیارو گومانەکان بوون کەلەو کاتەدا ناحەزانی ئیسلام لەسـەر ئـەم ئایینـە دروسـتیان دەکرد. بۆ نموونە لە بارودۆخێکدا کە چەپ و مارکسـیەکانی کوردسـتان بانگـەوازیان بـۆ ئیلحـادو دژایـەتی ئـایین و ڕەتکردنـەوەی بـوونی خـوا دەکـرد، مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەد کتێبەکانی (خوا لەروانگەی زانیاریـیەوە)و (وتەی زانایـان و بـاوەڕ بـەخوا)ی وەرگێڕا بـۆ زمانی کوردی و لە ڕێگـای وتـەی کۆمـەڵێ زانـای بـەناو بـانگی جیهانیـەوە مایـە پووچـی ئیلحادو بێباوەڕی ڕاگەیانـد، پاشـان دوای ئـەوەی عەلمانییـە تونـدڕەوەکانی کوردسـتان هەوڵیان دەدا بە ناوی ئـازادی گـەل و سەربەسـتیەوە دژایـەتی ئیسـلام بکـەن، ئـەم زانـا ڕوناکبیرە کتێبی (سەربەستی لە ئیسلامدا)ی بڵاوکردەوە کە بە گرنگترین و کاریگـەرترین کتێبی مامۆستا مەلا ئەحمەد دادەنرێت لـە خزمـەتکردن بـەڕابوونی ئیسـلامیی و لاوانـی موسڵمان و ناحەزانی ئیسلامیشی بە شێوەیەك بێزار کرد کە سەدان نوسخە لەو کتێبە لە کتێبخانەکانی سلێمانی و دەوروبـەری بکـڕن و دواتـر بیانسـووتێنن، بـەڵام زمـانی حـاڵی مامۆستا پێی دەوتن (یریدون لیطفئوا نور الله بأفواهم، والله متم نوره ولوکره الکافرون).

دوای ئەوەش بازنە جەماوەرییەکەی ڕابوونی ئیسلامی فراوانتر بوو، هەروەها لاوان بە کۆمەڵ دەگەڕانەوە بۆ لای ئایینی خواو ڕوویان دەکردە مزگەوتەکان مامۆستا مەلا ئەحمەدی زانای ڕوناکبیر بەکتێبی (خوا پەرستی لە ئیسلامدا) ڕێنموونی کردن بۆ قۆناغی پراکتیزە بوونی گەڕانەوەکەیان لە بەجێهێنانی خواپەرستی و دروشمە ئیسلامیەکاندا و تێگەیشتن لە چەمك و چۆنیەتی و ئامانجی ئەو خواپەرستیانە.

مامۆستای ئەحمەد کاتێك زانی کە قۆناغی ڕابوونی ئیسلامی گەیشتووەتە ئاستی بزاڤی ڕێکخراو، لەو سەروبەندەدا کە بزووتنەوەی ئیسلامی ڕاگەیەنرا و پرسیار لەسەر شەرعیەتی کاری حیزبایەتی و سیاسی لە ئیسلامدا دروست بوو، لەو قۆناغەشدا مامۆستا کتێبی (سیاسەت لە ئیسلامدا)ی نووسی.

لەگەرمەی جیهادی شاخی بزووتنەوەشدا کتێبی (جیهاد لە ئیسلامدا)ی نووسی، دوای ڕاپەڕینیش هەموو کتێب و بابەتێکی بڵاوکراوەی ئەم زانا ڕوناکبیرە هەر وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی ڕۆژو کێشە هەنووکەییەکان بوو، بۆ نموونە لەسەروبەندی هەڵبژاردن و دروستکردنی پەرلەماندا نامیلکەیەکی دەربارەی حوکم و مەرجەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا دەرکرد. چەندین فەتوای هاوچەرخ و وەڵامی مەسەلە فیقهییەکانی ڕۆژیشی لە ڕۆژنامەی بزووتنەوەو گۆڤاری جەماوەردا بڵاو کردووەتەوە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم زانا هەڵکەوتووە بیرکردنەوەی ئازادو جەریئانەی ئەو بوو لە مەسەلە فیقهییەکان و لە ئاستی دەقە پیرۆزەکاندا، کە مامۆستا خاوەنی بیروڕاو ئیجتیهادی عیلمی و هاوچەرخی خۆی بوو.

مامۆستا مەلا ئەحمەد هەمیشە لەگەڵ ڕەوتی پێشتکەوتووی ڕۆژگاردا هەنگاوی دەناو بە شێوەی هاوچەرخانە ئەدای کارو بانگەوازی خۆی دەکرد، لەم سەردەمە نوێیەو دوای ئەوەی تۆڕی جیهانی (ئینتەرنێت)یش هاتە پاڵ هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن و بانگەواز، مامۆستا ئەو بارودۆخەشی قۆستەوەو لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا کۆمەڵێ بابەتی

ئیسلامی بە پێزی بڵاوکردەوە کە دواترینیان بابەتێك بوو لەسەر ئازادی لە ئیسلامدا و لە سایتی (کوردستان نێت)دا مشتومڕێکی زۆریشی لەسەر کرا.

مامۆستای سیاسەتمەدارو خەمی بزووتنەوە:

یەکێك لە سەرەکیترین خەمە بەئازارەکانی مامۆستا ئەو دۆزە هەنووکەییەی بزووتنەوەی ئیسلامییە، دوای ئەوەی کە ئەو بزووتنەوەیە یەکێك لەسەرەکیترین هێزە سیاسییەکانی کوردستان و چەتری ڕابوونی ئیسلامی بوو، بەڵام کە ئێستای بزووتنەوەی دەبینی بەردەوام هەناسەی هەڵدەکێشاو دەیفەرموو چی بکەین ئەم بزووتنەوەیە زیندوو ببێتەوە، هەر ئەو دەرکەش بوو خەمی زیاتری پێ دەدا، دەیفەرموو بڵێ ی ڕۆژێك بێتەوەو چەترێکی تر بۆ موسڵمانان هەڵدرێتەوەو هەموومان لەسێبیەریدا بەعیزەتەوە بژین.

ئەو دەرکە سیاسی و بابەتییە زەرورەتی ئێستای ئەم قۆناغەی بزووتنەوەیە کە پێویستە هەموو کاراکتەرە قیادی و جەماوەرییەکەی بزووتنەوە وەك مامۆستا مەلا ئەحمەد دەرکی پێ بکەن. مامۆستا ئەو دەرك و زانینە مەیدانییەی ئێستای باری بزووتنەوەی بەسەرەتای ڕیفۆرم و ژیانەوەی ئەم بزاڤە ئیسلامییە دادەناو بێتاقەت بوو بەنەبوونی ئەو دەرکە سیاسییە، مامۆستا مەلا ئەحمەد لەگەڵ واقیعبینی و دەرکە سیاسییەکەیدا بەردەوام لەبیرکردنەوەدا بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاوێژی بەهەموو کادیرو دڵسۆزانی ناو بزووتنەوەو دەرەوەش دەکردو لەم چەند مانگەی کۆتایی تەمەنیشیدا گەلێ جموجوڵی دڵسۆزانەشی بۆ خۆی دروست کردو ئەم خەمەی خۆی دەکردە خەمی هەموو ئەوانەش کە قسەو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردن، لە قسەو بزاوتی ئەم زانا دڵسۆزەی ئیسلامدا هەموو خەمخۆری و نیەتپاکی و لێبڕانێکی خواویستانەم بەدیی دەکرد. بەڵام ئەفسوس بۆ مەرگی دڵسۆزان... إنا لله وانا إليه راجعون.

● پێنجەم: م.عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد:

سیستمی ڕامیاریی.. النظام السياسي له هزری بیرمەندو سیاسەتمەدار (مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود) دا.

مامۆستا ئەحمەدکاکە مەحمود, یەکێکە لەبیرمەندو شەرعزان و سیاسەتمەدارو زانا بەرجەستەکانی کورد, ئەو بەشێکی زۆری تەمەنی لە ناسینی بنەماو پڕەنسیپەکانی شەریعەتدا بردۆتە سەرو، بەشێکی زۆریشی لێ تەرخان کردووە, لە تێگەیشتن لەسیستمی سیاسیی لە ئیسلامداو سەرەڕای ئەوەش کەخوای گەورە بەشێکی ژیانی ئەم کەڵە پیاوەیشی کردە هاوچەرخی پیادەبوون و پڕاکتیزە کرانی بەشێك لە نیزامی سیاسیی لە ئیسلامدا, ئەم هزرڤانە پایەبەرزە زۆرێك لە بیرە بەهێزو بە پێزەکەی لە فیکری پێشەوا ئەبو ئەعلای مەودودییەوە وەرگرتوەو سەرەڕای ئەوەی کەبیری ئەم سیاسەتمەدارە زۆر نزیکە لە بیری پێشەوایان سەیید قوتب و شێخ عەبدوڵلاّ عەزام و بیرمەندە زەبر بەدەستەکانی ترو، دواجار دەکرێت بڵێین کاریگەری کردەیی پێشەوا عوسمانی کوڕی عەبدولعەزیزی لەسەر بووەو، بە پڕاکتیکیش دوای ئەو پێشەوایە، توانی ڕەسەنانە جێگا زانستی و مەکانەتە ڕوحییەکەی پڕ بکاتەوە, کە دەرەنجامەکەی تەفسیرێکی ناوازەی وەك تەفسیرەکەی ئەو پێشەوایەی لێ کەوتەوە.

مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود, بیرمەندێکی ئیسلامیی فیکر فراوانە, دەکرێت لەسەرجەم لایەنەکانەوە, خوێندنەوە بۆ بیروڕاو هزری ئەم کەڵە پیاوە بکرێت, هەر لە سیاسەتەوە, تا ئاشتی و تا سەربەستی و تا بەیعەت, و... چەندەها بواری گرنگی تری شەرعی, کە لە نوسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوەو بەندە بەکورتی لێرەدا لەسەر لایەنی نیزامی سیاسی لە بیری مامۆستادا دەدوێم:

سیستمی سیاسی ئیسلامیی و پیادەکردنی حوکمی خوای پەروەردگار لای مامۆستا ئەحمەدکاکە مەحمود لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە, کە پێشەوا ئەبو ئەعلای

مـەودودی ئامـاژەی پێـداوە, کـە دەفـەرموێت:.. لـەڕووی ڕیشەکێشـکردن و لابردنـی ناشەرعی (منکر)یەکانەوە, ناشەرعی گەورە (المنکر الاکبر) پێش ئەوانی تر دەخرێت, کە بریتییە لەحوکمڕانی کردن بە غەیری ئەوە کە خوای پەروەردگار ناردوویەتیە خوار, (الحکم بغیر ما أنزل الله), چونکە ناشەرعییەکانی تر گشتیان لق و پـۆپ و زادەو بەرهـەمی ئـەو ناشـەرعییە گـەورەن! چـونکە کاتێـک حـوکمی غـەیری خـوا زاڵ بـوو, سـەرجەم پەرستشەکانی تر ئەبنەوە بە شتی ڕۆتین و ڕوکەشیی و بەپێچەوانەوەو لە ژێر بەعەمەلی کردنـی سیسـتمی ئیسـلامیدا ئـەوجار بـرەو بـە پیـادەکردنی ڕاسـتەقینەی سـەرجەم بواردکانی شەریعەت دەدرێت, لێرەشـەوە مامۆسـتا تەنانـەت بـۆ نوێـژ کـردنیش (إقامـة االصلاة) وەک پێشـەکی و پـێش دەسـتییەک دێنێتـە ئـەژمار بـۆ پـەرەوەردەکردنی تـاکی موسوڵمان بۆ ئامانجە گەورەکە کەگێڕانەوەی حـوکمی خـواو پیـادە کردنـی سیسـتمێکی ئیسلامیە کە ئەگـەر بـەوردی سـەرنجی نوسـینەکانی مامۆسـتای موفـەککیر بـدەین ئـەم تێگەیشتنەمان بە تەواوەتی بۆ ڕوون دەبێتەوە.. لێرەدا ئەو گوتەیەی بیرمەنـد (ئیقبـاڵی لاهوری)م بیردەکەوێتەوە, کـە بـاس لـە پێکـەوە گرێـدانی دیـن و نیشـتمان دەکـات کـە دەڵێـت: دەبێـت وەک تێکۆشـان بـۆ ئـایین, تێکۆشـان بـۆ نیشـتمانیش بکرێـت, چـونکە دینداری بە بێ نیشتمان و خاکێکی دیاری کراو ناکرێت, کە بەراسـتی گوتەیـەکی ئێجگـار جوانـە بـەاڵم دەبێـت لێـرەدا ئـەوەمان بـیر نەچـێت کـە ئـەم گوتەیـە لـە لایـەن زۆر لـە مامۆستایان و هەندێک خەڵکی بەرژەوەند خـوازەوە ئەقۆزرێتـەوەو بـە جـۆرێکی تـر لێـک دەدرێتەوە, (کلمة حق یراد بها باطل), چونکە کاتێک زەویی و نیشتمان قەدری دەبێت کـە سیستمی ئیسلامیی تیایدا جێبەجێ بکرێت و لەوێشـەوە سـەرجەم عیبادەتـەکان پیـادە بکرێن و دواجار ئەو زەوییەی کە حوکمڕانی خوایی تیادا دەبێت, ئەو جێگایـە نیشـتمانی هـەر موسـوڵمانێکە چـونکە نیشـتمانی بـێ ئیسـلام و سـێکۆلار سیسـتم چـی بـۆ هـەر مسوڵمانێک دێنێتە دی؟

بۆیە سەبارەت بە نیزامی سیاسی ئیسلامیی، نوسیویەتی: حـوکمڕانی ڕاسـتەقینە تـەنها خوایە، کەواتە ئەوانـەی کـە هـەڵ دەسـتن بـە پیـادەکردنی فـەرمانی خـوای گـەورە لـەم

سەرزەوی یەدا, وەك جێنشین (حاکم) وان.. واتـە: کەسێك وەکیلـی حـاکم بێـت, دیـارە ئەبێ بە پێی ئەو نەخشـەیە بجولێتـەوە کـە ئـەو بـۆی کێشـاوەو بـۆی دیـاری کـردووە و ئەوانەیش دەولەتی ئیسلامیی دەبەن بەڕێوە, هەر ئەو هەڵوێستەیان بۆ دادەنرێت, خوای گەورە لێرەوەیە دەفەرموێت: (وَعَدَ اللَّهُ الَّذينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِـي الارْضِ كَمَا اسْتَخْلفَ الَّذينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمْ الَّذي ارْتَضي لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِـنْ بَعْـدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لاَ يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذلِكَ فَأُوْلئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ). النـور(٥٥) خوا بەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کەباوەڕیان هێناوە، وە کـردەوە چاکەکانیان کـردووە، کـە بێگومـان دەیانکاتـە جـێ نشـین لـە زەویـدا, هـەروەك ئـەوانی پـێش ئـەمانی کـردە جێنشین, وە ئایینەکەیان بۆ دەچەسپێنێ, ئەو ئایینە کەخوا پێی ڕازی بـووە بۆیـان, وە ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێ بە ئاسایش و ئارامیی, لەو کاتەدا ئیتر هەر مـن دەپەرسـتن و هیچ هاوبەشیەکم بۆ بڕیار نادەن, وە هەرکەس بێ بڕوابێ, ئـەوە بەڕاسـتی هـەر ئەوانـەن دەرچوون لە ڕێگای خوا. ئەم ئایەتە پیرۆزە زۆر بەڕوونی نەخشەی دەولـەت و سیسـتمی سیاسـیی دیـاری دەکـات، چـونکە خـوای پـەروەردگار دوو شـتی گـەورەی فـەرمووە لـە ئایەتەکەدا:

یەکـەم: ئەوەیـە کـە ئیسـلام هـەموو کـات وشـەی خیلافـەت نـاو دەبـات, چـونکە مـرۆڤ جێبەجێ کاری بەرنامەو سیستمی خوایە لەسەر زەویدا کە ئیسلامەو حاکمیـەتیش تـەنها بۆ ئـەوەو مـرۆڤ دەبێـت پیـادەی بکـات و بـۆی نییـە زیـادو کـورت بکـات لـەو سیسـتم و نەخشەیە کە حاکمی بالاً بۆی کێشاوە.

دووەم: خوا بەڵێنی تەواوی داوە بە موسوڵمانان کە بیانکات بە جێنشـین, (وَعَدَ اللَّهُ الَّذينَ آمَنُوا مِنْكُمْ...) تا سەرجەم مرۆڤایەتی ببنە جێبەجێکاری بەرنامـەی خـوا لەسـەر زەوی و سیستمی ئیسلامیی بکەنە بەرنامەو سیستمی ژیانیان.، لێـرەدا مامۆسـتا ئەحمـەد کاکـە مـەحموود دەفـەرموێت: ئـا ئەمەیـە دیمـوکراتیی! نـەك ئـەو دیموکراتیەتـە پوچـەڵەی ئـەوروپا.. ئەگـەر بـە چـاوێکی وردەوە سـەیرێکی ئـەم (خیلافـە) گشـتییە بکـەین، کـە ئیسلامیی پیرۆز هێناویەتی، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە سەبارەت بە سیسـتمی دەسـەلاّت و

دیموکراتیەت بە نمونە دەهێنێتەوەو دەفەرموێت: ئەگەر مەبەست لە وشەی دیموکراتیەت ئەوە بێت، کە پڕۆگرامێك دەست نیشان بکرێت بۆ دەوڵەت لەلایەن گەلەوەو دەسەلآت (سوڵتە)یش هەر بۆ گەل بێت، ئەوا بەم مانایە ئیسلام دیموکراتیەتی تیادا نییە، چونکە ئیسلام بریتییە لە بڕیاری خوای گەورە (نەك هی گەل) بۆ گرۆهی ئادەمیی، ئینجا جێنشینەکەی موسوڵمان دەیبات بەڕێوە، بەپێی نەخشەکەی خوای گەورە, بەلآم جوانترین وشە کەڕەوا بێت و بەکار بهێنرێت بۆ ئیسلام لەم بارەیەوە ئەوەیە پێی بڵێیت: (حکومەتی خوایی: الحکومة الالهیة)، وە (سیۆقراتیەتی ئیسلامیی), کەوابوو دیموکراتیەتی ئیسلامیی زۆر زۆر جیاواز تڕە لە دیموکراتیەتی ئەورووپا !

لێرەدا بیرە ڕەسەنە ئیسلامیەکە لە بیری هزرڤان ئەحمەد کاکە مەحمود دا دەردەکەوێت, چونکە هەموو سیستم و دەسەلآتێك لە ئیسلامدا ڕەت دەکرێتەوەو دەبێ حاکمیەت تەنها بۆ خوای پەروەردگار بێت و هەموو بەرنامەیەك هەر جۆرێك بێت ئەگەر لەسەر فەرمایشتی خوایی بنیات نەنرابێت ئەوا بەڕەچ دەدرێتەوە, هەرچەندە لەم ڕێگایەوە زۆرلایەن هەوڵ دەدەن دیموکراتیەت وەك بەرنامەیەکی بێ پەڵە بخەنە بەرچاو، بەلآم بیریار ئەحمەد کاکە مەحموود لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ڕەتی دەکاتەوە, چونکە چوار چێوەی بڕیار بۆ خواو فەرمان بۆ خوای تیادا دیاری نەکراوەو ئەوەی هەوڵی گونجاندنی دیموکراتیەت لێرەدا دەدات, ئاسنی سارد دەکوتێت و ئیسلام لەسەر چاوەدا ڕەتی کردۆتەوە !

لەلایەکی تریشەوە, بێگومان هەر سیستمێك پێویستی بەوە دەبێت کە هێزێکی زەبر بەدەست و چەکداری لە پشتەوە هەبێت، تا بتوانێت پیاوانە ئەو بەرنامەو سیستمە جێبەجێبکات, هەرچەندە مامۆستا پێی وایە کە چەك هەوڵی دواجارو ناچارییە, ئەم ڕایەیشی لەکتێبی (ئاشتی لە ئیسلامدا) ڕەنگی داوەتەوەو ژیانی پڕ لە خەبات و جیهادو موقاوەمەتی ئەم شێخە موجاهیدە سەلماندویەتی, کە تا ناچار نەکرابێت نەخۆیی و نەبزوتنەوە دەست نەمامەکەی پەنایان نەبردۆتە بەرچەك..لەم سۆنگەیەوە دەفەرموێت:

ئاشتی لە ئیسلامدا خاڵی سەرەکییە, وە ئیسلام هەموو کات خۆی دەپارێزێ لە جەنگ و هەرا, کەواتە جەنگ (حرب) شتێکی ناچارییە, وە بەهۆی ستەم وناپاکییەوە, بەرپا دەبێت, کە ناپاکترین ستەم هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوا, وە خراپترین فەساد ژێر دەستەکردنی بەندەیە بۆ غەیری خوا, ئینجا جەنگی لەگەڵ دەکرێ تا لەو ستەمە دەست هەڵ دەگرێ و ڕوو دەکاتە ڕێگای چاکەو ڕزگاریی دەگرێتە بەر (وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّي لاَ تَكُونَ فِتْنَة وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ فَإِنْ انتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ بِمَا يعْمَلُونَ بَصِيرٌ. الانفال (٣٩): با باوەڕداران جەنگ بکەن لەگەڵ بێ باوەڕاندا هەتا ئاژاوەو بێ باوەڕیی و بت پەرستی نەمێنێت و ئایین و ملکەچی تەنها بۆ خودا دەبێت, جا ئەگەر کۆتاییان هێنا, ئەوە بەڕاستی خوا بەهەر کردەوەیەك کە دەیکەن بینایە، کەواتە ئیسلام بە ناچاری بڕیاری جەنگ دەدات, تاحوکم و بڕیاری خوا لە سەر زەویدا جێگیر ببێت, وە تائەوانەی داوای خوایەتی دەکەن, پێشێل بکرێن و سوڵتان و دەسەلاتیان نەمێنێ.، ئیسلام بۆ هەموو گۆی زەوی هاتووە, تاببێ بە ڕۆشنایی بۆیان و لە تاریکیی و لێلاێی ڕزگار بن, بۆیە ئەگەر کەسێك, هێزێك, بەرهەڵستی وەستاو ویستی ئەو نورە بکوژێنێتەوە, ئەوە دەبێت دەمکوت بکرێ و سەری دڕکاویشی پان بکرێتەوە، تا (کەلیمە)ی خوا بدرەوشێتەوە، وە حاکمیەت هەر بۆخوا بێت، کەواتە دواجار ئیسلام چەك بەکار دەهێنێت, بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك لایدا, لە ڕێگای ڕاست ئەو هێزە ڕاستیی بکاتەوەو بیهێنێتەوە سەر شارێگە, وە بۆئەوەی دەستی ناپاکان و ملهوڕان ببەستێ لەستەم و دەست درێژی، وەك پەروەردگار ئاماژەی پێداوە: (يأَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤمِنِينَ عَلَي الْقِتَالِ إِنْ يكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يكُنْ مِنْكُمْ مِائَة يغْلِبُوا أَلْفًا مِنْ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَ يفْقَهُونَ). الانفال(٦٥). ئەی پێغەمبەر هانی بڕوادارانبدە, لەسەر جەنگ کردن لەگەڵ دوژمناندا, ئەگەر لە ئێوەدا ببێ, بیست کەسی خۆڕاگر زاڵ دەبن بەسەر دووسەد کەسی بێ باوەڕدا، وە ئەگەر سەد کەس لە ئێوە هەبێ, زاڵ دەبن بەسەر هەزار کەسدا, لە ئەوانەی بێ باوەڕن, بەهۆی ئەوەی بەڕاستی ئەوانە کۆمەڵێکن نافامن.

(أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَي نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (٣٩) الذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍ إِلاَّ أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلاَ دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَينصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ ينصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ). الحج (٤٠).

جەنگ و جیهاد ڕێگە درا, بەو موسوڵمانانەی شەڕیان لەگەڵدا دەکرێ, لەبەر ئەوەی کە بەڕاستی ستەمیان لێکراوە, وە بێگومان خوا, بۆسەر خستنیان بەتوانایە, ئەوانەی کە دەرکران, لەماڵ و ولاتیان بەناهەق, تەنها گوناهیان ئەوە بوو, کە دەیانگووت: پەروەردگارمان خوایە, وە ئەگەر خوا خەڵکی لەناو نەبردایە, هەندێکیان بە هەندێکیان, بێگومان دەڕوخێنرا, دێرو کڵێساو کەنیسەو مزگەوتەکان, کە یادی خوا لەو پەرستگایانەدا زۆر دەکرا, وە بێگومان خوا کەسانێك سەر دەخات, کە یارمەتی دینی خوا دەدەن، بەڕاستی خوا بەهێزو بالادەست و بەتوانایە.

(قَاتِلُوا الَّذِينَ لاَ يُؤمِنُونَ بِاللَّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الاخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّي يُعْطُوا الْجِزْيَة عَنْ يدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ). التوبة (٢٩). جەنگ بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە بڕواناهێنن بەخواو بەڕۆژی دوایی و بەحەرامیی دانانێن ئەوەی کەخواو پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە, وە مل کەچ ناکەن بۆ ئایینی ڕاست, لەوانەی کتێبیان پێ بەخشراوە, هەتا باج و سەرانە دەدەن, بەدەستی خۆیان و بەمل کەچی, لە کاتێکدا ئەوان سەرشۆڕو ڕیسوان.

لێرەوە فیکری مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود سەبارەت بە حاکمیەت و سیستمی ئیسلامیی ڕوون دەبێتەوە, سەرەڕای ئەوەی دەری دەخات کە دەبێت تەنها حاکمیەت بۆ خوای پەروەردگار بێت, لێرەشدا سەرجەم بیرمەندە بە هێزەکانی شەریعەت هەر لە عیززی کوڕی عەبدوسسەلامەوە, تا ئیمام بەناو سەییدی شەهیدو شێخ عەززام وکاك ئەحمەدی موفتی زادەو عوسمانی کوڕی عەبدولعەزیزو مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود کۆکن, بەڵام دەکرێت لێرەدا زیاتر نزیکیەك لە نێوان فیکری مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمودو شێخ عەبدوڵڵاعەزام دا بفامرێتەوە, چونکە ئەم دووبیرمەندە خاوەن گوفتارو

کرداره له خالّی بانگەوازو دواتر گرێدانی جیهادو ڕوبەڕوبونەوەی چەکداریدا نزیکن و کاروانه بانگەواز کارو جیهادییەکەی هەردوکیان شاهێدی ئەم ڕاستیەن.

ماوەتەوه بڵێین: ڕابووونی ئیسلامیی کوردستان لە سایەی فیکری ئەم بیرمەندو سیاسەتمەدارو شەرعزان و کەڵە زانایەوه, توانی تەوژمێکی ڕەسەنانەتر بە ڕێبازه پیرۆزەکەی بدات و بێگومانیشه به غیابی ئەم پیاوەش ڕابووونی ئیسلامیی زیان مەندە گەورەکەیە, بەڵام خۆشبەختانه نوسینەکانی ماونەتەوەو دەکرێت لە ئایندەدا نۆژەن کردنەوەی ڕابووونی ئیسلامیی کوردستان به گشتیی و بزوتنەوەی ئیسلامیی بە تایبەتی لەسەر بنیات بنرێت.

شایەنی باسه: مامۆستا ئەحمەد کاکه مەحمود له دوای بەسەر بردنی تەمەنێکی کورت بەڵام پڕ له هەڵوێست و هەوڵ و جیهادو ناسۆریی له پێناوی مەبدەئەکەیدا لە ڕۆژی ٢٥–١–٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردو له گۆڕستانی (گوڵان)و له تەنیشت گۆڕی پێشەوا عوسمانی کوڕی عەبدولعەزیزەوه له حشودێکی جەماوەری بەرفراواندا بەخاکمان سپارد. فسلام علیه یوم ولد ویوم مات ویوم یبعث حیا.

● شەشەم: م. ماکوان کەریم نوسەرو روناکبیر:

مامۆستا ئەحمەدی کاکه مەحموود وەک نمونه..!

زۆرجار دەپرسم له خۆم؟ بۆ مەلاو مامۆستایانی ئێستا کاریگەرییان نەماوه لەسەر لاوەکان له کاتێکدا دەبوو ئەوان شۆرشێکی "ساتاگیرهایان" سازبدایه له ئێستادا، بەڵام بەداخەوه هەر مەلایەو پاشکۆی حیزبەو هەر مەلایەو پاشکۆی پارەیەو هەر مەلایەو نەخوێندەوارە، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ مامۆستاو مەلا بوێرو زاناو چاونەترس و خوا ویستەکان که سوپاس بۆ خوا لەناو ئەم هەموو مەلایانەدا نمونەی زانایی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووه، بەڵام چونکه خراپەکەیان زۆره چاکەکەشی شاردۆتەوه..!

وەك عەرەب دەڵێت: لیس ببعید.. نمونەی م. ئەحمەدی کاکە مەحموود، دێنمەوە..

ئەم پیاوە چونکە بۆ ئەم ئیسلامە دەژیا لە تەمەنی منداڵیەوە و پاشان لەسەردەمی دەسەڵاتی شیوعیەکان لە کوردستانداو تەنانەت پارتیشدا واتا پێش شۆرشی ئەیلولیش ئەم پیاوە لەناوچەکانی پێنجوێن و شارەزوردا کاریگەری خۆی هەبوو، تەنانەت لەسەر گۆڕینی ڕێچکەی کادیرانی شیوعیی و پارتیش، چونکە هەسستی بەوە کردبوو کە ئیسلام دەتوانێت هەموو سات و خولەك و کاتژێرو ڕۆژو مانگ گۆڕانکاری بکات..!

ئەم زانایە.. هەستی بە گەورەیی کارەکەی کردبوو.. هەروا تەماشا بکەن و چاو لەم زانا بەڕێزە بکەن خوای گەورە دەرجەی عالی بکات..

– یەکەم کاری: لە ناوچەی بایەوەی ئێراندا بناوەسوتەی ئەم دیودا لەو سەردەمەدا کە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی خاوەنی چایخانە بوو لەو ناوچەیەداو حەسەن زیرەکی هێنابوو بۆ گۆڕانی وتن.. ئەم زانایە لەو ناوچەیەدا کاریگەری ئەوەندە هەبوو تەنانەت شەوانی ئەو چایخانەیە بە موناجات و سڵاوتدان لەسەر پێغەمبەری خوا دەستی پێدەکرد.. مەبەستەکە ئەوەیە دەبێت مامۆستایان کاریگەریشیان لەسەر هونەرو کاری هونەری گەلەکەشیان هەبێت.. کە بەداخەوە هیچ کاریگەرییان لەسەر ریکلامیش نەماوە مامۆستایان..!.

– دووەم کاری: تەنانەت کادیرەکانی شیوعیی و مولحیدەکانی ئەو سەردەمەش بە هیچ شێوەیەك کە ئەو لە ناوچەکەدا بوو نەیاندەتوانی خەڵکی خۆشیان نەچنە ناو مزگەوتەکەوە، ئەوەندە کاریگەری هەبوو.. تەنانەت جارێکیان پارتی ویستی لە ڕێگای ئەو کەسەی کە ناوی وەستا سابیر بوو لە شانۆگەری لانەوازاندا یان ناوی عەباسی چایچی بوو لە خولە چەخماخەدا کادیرێکی پێشکەتووی پارتی بوو نەیدەهێشت خەڵکی بچێتە مزگەوتەکەی.. ناوی خۆی (تاها باراوایە)، مامۆستا ئەحمەدی کاکە محمود ئەویش لە وتاری جومعەدا هێرشی کردە سەریی و پارتیەکانیش کۆبوونەوە بۆ ئەوەی لە مامۆستا ئەحمەدی کاکە محمود بدەن.! بەڵام خەڵکی بناوەسوتە ئەوەندەیان خۆش

دەویست نەیان هێشت پارتی هیچ ئازارێکی پێبگەیەنێت.. مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر مامۆستایان بچنە ناو خەڵکی– ئاوا خەڵکی بۆیان دەبنە قەڵغان و حەسانە!.

– سێیەم کاری: رۆژێك لە رۆژان سەری بۆ موچە نەوی نەکردو خۆی کاری دەکردو ئینجا ئەو دەمە فرۆشگای شۆرش هەبوو لەناوچەکەدا، هەموو دەچون لەو فرۆشگایە شتیان دەکری، پارتی خاوەنی بوو، بەڵام مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمود سەری نەوی نەکردو ژیاو بە سەربەرزیش مرد، مەبەستەکە ئەوەیە مەلاو مامۆستایان پێویستە زۆر لەوە قورستر بن کە هانایان تەنها بۆ موچە بێت.. بەداخەوە مامۆستایەکی ئایینی نابینی فەقیر بێت یان جلەکانی دڕاوبێت مەگەر زۆر بە دەگەمەن هەڵکەوێت.. وە هەروەها.!

– چوارەم کاری: هەمیشە خەریکی راستکردنەوەی چەمکی ئیسلامی بوو لەسەر بوارەکانی ئیسلام و پێشهاتەکانی جیهان و بە ئاگابوونی بوو لە ڕووداو سیاسەتەکانی جیهان.. مەلاو زانایانی ئێستا هەندێکیان.. وا دەزانن کەباب بە دە فلسە.. بەداخەوە.!

– پێنجەم کاری: موفەسیرو موفەککیر بوو.. خاوەنی تەفسیری رامان و کتێبەکانی ئاشتی لە ئیسلامدا و ئافرەت و ئازادیی و دەیان کتێبی تر، کە بەداخەوە بە دەگمەن دەبینی مامۆستایانی ئایینی خاوەنی کتێب و نوسین بن..!

– شەشەم کاری: موجاهیدو مونەزیرو کاری پێگەیاندن بوو بۆ ئیسلام.. ئەم مەلا بەرێزە دروشمی نەبوو، واعیزانە قسەی نەدەکرد بە تەنها، بەڵکو ئاراستەی خەڵکی دەکردو هانی دەدان کە خاوەنی قەزیەیەکی شەرەفمەندانە بن، ئێستاش نەوەکانی بەنوسینەکانی ئاراستەی کۆمەڵگاکەمان دەکەن..!!

– حەوتەم کاری: کورد پەروەر بوو و نیشتیمانی خۆشەویست و سەلماندی کە پیاوی ئەو مەجالەیە، چەندە دەست بە دەستنوێژ بوو، ئەوەندەش دەست بە چەك و چەبۆکی بوو، هاندەری خەڵکیش بوو بۆ نیشتیمانەکەی کە ئازادی بکات، زۆر بە دەگمەن دەبینیت مامۆستاو زانایانی ئایینی ئێستا لەو بوارەدا کار بکات و شەرم نەکات.!

– هەشتەم کاری: رقی لە دووبەرەکی و خەت خەتێن بوو.. بۆیە بەداخەوە هۆکاری مردنەکەشی بە بۆچونی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پارچە پارچەییەو هاتنی ئەمریکاو گیرانی کۆمەڵێك لە خەڵکی و هاوڕێکانی و پاشانیش زەلیلی موسڵمانانی بە چاوی خۆی بینی و کاریگەری زۆری دروستکرد لەسەری، مەبەستەکە ئەوەیە دەڵێم زانایان و مەلا بەڕێزەکان دەبێ بۆ ئیسلام بمرن و بژین.

دووبارەو هەزاربارە ڕێزی زۆرم بۆ مەلاو عەمامە سەربەرزەکانی کوردستان...

● حەوتەم: م.ناسیح مەجید نوسەرو روناکبیر:

گیانی پەروەردە کردن و بانگەوازی پەروەردەیی لە هزری مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود دا

پەروەردە بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا، چونکە بێ پەروەردەکردن کاملّ بوونو پێگەیشتن هیچ مانایەکیان بۆ نییە، هەر لەبەر ئەمەش بووە کە پێغەمبەری بەرزو بەڕێزمان محمدی کوڕی عەبدوللّا (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (إني بعثت معلما) من بۆ مامۆستایی کردن ڕەوانە کراوم، خۆ دیاریشە ئەو ئەرکە گەورانەی کە ئیسلام هەمیشە داکۆکی لێ کردووە بریتی بووە لە بانگەوازو پەروەردەکردن، بەشێوەیەك کەچیتر ڕەشەباو گێژەڵوکەکان کاری لێ نەکەنو داری بەرداری پەروەردە کراو لە لەنگی بپارێزن، مامۆستای کۆچکردوو "بەر ڕەحمەتی خوای گەورە بکەوێ" باش لە پیشەی پێغەمبەران (علیه السلام)و پەروەردەکاران گەیشتبوو، بۆیە ئەگەر سەیرێکی قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی ئەم قارەمانەی مەیدانی پەروەردەو بانگەواز بکەین ئەوا دیمەنێکی پڕ سەیرو سەمەرەت بەرچاو دەکەوێتو گەورەیی ئەو پیاوەت بۆ دەردەکەوێت کە چۆن توانیویەتی چ لە ڕوانگەی نوسینەکانیو چ لە ڕوانگەی وتارەکانیو چ لە بواری هەڵسانو دانیشتن لەگەڵ ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا

ژیاوە مامەڵەی کردووە، مامۆستا ئەحمەد بەڕەحمەت بێت هەمیشە قەڵەمێکی بە بڕشت بووە لەم بوارەدا، با سەرەتا بە پێی ئەوەی پێمان گەیشتووە قۆناغ بەندییەك لە نوسینەکانیدا بکەین تا بزانین چۆن توانیویەتی لەگەڵ قۆناغو شتە باوەکانی سەردەمی ژیانیدا لەم مەیدانەدا، ئەسپی خۆی تاو بدات.

قۆناغی یەکەم: کاتێك باو باوی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسییەتەو دروشمەکانی سۆشیالیستی لە برەودانو پێش ئەم قۆناغەش هەرچی مێشكو بیری لاوانە هەمووی بە ماددەی بێ هۆشکەری کۆمۆنیستییو بیری سۆشیالیزمیو پرۆلیتاری پڕ کراون، ئەوەی ئەم هەستو نەستەی لا نەبووبێو بە بیری سۆشیالیزمی بیری نەکردایەتەوە، بە کەسێکی ناڕۆشن و بیروبیر تاریك تەماشا دەکراو، دەخرایە خانەی دەرەبەگو دوژمن بەگەل. وێردی سەر زمانو بن زمان بریتی بوو لە سۆشیالیزمی زانستیو بیرکردنەوەی زانستیو خۆبەستنەوە بە فەلسەفەی زانستییو گەلێك شتی ترو. دەرکەوتنی دەیان بیرو باوەڕی لارو خوار کە هەموویان دژایەتی کردنەو بە دوژمن سەیرکردنی ئیسلامیان کردووەتە پیشەی خۆیان. ئا لەم کاتو ساتە ناوەختەو ئا لەو کاتە زۆر حەساسو نالەبارەدا مامۆستای تێکۆشەرو دڵسۆز بە نیشتیمانو نەتەوەکەییو بیر ڕووناك مۆمی زانستیو قۆناغ بەندی پەروەردەیی خۆی دەکاتە مەشخەڵان بۆ ڕۆشن کردنەوەی بیروهۆشی لاوانو دەرخستنی ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام و بۆ بەرێخستنی کاروانی لاوانی مسوڵمان دێتە مەیدانو کۆمەڵێك نامیلکەو کتێبی جۆراو جۆر وەك وەرگێڕانو نووسین پێشکەش بە کتیبخانەی کوردی دەکاتو مۆمی ڕۆشنبیری خۆی لەو شەوە زەنگەدا دادەگیرسێنێو ڕۆحی پەروانە ئاسای دەیانو سەدان لاوی کوردزمان بۆ دەوری ئەو ڕووناکیە کەمەندکێش دەکات. مامۆستا ئەحمەد بەڕەحمەت بێت، دێت ووتەی زانایانو باوەر بەخوا پێشکەش بە لاوان دەکات، دواتر نامیلکەی خوا لە ڕوانگەی زانستیەوە ئاڕاستە دەکات، کە بەم شێوەیە بە لاوانو ڕۆشنبیرانی کورد دەگەیەنێت، ئەو ئایینەی ئەوان کە وا خەریکە پشتی لێ هەڵدەکەن، یەك پارچە بریتیە لە زانستو زانیاری، ئەوانەی کە ئەمڕۆ بەناوی کۆمەڵێك زاناو داناو فەیلەسوفەوە قسە دەکەنو دەیانەوێت وا

پیشانی خەڵکی بدەن کە زانستو ئایین دوو شتی تەریبنو قەد بە یەکتر ناگەن، یان بە واتایەکیتر زانست لە دۆڵێکدایەو ئایین لە دۆڵێکی تر. بەڵام مامۆستای ڕەحمەتی ئەم دوو چەمکە لە یەک چەمکدا کۆ دەکاتەوەو وەك مامۆستایەکی ئارامو بە ویقار دەیسەلمێنێ کە ئایینو زانست دوو شتن قەد لە یەکتر جیا نابنو کەسیش ناتوانێت لە یەکتریان جیا بکاتەوە.

قۆناغی دووەم: مامۆستا ئەحمەد بە ڕەحمەت بێت پاش ئەوەی کلیلی مێشکی لاوانو ڕۆشنبیران دەکاتەوە، ئینجا دێتە سەر ناساندنی چەمکە ئیسلامیەکانو کتێبی خوا پەرستی لە ئیسلامداو سەربەستی لە ئیسلامداو پەروەردە لە ئیسلامدا لە چاپ دەدات، تاوەکو ڕێگای ئیسلامیانەی کە ماوەیەکی دوورو درێژە لە بیرو هزری لاواندا نەماون یان کەم بۆتەوە، جارێکی تر ئاشنا بکاتەوە.، لەگەڵ ناسینی چەمکەکانی خواپەرستیدا، ئەوەش شارەزا بن کە ئەم ئایینە سەربەستییەو یاساو ڕێساکانی نابنە بار بەسەر پشتی کۆمەڵگەوە بەڵکو هەڵقوڵاوی کۆمەڵو کۆمەڵگەن، لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا پڕاوپڕ گونجاونو لە دوا بەشی ئەم قۆناغەدا مامۆستای ڕەحمەتی مەنهەجێکی زانستی بۆ پێگەیاندنو تێگەیاندنی کۆمەڵگەو قۆناغە پەروەردەییەکانی پێشکەش دەکات لە چوارچێوەی پەروەردە لە ئیسلامدا.

قۆناغی سێیەم: لە دوای ئەوەی بەردی ڕۆشنبیریو دواتریش بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی دادەنێت.، دێت ڕێچکەو ڕێبازە سەرلێشێوێنەرەکان پێناسە دەکاتو کتێبی چارەنووسی ستەمکاران (دوا رۆژی ستەمکاران لە ئیسلامدا)و دواتریش کورتە باسێك بۆ ناسینی شیوعیەت پێشکەش دەکات کە بە داخەوە لە کاتو ساتی خۆیاندا، لەبەر ئاڵۆزی باری ناوچەکەو هەنگاوەکانی ڕوبەڕووبوونەوەی جەنابی مامۆستا لەگەڵ ستەمکارانی سەردەمدا بواری لە چاپدانیان نابێت، بەڵکو یەکێك لەو کتێبانە کە بەرهەمی شەونخونی چەندین شەوانی مامۆستا بووە لە چاپخانە مۆری قەدەغەکردنی پێدا دەنرێتو هەوڵی دەستگیرکردنی خۆشی دەدرێت.

قۆناغی چوارەم: لەم قۆناغەدا لە دوای ئەوەی مامۆستا ڕێگاو ڕێبازەکان نیشان دەدات‌و قۆناغەکانی پەروەردەیی ئیسلامی نیشان دەدات، پاشان مامۆستا ئەحمەدی ڕەحمەتی دێتە سەر قۆناغێکی تر لە قۆناغەکانی پەروەردەو کتێبی جیهاد لە ئیسلامدا دەنوسێ ئەمەش بۆ ئەوە بووە بە لاوان بسەلمێنێ کە ئەم دینەی ئێمە دینێك نیە پشت لە گەل‌و نیشتیمان بکات بەڵکو بە پێچەوانەوە دینی پارێزگاری کردنە لە کەرامەت‌و خاك‌و نیشتیمان، ڕێبازێکی نوێ نیشانی لاوان‌و ڕۆشنبیران دەدات کە ئەو ڕێبازە ئیسلامییە بکەنە مەشخەڵی ڕێیان بۆ دەربازکردنی میللەتەکەمان‌و نیشتیمانەکەمان لە چنگ‌و ستەمی ستەمکاران‌و دواتریش بەڕێزی لە دوای ڕۆشنکردنەوەو چاندنی بیری جیهاد دێت شێوازو ڕێگاکانی سیاسەتی ئیسلامیی نیشان دەدات بە نوسینی ڕامیاریی لە ئیسلامدا.

قۆناغی پێنجەم: ئەم قۆناغە زیاتر کاتێك دەست پێ دەکات کە جەنابی مامۆستا بە ڕەحمەت بێ ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێ دابوو ماوەی زیاتر لە (٥) ساڵ بوو بە کردار جێبەجێی دەکردو چەکی جیهادو تێکۆشانی لە شان کردبوو، لە دوای ڕاپەڕین‌و لە گۆڕانی دیکتاتۆریەت لە کوردستاندا، هەنگاوەکانی نزیك بوونەوە بۆ دروست کردنی قۆناغی بە دەوڵەتی بوونی کورد، جەنابی مامۆستا دروشمی دەبێت کوردیش وەك گەلانی دونیا خاوەنی کیان‌و قەوارەو دەوڵەتی خۆی بێت، بەم شێوەیە قۆناغەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دەستی پێ کردو سەرەرای ئەم قۆناغە پڕ لە هەستیارەش جەنابی مامۆستا وەك خەمخۆرێك بۆ موسوڵمانان تاوەکو زیاتر پەروەردە وەربگرن‌و بەرچاویان ڕۆشن بکاتەوەو هات فەتوای نوێی بۆ دەرکردن، تاوەکو بە پێی پەرەنسیپە ئیسلامیەکان بەشداری هەڵبژاردن بکەن‌و دەنگەکانی خۆیان‌و متمانەی خۆیان بدەن بە وانەی کە ئامادە نین خیانەت لە ئایین‌و نیشتیمانی کورد بکەن.

قۆناغی شەشەم: کاتێك لە لایەن عەلمانیەتی کوردیەوە کۆمەڵێك زاراوەو کێشە هێنرانە ئاراوە، جەنابی مامۆستا خوای گەورە پلەی بەرز بکات وەك پسپۆڕێکی پەروەردەیی جارێکی تر مەیدانی ململانێی نێوان ئیسلام‌و عەلمانیەت چۆڵ ناکات بەڵکو بە

پێچەوانەوە سەنگەرێکی گەورەو مەحکەم دروست دەکاتو بە گژ دوژمنانی دینو ڕەوشتی گەلەکەماندا دەچێتەوەو کۆمەڵێك فەتوای هاوچەرخ دەردەکات وەك فەتوای ئیسلامو پەرلەمانو هەڵبژاردنو ڕێزی بەیعەت لە ئیسلامداو دیاری کردنی چارەنووسی ئەو ژنانەی کە ماوەی چەندین ساڵە پیاوەکانیان بێ سەروشوێن کراونو دواتر مافی ئافرەتانو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بارو گوزەرانی ژنانەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

قۆناغی حەوتەم: وەخیتامو المیسکی مامۆستای ڕەحمەتی دێت و ئەو ماوەی کە لەژیانی ماوە، بەشەوو ڕۆژەوە تەرخان دەکات بۆ نوسینەوەی تەفسیری قورئانی پیرۆز، تاوەکو بەتەواوی ئەو قۆناغە پەروەردەییانەی کەهەن و لە ئیسلامدا داکۆکیان لەسەر کراوە جێبەجێ بکات و جێگای گلەیی بۆ کەس بەجێ نەهێڵێ تا لەقیامەتدا پێی بڵێن ئێوە خاوەن زانست و زانیاری بوون بۆ وەك پێویست بنەماکانی ئیسلامتان بە ئێمە ڕانەگەیاند.! بۆچی ئێمەتان وەك ئەوەی ئیسلام داوای کردووە پەروەردە نەکردووە.؟ ئەوەتا مامۆستا بەسەری بەرزەوەو بەڕوویەکی سورەوە دێتە گۆو دەفەرموێ ئەوە وتارەکانم، ئەوە فەتواکانم، ئەوە نوسین و کتێبەکانم.، بەڵام ئەوی هەمیشە لای ئێمە جێگای نیگەرانیمانە ئەوەیە کە جەنابی مامۆستا خوای گەورە باشتر دەزانی مردن مولەتی نەدایە تەنها بۆ جارێکیش چاوێك بە لاپەرەکانی ئەو تەفسیرە پیرۆزەدا بگێڕێ. ئەمانەی کە باسمان کردن تەنها بریتیبوون لە گەشتێکی خێرا بەناو لاپەڕە پڕ لە سەروەریەکانی جەنابی مامۆستا ئەحمەد دا، ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت، داواکارین لە خوای گەورە هەوڵو شەونخونیو جیهادو ماندووبوونەکانی لێ قەبوڵ کردبێ و گۆڕی پیرۆزی پڕ بێت لە نوری خوایی‌و بە بەهەشتی بەرین شاد بوو بێت..

إن شا ءالله.

● هەشتەم: ئەحمەد ڕەنجیار نوسەرو تۆێژەر:

قۆناغ بەندیی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود لە کاری بانگخوازیدا

ئێمەی کوردی موسڵمان شانازی بەوەوە دەکەین کە ئیسلام کیانێکی بۆ دروست کردین کەلە هەموو بوارەکانی (میللەت)بوونی گرتەوە، واتە ئێمە لەپێش ئیسلامدا بە پێی مێژوو (١٠٠٠) ساڵ دەبوو کە وەك میللەت و نەتەوە کیانێکی سەربەخۆ کە پێی بناسرێتەوە نەمان مابوو، بەڵام کە ئیسلام هات و پرشنگی خۆی لە ڕێگەی فتوحاتەوە گەیاندە مەملەکەتی سڕاوەی (ئێمە) سەر لە نوێ شەرەفی بوون مانی بۆ گەڕاندینەوە، لە دوای ئەوەش خەڵکانی ئێمە وەك ئەمەك ناس بووینە شوێن کەوتەو سەربازو داعیی و جەنگاوەریی و لەتەواوی کایەکانی ژیاندا بە باڵای خۆمانماندا بڕی..

یەکێك لەو ڕێگایانەی کە کورد مونەوەر بوو لێیەوە ڕێگەی زانستخوازی بوو... گەورە بیریاری کورد مامۆستا مەسعود محمدی جەلی زادە دەڵێ: (بەر لەوەی کە لە مۆسکۆ یان لە لەندەن دکتۆرا بدرێت بە کوردێکی (سلێمانی یان ماردین یان موکریانی) ئیسلام پێش (١٤٠٠) ساڵ لە دوورترین کوێرە "دێ" عیلمی داوە بە کورد)

لە مێژووی دوورو نزیکدا لەم ڕووەوە کە باسمان لێکرد ڕەوڕەوەی زانست و زانیاری چەندەها قۆناغی بڕیوەو چەندین زاناو بانگخوازی زانست و ئایین خوازی تێدا هەڵکەوتووەو هەشیان بووە چەندین نموونەی مەدرەسەی زانستخوازی و فێرکاری ئاوەدان کردووەتەوە، هەشیان بووە چەندین بەرهەمی نووسین لەو بوارە کردووەتەوە، هەشیان بووە وەك موجتەهید لە بوارەکانی فیقهی ژیاندا بۆ سەردەمی خۆی ئیتجتیهادو ڕوونکردنەوەو ڕێنومایی هەبووە بۆ گەل و نەتەوەکەی.

یەکێك لەو زانا بیرمەندو خاوەن خوێندنەوەی خودی خۆی لە فیقهی ژیاندا کە ئیجتیهاد کارو فەتوای دروست بۆ کێشە هەنووکەییەکانی دەدا مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە

محموده "ڕەحمەتی خوای لێبێت". هەر بۆیە لێرەدا حەزمان کرد تیشکێك بخەینە سەر قۆناغە گرنگەکانی ژیانی ئەو زاتە موبارەکەوە.

ئەوانەی کە بەڕاستی میراتگری پێغەمبەری خودان لە ژیانیاندا زانیویانە ئەرکی سەرشانیان "وەك ئەوەی کە سوننەتی پێغەمبەری خودایەو زاتی موبارەکیشی پێڕەوی کردووە" ئەمانیش پیایدا بڕۆن.

مامۆستا مەلا ئەحمەد کاتی تەمەنی لاوێتی لە حوجرەوە ڕێکدەخات و لە سەردەستی زۆرێك لەزانایان و بلیمەتمەدارانی ئەو سەردەمە بەتایبەت مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی شێخی دەعوەو موجاهیدین پەروەردە دەبێت و پێدەگات و دێتە ناو گۆڕەپانی کۆمەڵگاوەو بڕیاردەدات بە پێی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ هەنگاو هەڵبنێ، هەر بۆیە کە دەبینێت بەهۆی ئەو بیرە سیکۆلارەوە کە هێنراوەتە ناوەوەو گەنجان و لاوانمان سەر گەردان و لە ڕێگا لادراوون، لە ڕێگەی مینبەری پێغەمبەری خواوەو لەو مزگەوتانەی کە بەڕێزی تیایاندا وتار خوێن بوون، دەست دەکات بە هۆشیار کردنەوەی لاوان و بانگ کردنەوەیان بۆ خواناسین و ئایین ناسیی و پاشان لەوەش زیاتر کاتێ بارودۆخەکەی کوردستان ئەوە دەخوازێ لەمیراتگرانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەرامبەر ئەو تەوژمە بێ باوەڕییە بووەستن و لەبەرامبەردا ڕابوونێکی ئیسلامیی دروست بکەنن بەڕێزیان یەکێك دەبێت لەو سەربازە خۆ نەویستانەی کە لێبڕاوانە بازووی لێ هەڵدەکات و جگە لە ڕێگەی وتارەکانییەوە قەڵەمیش دەگرێتە دەست و قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ خواستی بارو دۆخەکە دەست دەکات بە نووسین و ئێستا زیاتر لە (٢٥) دەستنووسی کتێب و بەرهەمی ئامادەی بلاوبوونەوەیە، سەرەتا لەسەر بوونی خوا نامیلەکەیەکی بە ناوی (خوا لە ڕوانگەی زانیاری یەوە) لە عەرەبییەوە کردە کوردیی و لە ساڵی (١٩٧٩)دا بە چاپی گەیاند، کە تیایدا سەلماندنی بوونی خوا لە ڕوانگەی زانیاریی و بیردۆزو داهێنراوەکانی بواری زانستییەوە کە ئەو دەم بێ باوەڕان دەمیان لە

کوتانی نەبوونی خوا دەداو پاساوی قسەشیان بە دنیای زانستیی و پێشکەوتنی مادیەت و پشت کردنە دونیای غەیبیات دەخواست.

پاش ئەوەش گولّبژێرێکی (وتەی زاناکان و باوەڕ بەخوا)ی کۆکردەوە و لەساڵی (١٩٨٢)دا بە شێوەی نامیلکەیەکی خنجیلانە خستە بازاڕەوە کە تیایدا ڕاستی بێ باوەڕانی بەوە خاوکردەوە کە لەسەر زمانی گەورە زاناکانی ڕۆژئاوا بە وتە کاریگەرەکانیان باس لە بوونی خودایان دەکرد کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە لە بواڕەکانی خۆیاندا کە کاریان لەسەر کردووە گەیشتبوونە ئەنجامی ڕاستی بوونی وجودی خودا، کاتێ ئەو ململانێیە لە نێوان هەڵگرانی بێ باوەڕیی و یاخی بوون سەرەنجامێکی لێ کەوتەوەو فیترەتی خەڵکی دەرون پاکی کوردستان نەبوونی خوداو کردگارێکیان پێ قەبوڵ نەدەکراو بەوەش سەرکەوتنی یەکەم قۆناغ بە سەربازانی ڕابووون کەوت، پاش ئەوە ناوونانۆرەی تر لەلایەن بەرامبەرەوە بەرز کرایەوە وەک: (ئایین کۆنە پەرستییەو کۆت کردنە دەست و پێی مرۆڤەو چەوسانەوەیە لەبەردەم ئاغاوات و ستەمکارانداو، دین ئافرەت کۆیلە دەکات و لە مافە مرۆییەکان بێ بەشی دەکات) هەر بۆیە مامۆستای ڕەحمەتی لە ساڵی (١٩٨٣)دا کتێبی ناوازەی (سەربەستی لە ئیسلام)دا نووسیی و تەواوی ئەو بۆچوونە چەوتانەی بەر پەرچ دایەوەو ماف و سەربەستیی و ژیانی ئاسودەیی لە ڕێگای دینەوە کە ئیسلامە خستە ڕوو، خۆشبەختانەش هەر لەو ساڵەدا بۆ جاری دووەم چاپ کرایەوە. پاشان قۆناغی سێیەم لەکارو بانگەواز هاتە کایەوە کە بریتی بوو لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی نەوەکانمان و لە ساڵی (١٩٨٤–١٩٨٥) کتێبی (پەروەردە لە ئیسلامدا)ی چاپکرد، کە تیایدا ڕێبازەکانی ئیسلامیی بۆ پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی تیادا خستبووە ڕوو، بەشێوەیەکی ناوازەی ئاسان کە بریتی بوو لە وتووێژی شانۆییانە لە نێوان مامۆستاو باوک و کوڕێک، کە بەڕاستی بووە کەتەلۆکێك بەدەست فێرخوازان و ڕۆڵەکانی ڕابوونەکەوە بۆ پێگەیاندنیان.

پاش بریندی ئەو قۆناغەش کە بەڕاستی گەیشتنی ڕابوونەکەبوو بە قۆناغی سەرکەوتن لە دوای سەلمێنراندنی بوونی خواو ڕاستیی و دروستی ئیسلام و چۆنیەتی پەروەردەکردنی لاوان لەسەر ئیسلام، پاشان قۆناغی چۆنیەتی بەجێهێنانی پەرستش هاتە کایەوە، هەر بۆیە جەنابی مامۆستا لە ساڵی (١٩٨٥–١٩٨٦) کتێبی (خوا پەرستی لە ئیسلامدا) ی خستە بەر دەست لاوانەوەو تیایدا گرنگی پەرستشی خوای بەدیهێنەرو چۆنیەتی ئەو پەرستشەشی خستبووە ڕوو، کە ئەمیش وەک کتێبەکانی تری بوو بە سومبولی دەستی لاوانی ڕابوون.

کاتێ قۆناغ گەیشتە کۆتایی و بارتەقای ئەوەش دڕەندەیی ڕژێم گەیشتە ترۆپکە، لە ناوەڕاستی مانگی (٥)ساڵی (١٩٨٧) مەشخەڵدارانی ڕابوون بە پێویستیان زانی دوا فۆناغی جیهادو بەرگری لە میللەتی خۆیان ڕابگەیەنن ئەوە بوو لە کۆچێکی پڕ لە شکۆدا بە سەرکردایەتی کردنی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز موفەسیرو پیری دەعوەو جیهاد لە کوردستان بەرەو کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆشتن کە بەڕێز مامۆستا مەلا ئەحمەدیش یەکێک بوو لەو شۆڕە سوارانە، سەرەنجام لە دوای چەند ڕۆژێک پاش ئەوە (بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان)یان ڕاگەیاندو بەڕێزیشی بوو بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو پارتە ئیسلامییەو بوویە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و ئیتر لەوێوە هەتا کۆچی دوایی بەوەرگرتنی چەند پۆستی جیاواز وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی مەکتەبی فەتوا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندن، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی دادگای باڵای شەرعی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی و خۆش بەختانەش جەنابی مامۆستا لەسەر داوای بەڕێز ڕابەری گشتیی مامۆستا مەلا علی عبدالعزیزو ڕاسپاردەی مەکتەبی سیاسیی سەرپەرشتی پڕۆژەی یەکبوونی ئیسلامییان بە ئەو سپاردو سەرەنجام ئەو پڕۆژەیە لەسەر دەستی بەڕێزیان لەگەڵ بزووتنەوەی ڕاپەڕین هاتە ئاراوە، وە پاش لێکترازانیش بەڕێزی زۆر بە پەرۆشی یەکبوون و یەکڕیزی موسوڵمانان بوو، هەوڵی زۆریشی بۆدا، بەڵام ئەفسوس بۆ نەفس و هەواو ئارەزووی مرۆڤەکان!.

بگەڕێینەوە بۆ پێشتر جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد جگە لە سەرگەرمی بەکاری بزووتنەوەو خەبات و شاخ، زنجیرەی ڕێنومایی بۆ موجاهیدان دەنوسێ و لە چاپخانەی شەهیدانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی چاپ و بڵاودەکرێتەوە، هەروەها لە گۆڤاری "النفیر"و"جەماوەر" دا بابەتە بە پێزەکانی بڵاو دەکردەوەو هەمیشە لە بواره گرنگ و جێی دەمە قاڵەکاندا ڕاپرسی بەجەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز دەکردو بەڕێزیشی لە دوای دیراسە کردنی بابەتەکەی پەسەند نامەی بۆ دەنوسی، وەك لە نامیلکەی (گۆرانی و مۆسیقا) لە بەر ڕۆشنایی فەرمودەدا، (حوکمی چوونە ناو پەر لەمان و وەزارەت، حوکمی شەرع لە بارەی ئافرەتانی مێرد ون بوو و بێ سەرو شوێن) و...هتد.

هەروەها لەسەرو بەندی دروستبوونی پەرلەمان و هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن جەماوەرەوە بۆ نەکەوتنە هەڵەی هاوڵاتیان لە ڕوی شەرعییەوە نامیلکەی (ڕێزی بەیعەت لە ئیسلامدا) ی نوسیی و چاپ کرا، کەتیایدا چونیەتی تەشریع و حوکمی تەشریع و هەڵبژاردن و کێ دەبێت هەڵبژێردرێت و چ دەستورێك هەڵبژێردرێت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ڕوونکردبوویەوە، بەو جۆرە مامۆستا مەلا ئەحمەد جگە لەوەی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەدا لەخزمەتی جەماوەری کوردو وڵاتەکەیدا بوو، بە نوسینەکانیشی لە بەرژەوەندیی و ئاسودەیی میللەتەکەیدا بوو.

دوا قۆناغی ژیانی کە پیایدا تێپەڕی نوسینی تەفسیری قورئانی پیرۆز بوو بە زمانی شیرینی کوردی بە کورتیی و بە پوختی کە لە ساڵی (١٩٩٢)دا دەستی بە نوسینی کردو لە ساڵی (٢٠٠٥)دا کۆتایی پێ هێناو، بەڵام ئەفسوف مامۆستا بە چاوی خۆی بەچاپکراوی نەیبینی، بەڵام ئەوە بۆ ڕۆڵەو نەوەی میللەتەکەی نوسیی و ان شاءالله دەبێتە سومبولی دەستی لاوانی میللەتەکەی بۆ ڕێگەی بەختەوەری.

* مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕەحمەتی خاوەنی یەك خێزان بووەو (٩) منداڵی لەدوای خۆی بەجێهێڵاوە بەناوەکانی: (فاروق و عیرفان و صهیب و محمدو سومەیەو نوسەیبەو

هـوداو کۆچـەرو هەدیـە) کـە سـوپاس بۆخـوا جێدەسـتیان دیـارە بەتایبـەت لـە بـواری خزمەتکردنی پرۆژەکانی مامۆستادا..

ڕۆحت هەمیشە شادو ئاسوودەبێت و بە یارمەتی خوا هەمیشە ڕێگاکەت بەر نادەین .
وَسَلَامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ مَاتَ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا.

● نۆیەم: م. صلاح الدین بابەکر ئەندامی (م.س)ی یەکگرتوو:

مامۆستا مەلا ئەحمەد کەسایەتیەکی دیارو کاریگەری ناو رابوونی ئیسلامیی کوردستان بووە

جـەنابی مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەد کاکـە مـەحمود یـەکێك بـوو لـە زانـاو نوسـەرە بـە ناوبانگەکانی کوردستان، مەرحوم هەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە قەڵەمـە بـە بڕشـت و کوردییـە پاراوەکەیـەوە خـۆی لەسـەر گۆڕەپـانی کـاری ئیسـلامی کوردسـتاندا سەلماندووە، نووسین و کتێبەکانی بوونە سەرچاوەیەکی باوەر پێکراو بۆ گـەنج و لاوانـی ئەو کاتی بێداری ئیسلامیی، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەپێش چاو بگرین کـە ئەوانـەی لـەو کاتەدا بە زمانی کوردی دەربارەی ئیسلامیان دەنووسی کەم بوون، هەر لەبەر ئەوە ڕۆڵی نوسین و کتێبەکانی مەرحومی مامۆستا ڕۆڵێکی بەرچـاوو کاریگـەریان هـەبوو. لەلایـەکی دیکـەوە مـەرحومی مامۆسـتا بەیـەکێك لـە سـەرکردە دامەزرێنـەرەکانی بزوتنـەوەی ئیسلامیی لە کوردستاندا دادەنرێت و لەو پێناوەدا هیجرەت و جیهـادی لـە پێنـاو خـوای گـەورەدا کـردووەو تـا دوا سـاتی ژیـانی لـەو ڕێگەیـەدا بـەردەوام بـووەو کـۆڵی نـەداوە. مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەد کاکـە مـەحمود کەسـایەتیەکی دیـارو کاریگـەری نـاو رابـوونی ئیسلامیی بووە لە کوردستانداو لە هەمانکاتدا زانایەکی ڕووناکبیرو موفەسیرو موجاهید بـووە، خـەمخۆرێکی دڵسـۆزی میللەتەکەشـی بـووەو هـەموو ژیانیشـی بـۆ خزمـەتکردنی پەیامی ئیسلام و خـەڵکی کوردسـتان تـەرخان کردبـوو.، بێگومـان بـە لـە دەسـت دانـی

ئاوەها کەسایەتیەك بۆشایی دروست دەبێت، ئومێد دەکەین خوای گەورە ئەم بۆشاییە بە مامۆستاو مەلای زاناو تێکۆشەر پڕ بکاتەوەو پایەو پلەی مەرحومیش لە بەهەشتدا بەرزتر بکات.

● دەیەم: مامۆستا مەلا حەسەن شەمێرانی :

لە روانگەی سێ ئایەتی قورئانەوە تیشکێک لەسەر ژیانی جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود

الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على روح مرشدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم.

یەکەم: خوای گەورە فەرمویەتی: (فلولا نفر من كل فرقة منهم طائفة ليتفهوا فى الدين، ولينذروا قومهم إذا رجعوا اليهم لعلهم يحذرون). ئەم ئایەتە پیرۆزە داوا دەکات و ئیمانداران هەڵئەنێ کە هەر کۆمەڵگایەك چەن کەسێ دەرچن لە مالّی خۆیان و دوور کەونەوە بە نیازی وەرگرتنی زانستی شەرعیی و تێگەیشتن لە ئاییینی پیرۆزی ئیسلام و دواتر بگەڕێنەوە ناو خزمان و میللەتی خۆیان و ئامۆژگاریان بکەن بەهیوای گەڕانەوەیان بۆ لای پەروەردگاریان. جا بەراستی مامۆستا مەلا ئەحمەد من لە کۆتایی شەستەکانەوە لە نزیکەوە ئاشناییم پەیدا کرد لەگەڵیدا، هەردووکمان لە مەعهەدی ئیسلامی هەڵەبجە ئەمان خوێندو ئەو سێ سالّ لەپێش منەوە مەعهەدی تەواو کردو بینیم، هەر پێش هاتنی بۆ مەعهەد لەژیانی (فەقیەتی)دا زانستە شەرعیەکانی تەواو کردووەو زیرەکیەکی باشی پێوە دیاربوو، لەناو قوتابیەکانی مەعهەدا لە ریزی پێشەوە بوو، بە تایبەت زۆر نزیك بوو لە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان (بەرەحمەت بێ و دەرەجەی عالی بێت) و زۆر خۆشی دەویست و إهتمامی زیاد لە قوتابیانی تری پێ دەدا لەبەر زیرەکی و ڕەوشتی جوانی و ئاییندەی ڕوونی کە عادەتی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان بوو قوتابیە زیرەك و باشەکانی خۆش ئەویست و گرنگی زیاتری پێ دەدان. جا هەر لەوکاتەوە دیار بوو

مامۆستا ملا ئەحمەد باش دەستی دابووە ئەو "مهنه" پیرۆزە میهنەی وەرگرتنی زانستی شەرعی و باش ئەو ئایەتە پیرۆزەی بەسەرا تەتبیق دەبێت و خۆیی و باوکیی و ئەوانەی پاڵنەری بوون بۆ ئەو کارە پیرۆزە تووشی خێری گەورەو عاقیبەت خێر بوون.

دووەم: خوای گەورە ئەفەرمون (من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه..) واتە: لە ناو ئیماندارانداا موجاهیدان و هەڵکەوتوانێ هەیە زیاتر لە ئیمانداراانی تر ڕاستی و دڵسۆزیان تیایەو عەهدو پەیمانەکانیان دەبەنە سەر.. منیش دەڵێم: زۆرێك لە قوتابیانمان هەر لە دێرین زەمانەوە لەناو کۆمەڵگا موسڵمانەکانا ڕوویان کردووەتە ژیانی (فەقێیەتی)و زانستە شەرعیەکانیان خوێندووە و بەرگی مەلایەتیان کراوەتە بەرو چونەتە ناو کاری (مەلایەتی)، بەڵام کەمیان توانیویانە مافی ئەو (جبەو مێزەرە)یە بدەن و ئەو میراتە پیرۆزە هەڵگرن و لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە هەنگاو بنێن و باش گەیشتبن لە شەرعی خواو دواتر بە حیکمەت هەوڵیان دابێت ئایینەکە بگەیەنێ و دڵەکان (تزکیە) بکەن و ئەندامی دڵپاك و دەست پاك و داوێن پاك پێشکەشی کۆمەڵگا بکەن، لەبەر ئەوە ئەو حاڵەتەش باشتر بەسەر زانایانا تەتبیق دەبێت کە (من العلماء رجال..) لەناو زانایانا هەڵکەوتوان و موجاهیدانێ بوون کە زۆر باش مافی ئەو میهنە پیرۆزەیان داو ئەو ئەرکە قورس و گرانەیان بەجێ هێنا (إنا سلنقي عليك قولا ثقيلا) بەڵام بەدرێژایی مێژوو ئەو هەڵکەوتوانە کەمبوون، جا وا ئەزانم جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد یەکێ بوو لەو مامۆستا کەم و بەرێزانەی بە ئەرکی مەلایەتی خۆی هەستاو دەوری باشی بینی لەو مزگەوتانەی کە پێش نوێژو وتاری تیا ئەخوێندەوە بەتایبەت لە مزگەوتی گەورەی سیروان کە خەڵکێکی زۆر لە وتارەکانی سوودیان وەرئەگرت و لە دوورەوە خەڵکی بە تایبەت قوتابیان و لاوان ئەچوون ئامادەی وتارەکانی هەینی ئەبوون. وە مامۆستا زیاد لە مامۆستایانی تری مزگەوتەکان و جگە لە وتارو ئامۆژگاریەکانی مزگەوتی (نوسەر)یش بوو کەخاوەنی قەڵەمێکی پاراوو بە بڕشت بوو، لەساڵەکانی هەشتاداو بە تایبەت دوای ساڵی (١٩٨٢) یەك هێرشی فیکری مارکسیی و بێ دینی ڕووی کردە ناوچەکە بەتایبەت (اتحادی سوڤیەتی) ئەوکاتە دەوڵەتێکی زلهێزی جیهانی بوو و لەپشتی ئەوهێرشە بێ دینییەوە

بوو، هەندێ لە رۆشنبیران و قوتابیان و لاوانی ناوچەی خۆمانی گرتەوەو لەبەرامبەردا چەند مامۆستا و بانگخوازێکی کەم چوونە مەیدان و بە زمانی قەڵەم و نوسین وەڵامیان دانەوەو خەڵکیان ئاگادارکردەوە لە خەتەری ئەو بیرو بۆچوونانە، جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد یەکێ بوو لە مامۆستا کەمانەی کە چووە ئەو مەیدانەو پەڕاوی (خوا لە ڕوانگەی زانیارییەوە) و (خواپەرستی لە ئیسلامدا) و (ئاشتی لە ئیسلامدا) و (سەربەستی لە ئیسلامدا) چەند پەڕاوی تری بە سوود کە لەوکاتەدا بانگخوازان زۆر سوودیان لێ بینی و وەڵامی باش و بەهێزی تیابوو بۆ ئەوانەی لەو کاتەدا هەوڵیاندا ڕۆڵەی گەلەکەمان سەر لێ بشێوێنن. جا لەو چەند ساڵەدا جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەدو چەند مامۆستای تری وەک: (مامۆستا شێخ عزیز دەرەجەی عالی بێ) و (مامۆستا مەلا موحەمەدی شارەزووری)بە ڕەحمەت بێ) و باقی بانگخوازانی تری ئەو سەردەمە کە بە پەنجەی دەست ئەژمێرران، (بێداریەکی) باشیان دروستکردو خەڵکانێکی باش ئاگادارکرانەوە لە زوڵمی بەعس و لە خەتەری بێ دینی و وەزعێکی دینداری لە ناوچەی هەڵەبجەو سیروان و دەوروبەری دروست بوو، ئەگەر لە بار نەبرایە ئایینده‌یەکی باشتری ئەبوو، جا جەنابی مامۆستا لە بارەی لە بار بردنی ئەو وەزعەوە لە پەڕاوی (لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەک) لاپەرە (١٨٨) دەفەرموێ: (ئەشتوانم بڵێم خەڵکێکی ناحەز بە ئیسلام دروستی کرد، بۆ ئەوەی ئەو بانگەوازە لە بار بچێت چونکە بمایەتەوە بەڕاستی خزمەتێکی زۆر گەورەی تری دەکرد، لەبەر ئەوە بە بیرو بۆچوونی من لە بار بردن بوو)..
بۆیە ئەتوانم بڵێم مامۆستا لە بواری ئەو نوسینە پڕ ماناو وەڵام گۆیانەی گومانەکانی ئەو سەردەمە بەرامبەر بە ئایینی خواو وتارە پڕ ماناو بەهێزو بوێرەکانی زانایەکی کەم وێنە بوو، دەوری ئیجابی باشی بینی و تا ئێستاش نوسینەکانی جێگای سوودی هەمو لایەکە.
سێ یەم: خوای گەورە دەفەرموێ: (لا يستوي منكم من أنفق من قبل الفتح وقاتل أولئك أعظم درجة..) لە ڕوانگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە دەردەکەوێ کە لەخەباتی ژیانی میللەتان و شۆرشەکانیاندا دوو قۆناغ بەدی دەکرێت، قۆناغی سەخت و پڕ ترس و سامناك کە قۆناغی پێش سەرکەوتنە، وە قۆناغی دوای سەرکەوتن کە ئەو سەختیی و ترس و

نارەحەتییانەی نامێنێ، بۆیە قورئانی پیرۆز هاوڕێکانی پێغەمبەر ﷺ دەکاتە دوو دەستە: ئەوانەی پێش رزگارکردنی مەککە بەگیان و مالّ و سامانیان خەباتیان کردووە، وە ئەو دەستەیەی دوای رزگاری مەککە هاتنە ریزەوەو موسڵمان بوون، خوای گەورە دەفەرموێ: هەرگیز ئەو دوو دەستەیە لە پلەوپایەو پاداشتدا وەک یەک نین، ئەوانەی یەکەم پلەو پاداشتیان گەورەترە..

منیش دەڵێم: ئەم وەزعەی ئێستا دروست بووە لەم ئازادیی و حکوومەتی خۆمالّی و نەمانی رژێمی پێشوو دەستکەوتەکانی تر لە بەروبوومی خەباتی چەند ساڵەی خەباتگێرانی ئەم میللەتەیە بە ئیسلامیی و نیشتمانییەکانەوە، بەڵام لەبیرمان نەچێت ئێستا جادە فراوان بووەو ترس نەماوەو خەباتی ئێستا ئاسان بووە، ئەگەر بمانەوێ: لە سەنگینی خەباتی پێشووان تێبگەین دەبێت خەیاڵمان ببەینەوە بۆ ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکان کە رژێمی دیکتاتۆری بەعس بەشێوەی هێزو زەبرو تۆقاندنی بەکار دەهێنا، کەم کەس دەیتوانی لەژێر لێفەشەوە بیر لە دژایەتی ئەو رژێمە بکاتەوە، جا لێرەدا پێم باشە خەبات و جیهادو چالاکی مامۆستا مەلا ئەحمەد لەو روانگەوە هەڵسەنگێنین کە لەوپەڕی دەسەلاتی بەعسدا ئەو وتاری بەهێزو بوێرانەی دەداو خەڵکی هۆشیار دەکردەوە لە حەقیقەتی ئایینەکەیان و ئاشکراشە هەرکەسیش بە باشی لە حەقیقەتی ئایین تێبگات هەرگیز سەر بۆ زاڵم شۆر ناکات و نابێتە هاوکاری و خیانەت لە میللەتی خۆی ناکات و دژی داگیرکەر ئەبێت، چونکە ئایەتی قورئانە: (ولاترکنوا الی الذین ظلموا فتمسکم النار).

جا جەنابی مامۆستا ئالەو کاتە ناسک و پر ترس و حەساسەداو لەکاتی بوونی ئەو رژێمە تۆقێنەرەدا نەچووە ریزی ئەو مەلایانەی کە دنیایان فرۆشت بە قیامەت و راستیی و نەیخوێند بەبالای زاڵماندا لەبەر ترس و دوو فلسی دنیایی و فەتوای ناهەقی نەدا، بەڵکو ئازایانەو دیندارانە دینی خوای دەگەیاندو راستییەکانی روون دەکردەوە بۆ جەماوەر، خوای گەورە لێی قبوڵ کردبێت و عاقیبەت خێر بووبێت.

لەکۆتاییدا دەڵێم: (ربنا اغفر لنا ولإخواننا الذين سبقونا بالإيمان ولاتجعل في قلوبنا غلا للذين آمنوا ربنا إنك رؤوف رحيم).

● یازدەهەم: مامۆستا مەلا عبدالدائم هەورامانی:

هەڵەی ڕابوونی ئیسلامیی بەرامبەر بە زاناو پێشەواکانی

ڕەحمەتی خوا لە ئیبن و لعەساکیر بێت کە دەفەرموێت: گۆشتی زانایان ژاراوییەو دەستوری خواش لە ئابڕوبردنی تانەدارانیان ئاشکراو ڕوونە.

بە پێی دەستووری خوای گەورە زانایان ڕێزدارترن بە عیلمەکانیان لە خەڵکی تر (هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) الزمر: ٩، پێویستە تەواوی موسوڵمانان حورمەتی زانایان بگرن و ئەمە بەشێکە لەبنەمای ئیعتیقادی ئەهلی سوننەت و جەماعەت وەك شێخ عبد الرحمن سەعدی دەفەرموێ (ويدينون الله باحترام العلماء الهداة) القول السديد في مقاصد التوحيد ١٣/١.

ئەهلی سوننەت و جەماعەت نزیك دەبنەوە لەخودا بەهۆی ڕێز گرتن لە زاناکانیان و بەگەورە زانینی حورمەتیان.

بە هەرحاڵ لێرە نامەوێ نە باسی گەورەیی زانایان بکەین و نە بنەما عەقیدەییەکانی ئەهلی سوننەت.. ئەوەی گرنگە لای من وەستانە بەرامبەر بە ئەو هەڵە گەورەیەی ڕابوونی ئیسلامی تێیکەوتووە سەبارەت بە زاناکانی، بەتایبەت ئەحزاب ! ! وەلێ توخوا برایانم لە ڕابوونی ئیسلامی زوڵمم لێ مەکەن و دڵنیابن دڵێکی پڕ لەخۆشەویستی و ئەوین بۆ ڕابوونی ئیسلامیی دەنووسێ و ناصحە نەك ناقد، هەموو خەونی ڕێکبوونی ڕابوونەو تەواوی ئاهی بۆ هۆشیاریە لەبەردەم هەڵەکان و هەوڵە بۆ چارەسەری...

ئێمەی مامۆستایانی ئایینی بێنازترین کەمایەتین لەنێو ڕابووونی ئیسلامیی، کاتێ ئەو مامۆستا ئایینیەی لەگەڵ ئەحزاب نەبێ بە تێنەگەیشتوو لە دین حیساب دەکرێت و بەگوێنەدەر بەکاری خەڵکی موسوڵمان تانەدار دەکرێ، ئەوەش لەگەڵ ئەحزاب بێت بە ئیش زان و ڕێکخەری کارەکان ئەژمار دەکرێ...

زۆر مامۆستاو زانای پایەبەرزی ئەم وڵاتە لە ڕابەرایەتی ئەحزابدا بوون و هەن، وەڵێ هەتا کۆچ نەکەن ئێمە قەدریان ناگرین و باسیان لێوە ناکەین، دیارە ئەمەش بە گشتی نالێم و دەزانم لێرەو لەوێ خەڵکانێکی دیندار مافی ئەو زانایانە دەزانن و دەیپارێزن.. زۆر مامۆستاش هەن ڕابوون لە دوای مردن فەرامۆشی کردن و لە بیریدا سڕینیەوە وەك مامۆستا سید نجم الدینی هەڵەبجەو شێخ عبداللطیف بەرزنجی و...

کاتێ من ئەم ڕەخنە دەنووسم و هاوارو نرکەیەکی دڵم بۆ ئەمە دەردەبڕم خۆم بە شەرمەزار دەزانم و خۆزگەمە کە زاناکانی ئێمەش وەك سعودیە حورمەتیان لێ بگیرایەو وتەو وتارێکیان نەبوایە نەکرێتە کتێب و گەنجە بەڕێزەکانی ئێمەش لەبری تانەدان و غەیبەتکردنی زاناکانی، خزمەتی بکردنایەو پەروانە ئاسا بە دەوریانەوە بوونایە.

مامۆستا مەلا عوسمانی ڕابەر و زانای هەڵکەوتەی زەمەنی خۆی لەبیر ناچێ کاتێ هەڵەبجەی بە دڵشکاوی بە جێهێشت و لە غەریبیدا کۆچی کرد!

مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود کە بە ئاهو نزولەی تەفرەقەی صەحوەو غەمی شکستیەوە لە کنجوڕی ماڵەکەیدا وەك سجنیەك سەری نایەوە!

کە تا ئێستە من نازانم بەڵگەی بێ ڕێزی گەنجی ڕابوون بەرامبەر بەم پیرە پیاوانە چی بوو!! تۆ بڵێی دڵی پڕ خۆشەویستی ئەمانە بۆ گەنج گەردنمان لەو هەمووە غەیبەتە ئازاد بکەن !!

من خۆم وەك مامۆستایەکی ئایینی بیر ئیسلامیی دوور لە سیاسەتی پڕ درۆ و زوڵمی ئەمڕۆ، زۆر کات بەخۆم دەڵێم کێ لە مامۆستا عوسمانی ڕەحمەتی زاناتر و لە مامۆستا

ئەحمەد وتار زانترە؟ تۆ بڵێی مامۆستایانی هاوەڵم لە ئەحزابدا ڕۆژێك دەر نەکرێن و بە ئاهو نزولەی دڵی پڕ غەمیان لە غەریبیداو بە دەست زوڵمی ڕابوونی ئیسلامیەوە سەرنەنێنەوە...

پێم وابێ کاتی ئەوە هاتووە بەخۆماندا بچینەوەو گریانێك لەبەردەم هەڵەی ڕابردوودا بکەینە دیاری ڕۆحە زیندوو و زاناکانی ڕابوون، وەگەرنا مامۆستایانی ئایینی بە چ ڕوویەکەوە لەگەڵ ڕابوونی ئیسلامی بژین و بمرن...

● دوازدەهەم: مامۆستا جەمال حبیب الله ((بێدار))

نووسەرو ڕوناکبیرو دۆستی دێرینی مامۆستا

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان وتاك و تەنیا، بەدیهێنەری ئاسمان و دنیا، سەلات وسەلامی هەمیشەیی بۆسەرگیانی پاکی پێغەمبەر و کەسانی خانەوادەیی و یارانیی و شوێنکەوتووانی.

– ڕۆژی (١/٢٥/) زاینیی هەموو ساڵێك، لە بیرەوەریی منداا، ڕۆژێکی بوومەلەرزاویی سامناکی خەم ئەنگیزە، ڕۆژێکە تیایا وا هەست دەکەم کە پارچەیەك لە لەشم، بگرە لە هەناوم لێم جیا ئەبێتەوە، ئێتر ئێش وئازار و ناسۆر ئارامم لێ هەڵدەگرن،هیچ شتێك ناتوانێت دڵم ئاسوودە بکات و ئاساییم بکاتەوە. ئاخر من ناهەقم نییە و دڵتەنگیم بە هەوانتە نییە،من برادەرێك یان دۆستێکی دێرینی ئازیزم لەم ڕۆژەدا لە دەستدا کە جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودی ڕەحمەتییە.

سەرەتای یەکترناسینی من و مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق وئێران، واتە سەرەتای ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم. ئەو کاتە من مامۆستا بووم لە موجەممەعی سیروان، مامۆستا ئەحمەدکاکە مەحموودیش، تۆپ بارانی ئێران ناچاری کردبوو خورمالێ بە جێ بهێڵێ و بە ماڵەوە بێت بۆ موجەممەعی سیروان و

تیایا بگیرسێتەوە. هەر لەو کاتەدا ئێمە چەند کەسانێك بووین لە مزگەوتی ((صلاح الدین)) سەرگەرمی خوێندنی قورئان بووین بە (تجوید)ەوە، مامۆستا ئەحمەدیش خۆی کرد بە هەڵقەی قورئان خوێندنەکەداو دەستی کرد بە خوێندنی قورئان لە گەڵماندا. دیمان تەجویدێکی زۆر جوان دەزانێت و دەنگیشی لە قورئان خوێندندا زۆر خۆش و سازگارە، لە هەمانکاتدا گەڵێ نیشانەی زیرەکیی و وریایی و بە ئاگاییمان لێ بەدی کرد، دواجار داوامان لێکرد کە دەرسێکی تەفسیری قورئانمان پێ بڵێ و دەرسەکەش لە (فی ظلال القران) دا بخوێنین، ئەویش بەمە قایل بوو، دەرس دەستی پێکردو چەند سااڵێك درێژەی کێشا. جار لە دوای جار خۆشەویستی مامۆستا لە دڵی منداا زیاترو پتەوتر دەبوو، ئەویش بۆ من هەمان هەستی هەبوو، خۆشەویستیی و رێز لە نێوانماندا گەیشتە ڕادەیەك کە خێزانەکانمان، منااڵەکانمان و کەس وکاریشمانی گرتەوە، وە تا دواهەناسەی مامۆستای کۆچکردوو ئەو رێزو خۆشەویستیی و متمانەبوونە بە یەکتر هەمیشە بەردەوام بوو.

زیادەڕەویی نییە ئەگەر بڵێم دەیان وسەدان بیرەوەریی وهاوفیکریی و هاوخەمیی قووڵ چ خۆش و شیرین، چ تاڵ وترش کە لە نێوانماندا هەبووە، تا دوا رۆژی ژیانم هەر ختووکەی ژێکانی دڵ و چاڵ و چۆڵەکانی مێشکم دەدەن و ناهێڵن مامۆستا لە سەر شاشەی فیکرو خەیاڵ و بینایيم دوور بکەوێتەوە.

هەر بۆ نموونە، لە ناوەراستی هەشتاکاندا حکوومەتی عێراق مامۆستا ئەحمەدی تێ پێچا کە ئەبێ شتانێك بڵێت مەدحی عێراق و ڕەوایی جەنگی عێراق و ناڕەوایی ئێران بڵێت، بۆ ئەمەش حکوومەت لە مزگەوتی گەورەی موجەممەعی سیرواندا چەندان مەلای بانگ کردو کۆڕێکی بۆ بەستن، ئەم کارەش هەر زۆر بەسەر دەروونی مامۆستا ئەحمەدەوە قورس بوو، چونکە ئەو جەنگەی بە ناهەق و ناڕەوا دەزانیی و دەشیزانی هەڵگیرسێنەرەکەی حکوومەتی عێراقە نەك ئێران. شەوێکیان دوای نوێژی عیشا لە مزگەوتی (صلا ح الدین) لەگەڵ من و مامۆستا حبیب محمد سعید دا دانیشت و پێی

گوتین، ((برایان! وەك دەزانن دەوڵەت دەیەوێ فتوای ناهەقم پێبدات، منیش هەرگیز نامەوێ ئەو کارە بکەم، دەی ئەمە هەڵوێستێکی زۆر قورس و پڕ لە مەترسیی یە، بە ڕای ئێوە دەبێ من چی بکەم؟))

ئێمەش هەندێ دڵخۆشییمان دایەوەو نەمان دەزانی چی پێ بڵێین وچ چارەسەرێکی بۆ دیاری بکەین! ! بە هەر حاڵ، حکوومەت کۆڕەکەی ڕێك خست، مامۆستا بڕیاری دا هیچ نەڵێت، هەر یەك سەعات بەسەر گرتنی کۆڕەکەدا تێنەپەڕی و هێشتا سەرەی مامۆستا ئەحمەد نەهاتبوو، ئێران موجەممەعی سیروانی دایە بەر تۆپ و کۆڕەکە تێکچوو، بەمەش خوای گەورە مامۆستای قوتار کردو لەو تەنگژەیە ڕزگاری کرد. تێکەڵاویی و دۆستایەتی من و مامۆستا ئەحمەد ئێجگار قوڵ و بەرفراوان بوو، چونکە هاو وەڵاتی، هاو زمان، هاو دین و مەزهەب، هاوبیر و هاوخەبات، هاوکارو تەواوکەری یەکتر بووین، بە تایبەتی تر لە بواری نووسیندا، هەرچیمان دەنووسی نیشانی یەکترمان دەداو لە دنیای ڕەخنەو ڕەخنەسازییدا بۆ یەکتر هاوکار بووین و بە گوێی یەکترمان دەکرد. مامۆستا ئەحمەد لەو کاتەوە کە ناسیم، تێ گەیشتم کە کەسێکی گیان شۆڕشاویی یەو سەراپای گیان و بوونی لە شۆڕشدا شەپۆل دەدات، کە دەڵێم شۆرش، مەبەست لەو شۆرشەیە کە بە ڕووی کوفرو ناهەقیدا دەتەقێتەوە،. شۆرش لە دژی ستەمکاران و ملهوڕان..شۆرش لەپێناوی جێگیرکردنی دادپەروەریی و یەکسانیی و بە هانا هاتنی لێقەوماوان و ماف خوراواندا. بۆ گەیشتن بەو ئومێدو ئاواتە بەرزانە، مامۆستا هەموو ڕێگاو وەسیلەیەکی ڕەواو گونجاوی دەگرتە بەر، ئەوە بوو کە ووتارخوێنی مزگەوت بوو،خوتبەکانی ئاگریان دەکردەوە، خەڵك هەستی بەو دیاردەیە کردبوو، لە بەر ئەوە لەشاری هەڵەبجەوە، لە گەڵ ناوچەی شارەزوورەوە ڕوویان دەکردە مزگەوتی گەورەی موجەممەعی سیروان، هەتا لە ووتارەکانی بەهرەمەند ببن. هەموو جارێکیش بە منی دەگوت: ((حەز ئەکەم وتارەکانم هەڵبسەنگێنی و هەر تێبینی یەکیشت هەیە لە سەریان پێم بڵێیت)).هەموو جارێك داوام لێ دەکرد کە کەمێك هێمن بێت لە وتارەکانیدا و ئەوەندە بە زەقی هێرش نەکاتە سەر دەستەڵاتی بەغدا نەوەك بیگرن، بەڵام ئەو دەیگوت، کاتێك کە دەچمە سەر

(مینبر)ەکە، دەستەلأتم بە سەرخۆما نامێنێ و بە (لاإرادی) شتانێك دەلێم و ئەوەی پێی بڵێی ترس بە بیرما نایەت.

لە پاڵ خەباتی وتاردا، مامۆستا خەباتی بە چەکی پێنووس دەکرد. ئەوە بوو بە پێنووسە بە برشتیەکەی کۆمەڵێك کتێبی بە کەڵکی – کە زادەی بیری خۆی بوون – لە چاپ دان وخستنیە بازارەوەو لە دووتوێکەیاندا شۆرشێك دژ بە ستەمکار کڵپەی دەهات، خوێنەران زۆر بەتاسەوە پێشوازییان لێ کردن، هەر کە ئەیاندی دانەرەکەیان ((ئەحمەد کاکە مەحموود))ە، یەکسەر دەیان قۆستنەوە. مامۆستا هەر بەمە نەوەستایەوە، بەشێك لەکات و تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو بۆ وانە وتنەوە، ئەم ئەرکەیشی پڕ بوو لە گیان و لە پەروەردەی شۆرشگێڕانە دژ بەکوفرو ستەمکارو داگیرکەران. لە گەرمەی ئەم جیهادو خەباتەدا،مامۆستا مەوالیدی سەربازیی دەرچوو، ئەویش شێرانە ئەو فەرمانەی دایە دواوەو دەستی لە موچەو هەموو بەرژەوەندییەك هەڵگرت و بەسەری بەرزەوە ئیدامەی بە جیهادی خۆی دەدا. لە ساڵی (١٩٨٧)دا کە ڕاپەرینەکەی هەڵەبجەو دەوروبەری ڕوویدا، مامۆستا ئەحمەد لە گەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایانی ناوداری ناوچەکەو جەماوەرێکی زۆردا ڕوویانکردە ئێران و پاش ماوەیەك ((بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان))یان دامەزراند، مامۆستا چەند نامەو هەواڵێکی بۆ من نارد کە بچم بۆ ئێران و دەیگوت کە ((بەرپرسییەتی راگەیاندن))ی بزووتنەوەکەمان چاوەڕێی تۆیە،بەڵام من نەچووم و ئەم نەچوونەش نەبووە هۆی لێکتر تۆران و جیابوونەوەمان.

مامۆستا ئەحمەد لە بواری چەکداریشدا وەك سەرکردەیەکی مەیدانی ، توانای لێهاتوویی و دڵسۆزیی خۆی بۆ ئیسلام سەلماند ، ئەوەبوو لەپاڵ چەکی زمان و چەکی پێنووسدا چەکی بەرەنگاریشی کردە شان ، لە مزگەوتانی هەندێ جێگای ئێراندا تەوعیەی موسڵمانانی ئەکرد ، بەرامبەر رژێمی ستەمکاری بەعس شێرانە دەجەنگا هەتا ئەوکاتەی کە سوپای بەعس کوردستانی بەناچاری بەجێهێشت .

مامۆستا خێروبێری هیجرەت و بانگەواز و جیهادی جۆراوجۆری بۆ خۆی پچڕاند ، دەتوانم شایەتی بۆ بدەم کە لە هەموویاندا مەبەستی بەدەستهێنانی رەزامەندیی خوای گەورە بوو ، لە هەمووشیاندا نییەتی پاك و دڵسۆزیی و لێبڕانی تەواوی بەکارهێنا ، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە مامۆستا ئەحمەدیش ئینسان بوو نەك فریشتە ، ئینسانیش لە هەڵەو کەموکورتی هەرگیز بێبەش نەبووە و نابێت ، سیفەتی (کمال) یش تەنها بۆ خوای گەورەیە .مامۆستا ئەحمەد لە سەردەمێکا سەرکردایەتی دەکرد، کە ئەکرێ بگوترێت سەردەمی شەڕو ئاژاوەو دووبەرەکیی و ململانێ و دوور لە ئاشتی و تەبایی بوو، ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی لەو شت و دیاردە زەرەر بەخشانە دەپاراست، کەچی هەر ناچاریان کردو تێوەیان گلاند. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەخێرو بێری پێکەوە ژیان و لە سوودی ئاشتی و تەبایی و برایەتیی و یەکتر خۆێندنەوە، لە ئومێدو هیوای گەل و وەتەنەکەی نائومێد نەبوو، ئامادە بوو هەمیشە دەستی ئاشتی و برایەتیی بۆ بەرامبەرەکەی درێژ بکات و ناکۆکیی و دووبەرەکیی لە بیری خۆی ببات‌ەوە، کێ بێت بتوانێ رۆڵ و هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستا فەرامۆش بکات لە رۆژە سەختەکانی جەنگی براکوژیی ناوخۆدا کە ئەو بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە دەیدا؟ هۆیەکانی راگەیاندنی ئەو سەردەمە زۆر بە زەقی شاهیدی دەوری دڵسۆزانەی ئەو رۆژگارەی مامۆستا ئەحمەدن.

مامۆستا مەلا ئەحمەد – نەك بە گەواهیی من – بەڵکو بە گەواهیی واقیعی سەردەمی خۆی و بە گەواهیی مێژوو، سەلماندنی هەروەك مەلاو داعی یە، هەر بەو جۆرەش نووسەرو موفەسیرە، لەوەش گرنگتر، شۆڕشگێرو سیاسەتمەدارە، مێژوویەکی دیارو زانراوی بۆ خۆی تۆمارکرد، تا ئەو کات و ساتەی کە دڵی لە لێدان کەوت بە سەری بەرزو مێزەری سپیی و دڵی زیندوو و فیکری گەش و عەزیمەتی شاهانەوە ژیا، گوێی بە هەڕەشەو ئیستیفزازو چاو بز کردنەوەی کەس نەدەدا. لەپاڵ ئەو سیفەتە بەرزانەدا، من وەك برادەرێکی نزیك لێوەی، کۆمەڵێ سیفەت و خدەو خووی ترم لێ بەدی دەکرد،وەك: ((دەست کراوەیی و بەخشندەیی ، میوان پەزیریی ، ڕووخۆشیی ، نەفس بەرزیی ،

ئامۆژ و سەردان لەخزمان و ناسراوانی ، وەفاداریی ، بیرفراوانی ، باوەڕبوون بە گۆڕان و پێشکەوتن ، زیرەکیی وبیرتیژیی ، قەبوولْ کردن و وەرگرتنی رەخنە تەنانەت لە خودی خۆی با رەخنەکە تالْ و ترشیش ببوایە)).

کاتی ئەوەم هاتووە کە ڕوو بکەمە گیانی نەمری مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموودو وەك رۆژانی سەردەمی ژیانی دنیای بیدوێنم و پێی بڵێم: مامۆستا گیان! ئەی رەفیقە دێرینەکەم! تۆ پێڕێ بوو بەڵێنت دا بەمن کە ئەو کتێبەی لێم داواکردیت، لە گەڵ کتێبەکەی خۆم بهێنیتەوە.. ئاخر من و تۆ چاوەڕوانی دەرچوونی تەفسیرەکەی تۆ و فەرهەنگی من بووین..دەی خۆ نەخشەی نوێی داهاتوومان دادەڕێژا..هەی بێ بەڵابی! کەی باسی کۆچ و سەفەرو فیراقمان کرد..؟ ئاخر کەی وەخت و وادەی لێك بڕان و دوورکەوتنەوە بوو؟ دەی خۆ خواحافیزییمان لێکتر نەکرد؟ هێشتا زۆربەی ئومێدو ئاواتەکان گۆپکەو پا ژەرەژ بوون و نەکرابوونەوە.. چۆن وا بە پەلە چووییت و بە جێت هێشتین؟ ئاخر گیانەکەم کەی کاتی سەفەر بوو.. کەی ..

تو لوای منت ئاستا پەی خەما　　چند خەمی وەروو هیشتای هەر کەما

چێش جە گرەوای ژیرم کەرۆوە ؟　　چێش هەن بتاوۆ تۆم ویر بەرۆوە ؟

ئەی مامۆستا دلسۆزەکەی رابوونی ئیسلامیی! خۆزگە من و کەسان و خزمان و دۆستان و شوێنکەوتووەکانت دەمانتوانی بە ڕێك و پێکیی..ئازایانەو دوور لە ترس..مەردانەو ژیرانەو وەفادارانە.. بەو جۆرەی کە خواو پێغەمبەر (د.خ) پێیان خۆشە، ڕێگە پاکە چاکەکەی تۆمان بگرتایەو تا دوا هەناسە بەرمان نەدایە. تۆ چووییت و بە جوانیی جێگای خۆتت کردەوە.. دەك جێگات فردەوسی بەرین بێت.. خوای گەورە ئێمەش بێ بەش نەکات.

● سیازدەهەم: م.وەرزێر حەمە سەلیم ، نوسەرو روناکبیر:

مردنی زانایەک مردنی جیهانە.!

کێ هەیە دەرك بەو کەلێنە گەورەیە نەکات کە پاش مردنی زانایەك شوێنی خۆی لە ژیاندا دیاری دەکات؟

هەزاران ڕەحمەت لە گیانە پاکەکەی جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحمود کە بەرێزیشیان یەکێکە لەو کەڵە زاناو ڕۆشنبیرانەی پاش مەرگی خۆیان کەلێنێکی گەورەیان جێ هێشت و مەگەر سەبووریی و دڵخۆشیمان تەنها بەو جێ دەست و ئاکارە جوانانەی بێت کەپاش خۆی بۆ هەموو موسڵمانانی کوردستانی جێهێشت و هەتا مردن لە بریتی خۆی لە هەموو جومگەکانی ژیاندا لە گەڵماندا دەژین و بۆ کەسی عاقڵ و هۆشمەند تا ئەبەد دەبنە پێشەنگ و ڕێ ڕۆشنکەرەوەی ژیانیان.

لە ڕاستیشدا مردنی کەسانێك هەیە ژیان دروست دەکات، جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەدیش یەکێکە لەو زاتانەی بە مردنی خۆیان ژیانیان بۆ ڕێبوارانی ڕێبازەکەی خولقاندووە و چرایەکی پرشنگداری لەسەر ڕێگەی کاروانە پیرۆزەکەی ئیسلام بۆ بە جێ هێشتووین.

من جەنابی مامۆستام سەرەتا لە ڕێگەی ئەو کتێب و نامیلکانەیەوە ناسی کە لە ساڵەکانی ١٩٨١ و ١٩٨٢ دا بلاۆ بوونەوەو بەچاپ گەیەنران، کە بەڕاستی خوێندنەوەیان گوڕو تینێکی زیاتری بەخوێنەران بەگشتی و ئەو کەسانەش بە تایبەتی دەبەخشی کە لەنێو ڕابوونی ئیسلامی ئەوکاتەدا کاریان دەکرد، پاشان زانیم ئەو کەڵە نووسەرەی کە ئەو وتە جوانانەی نووسیوە وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتێکە لە کۆمەڵگەی سیروان، هەربۆیە پاش ئەوە هەتاوەکو بوارم هەبووبێت هەموو ڕۆژانێکی هەینی لە هەڵەبجەوە دەچوومە سیروان و لەخزمەت ئەودا نوێژی هەینیم دەکرد، ئەو کەسەی لەو کاتەدا گوێی لە وتارو ئامۆژگاریەکانی ئەو بوایە، دەیزانی ئەم مامۆستایە چەند بوێرو ئازایەو

چاونەترسانە لەو زەمەنی جەبەروت و ئەوپەڕی هێزو دەسەلاتی بەعسدا بەگژ پیلان و کارە نەگریسەکانی ڕژیمدا دەچوویەوەو موسڵمانانی لە زوڵم و ستەمی بەعس و سەدام ئاگادار دەکردەوەو هۆشیاری دەکردنەوە. ئەوە سەرەتای ناسینی من بوو بە جەنابی مامۆستا هەرچەند لەو کاتەدا بواری ئەوەم بۆ نەڕەخسا کە ڕووبەڕوو لێی نزیك ببمەوە تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٩١ – ١٩٩٢ لە هەڵەبجەی تازە بەخزمەتی گەیشتم و لێی نزیك کەوتمەوەو ئیدی لەو ڕۆژەوە من بوومە قوتابیی و ئەویش مامۆستام، ئاشنایەتی و دۆستایەتیمان پاش ئەوەش زیاتر بوو کە لە سلێمانیەوە هاتمەوە هەڵەبجەو وەك ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن و بەڕیوەبەری تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی دەست بەکار بووم.

بەرێزیان لەو ماوەیەی کارکردنمدا لە ڕاگەیاندنداو بە تایبەتیش لە بەرێوەبردنی تەلەفزیۆنەکەدا وتەیەکی ئاڕاستە کردم کە هەتا مردن لە زاکیرەمدا دەمێنێتەوەو لەو کاتەشدا هێندەی تر گوڕوتینی زیاتری پێبەخشیم لە کاری ڕاگەیاندنداو کە فەرمووی: (لەو ڕۆژەوە تۆ بوویتە بەڕێوەبەری ئەم تەلەفزیۆنە، ئینجا هەستم کردووە بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕاگەیاندنی هەیە..).

ئەم ووتەیە مەگەر تەنها لە کەسێکی پاکی وەك جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد بوەشێتەوە، ئاخر ئەو خۆی یەکەم کەس بوو کاری ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامیی لە ئەستۆ گرتبوو.

هەمیشەش شانازی بەوەوە دەکەم کە مامۆستا منی وەك یەکێك لە کوڕەکانی خۆی سەیر دەکردو هێندە متمانەی پێم بوو لەگەشت و سەردانە خێزانیەکانی خۆیدا هاوسەفەرو هاوشانی دەبووم ئەوەندەی لەو کاتانەدا ئەگەر چاومان بە یەك بکەوتایەو سەفەری بکردایە داوای لێدەکردم بەشداری سەفەرەکەی بکەم، کە ئەمەش بۆ من فەخرو شانازیەکی گەورەیەو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە.

جەنابی مامۆستا لەو کەسانە بوو کە وتەو کردەوەکانی وەک یەک بوون و ئەو کەسێک نەبوو تەنها قسە بکات و کاری لە گەڵدا نەکات، هەر بۆیە پاش هەست کردن بە زەرورەتەتی کارێکی ڕێکخراوەیی چەکداری ئیسلامی لەو کاتەدا دژ بەڕژێمی بەعس هیجرەتی کردو لەگەڵ کەڵە زانایانی وەک جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی و کۆمەڵێ زانای دیکەدا یەکێک بوو لەوانەی بووە بەردی بناغەی تەلاری بالاّ بەرزی بزووتنەوەی ئیسلامیی و لەو ڕۆژە بە دواوە چەکی جیهادی دژ بەڕژێمی بەعس کردە شان و وتە جوانەکانی ناو مزگەوت و کتێبەکانی بە کردەوە سەلماند تا ئەو ڕۆژەی بەرەو بارەگای پەروەردگار گەڕایەوە پشووی نەداو هەموو تەمەنی پیرۆزی خۆی بەخشیە ئیسلام و بانگەوازی ئیسلامی. کەواتە مامۆستا جگە لەوەی زانایەکی ئایینی و کەسایەتیەکی ڕۆشنبیرو نووسەرو موفەسیربوو، موهاجیرو موجاهیدو بانگخوازێکی بلیمەت و هەڵکەوتووی بزافی ئیسلامیی کوردستان بوو. جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد ئەڵقەیەکی نەپچڕاوی زنجیرەی ئەو هەموو زانا بلیمەت و هەڵکەوتوانەی ئیسلام بوو کە هەمیشە پێشەنگی خەبات و ڕەمزی شۆڕش و شۆڕشگێڕی چاونەترس بوون و خەباتی ئایینی و نەتەوەییان پێکەوە گرێ داوەو ماندوو نەناسانەو چاو نەترسانە لەو مەیدانەدا کاریان کردووەو تێکۆشانیان کردووە.

جەنابی مامۆستای ڕەحمەتی جگە لەوەی جێ دەستی بەهەموو جومگەکانی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان و ژیانی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەوە بە گشتی هەبووە، کەسایەتیەکی گرنگ و دیاری ناو بزوتنەوەی ئیسلامیش بووەو یەکێک بووە لەپایەو کۆڵەکە گرنگەکانی ئەو بزوتنەوەیە، هەروەک چۆن ماوەی ژیانی وزەو تینێکی بەهێزی بەخشیە ئەو بزوتنەوەیە مردنیشی کۆست و کەلێنێکی گەورە بوو لە جەستەی ئەو بزاڤە ڕەسەنەدا بەجێما.

مایەی خۆشحالیشە کە جەنابی مامۆستا لە ناو بنەماڵەکەی خۆشیدا نەوەیەکی خزمەتگوزارو دڵسۆز بە ئیسلام و کوردایەتی پێگەیاندووەو ئومێدی ئەوەیان لێدەکرێت

بەشێك لەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە جەنابی مامۆستا بە مەرگی خۆی جێی هێشتووە و لەخوای گەورەش داواکارم ئەو بەڕێزانە هەمیشەو بەردەوام لەسەر ڕێبازەکەی مامۆستای ڕەحمەتی بەردەوام بن و ئەو نەوە سالّحەبن کە هەتا لە ژیاندا هەن بەکاروکردەوە جوانەکانیان تای تەرازووی چاکەکانی جەنابی مامۆستا قورستر دەرەجەی بەرزتر بکەن و خوای گەورەش مامۆستا مەلا ئەحمەد بە فیردەوسی ئەعلا شاد بکات و بەو ئومێدەی هەمووان لە بەهەشتە بەرینەکەی خوای گەورەدا بە دیداری یەکتری شادو بەختەوەر بین.

● چواردەهەم: شێخ مظهر جەعفەر سەرگەتی:

شایەتیدان لەسەر کەسایەتی زاناو دانای کوردستان

مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود

دوای وەفاتی زاناو دانای ئەم کوردستانە جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود ڕەحمەتی خوای لێبێ.. بە پێویستم زانی شتێك یان تیشکێك بخەمە سەر ئەو لایەنانەی کە کەمتر یان بە بۆچوونی من حەقی تەواویان نەدراوە، وەك شایەت حاڵێك بە پێی ئەو ماوە دوورو درێژەی کە هامراو هاوسەفەرو هاوبیرو هاوسەنگەری ئەو کەسایەتیە پیرۆزە بووم کە ئەوەش شانازییە بۆ من، وە بە بەشێکی گەورەی ئەو عیبادەت و تۆشووەی دەزانم کە لە قیامەتدا پێی سوود مەند دەبم.

بەڵێ بەندە: سەرەتای ناسینم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵە کۆتاکانی حەفتاکان کە لە ساڵی کۆتایی دانیشگادا بوو لە موصل کاتێ دەهاتمەوە لە پشووەکاندا ناو و ناوبانگی مامۆستا تازە لە دەرکەوتنا بوو، وتارە حەق بێژەکانی لەوکاتە ناسکەدا کە گوندەکان بە زۆر هێنرابوون بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان، هیچ کەس و زاتێك نەی دەوێرا بچوکترین شت بە حزبی بەعس و تەنانەت بێ سەڵەوات و دۆعای خەیر ناوی سەرکردەیەکیش ببات! من لەو کاتەدا کۆمەڵە وشەیەکم دەبیست کە مامۆستا بەکاری دەهێنان وە هەتا

کۆتـایی ژیـانی وەکـو ئـەو دای هێنـابن هـەر دەی وتنـەوە وەکـو: (تـاغوت، ملـهوران، دنیاخۆران.... هتد) ئەوەش جورئەت و ئازایەتی دەویست چونکە پێش ئەو نـەدەوتران، من لەوکاتەوە بوم بە گوێ گری مامۆستاو لایەنگریی بێ ئەوەی بی ناسـم، لـە سـەرەتای هەشتاکاندا کە لە خورمالێ و سیروان دامەزرام وردە وردە مامۆستام ناسـیی و دەچـوومە خزمـەتی، ئەمـەش نـامۆ بـوو، مـن وەکـو مامۆسـتاو مـودیرێکی قوتابخانـەی دەولـەت تێکەلاوێەکی دۆستانە لەگەڵ نەویستێکی دەولەت دروست بکـەم، تـاوای لێهـات دەبوایـە ڕۆژانە سەرم لێ بدایە کە فیراریش بوو لە سیروان، لەو کاتەوە مامۆستا منی بە دۆست و خزم و هاوڕێ قبوڵ کردو لە زۆربەی موناسەبەکان دەی نارد بە دوامدا، بـە تایبـەت دوای هجرەت لە ساڵەکانی ١٩٨٧ بۆ ئێران زیاتر تێکەڵیم لەگەڵ مامۆستا پەیدا کـردو هەمیشـە منی لە کەسە نزیکەکانی حساب دەکـرد، تەنانـەت لـە زۆربـەی کـارو چـالاکیی و هەنـدێ جاریش لە شتە شەخصیەکانیدا پـرس و ڕای پـێ دەکـردم وە قسەشـی لـێ وەردەگـرتم ئەمەش شانازی بوو بۆمن.

ئەو ماوە دوورو درێژەی کە کاری بزووتنەوەمان پێکـەوە بـوو، دەریایـە یادگـاری تـاڵ و شیرینی حزبی و شەخصیمان هەیە، ئەوانە هەموو هەڵ دەگرم بـۆ نووسـینەوەی ژیـان و بیرەوەری خۆم ئەگەر خوای گەورە مەودای دام.

ئەو بابەت و لایەنانەی کە من دەمەوێ هەندێ تیشکی بخەمە سەر بە کورتی کـە نـاتوانم حەقی خۆیشی بدەم تەنها حەز دەکەم بەشدارێك بکـەم لـە نووسـینی بەشـێك لـە ژیـانی پیرۆزی مامۆستادا...

(١) وەفاداریی/

یەکێك لە سیفەتە گەورەکانی مامۆستا کـە مـن پێـی سەرسـام بـووم پـێش ئـەویش ئـەو سیفەتەم بەو شێوەیە نەبینی بوو لەلای خەڵکانی تر، هەرچەند مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم تەمەنێکم تێ پەڕاندوەو کەسایەتی و خەڵکێکی جیا جیام بینیوە تا ڕادەیەکیش تێبینـی لێکچوون و جیاوازیم هەسـت پێکـردووە، بـەڵام ئـەم سـیفەتە زۆر لـە مامۆسـتادا ڕەنگـی

دابوەوە تەنانەت بو بو بە بەشێك لە مامۆستا، بەرامبەر بە خزم و دۆست و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی، هەمیشە بەشێك لە کاتە زێڕینەکانی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرد، بەڵێ هیچ کەسی نەدەپەڕاندو سەردانی گەورەو بچوکی دەکرد بە تێکڕا ئاوڕی بە پێی توانا لێ دەدانەوە، تەنانەت سەری لە هاوڕێ کۆن و خزمی جیاواز لەو دەدا، جاری وا هەبوو سەردانی خەڵکێکمان دەکرد دەی فەرموو لە کاتی فەقێیەتیدا خزمەتی من و فەقێیانی کردووە، وە یان کاتێك مەلای فلاّن دێ یان شار بووم، بەڵێ مامۆستا ئەو سیفەتە وای لێ کردبوو خەڵکە جیاوازەکانیش خۆشیان بوێت گوێی لێ بگرن، هەر فرسەتێکی بوایە بە منی دەفەرموو فلاّنە کەس رەئیت چیە سەردانی فلاّنە خزم یان لێپرسراو یان دۆست یان نەخۆش یان تەعزیە بکەین.

بەڵێ مامۆستا قوتابخانەیەکی وەفا بوو بەلای منەوە، چونکە بە کردەوە ئەمەی چەسپاندبوو بە پێی ئەو ماوەیەی کە لە گەڵیدا ژیام وە شایەتم لە سەر ئەو حاڵە.

(٢) لایەنی دووەم کە پێم خۆشە لایەکی لێ بکەمەوە، کەسایەتیی و عیزەت و گەردن بەرزی مامۆستا بوو بەرامبەر بە ناحەق وە بە پێچەوانەشەوە بەرامبەر بە حەق.

مامۆستا خاوەنی عزەتێکی بەرز بوو بەڕاستی ئایەتی: (ولله العزة ولرسوله وللمؤمنين...)ی جێ بەجێ کردبوو، ئەوەش وەکو خۆی دەی فەرموو ئامادەم لە بەر خاتری ئیسلام تیا بچم بەلاّم کەسایەتی و عیزەتم لە کەدار نەبێت، پێی خۆش بوو لە برسا وەفات بکات بەلاّم تەنازولێکی عیزەت تەنانەت بۆ نزیك ترین کەسیش نەکات، بۆیە زۆرجار ئەم وتەیەی پێشەوا شافیعی دەهێنایەوە (ئەگەر بزانم ئاو خواردن لە شەخصیەتم دادەبەزێنێ ئاو ناخۆمەوە تا دەمرم) بەڵێ ئەویش بەو جۆرە بوو هەر ئەوەش بوو هەندێ کەس لەوانە کە ئاستی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوە و لێکدانەوەیان کەم و تەسك بوو مامۆستایان بە خۆ بەزل زان و (متکبر) دەزانی، مامۆستاش هەستی پێ کردبوو، بۆیە جارێك بە منی دەوت ئەمانە سەیرن (من دوو ئەحمەدم یەکێکیان وەکو خۆم زۆر لاوازم (گوێش نادەم هەرچیم پێ بڵێن) ئەوی تر ئەحمەدی ئیسلام بە خوا ئەمەیان لە کەدار

ناکەم ئەگەر مـاڵ و منـاڵیشـم لـەو پێنـاوەدا تیـا بچـێت) لەبـەر ئـەوە ئەوانـەی وا دەڵـێن حەواڵە بە خوابن، بەڵێ بەڕاستی مامۆستا سەربەرز بـوو، گـەردن بـەرز بـوو، وەکـو چـیا بـەرزەکانی کوردسـتان، تەنانـەت خەفـەتی زۆری دەخـوارد ئەگـەر سـوکایەتی و کـەم عیزەتـی بـە خـزم و هـاوڕێ و هاوسـەنگەرێك یـان ناسـراوێکیەوە بدیایـە، هەمیشـە دژی هەندێ کاربوو کە یەکێ بیکردایە و کەسایەتی پێ بهاتایەتە خوارەوە، زۆرجار ئامۆژگاری ئەوەی دەکردین، با کارەکە حەاڵێش بوایە دەی فەرموو ئێمـە لەسـەر ئیسـلام حیسـاب کراوین، دەی ئیسلام هەمووی عیزەت و شەخصیەتە، زۆرجار پێشـمەرگەی بزووتنـەوەی بانگ دەکردو ڕێنوێنی دەکرد، ئەگەر کارەکەی بـە دڵ نەبوایـە دەی وت بزوتنەوەکـەمان لە کەدار مەکە، تازە تۆ خۆت نیت تۆ بزووتنەوەیت.

(٣) بواری سێیەم: زۆر بەکەمی ئاماژەی پێ دراوە لـە گۆڤـاری مـەردی ڕێ دا، پـاکیی و دەست پاکی و نەفس پاکی مامۆستایە.

مامۆستا لە ئەوەڵی ژیانییەوە تا وەفاتی ئەوەی کە من بزانم خاوەن سەرمایەو دارایەکی ئەو تۆ نەبوو کە بەشی ژیانێکی مام ناوەندیشی بکات، وە هەمیشە بە پێی ئەو مەوقیفـە تووندو تۆاڵنەی لە هەموو کاتەکاندا بە فەقیری ژیاوە، "پشت گوێ خـراوە" وە خەمیشـی بۆ نەخواردوە، کاتێکیش کە لێپرسراوی دارایی بزووتنـەوەش بـوو وەکـو شـایەت حاڵێك پێی خۆش نەبوو نە دارایی لە لا بێ، تەنانەت دەستیشی لێ بدات، تا ئەو کاتەی کە مـن لە گەڵیدا بووم، وە بچوکترین کارێك یان تێبینیەکم لە مامۆستا نـەبووە لـەو ڕووەوە، وە ئەوەنـدەش دەسـت پـارێزی و حـەزەری دەکـرد لـە سەفەرەکانیشـمانا زۆرجـار ئـەو پێشمەرگانەی لە گەڵمان بووە گلەیی و گازندەیان لێ دەکردین کە خـواردنی چـاکیان بـۆ نـاکڕین یـان برسـیان دەبـێ وە ئەمـەش زۆر ڕاسـت بـوو بـۆ نموونـە لـە سـەفەرێکماندا پێشمەرگەکان دادیان بۆ من هێنا با ئەمجارە خواردنێکی باشیان بۆ بکـڕین، مامۆسـتاش پێکەنی و ڕازی بوو لـە نـاو ڕێگـەی ئـەو دوو شـارە یـەك خواردەمـەنی خانـە هـەبوو کـە گەیشتین دەرەنگ بوو کابرای چێشت خانە وتی مامۆستا بەداخەوە تەنها هێلکـەو ڕۆنمـان

ماوە: بۆیە مامۆستا پێکەنینێکی جوانی کرد و وتی خوای گەورە ناتان داتێ ئێمە چی بکەین وەرن با بیخۆین.

نموونەیکی تر: لە شارەکانی ئێران بووین وەکو عادەتی خۆی سەردانی کتێبخانەیەکمان کرد لە (ئەشنەویە) مامۆستا حەبەسا لە بەردەم ڕەفەیەکی کتێبدا و بانگی کردم وتی فلاّنەکەس واللە فەقێ بووم تا ئێستە بە دوای ئەو کتێبەدا دەگەڕێم و لە هەموو شتێك زیاتر حەزم لێ کردووە ئەوەتا بۆ یەکەم جار لێرە دەیبینم، منیش وتم زۆرباشە دەیکڕین بەلاّم مامۆستا فەرمووی (بەچی؟) من وتم لەوێ پارەکەم بۆ ڕەت کەرەوە، پێ کەنیی و وتی ئەی لەوێ چۆنت بدەمەوە وازی لێ بێنە، ئەو ماوەیە کە لە کتێبخانەکە بووین دوسێ جار ڕۆشتەوە بۆلای ڕەفەکە و کتێبی لێ دەردەهێنا کە چەند مجەلەدێك بوو، بەڵێ لەوکاتەدا بیرم کردەوە و خەفەتی زۆرم خوارد کە خوایە گیان مامۆستایەکی وا بەو حەزە شەرعیەوە بۆ کتێبێکی شەرعی تۆ بە دڵشکاویەوە نەتوانێ بیکڕێ، بەڵێ هەستم دەکرد مامۆستا زۆر خەم بۆ کتێبەکە دەخوات، بۆیە مامۆستام ڕازیکرد کە کتێبەکە بێنێ بەلاّم بە پارەی بزووتنەوە نا کە (١٩) هەزار تومەن بوو، بەڵکو قەرزمان کرد بەناوی مامۆستاوە، ئیتر ئاگام لە دانەوەی ئەو قەرزە نیە، بەس دەمزانی لە دەفتەرە بچوکەکەی گیرفانیدا نووسرابوو... دوای ماوەیەکی زۆر قەرزەکەی بۆ درابوەوە...

(٤) سیفەتێکی گەورەی تری ئەو بەڕێزە ڕاست گۆیی و سەراحەت وتن و دورکەوتنەوە لە درۆو فروفێڵ و گونجاندنی ناڕەوا، هەمیشە پێی خۆش بوو سەراحەت و ڕاست گۆیی لە قسەکانیدا بێت هەرشتێکی هەبوایە بێ پێچ و پەنا دەیگەیاند، بە قەد توانینی خۆی وەعدی دەدا، لە هەر بواریکدا کەسی بە وەعدو بەڵێنی بێ جێ دەست خەڕۆ نەدەکرد، هەر بەڵێنێکی بدایە بە هەموو توانایەوە هەوڵی جێ بە جێ کردنی دەدا: ئەو وتەیەی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتابی جێ بە جێ دەکرد کە دەی فەرموو: (درۆ ناکەم ئەگەر بزانم درۆ بەرزرم دەکاتەوە کە نامکاتەوە، هەر دەم ڕاستی دەڵێم ئەگەر بزانم ڕاستی کەمم دەکاتەوە کە نامکاتەوە) مامۆستا زۆرجار گلەیی و دەردە دڵ و خەفەتی دەخوارد

بۆ هەندێ لە هاوڕێزەکانی ئەگەر بەڵێنێکی بێ جێ و وەعدێك كە هیوای جێ بەجێ بوونی کەم بێت یان نا، بە خەڵکان یان پێشمەرگەکان، زۆرجار دەی فەرموو زۆر ڕقم لە بابزانم و درۆ و وەعدی درۆ و پێچ پەنایی قسەی لێپرسراوانە. بەڵێ مامۆستا هەر لەبەر ئەو سەراحەت و حەق بێژی و گوێ نەگرتن بۆ وەعدو قسەی درۆ وای لێ کردبو هەندێك بە جۆرێکی تر لێکیان دەدایەوە و دەیان خوێندەوە.

لە کۆتاییدا:

دەڵێم لە مێژووی تازەی کوردستاندا کۆمەڵە وشەیەك: (تاغوتان، ملهوران، دنیا خۆران، زاڵمان) دەتوانم بڵێم مامۆستا جورئەتی دەکرد لە بەهێزترین کاتەکانی ڕژێمی بەعسدا تۆزی لەسەر لابردن و لە وتار و ئەدەبیات و فەرهەنگی خۆیدا جولاندنی، هەردەم بەکاری دەهێنان کە زۆر بەکەمی لەملاو لەولا یەکێکی تر دەی توانی ناویان بێنێ، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم ئەو بە سەبەبی زیندو کردنەوەی ئەو وشانەو گەڕاندنەوەیان بۆ فەرهەنگی تازە دەزانم، چونکە بە کردەوە و گوفتار یەکەم جار بە زیندویی لە مامۆستای بەڕەحمەتیم بیستن... پێیان ئاشنا بووم، لە نوسینەکاندا بەرچاوم کەوتبوون بەڵام لە وتارەکاندا لای مامۆستا ناسیمن.

بەڵێ مامۆستای بەڕێز هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت، بە مەردی ژیایت، بە مەردیش گەڕایتەوە بۆلای خۆشەویستانت، بۆ تەنها ساتێکیش دوژمنانی دینەکەت لە گەڵ ئەو هەموو فشارو دەربەدەرییەو ناڕەحەتکردنی دەروونی و جەستەیی و برسی کردنت، بەڵام شوکر بۆخوا نەیان توانی ملی بەرز و گەردنی بەرزت بە قەت تۆسقاڵێ نەوی بکەن، وە چۆکت پێ دابدەن وە بە روسوریی و گەردن بەرزیتەوە بۆلای پەروەردگارت گەرایتەوە، وە ئینشا الله هیچ گومانێکم نیە لە دەرەجەی شەهادەتت بە پێی ئەم فەرمودانە: عن ابي هريرة يرفعه (من مات مرابطا مات شهيدا...) تۆ تا دوا هەناسەت (مرابط) بویت، وە هەروەها دەفەرموێ: عن عبدالله بن نوفل قال: قال لي رسول الله (صلى الله عليه و سلم): (الميت في سبيل الله شهيد) ئەی ئەگەر ئەو مردنەی جەنابت لە ڕێی خوا نەبوبێ کامە مردن لە ڕێی خوایە..؟

کەواتە مامۆستای بەڕێز بە ئاسودەیی و دڵنیاییەوە بۆ خۆت ئیتر ئیسراحەت بکەو بحەسێرەوە، چونکە لە دنیادا حەسانەوە و ئاسودەییت لە پێناوی ئاینەکەی خوادا نەبینی و بە هەڵکەوتیش توشی نەبویت، وە ئێمە و دۆستانت لە بیربێ وەك چۆن لە دنیادا لە بیرت بوون بۆ تەنها ساتێکیش فەرامۆشت نەکردین. (من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه فمنهم من قضى نحبه ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا).

● پازدەهەم: د. أحمد نعمتي الاستاذ بكلية الإلهيات - طهران

الشيخ أحمد كاكه محمود من أقوى الشخصيات الإسلامية التي نبغت في كردستان

إن الأخ الأستاذ أحمد كاكه محمود كان من دعاة الإسلام الحقيقيين في هذا العصر، الذين يفهمون روح الإسلام الصادق، وبهذا الفهم تمكن من أن يدحض حجج الألداء بمنطق معاصر.

أعرفه رجلا أثر في الجيل الإسلامي الجديد فكريا وعمليا، وهو من أقوي الشخصيات الإسلامية التي نبغت في كردستان وأكثرها نفوذا في عقول الشباب المثقف وكان ذا تأثير بالغ في الاتجاهات والأساليب الأدبية والكتابية والخطابية.

تجاوز الأستاذ المفسر مرحلة الدعوة باللسان والقلم إلي مرحلة العمل الحقيقي حين شارك الحركة الإسلامية لتقوم بتطبيق ما دعا إليه من آراء نظرية في مجال التشريع الإسلامي حكما وقيادة ومعاملات، أعرفه متأثرا بأفكار الإمام البنا والمودودي والسيد قطب وغيرهم، كما نلاحظه في مكتوباته الممتازة وخاصة في تفسيره العملاق، كما كان متأثرا بالغ التأثير في روح الجهاد والحكمة من الأستاذ الملا عثمان عبدالعزيز والأستاذ الملا محمد بهاء الدين في المنطقة وغيرها.

نشاهد الأخ المجاهد، كثيرا يقول: لابد من وجود جماعة صادقة في دعوتها إلي الله، جماعة تقطع صلتها بكل شيء سوى الله، جماعة تتحمل السجن والتعذيب وتلفيق الاتهامات، جماعة تقوي علي الجوع والعطش والحرمان، و تقدم كل ما تملك قربانا في سبيل إقامة مجتمع الإسلام ونظامه.

للأستاذ أحمد في كل بلد يدين بالإسلام، حواريون وأنصار يعكفون علي مؤلفاته باعتبارها أغني زاد معاصر تجمع التفكير الإسلامي الصحيح، لأن مؤلفاته واجهت بريق الحضارة الغربية من ناحية، وشخص أدواء العالم الإسلامي من ناحية ثانية.

لقد لبي أخونا المجاهد نداء ربه راضيا مرضيا بعد جهاد ظافر سيكون وسيلته إلي الحظوة برضوان الله، مع أسلافه من كبار الدعاة الذين جعلوا الإسلام شغلهم الشاغل في الحياة فاعتزوا به واعتزّ بهم وسيكون موضع مباهاتهم الفاخرة يوم يقوم الناس لرب العالمين.

● **شازدەهەم: تەحسین عەلی عەبدولعەزیز**

زاوای مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود "ڕەحمەتی خوایان لێ بێ".

"جُمانَةُ الْعِقْدِ وَ راسِخُ الرَّعِيلِ"

كَتَبَهُ واجِباً وَوَفاءً تِلْمِيذُهُ/ تحسين علي عبدالعزيز (رحمه الله).

أَلْحَمْدُ للهِ وَكَفَي، وَسَلامٌ عَلي عِبادِهِ الّذينَ اصْطَفي.. أَمّا بَعْدُ:

قَبْلَ نَحوِ رُبعِ قَرْنٍ تَقْرِيباً أَوْ يَزيدُ، كُنْتُ جالِساً في حُجْرَةِ أَبي رَحِمَهُ اللهُ، أَقْرَأُ عَلَيْهِ القُرآنَ وَأَتَدارَسُهُ بَيْنَ يَدَيْهِ.. إذا بِرَجُلٍ نَحيفٍ طَويلِ القامةِ إِسْتَأْذَنَ ثُمَّ دَخَلَ.. وَجَلَسَ بِإِزاءِ الْوالِدِ.. وَآثارُ الصُّحْبَةِ عَلَيْهِما بارِزَةٌ لا تَخْفي.!

لَفَتَ إنْتباهي ذلكَ التَّرحيبُ الحارُّ الّذي حَظِيَ به الْقادمُ وَأَثارَ فُضُولي، فَقُلْتُ: مَنْ هذا يا أَبَت.؟ قالَ: "عَمُّكَ" يا بُنَيَّ..! فَقُلْتُ مُتَعَجِّباً: أَوَ لي عَمٌّ غَيْرُ هؤلاءِ الثَّلاثَة.؟! قالَ: أَيْ بُنَيّ كَثيرٌ.! وَهذا مِنْهُمْ.!

تَطَرَّفْتُ جانباً وَانْشَغَلْتُ بِما كُنْتُ عَلَيْه مِنْ قِراءَةِ الْقُرْآن كَيْ أَتْرُكَهُما وَشَأْنَهُما، وَانْشَغَلا كَذلكَ بِتَبادُلِ الحَديثِ " هَمْساً "، وَلا أَكادُ أَسْمَعُ شَيْئاً سِوي صَفيرَ بَعْضِ الحُروف.. وَحَيْجَمَهُما كَذلكَ..!

خَرَجَ الْوالدُ مِنَ الحُجْرَةِ لأَمْرٍ طارِيءٍ.. وَفي هذه الأَثْناء – وَكانَ قَدَراً مَقْدوراً – واجَهْتُ مُشْكَلَةً في النُّطْقِ عِنْدَ قَوْلِه تَعالي " بِمُزَحْزِحِهِ " مِنْ سُورَةِ الْبَقَرَة، فَأَحَسّ بِها "الضَيْفُ"، وَكُنْتُ أُسارِقُهُ النَّظَرَ حَياءاً وَخَجَلاً..

تَقَرَّبَ مِنّي.! وَجَلَسَ بِجانبي وَكَأَنَّهُ مِنْ أَقْدَمِ الرِّفاقِ وَخُلَّةِ الأَصْحاب.! صَوَّبَ نُطْقي، وَصَحَّحَ خَطَأي.. وَأَتْحَفَني بِبَعْضِ النَّصائحِ الْقَيِّمَةِ في الْقِراءَة، ما زِلْتُ أَذْكُرُها، وَرَجَعَ إِلي مَكانِه في الْغُرْفَةِ بِسَكينَةٍ بَعْدَ أَنْ تَيَقَّنَ مِنْ تَجاوُزِ العَثْرَةِ وَحَلِّ الإِشْكال..!

أُسْلوبٌ في غايَةِ اللُّطْفِ وَمُنْتَهي الرِّفْقِ لَمْ أَعْهَدْهُ كَثيراً مِنْ قَبْلُ.. أَثَّرَ فيَّ وَعَظُمَ مَحَلُّ صاحِبِه في الْقَلْبِ مُنْذُ ذلكَ الحين.. فَتَعَلَّقْتُ به عاطِفِيّاً أَلْتَمِسُ رُؤْيَتَهُ مِنْ جَديد.. وَأَظُنُّهُ كَذلكَ، لأَنَّهُ كُلَّما زارَنا بَعْدَ تِلْكَ الحادِثَةِ سَأَلَ عَنّي وَقالَ بِنَبْرَةٍ طُفُولِيَّةٍ بَرِيئَة: أَيْنَ صاحِبي.؟!

هذه كانَتْ بِدايَةُ حِكايَتي مَعَ الشَّيْخِ المُجاهِدِ وَالعالِمِ الرّاسِخِ أَحْمَدَ كاكه مَحْمُودٍ رَحِمَهُ اللهُ تَعالي..

مَرَّ الزَّمانُ.. وَمَضَتِ الأَيّامُ بِتَقَلُّباتِها، هِجْرَةٌ فَجِهادٌ، كَرٌّ وَفَرٌّ وَمِن ثَمَّ تَمْكينٌ وَإِقْتِدارٌ.. وَبَعْدَ أَنْ مَنَّ اللهُ عَلَيَّ بِالتَّوفيقِ إِلي ماكانَ عَلَيْه سَلَفُنا الصّالِحُ رِضْوانُ اللهِ عَلَيْهِمْ أَجْمَعِيْنَ، وَخاصَّةً في مَسائِلِ الإِيمانِ "العَقيدَة"، شَعَرْتُ بِأَنّي أَقْرَبَ إِلي الشَّيْخِ أَحْمَدَ رَحِمَهُ اللهُ مِنْ غَيْرِه مِنَ الْعُلَماءِ الْمُعاصِرِينَ مِنْ حَوْلي، لِكَوْنِه كَذلكَ عَلَي ذلكَ الْمَنْهَجِ العَتيقِ، بَلْ: من السّابِقِينَ إِلَيْه.. وَذلكَ فَضْلُ اللهِ يُؤْتيهِ مَنْ يَشاءُ..

كُلَّما إِقْتَرَبْتُ مِنْهُ أَكْثَرَ وَدَنَوْتُ، أَحْسَسْتُ وَكَأَنَّهُ البُغْيَةُ، أَنَّهُ المُرادُ وَالمَقْصَدُ لِمَنْ أَرادَ الطَّلَبَ.. طَلَبَ العِلْمِ الشَّرْعِيِّ الصَّحيح.! إِلاّ أَنَّ الْفِتَنَ وَالْبَلايا حالَتْ بَيْني وَبَيْنَ بُغْيَتي، وَلا أُبَرِّيءُ نَفْسي، فَلِلنَّفْسِ حَظُّها مِنَ القُصُورِ.. وَلِلْفَهْمِ السَّقيمِ حَظُّهُ كَذلكَ.. فَحُرِمْتُ مِنْ خَيْرٍ وَفيرٍ، وَفِقْهٍ غَزيرٍ وِلا قُوَّةَ إِلّا بِاللهِ..!

قُلْتُ: " أَلْفَهْمُ السَّقِيمُ " لأَنَّ مُعْظَمَ الشَّبابِ النّاشيءِ، المُريد لِلْخَيْرِ، الْمُتَلَهِّف عَلَي الْإِتّباعِ، وَالْمُتَشَوِّقِ إِلَي السُّنَّة " أَعَزَّهُمُ اللهُ وَوَفَقَّهُمْ لِكُلِّ خَيْرٍ "ما إِنْ رَأَوْا بِدْعَةً صَغيرَةً مِنْ عالِمٍ أَوْ حَتّي قَوْلاً مَرْجُوحاً، وَعَمَلاً مَفْضُولاً مِنْ طالبٍ حَتّي تَرَكوهُ وَنَبَذوهُ، وَفَرُّوْا مِنْهُ فِرارَ الحُمُرِ المُسْتَنْفِرَةِ، وَحَـذَّروْا مِنْـهُ.! غافِلينَ عَمّا كانَ عَلَيْهِ سَلَفُنا أَئِمَّةُ الإِسْلامِ وَأَعْلامُهُم..!

وَلَوْ تَعامَلَ أَسْلافُنا الْعِظامُ مَعَ عُلَمائِهِمْ كَما تَعامَلْنا نَحْنُ مَعَ عُلَماءِنا، لَما بَقِيَ لِلْقُرْطُبِيِّ ذِكْرٌ، وَلِإِبْنِ الْعَرَبِيِّ إِسْمٌ، وَلِلْجُوَيْنِيِّ صَدَي، وَلِلنَّوَوِيِّ حَديثٌ وَلِلْهَيْتَمِيِّ وَالسُّبْكِيِّ وَالسُّيُوطِيِّ مَقالٌ وَاللهُ أَعْلَـمُ، رَحِمَهُمُ اللهُ رَحْمَةً واسِعَةً.. أَسْأَلُ اللهَ أَنْ يُصْلِحَ حالي وَحالَ شَبابِ الإِسْلامِ جَميعاً.. وَأَخُصُّ بِالدُّعاءِ أَحْفادَ صَلاحِ الدِّينِ..

وَبِالمُناسَبَةِ أَنْصَحُ شَبابَ كُرْدِسْتانَ بِإِسْتِدْراكِ الأَمْرِ وَإِسْتِصْلاحِ الخَطَأِ وَذلكَ بِالْإِقْبالِ عَلَى الْعُلَمـاءِ الأَجِلّاء، الّذينَ حَرَصُواْ عَلَى إِبْقـاءِ عَمَـائِمِهِمْ بَيْضـاءَ نَقِيَّـةٍ، غَيْـرِ مُتَلَوِّنَـةٍ بِـأَلْوانِ الْكُفْـرِ وَالضَّـلالِ، وَالإِسْتِفادَةِ التامَّـةِ مِـنْهُم، وَالْمُسـارَعَةِ إِلَـي الْمُثُـولِ بَـيْنَ أَيْـدِيهِمْ وَالأَخْـذِ مِـنْهُمْ، مَـعَ الْحِـرْصِ عَلَـي تَوْقِيرِهِمْ وَإِجْلالِهِم وَإِنْ تَلَبَّسُواْ بِبَعْضِ "الْبِدَعِ" وَالْمُنْكَراتْ، قَبْلَ أَنْ نَفْقِدَهُمْ وَاحِداً تِلْوَ الآخَرِ، وَلاتَ حِينَ مَنْدَمٍ.!

أَرْجِعُ إِلي حَديثي عَنْ الشَّيْخِ الْمُجاهِدِ أحمدَ وَأَقولُ: كانَ مِنْ أَهَمِّ مُمَيِّزاتِه رَحِمَهُ اللهُ، أَنَّهُ كانَ يُؤمِنُ بِجَميعِ الكِتاب، لِهذا تَجِدُهُ طِوالَ حَياتِه داعِياً إِلَي اللهِ بِعِلْمِه، مُهاجِراً إِلَيْهِ بِعَمَلِه وَمُجاهِداً في سَبيلِه بِلِسانِه وَسِنانِه.. قارِعاً رُؤُسَ العَلْمانِيِّينَ الْكَفَرَةِ وَأَفْراخِهِم مِنَ الْكَتَبَةِ المُتَغَرِّبَةِ بِقَلَمِه الْبَديعِ الْمَكينِ، الْمُؤَيَّدِ بِالْحَقِّ.. وَصَوْتِه النَّدِيِّ الْعَذْبِ النّاطِقِ بِه.. يُؤْمِنُ بِالدَّعْوَةِ كَما يُؤْمِنُ بِالجِهادِ، وَبِالْحَرْبِ كَما بِالسَّلامِ، وَبِالرَّحْمَةِ مَعَ المُؤْمِنينَ كَما بِالشِّدَّةِ مَعَ الْكافِرينَ، بِضَرْبِ الرِّقابِ وَالْوَلاءِ وَالْبَراءِ وَالْحُكْمِ بِما أَنْزَلَ اللهُ كَما بِالصَّلاةِ وَالصَّوْمِ وَالزَّكاةِ وَهَلُمَّ جَرّاً.. وَلَمْ يَكُنْ مِنَ المُنْتَسِبينَ اِلَي الْعِلْمِ زُوراً وَبُهْتاناً، المُتَعَيِّشينَ عَلَي الإِسْلامِ، مِمَّنْ يَعْبُدُونَ اللهَ عَلَي حَرْفٍ، آمَنواْ بِبَعْضٍ وَكَفَرواْ بِبَعْضٍ..! وَما أَكْثَرَهُم في كُرْدِسْتان..!

وَمِنْ دَيدَنِه كَذلكَ: رَدُّ الْمُتَشابِهِ اِلَي الْمُحْكَمِ وَالإِيمانِ بِهِمْ جَميعاً، كلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنا، بَعيداً عَنْ مَذاهِبِ أَهْلِ الزَّيْغِ وَنَزَغاتِهِم وَأَهْلِ الضَّلالِ وَشَقْشَقاتِهِمْ، وَالْكَلامِ وَسَفْسَطاتِهِمْ، وَالأَهْواءِ وَطَقْطَقاتِهِمْ..! فَكانَ بَعيداً كُلَّ الْبُعْدِ عَنِ الشُّبُهاتِ وَالشَّهَواتِ..

هذا ما لَمَسْتُهُ مِنْهُ رَحِمَهُ اللهُ تَعالي مِنْ خِلالِ تَجْرُبَتي مَعَهُ وَمُحاكاتي بِه.. لِذلكَ أَقُولُ:

كانَ مِنَ الرّاسِخِينَ.. وَما أقَلَّهُم في هذا الزَّمانِ.! هكَذا نَحْسَبُهُ وَلا نُزَكِّيهِ عَلَي اللهِ.. وَهُوَ حَسِيبُهُ سُبْحانَهُ جَلَّ في عُلاه.

وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ

هذا: وَكُلٌّ يُؤْخَذُ مِنْ قَوْلِهِ وَيُرَدُّ إِلاّ المُصْطَفَي صَلَواتُ رَبِّي وَسَلامُهُ عَلَيْهِ.. هُوَ المَتْبُوعُ في كُلِّ أمْرٍ، المَعْصُومُ مِنْ كُلِّ شَرٍ ..

إِنَّ الْحَدِيثَ عَنْ فَقِيدِنا يَطُولُ، وَلا يَسَعُ مَقامي لِأَكْثَرَ مِنْ هذا.. هَيَّأَ اللهُ لَنَا سُبْحانَهُ وَتَعالي في القابِلِ مِنَ الأيّامِ الْفُرْصَةَ المُناسِبَةَ وَالْوَقْتَ اللاّزِمَ، لِنَكْتُبَ بِشَيءٍ مِنَ التَّفْصِيلِ عَنْ مَشائِخِنا في الرَّعِيلِ الأوَّلِ، أعْلامِ الدَّعْوةِ وَالْجِهادِ في كُرْدِسْتانَ الْحَبِيبَةِ، كَيْ يَنْزِلُوا نُزُلَهُمُ الّتي لَطالَما حُرِمُواْ مِنْها، بِفِعْلِ غَبِيٍ أوْ سَعْيِ شَقِيٍ.!

وَصَلَّي اللهُ عَلَي سَيِّدِنا وَنَبِيِّنا مُحَمَّدٍ وَعَلَي آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ

● حەڤدەهەم: مامۆستا مەلا قادر قادری - ئیمام جومعەی پاوە

من و ماموستا ملا أحمد ايلان پی

تابستان سال ١٣٤٨ شمسي، ٤١ سال قبل در روستاي سرگت (حومه خورمال) در خدمت جناب حاج ماموستا شيخ صديق سرگتي اواخر كتاب سيوطي را مي خواندم روزي همراه دوستان طلبه حجره سرگت به خورمال رفتيم و ظهر در حجره خورمال دعوت جناب ملا عزت دزآوري بوديم در فاصله نماز ظهر و عصر در سايه درخت بزرك انجير كنار حوض حيات مسجد خورمال در خدمت مرحوم مبرور جناب ماموستا ملا محمدبهاءالدين جمعي نشسته بودند، شخصي غير روحاني كه بعداً مشخص شد نام وي عريف باقي بود براي جناب ماموستاو حاضرين صحبت مي‌كرد و با كلمات تازه و قديمي و ضرب المثلهاي كردي محفل را سرگرم كرده بود ما هم در كنار جمع نشستيم و در بين افراد حاضر طلبه جواني كه چند سالي از اينجانب بزرگتر بود نشسته بود حاضرين گفتند نام وي ماموستا ملا احمد ايلان پي است. اين ديداراولين ديدار و آشنائي من با مرحوم مبرور جناب ماموستا ملا احمد كاكه محمود بود.

در مدتي كه در عراق مشغول تحصيل بودم بارها جناب ماموستا را در حجره هاي مختلف شهرستان حلبجه مانند: تپي صفا، خورمال و بياره زيارت كردهام.

ايشان بيشتر با طلبه هاي دزآوري چون ماموستا ملا احمد نعمتي و ملا عزت و جناب ملا عبدالخالق محشور بود و مي گفت با هم فاميل هستيم و در ميان طلاب جناب ماموستا جزء طلبه هاي موفق و خوشنام بود. در مهاجرت علماء محترم حلبجه به ايران و حضور آنها در ثلاث باباجاني بنا به وظيفه ديني، اخلاقي و اجتماعي خود همراه جمعي از مسئولان و علماء پاوه به ثلاث باباجاني رفتيم و تمامي علماء همراه حاج ماموستا ملا عثمان را به پاوه دعوت كرديم جمعيت آنها ١٧ نفر بود و در روز ٦٦/٣/٦ كه با آخرين روز از ماه مبارك رمضان مصادف بود به پاوه آمدند آن شب مطلقاً خبري از خواب نبود و تا سحر چون خدمتگزاري در خدمت آن مجاهدان في سبيل الله بوديم و از آن تاريخ مرتب با علماء حلبجه و شهرزور و هورامان عراق بخصوص جناب ماموستا ملا احمد كاكه محمود ارتباط نزديك داشتيم و زماني كه علماء محترم حلبجه در پاوه و سرياس مستقر شدند هر روز آمد و رفت ما با آنان بيشتر و بيشتر مي شد.

به ياد دارم يك بار در آخر بهار سال ١٣٦٧ راهپيمائي عظيمي با مشاركت علماء و مهاجرين عراقي مستقر در سرياس و پاوه از ميدان مولوي پاوه به طرف مسجد جامع شروع و در كنار فرمانداري پاوه چند نفر از نيروهاي يكي از احزاب عراقي شعارهايي غير متناسب با تظاهرات سر دادند. جناب ماموستا ملا احمد خيلي عصباني و ناراحت شد و تصميم قطعي گرفت راهپيمائي را به عنوان اعتراض ترك كند علماء محترم حاضر خيلي اصرار كردند كه صبر و تحمل داشته باشد رضايت نداد. چند نفر از علماء پاوه خدمت ايشان خواهش كرديم تحمل و صبر داشته باشد باز رضايت نداد. عاقبت اينجانب گفتم «جناب ماموستا ما و جمهوري اسلامي كه صاحب خانه هستيم صبرداريم و تحمل مي‌كنيم شما كه مهمان هستيد چرا تحمل نداريد خواهش ميكنم به راهپيمائي ادامه دهيد»، خواهش را قبول كرد تا مسجد جامع با هم تظاهرات را ادامه داديم و تظاهرات و راهپيمائي با تفاهم تمام شد ولي جناب ماموستا در درون باز از وضعيت ناراضي بودند.

در طول آشنايي با ايشان، در سنندج وپاوه و كامياران بارها و بارها ديدار، گفتگو، صحبت و هم فكري داشتهايم. در جلسه فاتحه مرحوم ماموستا ملا عثمان عبدالعزيز رهبر محترم حركت

اسلامي در حلبجه خدمت ايشان رسيديم ودر سفر دوم به حلبجه در تعزيه مرحوم ماموستا ملا علي عبدالعزيز نيز حاضر ولي متاسفانه ماموستا حضور نداشت، جمعي از علماء پاوه و جوانرود در بيت آن مرحوم حاضر شديم وفاتحه اي خوانديم.

آخرين ملاقات بنده با جناب ماموستا زيارت تفسير وزين ايشان به نام رامان بود.

در خاتمه عرض مي كنم به نظر اينجانب ماموستا ملا احمد كاكه محمود فردي زيرك، هشيار، عارف، عالم، داعي، مخلص ومتواضع ودر يك جمله « كان حزن الدين رفيقه والعلم والفكر سلاحه و غمه لاجل قومه ورأس ماله قلمه والقرآن انيسه والجهاد امله »

رحمه الله عليه يوم ولد ويوم عاش ويوم مات

ويوم يبعث حياً

باسی دەهەم

پرۆژە بانگەوازییەکانی مامۆستا دوای وەفاتی

لە دوای وەفاتی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود (رەحمەتی خوای لێبێت) لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی، کەوتینە کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستاو لە ماوەی یەکساڵدا سوپاس بۆ خودا توانرا ئەرشیفێکی بەرچاو لە نووسین و وێنەو دەیان و سەدان نووسراوی مامۆستا لە گۆڤارو ڕۆژنامەو سایت و ئەرشیفی دۆستاندا کۆ بکەینەوەو سەر لەنوێ کتێبەکانی مامۆستاش لەلایەن (کاك ریاز مەحموود)ی ئامۆزامان تایپ کرایەوەو هەموو ئامادەی چاپکرانەوە..

– پاشان وەك یەکەم هەنگاو لە دوای یەك ساڵ لەوەفاتی مامۆستا لە بەرواری ٢٠٠٨/١/٢٥ زایینی دەستمان کرد بە **دروستکردن و دانانی ماڵپەڕێک بە ناوی مامۆستاوە** و سەرجەم ژیان و بەرهەم و تێکۆشانی مامۆستا لەو ماڵپەڕەدا کۆکرایەوەو بە هەردوو زمانی کوردیی و عەرەبی بلاوکرایەوە، دەتوانم بڵێم لەو ساڵەدا بوونی ماڵپەر لە ئینتەرنێت بۆ زانای ئایینی دەگمەن بوو، بەڵام سوپاس بۆخودا لە ساڵی ٢٠٠٨ وە تا ئەمڕۆ و کاتی نووسینی ئەم ژیاننامەیە مامۆستا ئەحمەد خاوەنی ماڵپەری تایبەتییەو سەرجەم ژیان و بەرهەم و هەزرو فەتواو تێکۆشانی لەو ماڵپەڕەدا کۆکراوەتەوە. **(www.ahmadkaka.org)**.

– هەنگاوی دوای دانانی ماڵپەر، **چاپکردن و پیاچوونەوەو لێکۆڵینەوەی تەفسیری ڕامان بووە**، کە تا ئێستا زیاتر لە (٥) جار هەڵەچنیی و وردبینی و خوێندنەوەی بۆ کراوە، وە بە تیراژی (١٦٠٠٠) دانە چاپ و بلاو کراوەتەوە، وە لە چاپی پێنجەمدا سەرجەم فەرموودەکانی ناو ڕامان لێکۆڵینەوەو دەرهێنانیان بۆ کراوەو وردبینیش بۆچەندین شوێنی گرنگ کراوە کە تا ئەندازەیەك جێگەی مشت و مڕی زانایان بووە، وە دەتوانم بڵێم هەرجارەو گۆڕانکاری نوێ و تازەگەری بەخۆوە بینیوە، سوپاس بۆ خودا لە هەموو کوردستاندا دەنگ و سەدای تایبەتی خۆی هەیەو جێگای ڕەزامەندی زانایان و ڕۆشنبیران و بیرمەندانە، وە نەوەیەکی لەسەر پەروەردە بووەو دەبێ، ئەوەش

فــەزڵی خــوای تاقانەیــەو زۆر منەتبــەری خــوای تاقانــەین.. وە بەردەوامیشــین لــە خوێندنــەوەو تازەگــەری لــە تەفسیرەکەداو سـالأنە لــە مـانگی ڕەمەزانـدا چـاپی نـوێ دەکرێتەوە.

– کردنــەوەی ماڵپــەڕی دەنگــی ئیســلام: ماڵپــەڕی دەنگـی ئیسـلام یەکـەمین و گەورەترین ماڵپەڕی بانگەوازی ئیسلامیی کوردیە و زیاتر لە ٥٠٠٠ بابەت و فەتوای لە خۆ گرتووە. لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی لە ولأتی بـەریتانیا دامـەزراوەو ئێسـتا سـەر بـە پـڕۆژە بانگەوازییەکانی شێخ ئەحمەد کاکە مەحموودە. **www.dangiislam.org**

– هەنگاوی دوای دروستکردنی ماڵپەر دانانی پەیجێک بوو بە ناوی پەیجی شــێخ ئەحمەد کاکە مەحموود لە ساڵی ٢٠٠٩ ی زایینـی، لـەو پەیجەشـدا بـەهامان شـێوەی ماڵپەرەکە گرنگیمان دەدا بە بەرهەم و فەتواو هزری مامۆستا ئەحمەد کاکە مـەحموود و سوپاس بۆ خودا دەورو کاریگەری خۆی هەبوو، بەو شـێوە بـەردەوام بـووین تـا کۆتـایی ساڵی ٢٠١١ زایینی، دواتر لەلایەن ئیدارەی فەیسبووکەوە بە فەرمی پەیجەکەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود ناسێنراو بە کەسایەتیەکی ناودارو ناسـراو پەیجەکـەیان ناسـاندو سوپاس بۆ خودا لە ماوەیەکی زۆر کەم و بەرچاودا لایکـی پەیجەکـەمان بەرزبوویـەوە تـا گەیشتە زیاتر لە دوو ملیۆن (٢,٥٥٠,٠٠٠) لایك ، ئیتر لەو بەرواڕە بەدواوە پـەیجی شـێخ ئەحمەدو ناوی شێخ ئەحمەد لە هەموو دونیادا بلأوبوویەوەو بەتایبەت لە کوردستان، وە لـە ڕووی بەرزبوونـەوەی لایکـەوە لـە عێراقـدا بـە پلـەی سـێیەم نـاوزەد کـراو لـە ڕووی کاریگەریشەوە لەسەر کۆمەڵگا بە پلەی حەوتـەم نـاوی بلأوکرایـەوە، وە الحمدلله ئێسـتا پەیجی شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود بەیەکێك لە پرۆژە زیندووەکانی مامۆسـتا ئەحمـەد دادەنرێ لە دوای تەفسیری ڕامان، وە بە سەدان و هـەزاران پۆسـتی زانسـتیی و وەلأمـی گومانی ناحەزانی ئیسلام لـە پـەیجی شـێخ ئەحمـەد بـلأو کراوەتـەوەو دەیـان و سـەدان

کەس لەرێی ئەم پەیجەوە گەڕاونەتەوە سەر رێگاری نووری ئیسلام و بە یاسا نورانیەکانی قورئان ئاشنا بوون، ئێستاش بە یەکەمین و گەورەترین پەیجی ئیسلامیی کوردی دادەنرێ، لێرەوە دەستی ماندوونەناسانەی ئەدمینە بەڕێزەکان دەگوشم و ڕێزو حورمەتی تایبەتیشم بۆ خوشکە دڵسۆزەکانم لە پەیجی شێخ ئەحمەد.

www.facebook.com/ahmadkakmahmood

– ئینستاگرام: یەکێکی تر لە پڕۆژە بانگەوازییەکانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود بەڕەحمەت بێت، لە مانگی (٦ ی ساڵی ٢٠١٥ ز) دامەزراوە، لاپەڕەی تایبەتی شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود لە ئینستاگرام لە ئێستادا زیاتر لە (١٩٦٠٠٠) هەزار فۆلۆو شوێنکەوتووی هەیەو یەکێکە لە لاپەڕە زیندوو چالاکەکانی سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام، زۆر زۆر سوپاسی برایان و ئەدمینانی دڵسۆزم دەکەم لە لاپەڕەی شێخ ئەحمەد لە ئینستاگرام.

www.instagram.com/ahmad_kak_mahmood

– کەناڵی تایبەتی شێخ ئەحمەد لە یوتیوب: کەناڵی فەرمی شێخ ئەحمەد لە یوتیوب لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی دامەزراوەو زیاتر لە (٩,٥٠٠) ئەندام و بەشداربووەمان هەیەو سوپاس بۆ خودا خاوەن بەرهەم و بلاوکراوەی تایبەتی خۆمانین، وە زیاتر لە (٤,٥٠٠) ڤیدیۆ لە کەناڵی شێخ ئەحمەد بڵاو کراوەتەوەو زیاتر لە (١,٦٢٠,١٧٨) بینەریشی هەبووە، وە بە دەیان زنجیرەی وەڵامی گومانەکان و زنجیرە وەرگێڕدراوەکانی دکتۆر زاکیر نایك و ئەحمەد دیدات و هەروەها وتارەکانی شێخ ئەحمەد کاکە مەحموودو شێخ محمد بەرزنجی و دکتۆر عبدالواحد محمدو مامۆستا هاوڕێ محمد ئەمین و دەیان بلاوکراوەی تر لەو کەناڵەدا بلاو کراوەتەوە.

www.youtube.com/user/ahmadkakae

– لاپەڕەی تویتەری شێخ ئەحمەد: بە هەمان شێوە دەعوەو بانگەوازی ئیسلامیی لە ڕێی تویتەری فەرمیی شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود بەردەوامەو یەکێکی تڕە لە پڕۆژەکانی تری کاری ئیسلامیی لەسەر تۆڕی کۆمەلایەتی تویتەر، لە ئێستادا زیاد لە (١٩٢٥) شوێنکەوتوو فۆلۆی هەیەو هەرچی لە پەیجی فەیسبوکی شێخ ئەحمەدو کەنالی یوتیوب بلاّو دەبێتەوە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو تویتەری شێخ ئەحمەدو سوپاس بۆ خودا لەوێش دەنگ و ڕەنگی کاری ئیسلامیی کارایە.
twitter.com/ahmadkakmahmood

– تێلیگرامی شێخ ئەحمەد: یەکێکی تر لە پڕۆژە بانگەوازییەکانی شێخ ئەحمەد لە دوای وەفاتی دانانی تلگرامە بۆ ئەوانەی کە لە ولاّتی ئێران دەژین و ناتوانن سوود مەند ببن بە بابەت و بلاّوکراوەکانمان لە تۆری کۆمەلایەتی فەیس بوك ، ئەم کەنالّەش لە (١٢ / ٧ / ٢٠١٦)وە دامەزراوەو سوپاس بۆ خودا ئەکتیڤەو زیاتر لە ٨٠٠ ئەندامان هەیەو ڕۆژانەش لە زیادکردن و گەورە بوونداید.. **@ahmadkakmahmood**

– لاپەڕەی مامۆستا لە گۆگڵ: وەك بەشەکانی تر، بەهەمان شێوە مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود (بەڕەحمەت بێت) لە گۆگڵیش لاپەڕەی تایبەتی خۆی هەیەو سەرجەم ئەو ڤیدیۆیانەی کە لە کەنالّی مامۆستا لە یوتیوب بلاّو دەکرێتەوە، ڕاستەوخۆ لە گۆگڵیش بلاّو دەکرێنەوەو سوپاس بۆ خودا ڕۆژانە ئەندامانی ئەم لاپەڕەش لە زیاد بوونداید. **plus.google.com/101503700454043002503**

– لە دوای وەفاتی مامۆستاش توانراوە چەندین بەرهەم و نووسراوی مامۆستا ئامادەو بە چاپ بگەیەنین لەوانە:

***** پەرتوکی: **ژنان و کاروباری ژنان لە ئیسلامدا**/ بەگرنگترین کتێب دادەنرێ لە بواری ژنان و کاروباری ژنانەوەو زۆربەی ئەم کتێبە بەشێوەی بەش بەش لە ماڵپەڕی

مامۆستادا بلاوکراوەتەوەو ئەکتیف ترین بەشی مالپەڕی مامۆستایە لەبەر گرنگی ئەم کتێبەو وردەکاری مامۆستا ئەحمەد لەو بوارەدا، وە بەتیراژی (٥٠٠٠) دانە لە لوبنان چاپ کراو لەلایەن مەکتەبەی رۆشنبیرەوە لە سلێمانی چاپ و بلاوکرایەوە.

* **سیاسەت لە ئیسلامدا/** یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی مامۆستا لە داوی وەفاتی، پەرتوکی سیاسەت لە ئیسلامدایە، ئەم پەرتوکەش یەکێکە لە پەرتوکە گرنگەکانی مامۆستا ئەحمەدو لە سالەکانی (١٩٨٦) نووسراوەو بەلام لەبەر گرنگی بابەتەکە لە سالی (٢٠٠٨)ی زایینی لەلایەن دەزگای پرۆژەی تیشکەوە چاپ و بلاوکرایەوە. خوا پاداشتی خێریان بداتەوە. پاشان لە سالی ٢٠١٨ی زایینی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی بۆ کرایەوەو بە هەمان شێوە چاپ کرایەوە.

* یەکێکی تر لە بەرهەمە بلاوکراوەکانی مامۆستا لە دوای وەفاتی، کۆکردنەوەی زۆربەی نامیلکەو دەستنووسە کورتەکانی بوو لە سالەکانی (١٩٨٠ی زایینی تا ٢٠٠٥ ز) و پاشان چاپکردنیان بوو لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی (**ڕوانینە ئیسلامییەکان**)، ئەم کتێبەش لەلایەن مەکتەبە (محوی٢)وەوە لە هەولێر چاپ و بلاوکرایەوەو خوا پاداشتیان بداتەوە. دواتر بۆ جاری دووەم ئەم نووسراوانەی مامۆستا خوێندنەوەو لیکۆڵینەوەیان بۆ کرایەوەو لە ژێر ناوی (وەلامی گومان و چەواشەکاری ناحەزانی ئیسلام) چاپ و بلاو کرایەوە.

* یەکێکی تر لەبەرهەمە بلاوکراوەکان لە دوای وەفاتی مامۆستا دەرکردنی دوو ژمارە (**گۆڤاری مەردی ڕێ**) بوو، ئەم گۆڤارە (٢) ژمارەی لێ چاپ کراو گرنگی دەدا بە سەرجەم بوارەکانی ژیانی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و هزرو فکری مامۆستا ئەحمەدو زیاتر لە (٧٠) کەسایەتی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازدراوەو بەدەیان بابەت لەسەر مامۆستا نووسراوو بلاو کراوەتەوە.

* یەکێکی تر لە گرنگترین بەرهەمی دوای مامۆستا کە لە ئێستادا سەرقاڵی ڕێکخستن و ئامادەکردنین **وەرگێڕانی تەفسیری ڕامانە بۆسەر زمانی فارسی** کە لە لایەن مامۆستایەکی بەتوانای شاری "سنە"ی کوردستانی ئێرانەوە ئەنجام دەدرێ.، ئەم پرۆژەیەش بە گرنگترین پرۆژەی دوای وەفاتی مامۆستا دادەنرێ و لەبەر گرنگی

تەفسیرەکەو ناوەڕۆکیی و بابەتە عەقیدەیی و فیقهیی و زانیارییە گشتییەکانی، دوای پرس و ڕاو وردکردنەوەی ئەم پرۆژەیە لەگەڵ دڵسۆزان و خەمخۆرانی ڕابوونی ئیسلامیی لە کوردستانی ئێران هەستاین بە پرۆژەی وەرگێڕانی تەفسیری ڕامان بۆ سەر زمانی فارسی، خوا پاداشتی خێری ئەو مامۆستا بەڕێزە بداتەوەو لە دڵسۆزیی و خەمخۆریی مامۆستایان و دڵسۆزانمان گەلێك مەمنونین.

* ئەو بەرهەمانەی دوای وەفاتی مامۆستا "ڕەحمەتی خوای لێبێت" ئامادەی چاپ کراون وەك لە باسی بەرهەم و نووسراوەکانیدا هێمایان پێکراوە، ئەم ژیاننامەی بەردەستانەو پاشان کۆکردنەوەو ئامادەکردنی سەرجەم فەتواو بۆچوونەکانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودە بەناوی (**بۆچوون و فەتواکانی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود**) کە زیاتر لە ٨٠٠ فەتوا دەبێت، وە ئامادەکردنی کتێبێکی تری مامۆستایە بەناوی (**کێشە کۆمەڵایەتیەکان و چارەسەریان لە ئیسلامدا**) کە زیاتر لە ٢٠٠ لاپەرە دەبێ و ئامادەی چاپە. وە هەروەها ئامادەکردنی دەستنووسێکی دیکەی مامۆستایە بەناوی (**٧٠٠ پرسیارو وەڵامی شەرعی تایبەت بە ئافرەتان**) و ئامادەی چاپە، پاشان لە ئامادەکردن و خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی چەندین دەستنووسی دیکەی مامۆستاداین وەك: (**وەڵامی گومان و چەواشەکاری ناحەزانی ئیسلام**) و (**ئیسلام یان سۆشیالیزم لە چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکاندایە**) و (**ئاشتی لە ئیسلامدا**) و (**جوولەکە بناسە**). سەرجەم ئەم بەرهەمانە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەییان بۆ کراوەتەوەو خوا یاربێت بە چاپ دەگەن. بە ویستی خودا تا کۆتایی بەرهەم و نووسراوەکانی مامۆستا مەلا ئەحمەد بەردەوام دەبین.

ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا باسی لێوە بکەین: ئەوەیە کە ئەم پرۆژە بانگەوازیانەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود لە گرنگترین و بەرچاوترین خاڵی سەرکەوتنی دوای فەزڵی خوای میهرەبان ئەوەیە: ئەم پرۆژانە پرۆژەیەکی گشتیی ئیسلامییەو مالێ و بڵنگۆی هەموو موسوڵمانێکە کە بیەوێ دەنگ و ڕەنگی لەم پرۆژە بانگەوازیانەدا بلاو ببێتەوەو خزمەتێك بە ئایین و ڕەوشتی بەرزی ئەم گەلە موسوڵمانە بکات، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان کۆمەڵ و تاقم و بیرجیاوازی نێوان موسوڵمانان، بەپێچەوانەوە ئەم

پرۆژانەی مامۆستا ئەحمەد بەتایبەت پەیجەکەی بووەتە کۆکەرەوەی سەرجەم مالّ جیایی و دەنگ و ڕەنگە دوور کەوتووەکان و بەڵێنمان داوە خوا یاربێت کە تا کۆتایی لەسەر ئەو ڕێڕەوو پەیڕەوە بڕۆین و ئاواتی گەورەی موسوڵمانان و جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود بهێنینە دی.

وقل اعملوا فسیری الله عملکم ورسوله والمؤمنون.

*** بۆ بینینی وێنەی پرۆژە بانگەوازییەکانی مامۆستا دوای وەفاتی، بروانە پاشکۆی ژمارە (١٢)**

بەشی سێیەم

دۆکیومێنت و وێنەکانی مامۆستا ئەحمەد

یەکەم: دەستنووسەکانی مامۆستا

سەرجەم تەفسیرەکەی مامۆستا
کە لە ١٣ دەفتەردا نووسراوەتەوە



ئەو دەفتەرانەی کە تەفسیری
رامانی تیا نووسراوەتەوە





نمونەی هەڵەگیری تەفسیری
رامان لە لایەن مامۆستاوە



دەستنوسێکی مامۆستا لە ساڵی ١٩٦٨ز



نوسینەوەی کتێبی زانستی (وضع) لەلایەن
مامۆستاوە لە ساڵی ١٩٦٧ز





نووسینەوەی زانستی (منطق و بلاغه) لەلایەن مامۆستاوە بە حاشیە و شەرحەوە ١٩٦٧ز



« بسم الله الرحمن الرحيم »

س :- ما هو تعريف أصول الفقه وما الفرق بينه وبين الفقه اشرح ذلك

ج :- علم يبحث عن كيفية استنباط الحكوم الأحكام الشرعية العملية عن أدلتها والفرق بينه وبين الفقه أن الأول يبحث عن ادلة الفقه الإجمالية والثاني يبحث عن احكام المكلفين من موضوع الأول ادلة الفقه الإجمالية وموضوع الثاني على المكلفين ومعلوم ان تمايز العلوم بتمايز الموضوعات ومن جهة أخرى أن الغرض من الأول معرفة كيفية استنباط الأحكام الشرعية العملية عن ادلتها فقط والغرض من الثاني هو اصول صفة الأستنباط . أو معرفة الأحكام الشرعية العملية .

س :- ما هو موضوع أصول الفقه وما الفرق بينه وبين موضوع الفقه إشرح ذلك

ج :- موضوع أصول الفقه ادلة الفقه الإجمالية وهي : الكتاب والسنة و الإجماع والقياس والاستدلال وموضوع الفقه على المكلفين من حيث كونه متعلقا لأحكام الله والفرق بينهما ان موضوع الأول متعلق بما يتعلق موضوع الثاني .

س :- ما هو الغاية من اصول الفقه ومن هو اول من دوّن فيه وما الكتاب الذي صنف اول ما دوّن فيه .



الأصح وعليه أكثر العلماء وهو المختار أن ذلك يجب وقيل بعدم جوازه وهو ضعيف جداً .

ملاحظة

هذه الأسئلة للسيد رشيد الخطيب أحد علماء موصل والأجوبة للسيد عثمان عبدالعزيز أحد علماء حلبجة .

ملاحظة

نوسینەوەی زانستی (أصول الفقه) لەلایەن مامۆستاوە کە بەشێوەی پرسیارو وەڵام لەلایەن شێخ رشید الخطیب پرسیار کراوە و مامۆستا مەلا عوسمان وەڵامی داوەتەوە لە ١٩٦٨/٩/٢٩ ز.



الحمد لله رب العالمين وما توفيقي ولا اعتصامي إلا بالله. وأشهد أن لا إله إلا الله الملك المعبود وأشهد أن سيدنا ومولانا محمداً رسول الله أفضل الرسل وسلام على رسله وحبيبك يا رب محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ورضي الله عن سادتنا القادة أعلام المهتدين خلفاء رسول الله أبي بكر وعمر وعثمان وعلي وعن بقية الصحابة والقرابة أجمعين رضوان الله عليهم. والحياء من الناس عنوانه ترك ما يشين ويلزم الظنون بخلاف الغيور أما هو في الحديث: من تقوى الله اتقاء الناس. ومن الناس من يتلذذ بذكر فسوقه وإجرامه. فيذيع لجلسائه ما ستره الله عليه وهذا حال كثير من شباب اليوم غاص ماء الحياء من وجوههم واستوت عندهم الفضيلة والرذيلة. تبلغهم عروض الفضل المنكرات وتبلغهم عروض بما ارتكبوا من موبقات ومخازي لعمري يقول ابن الكريم: إذا لم تستح فاصنع ما شئت.

إيها الناس - حياء المرء من نقص: أن لا يعد عدة في الوسيلة منه في العلانية فإن الخفي من أشرف الفضيلة. الحشمة الفضيلة عادة لها تقودها إلى كل محاسن ومن يعدم في السر عيلا يستحي منه في العلانية فليس له عند نفسه قدر. فاتقوا الله وتجملوا بالحياء وقد وضع المرصفيون الأتقياء الحديث: عن أبي هريرة رضي عنه عن النبي ﷺ - قال: الإيمان بضع وستون شعبة والحياء شعبة من الإيمان. اللهم اجعلنا ممن يلتزم بالواجبات والمحرمات. اللهم انفعنا بما علمتنا. اللهم ارزقنا الحق إلى الحق. آمين والحمد لله.

١٣٩٤/٩/١٨ هـ

-تابع حديث-

حديث ٥ حياء

الحمد لله - رتع أصحابه الأبرار بخلق الحياء. أشهد أن لا إله إلا الله أكبر السعادة للمرء متى اتخذ الحياء وسام شعار له الأخلاق الحميدة طريقاً ومناراً وأشهد أن سيدنا ومولانا محمداً عبده ورسوله كلله الله بالحياء. فحياءه الله وسلامه على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه الذين تحلوا بالحياء تخلقوا بآداب القرآن. أما بعد فموضوع الخطبة: الحياء أيها المؤمنون: إن الحياء شعبة من شعب الإيمان. وفضيلة من فضائل الإسلام وخلق من أخلاق نبينا - ﷺ - فكان أشد حياءً من العذراء في خدرها. وكان لا يواجه أحداً بما يكرهه حياءً وكرم نفس. الحياء: يبعد عن العين مظاهره وعلى الوجه أثره. من خير يحمد الخير كله ومن تحلى به ظفر بالعزة والكرامة ومن ثم ليزاحم في الحديث: الحياء وخير كله. وعن رسول الله ﷺ - على رجل من الأنصار وهو يعظ أخاه في الحياء فقال ﷺ - دعه فإن الحياء من الإيمان. والحياء لمن لا حياء له: إذا هو زينة النفوس، ليصد صاحبه عن ما يشينه، ويحمله على التحلي بجميع الخصال. يا عباد الله إن الحياء خلق الكرام وسمة أهل الشرف والمروءة وعنوان الفضل والنبل ولهو أقسام ثلاثة: حياء من الله. وحياء من الناس. وحياء المرء من نفسه. فالحياء من الله الإيمان به والخوف منه حيث نهاك. ولا يفقدك حيث أمرك. فترى الله مطلع على سرك وجهرك. لا تخفى عليه خافية من أمرك «يعلم السر وأخفى». يا رب استغفرت ذلك ملأ خوف الله عليك جوانحك فتقدم على الطاعات وتبتعد عن المحرمات. الصبي يخاف فضيحة الدنيا والمرأة ولي خاف مقام ربه جنتان». وليس من أولئك الذين تيقظوا بأيدي استقامة والصلاح أمام الناس فإذا ما خلوا بأنفسهم انقلبوا إلى المعاصي فظنوا أنهم الرقيب عليهم والله من ورائهم محيط. في الحديث: استحيوا من الله قالوا: إنا نفعل من الله يا رسول الله والحمد لله قال: ليس ذلك، ولكن الله استحيا من الله حق الحياء، أن تحفظ الحياء الرأس وما وعى، والبطن وما حوى وتذكر الموت والبلى فمن فعل ذلك فقد استحيا من الله حق الحياء.

أعوذ بالله إلى ربنا أن لنا من رحمة ولين لنا من أمرنا

وتاری هەینی مامۆستا کە لەسەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ وە بەم شێوە زۆرینەی وتارەکانی نوسیوەتەوە

دووەم: وێنەکانی مامۆستا

وێنەکانی ئەم بەشە بە شێوەی پاشکۆ بۆ ئەم ژیاننامەیە دانراوەو هەر بەشێک وێنەی خۆی بۆ دیاری کراوەو بەپێی ژمارە هێمای بۆ کراوە.

پاشکۆی ژمارە (١) : وێنەکانی باسی یەکەم



لای راست باوکی مامۆستا حاجی کاکە
ساڵی ١٩٨٨ ز -

دایە خاتوون – دایکی مامۆستا

گوندی یالانێ زێدی مامۆستا ئەحمەد

پاشکۆی ژمارە (٢):

چونە حوجرەو بریندی قۆناغەکانی مەلایەتی



سەردەمی فەقێتیی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود

جەنابی مامۆستا لەکاتی وەرگرتنی نیجازەی زانستە شەرعییەکان



پاشکۆی ژمارە (٣):

هاوسەرگیریی و پێکەوەنانی خێزان



ئاوارەیی ئێران ساڵی ١٩٨٩ ئۆردوگای دزڵی

جەنابی مامۆستاو خێزانی

مەحبووبە خان ، خێزانی مامۆستا

منداڵی عرفانی مامۆستا

پاشکۆی ژمارە (4): وێنەی مالْ و منداڵی مامۆستا

خانەوادەی مامۆستا – ئۆردوگای دزڵی

فاروق – کورە گەورەی مامۆستا

عیرفانی مامۆستا

صهیب – کوری مامۆستا

پاشکۆی ژمارە (5): سەرەتای ژیانی سیاسی مامۆستاو راگەیاندنی بزووتنەوە



دەستەی دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ئیسلامیی

جەنابی شێخ عوسمان عبدالعزیزو مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود

پەیجی شێخ
احمد کاکە محمود

کوندی یالانچێ - ساڵی 1991
ahmadkaka.org

مامۆستاو جیهادو هەوڵ و تێکۆشانی - ساڵی 1991

پاشکۆی ژمارە (6): سەردان و کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان





پاشکۆی ژمارە (٧): بەشداریکردنی لە کۆنگرەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان

کۆبوونەوەی وەفدی باسك لەگەڵ حزبی رەفای تورکیا

کۆبوونەوەی وەفدی بزووتنەوە لەگەڵ موفتی سووریا

کۆبوونەوە لەگەڵ قوتابیانی ئەبی نوور - سوریا

کۆبوونەوەی وەفدی باسك لەگەڵ بەرپرسانی لیبیا

کۆبوونەوەی مامۆستا ئەحمەد و دکتۆر فەتحی شەقاقی


almalkaka.com

پاشکۆی ژمارە (٨): مەراسیمی وەفات و پرسەی مامۆستا

پێشوازی لە میوانانی پرسەی مامۆستا – هەڵەبجەی شەهید

پێشوازی لە میوانانی پرسەی مامۆستا – مزگەوتی ڕەشاد موفتی - هەولێر

کۆتا وێنەی مامۆستا

پاشکۆی ژمارە (٩): وێنەی مامۆستاکانی

مامۆستا سەیید حسێن – یەکەم مامۆستای مامۆستا ئەحمەد



مامۆستا سەیید نەجمەدین تەها

مامۆستا مەلا موحەممەد بەهائەدین

مامۆستا مەلا فایەق ئەڵمانەیی

مامۆستا مەلا موحەممەد – ملچەور



مامۆستا شێخ نورەدین موفتی

مامۆستا شێخ خالیدی موفتی

مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز

پاشکۆی ژمارە (١٠): وێنەی کتێب و نووسینەکانی






خواپەرستی لە ئیسلامدا
بە بێنووسی: احمد کاکە محمود

نووسینی : ئەحمەد کاکە مەحموود
ئاشتی
لە ئیسلامدا
چاپی یەکەم
١٩٩٢م - ١٤١٢هـ

دوا رۆژی ستەمکاران
لە ئیسلام دا
ئەحمەد کاکە مەحمود
1985 - 1405


پرۆژەی تیشک 34
ئیشک
پرۆژەی تیشک 34
سیاسەت
لە ئیسلامدا
ئەحمەد کاکە مەحموود


نووسینی : ئەحمەد کاکە مەحمود
ڕێزی
بەیعەت
لە ئیسلامدا
چاپی یەکەم
١٩٩٢م - ١٤١٢هـ

ئیسلامییەکان
و
پەرلەمان و وەزارەت
أحمد كاكه محمود


گۆرانی و مۆسیقا
لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەکاندا
نووسینی
احمد كاكه محمود

زنجیرەی بەرهەم و نووسراوەکانی مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمود (٥)
ڕوانینە ئیسلامیەکان
بۆ کۆمەڵێک باس و بابەتی هاوچەرخی جۆراوجۆر
ئەحمەد کاکە مەحمود
چاپی یەکەم
١٤٣٤هـ - ٢٠١٣ز


ژنان و کاروباری ژنان
لە
ئیسلامدا
ئەحمەد کاکە مەحموود
چاپی یەکەم
١٤٣٠ کۆچیی
٢٠٠٩ زایینی
ئەحمەد کاکە مەحموود
ژنان و کاروباری ژنان لە ئیسلامدا
چاپی یەکەم
تەفسیری
رامان
لە ماناو مەبەستی قورئان
ئەحمەد کاکە مەحموود


پانۆراماى نەزمونێکی بەرهەمدار
1986 - 1406
ئیسلامدا
سیاسەت لە ئیسلامدا
دوا رۆژی ستەمکاران لە ئیسلامدا
تەفسیری رامان
1992

پاشکۆی ژمارە (١١): وێنەی سەردەمی بانگەوازو دەعوەو ئیرشاد

ahmadkaka.com
مزگەوتی سیروان - سانەکانی 80

ahmadkaka.org

چەند وێنەیەکی جوان و دەگمەنی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود (رحمه الله) (١٩٥٠ بۆ ٢٠٠٧)









شيّخ أحمد كاكه محمود
رحمه الله

پاشکۆی ژمارە (١٢) وێنەی پرۆژە بانگەوازییەکانی مامۆستا دوای وەفاتی

مالپەڕی فەرمی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود

پەیجی فەرمی شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود



چەناڵی یوتیوبی شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود

لاپەرەی تویتری شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود

تلیگرامی شێخ ئەحمەد



ئینیستاگرامی شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود

پێڕست

وتەیەکی پێویست..... ٣
دارشتەی ژیاننامە..... ٦
دەستپێك..... ٨
بەشی یەکەم: ژیان و بەسەرهاتی کەسێتی مامۆستا..... ١٣
باسی یەکەم: ناوو کەسناوو نازناوو ڕەچەڵەکی..... ١٤
باسی دووەم: پێگەیشتن و تێگەیشتنی مامۆستا..... ١٥
باسی سێهەم: چوونە حوجرەو قۆناغەکانی..... ١٦
باسی چوارەم: هاوسەرگیری مامۆستا..... ٢٢
باسی پێنجەم: وەچەو نەوەکانی مامۆستا..... ٢٤
باسی شەشەم: ڕەوشت و ئاکارەکانی مامۆستا..... ٢٦
کەسایەتی و ڕەنگ و شێوەو ڕوخساری..... ٢٦
مامۆستاو هەڵسوکەوتی لەناو مالّ و منداڵیدا..... ٢٧
مامۆستاو وەفاداریی و میوانداری..... ٢٨
مامۆستاو میهرەبانیی و چاوپۆشی..... ٢٩
مامۆستاو عیززەت و ویقار..... ٣٠
مامۆستاو کاری حیزبایەتی..... ٣٢
مامۆستاو هزری جیهاد..... ٣٣
ڕێزو حورمەتی مامۆستا لە زانایان..... ٣٥

کاریگەری کەسایەتیە ئیسلامییەکان لەسەر مامۆستا..... ٣٦

مامۆستا و گۆڤگرتن لە رادیۆو تەلەفزیۆن..... ٤٠

ئەوەی مامۆستای زۆر زۆر بێتاقەت کرد !..... ٤٠

باسی حەوتەم: سەرەتای دەسپێکردنی ژیانی سیاسیی..... ٤٣

باسی هەشتەم: کۆچکردنی مامۆستاو دامەزراندنی بزووتنەوە..... ٤٥

باسی نۆیەم: هەڵوێستی مامۆستا لەسەر گەلی کورد بە گشتیی..... ٤٩

باسی دەیەم: بەشداری مامۆستا لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا..... ٥٣

باسی یازدەهەم: پۆست و کارەکانی مامۆستا لەناو بزووتنەوەدا..... ٥٥

باسی دوازدەهەم: خەمخۆریی مامۆستا بۆ یەکریزیی موسڵمانان..... ٥٦

باسی سێزدەهەم: کاتی وەفاتی مامۆستا..... ٥٩

باسی چواردەهەم: پرسەی مامۆستا..... ٦٣

باسی پازدەهەم: سۆزی ئازیزان بۆ مامۆستا..... ٦٤

بەشی دووەم: ژیانی زانستیی و بانگخوازی مامۆستا ئەحمەد..... ٨٥

باسی یەکەم: مامۆستاکانی مامۆستا ئەحمەد..... ٨٦

باسی دووەم: وانەبێژیی مامۆستاو فەقێکانی..... ٩١

باسی سێهەم: بەرهەم و نووسینەکانی مامۆستا..... ٩٣

باسی چوارەم: پۆستە بانگەوازییەکانی مامۆستا..... ١١٠

باسی پێنجەم: ڕۆشنبیری مامۆستاو فراوانی زانستی..... ١١٧

باسی شەشەم: عەقیدەو بیروباوەڕو مەزهەبی..... ١٢١

باسی حەوتەم: فەتواکانی مامۆستا..... ١٢٣

باسی هەشتەم: ستایشی زانایان و کەسایەتیەکان لەسەر مامۆستا.....١٢٦

باسی نۆیەم: ئەو نووسینانەی لەسەر مامۆستا نووسراون.....٢٢٢

باسی دەیەم: پرۆژە بانگەوازییەکانی مامۆستا دوای وەفاتی.....٢٩٤

بەشی سێهەم: دۆکۆمێنت و وێنەکانی مامۆستا ئەحمەد.....٣٠١

باسی یەکەم: دەستنووسەکانی مامۆستا.....٣٠٢

باسی دووەم: وێنەو سەروەرییەکانی مامۆستا.....٣٠٨

باسی سێهەم: وینەی پرۆژەکانی مامۆستا.....٣٥١